# کەنیزۆ

# چواردە چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

و:حەمەکەریم عارف

*- کەنیزۆ/ کۆچیرۆک

*- کۆمەڵێک نووسەری ئێرانی

*- وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف

*- چاپی یەکەم:

# پێڕست


حەمە کەریم عارف پیاوێك لە........................شێرکۆ بێکەس
*-توشای باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس.............مەنسووری یاقووتی
*-کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم.............بزورگی عەلەوی
*- سەمای مەرگ..............................بزورگی عەلەوی
*- پیاوێك لە قەفەزدا........................ساد قی چووبەك
*- لالە.................................................ساد قی هیدایەت
*- گێژاو..........................................ساد قی هیدایەت
*-کتێب.........................................مەنسووری یاقووتی
*-جێ پێ........................................جەلالی ئال ئەحمەد
*- کەروێشك و تەماتە.......................زویا پیرزاد
*-دراوسێکان...................................زویا پیرزاد
*- ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە .................. سەمەدی بیهرەنگی
*- پاسی شەمیران...............................گوڵی تەرەقی
*-کەنیزۆ.........................................منیرو روانی پور
*- سڵاو لە کێ بکەم؟.......................سیمین دانشور
فەرهەنگۆك.................................حەمە کەریم عارف
ژینامەی وەرگێڕ

# حەمە کەریم عارف

## پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

**شێرکۆ بێکەس**

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەلاّوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئاینده ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژیێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

به تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هیرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...
لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!
سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

**مەنسوور یاقوتی**

**-١٩٤٨**

**لە ساڵی ١٩٤٨ لە کرمانشا لە دایکبووە، دیبلۆمی ئەدەبی تەواوکردووە، مامۆستای گوندەکانی ڕۆژئاوابووە، چەند جارێك لەسەر بیروباوەڕی گیراوەو زیندانی کراوە . چیرۆکەکانی یا ڕەگیان دەچێتەوە سەر بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵییەتی نووسەر خۆی یان زادەی ئەزموونی خۆین لەگەڵ ژیانی گوندییانی هەژار و نەدار.**

**هەندێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە (برین، کۆچیرۆك- ١٩٧١) گوڵ خاس، کۆ چیرۆك-١٩٧٤، منداڵی من، کۆچیرۆك- ١٩٧٥، دەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا، کۆچیرۆك- ١٩٧٥، چیرۆکەکانی ئاسکە دۆڵ- ١٩٧٦، پیاوانی سبەی، کۆ چیرۆك- ١٩٧٧، ساڵی کۆرپە، کۆ چیرۆك- ١٩٧٧، لە ژێر هەتاوا،کۆچیرۆك-١٩٧٧، خەڵف،کۆچیرۆك-١٩٧٨، چرایەك لە لوتکەی ماین کێو، کۆ چیرۆك -١٩٧٧ ، جوتیاران، ڕۆمان- ١٩٧٩، توشای باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس، کۆچیرۆك -١٩٩٥، زۆر بەرهەمی دیکەشی لە بواری کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و ڕەخنەی ئەدەبی و چیرۆکی منداڵاندا چاپ و بڵاوکردووەتەوە.**

## ١- توشای

## باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس

لەنێو زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس دا، لە جێیەکی دوور لە چاوی مرۆڤان، لە شوێنێکی بەرز و هەڵدێر و عاسێ، چاڵێك هەیە کە باڵندەیەکی غەریب بەنێوی "توشای" لەوێندەر دەژی.

توشای کڵاوێکی ئاگرینی هەس و داغمەیەکی رەش بە گەردنییەوەیەو بە هەزار رەنگ دەدرەوشێتەوە. هەموو ساڵێك لە پایزدا، یەك جار، تەنیا یەك جار ئاوازێکی هێندە تاڵ و خەمگین و سەیر دەخوێنێ کە کێوەکە لە هەزار لاوە شەق دەبات، درەختان لە خەمباریاندا گەڵاکانیان زەرد دەبێ، باڵندەکان، بەداخ و کەسەر و سوێوە بەرەو شوێنانی دی کۆچ دەکەن. و کەڵە کێوییان شاخی درێژیان بە سنگی کێوەکەدا دەکوتن تا بشکێ. توشای، لەو بەرزاییەدا، بەتەنێ دەژی و گۆشەگیرە. هەموو پایزێك، کاتێ هەورێکی چڵکنی توند لوتکەکان لەچاو ون دەکات و تا بناری چیایەکە دەخزێ، توشای لەناو جەرگەی تەم و مژەکەوە، لە هێلانەکەی دێتە دەرێ، بە کڵاوی ئاگرین و داغمەی رەشی سەر گەردنی و درەوشانەوەی هەزار رەنگی چین لەسەر چینەوە. لەسەر دەوەنێك کە لە پاڵ هێلانەکەیدا رواوە دەنیشێتەوە، و کلکە درێژەکەی لەنێو تەمەکەدا ئاوێزان دەبێ و ئەو شتەی کە لە کۆنە قەڵایەکی هەرێمی تابوتان دا دیتوویەتی، یەك جار، تەنیا یەك جار دەیگێڕێتەوەو دەگری. پاشان دڵۆپە خوێنێکی درشت لە دەنووکی دەتکێ، ئەوسا دەچێتەوە نێو شکەفتەکەو لەهۆش خۆی دەچێت.

ئەو باڵندانەی کە گوێ لە حیکایەتی توشای دەگرن، خاڵێکی تۆخ لەسەر تەوێڵیان دەپشکوێ و ئاواز و نەغمەیان بۆ هەمیشە جۆرە غەمینییەك دەگرێتە خۆ.

باڵندەکان بە توشای دەڵێن:

– حیکایەتێکی دی بگێڕەوە، حیکایەتێکی دی!

توشای، خەمین و نائومێد دەڵێت:

– من هەر ئەم حیکایەتە دەزانم.

باڵندەکان دەڵێن:

– "حیکایەتی توشای" زۆر غەمگینە، پیرمان دەکات.

توشای دەڵێت:

– من تەنیا یەکجار بەنێو کەونە قەڵایەکدا گەڕام و لەوساوە تاکو ئێستا لەم چاڵەدا کونجی تەنیاییم گرتووەو هیچی تازەم نەدیتووەو نەبیستووە.

بەڵام کە پایز دێ و هەوری چڵکن و تەمتومان لوتکەو یاڵەکان لە چاو ون دەکات، باڵنەکان لە دەوری هێلانەکەی توشای گردەبنەوەو توشای بە ئەوکی پڕ گریانەوە، هەڵدەکاتە ئاوازەکەی و بەمجۆرە حیکایەتەکەی دەگێڕێتەوە:

لە رۆژێکی پایزی وەکو ئەمڕۆدا، بەسەر "بورجی پیردا" دەگەڕام. شەکەت بووم. چووم لە قەراخ پەنجەرەیەکی نیوەکراوەدا نیشتمەوە. لە پشت پەنجەرەکەوە روانیمە ژوورەوە. توشای، ئەو کچۆڵەیەی کە من ناوەکەیم بە یادگاری هەڵگرتۆتەوە، لە بەردەم "قازی تیزاب" وەستابوو. روخسار و چارەی توشای وەکو گوڵی زۆزان جوان و سادەو بەدەماخ بوو.

چاوە درشتەکانی لە تۆوایە دوو دڵۆپە شەونمی درشتن. قازی لە توشای پرسی:
–ئیعتراف دەکەی کە چوویتە قەڵاکەوە؟
توشای بەدەنگێکی بتەوو سازگار ووتی:
– بەڵێ.
قازی نیگایەکی سەرکەوتووانەی راوێژکارەکەی و پاسەوانەکانی کرد و گوتی:
– بۆ ئەوەی کلیلی دەرگا داخراوەکەی بدۆزیتەوەو بیبەی؟!
من لە پشت پەنجەرەکەوە گوتم: توشای! توشای! بەدرۆ وەڵامی قازی بدەوە. نەکەویتە داوییەوە، بە ویژدانی ئاسوودەوە درۆی لەگەڵدا بکە. لێ توشای لە زمانی من حاڵی نەدەبوو. نیگایەکی منی کرد. بۆ ساتێك پرشنگ کەوتە چاوەکانی، بزەیەکی کرد. گەڕایەوەو لە وەڵامی قازیدا گوتی:
– بەڵێ.
قازی کە غەبغەبەکانی چین لەسەر چین لەگەڵ ورگە زلەکەیدا دەلەرزی پرسی:
– دەتویست چی پێبکەی؟ بەڵێ کیژم، راستییەکەی بڵێ با رزگارت بێ.
من گوتم:
– توشای!... توشای! راستی نەڵێی، بەزەییت بەخۆتا بێتەوە
بەڵام توشای، لە زمانی من نەدەگەیی و راستی گوت:
– دەمویست نهێنی حەرفی قەدەغەی پێ بکەمەوە.
قازی، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:
– بەدەمی خۆت ئیعترافت کرد، کاری تۆ تەواو. جا مادامێکی کیژێکی چاکی، بەڕاستی ناوی ئەو دۆستانەت بڵێ کە دەیانویست لەگەڵ تۆدا بێنە ناو قەڵاکە.
من گوتم:
– توشای! بڵێ من دۆستم نین... بەتەنیا هاتم... قەڵاوانەکان درۆ دەکەن، بەڵام لە پڕ روخساری توشای شین هەڵگەڕاو بە تووڕەیی و نەفرەتەوە تفێکی کردە چارەی (قازی تیزاب).
قازی بەقۆڵی کراسەکەی ڕووی خۆی سڕی و حوکمی دا:
– بیبەنە بن دیوارەکە!
پاسەوانەکان "توشای"یان بردە نێو حەوشی قەڵا. توشای قەیتانی پێڵاوەکانی بەست، سەرپۆشە گوڵدارەکەی چاك کرد. لە پڕ لەنێو حەوشە بەرینەکەی پیرە بورج و قەڵات و لەنێو ڕاڕەوە یەك لەنێو یەکەکاندا کەوتە غاردان. رایدەکرد و کۆڵەمشتی رادەوەشاند و لەتۆوایە گێژاوەو بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. وەکو دەریای هەڵچوو، شەپۆلی دەدا و دەنگێکی سەیر لە گەروویەوە دەردەهات. لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی قەڵاتەوە، هەزاران چاوی نیگەران دەیانڕوانییە ئەو. هەزاران دڵ بۆ ئەو لێیاندەدا و هەزاران چاو بۆی دەگریان. سەرەنجام پاسەوانەکان دەستگیریان کرد. دەستیان لە پشتەوە بەست و بردیانە بن دیواری قەڵات. لەوێندەر لاقەکانیشیان بەست تا هەڵنەیەت. ئەوسا چۆکیان نایە سەر ئەرزی و بەرەو توشای دەستڕێژیان کرد. دڵی توشای تەقی و هەزار پارچە یاقووتی سووری لێڕژا. پاسەوانەکان غاریان دا کە یاقووتەکان خڕ بکەنەوە، کە دەستیان دەگەییە وردە یاقووتەکان دەسووتان و مووی لەشیان یەکپارچە سپی دەبوو و بەدەم هاوارەوە هەڵدەهاتن و شێت دەبوون.

توشای، چۆکی نایه سەر زەوی و دڵۆپە خوێنێکی درشت لە گەروی هاتە دەرێ، و بوو بە باڵندەیەك و لە شەقەی باڵی داو جارێك بەسەر بورجی پیردا سوڕایەوەو بۆ هەمیشە رووی کردە بێشەکان. من لە ناخی دڵەوە هاوارێکم کرد و لە گۆشەیەکدا کەوتم.
حیکایەتەکەی توشای کە دەگاتە ئێرە، باڵندەکان بەکۆمەڵ یان بەتەنیا، بەسەر زاگرۆس دا، دەست بە کۆچی خەمینی خۆیان دەکەن. "کەڵەکێویان" شاخیان بە تاوێرەکاندا دەکێشن و توشای، دڵۆپە خوێنێك لە گەرووی دەتکێ و لەسەر قوللەیەکی بەرز، لەنێو چاڵەکەیدا لەهۆش خۆی دەچێت.

سەرچاوە:
توشای پرنده غریب منصور یاقوتی
چاپ اول: ١٣٧٤
زاگرس

## بوزورگی عەلەوی

## ١٩٠٣-١٩٩٦

هیدایەت بە ریالیزمی شەخسی و داهێنەرانەی خۆی، شێوەیەکی هونەری و ئوتموسفیر و هاماجێکی شاعیرانەی بە چیرۆکی کورت بەخشی و لە ئەنجامدا ئاسۆی چیرۆکی بەرینترو فراوانتر کرد.

بوزورگی عەلەوی، هاورێیەکی ئەم رێگایەی ئەو بوو، عەلەوی زمان و ئینشایەکی سادەو دوور لە هەر گەمەیەکی زمانەوانی هەیە ، تەنانەت لە گفتوگۆ و دیالۆگەکانیشدا، خۆی لە شکاندنی زمان و بە دیالۆگی کردنی زمان دەپارێزێت .

عەلەوی زیاتر سەرو ساختی دەگەڵ ژیانی ڕۆشنبیران و چینی مامناوەندی خۆشگوزەراندا هەیە. وێڕای خەم و خولیا سیاسیەکان، چیرۆکەکانی زیاتر عاتفین و ژنان لەم چیرۆکانەدا سیمایەکی فیداکارترو خۆشەویستریان لە پیاوان پەیداکردووە . لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا، ژنان لە ژێر پەردەی پەچەدان، بەڵام لە چیرۆکەکانی عەلەویدا ژنان زمان دەکەنەوە ، گوزارشت لە خەم و خولیاو ترس و ئارەزووەکانی خۆیان دەکەن، وئەمە جۆرە جوانی و جازبیەتێکی سایکۆلۆژی بە چیرۆکەکانی دەبەخشێت.

تایبەتمەندی گرینگی چیرۆکەکانی عەلەوی لە بونیادی ڕاز ئامێزو کاری جسوجۆگەرانەیاندایە. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا گوتیار وەکو جاسووسی ناو چیرۆکەکانی پۆلیسی دەست بە کار دەبێت تا نهێنی ڕووداوێك ئاشکرا بکات. لەڕێگای ڕیزکردنی گێڕانەوەی، گێڕانەوەکارانی باوەڕ پێ نەکراوەوە، جۆرە کەڵکەڵەیەك دروست دەکات، ڕێگەو مەزندەێن جیاواز دەخاتە بەردەم خوێنەرو کۆتاییەکی بنجبڕ و چاوەڕوانکراو بۆ چیرۆکەکە دانانێت . ئەم جۆرە چیرۆکانە – وکو خاین یا ڕۆمانی چاوەکانی– لەسەر بنەمای جاسووسی داڕێژراون کە زیاتر لە چیرۆکانی جاسووسی و پۆلیسیدا باوە.

هیدایەت لە چیرۆکی(داش اکل)دا باسی ڕوخانی تاك لە نێو داب و نەریت و کۆمەڵگە دەکات و تاکید لەسەر شەڕی دەروونی ئینسان دەکاتەوە. عەلەوی قارەمانانی چیرۆکەکانی خۆی لە ناو ڕووداوە سیاسییە– کۆمەڵایەتیەکاندا لەحاڵی کێشماکێش لە گەڵ لەمپەرە دەروونیەکاندا وەسف دەکات.

عەلەوی لە ئەڵمانیا خوێندویەتی و ڕۆمانسیەتی ئەدەبیاتی ئەڵمانی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بەرهەمەکانیەوە هەبووە . کە لە ساڵی ١٩٢٨ دا بۆ ئێران گەڕایەوە لەلایەکەوە پەیوەندی و ئاشنایەتی دەگەڵ گروپە ئەدەبیەکەی سادق هیدایەتدا (گروه ربعه) پەیدا کرد و لەلایەکی دیکەوە خووی دایە ئەنجوومەنە سیاسیەکەی دکتۆر تەقی ئەرانی، بەشداری لە گروپی ڕەبعەدا، لە ڕووی گەشەو نەشەی ئەدەبییەوە سوودی پێگەیاندا، بەڵام بەشداری لە ئەنجومەنی سیاسی نێوبراودا جگە لە حەپس و زیندان و شاربەدەری هیچ بەرهەمێکی لێ نەدوورییەوە ، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی خۆی گوتەنی، لەنیوەی ڕێگای نووسەریدا وەمێنێ و بەئاواتی دڵی خۆی نەگات .

جگە لە چەند ڕۆمانێك، چەند کۆ چیرۆکێکیشی چاپ و بڵاوبوونەتەوە لەوانە: چمدان–١٩٣٤، ورق پارەهای زندان ١٩٤١، نامەها– ١٩٥١، میرزا ١٩٧٨ و ...

## ٢- کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم

ئاخریەکەی خۆم لەو گەڕەکە پیسە رزگار کرد. چیتر ناچار نیم هەموو شەوێ خۆرش و شلەی باینجان بخۆم، لە دەست دادە خۆش قەدەمو پیێ بەودمەکان، باجی و فاتمە سوڵتان قوتار بووم. ئیدی کەس ناوێرێ، بەیانیان کاتێ کە من نووستووم، لە پشت دەرگاکەوە بەخشەخش گسکان بدات و تەپوتۆزی بەینی خشتەکان بە ژوورەکەی مندا بکات. ئیدی کەس ناتوانێ دەستکاری کتێبەکانم بکات، لە دەستی کاسەی سەهۆڵاویش رزگار بووم. هەر کاتێ حەزم لێ بێ گرامافۆنەکەم کوك دەکەم و گوێ لە مۆزیقا دەگرم. ئیدی تا ساڵی دوای مەرگی پورەقزی مۆزیقا لە ماڵەکەی مندا قەدەغە نییە. قەتڵ و قیامەتیش رابێ دەتوانم مۆزیقا لێبدەم. ئیدی شیڤی من پەیوەندی بەمەوە نیە کە: "با بابە تەشریف بێنێتەوە" چیتر رۆژانی هەینی دەنگی گریانی منداڵەکەی پورەقزی خەبەرم ناکاتەوە. لە گەڕەکێکی سەرووی شاردا، لە ماڵە ئەرمەنییەك دوو ژوورم بەکرێ گرتووە، لێرەدا ئەم دوو ژوورەم بە دڵی خۆم رازاندووەتەوە. کتێبەکانم بە کەیفی دڵی خۆم لەبەر دەستی خۆمدا داناوە. مێزێك و چەند کورسییەکم هەیە، پەردەکانی ژوورەکەم دەستچنن، مافوری جوانم نیە، بەڵام زیاتر حەزم لەم زیلۆیە، زیلۆکەم تازەیە، بەڵام مافورەکانی ماڵی خۆمان هی دوو سەد ساڵ لەوەپێشە، ئەم زیلۆیەم بە سەلیقەی خۆم کڕیوە. دڵنیام کە یەك کەسی دەردەداری لەسەر نەمردووە، ژوورێکی کارکردن و ژوورێکی خەوم هەیە. هەموو هەڤاڵەکانم بەغیلیم پیێ دەبەن. ئەمڕۆ یەکێکیان بۆ ئێرە هاتبوو، حەزی لە ژوورەکانم کرد. پێم دەڵێت: "من لە دەست پورە پیرەکەمو دایکم بێ تاقەت بووم. ئێرە ژووری دیکەی بەتاڵی لێ نییە؟" گوتم: "با ئەو ژوورەی تەنیشتەوە چۆڵە! لێ نازانم بە کرێی دەدەن یان نا. تا ئێستا نەم دیتووە دەرکەی ئەم ژوورە بکرێتەوە. ئەمڕۆ لای عەسر لە خاوەن ماڵەکەم خا هاکوپیان دەپرسم و شەوێ کە یەکدی دەبینین خەبەرت دەدەمێ..."

* * *

"خات هاکوپیان، هاوڕێیەکم حەزی لە ماڵەکەی ئێوە کردووە. دەتوانی ژوورێکی بەکرێ بدەیتێ؟"

– نە، ژوورم نییە.

– چۆن؟ ئەدی ئەم ژوورەی تەنیشت ژوورەکەی من چۆڵ نیە؟

– با، بەڵام ئەم ژوورە بە هیچ کەسێك بەکرێ نادەم.

– سەیرم پێدێ، چونکە کە دەبینم ئارداشسی کوڕتان هەر کاتێ لە شول دێتەوە، ناچێتە ئەم ژوورە.

– نەهەقت نیە، بەڵام ئەم ژوورە هی کوڕە گەورەکەم، ئارشاویر بوو، لەوەتای ئەو مردووە، دڵم نایەت بە کەسێکی غەوارەی بەکرێ بدەم، ژوورێکی باشیشە. حەزەکەی بیدینی.

خات هاکوپیان هەستاو من دوای کەوتم. ئەم خانمە نزیکەی چل و پێنج ساڵێك دەبێت، هەڵبەتە لە کۆنا لە جوملەی جوان و خشیکان بووە، بەڵام ئێستا زۆر تێك شکاوە، لە ئێران هاتووەتە دنیا، لێ لاوی خۆی لە روسیادا بەسەر بردووە! بە باشی بە روسی قسان دەکات، لە من باشتر روسی بەڵەدە، بیستو پێنج ساڵە، یانی لەوەتای شووی کردووە، لە ئێران دەژی. فارسییەکی چاکیش دەئاخوێ، بەڵام فۆنەتیکەکەی ئەرمەنیە. بە روسی قسان دەگەڵ مندا دەکات. خات هاکوپیان لە ژنە وریاو زرینگەکانی دنیایە، کە هەڤدە ساڵ لەوە پێش مێردەکەی مردووە، ئیدی هەر خۆی ژیانی هەردوو کوڕەکەی (ئارشاوێرو ئارداشس)ی بەڕێوەبردووە. هەر خۆی ناردونیە. قوتابخانەو زمانی روسی فێرکردوون. بە قسەکانیا وا دیارە کە کوڕە گەورەکەی، ئارشاویری، کە ئێستا مردووە،

زیاتر خۆش ویستووه. به قسەکانیا دیاره که ئەو لەگەڵ بابیا دوو لەتی یەك سێو بوون، وێنەیەکیم له ژوورەکەدا بینی. دەموچاوێکی خڕی هەڵکفاوی شەهوانی هەبوو، ئاشاوێر لە رووی روخسار، ئەندام، ئاکار، و لە هەموو روویەکەوە له بابی چووە.

خات هاکوپیان کلیلەکەی هێنا، دەرکی ژوورەکەی کردەوە، خۆی له پێشا وەژوور کەوت. ئەوجا رێگەی منیشی دا بڕێکی زۆر کاغەزو کتێبی بەرگ تێنەگیراویان لەسەر مێزێکی کەنار پەنجەرەکه دانا بوو. کۆمەڵێك کەرەستەو تفاقی جزوبەندو بەرگ تێگرتنی لێ بوو که تەپوتۆزیان نیشتبووه سەر. لەم بەرەوه تەختێك هەبوو قالیچەیەکی بەسەرەوه بوو، لەوبەری مێزەکەوە سوپایەکی چکۆلەی کانزایی هەبوو. جگە لەم کەلوپەل و شمەکانە، دەرودیوارەکان ئەگەر چی تۆزاوی بوون، بەڵام ژوورەکه پاك و خاوێن دەهاتە بەرچاو، شتێك لێرەدا نەبوو که سەرنجی بەشەر رابکێشێت. خات هاکوپیان که تا ئێستا لەبەر دەرگاکە وەستا بوو هاتە پێشتریّو به قامکی ئاماژەی بۆ دیوارەکه کردو گوتی: "تەمەشا ئەمە جێی پەنجە خوێناویەکانی کوڕەکەمه، هێشتا دڵم نەهاتووه که ئەم پەڵانە بسڕمەوە. لەوساوە تانهۆ ئەم شتانەم خاوێن نەکردووەتەوە، تەمەشا ئەم گەردو تۆزە، هەموو جارێك له ساڵیادی له دایك بوونیا چەپکە گوڵێك دەخەمە سەر مێزەکە، لە تەنیشت وێنەکەیەوە. وشك دەبێتەوەو لە جێی خۆی دەمێنێتەوە".

ئەوجا دەستەسڕەکەی له بەرکی دەرهێنا، دەستی بەگریان کرد. ئەوەی راستی بێ دڵم پێی سوتا. ئیدی حاڵی بووم که هۆی پیری ئەم ژنە، بێگومان ئەم مەسەلەیه بووه. ژێر باڵیم گرت و هێنامە ژوورەکەی خۆی و کەوتمە دڵدانەوەی و گوتم: "خانم، بەڕاستی بەڵات بەسەر هاتووه، من نەمدەزانی ئەم چەند جارەش که ئارداشس لێره بوو. ئەویش باسی ئەم بابەتەی بۆ نەکردوم، چما کوڕەکەت خۆی کوشتووه؟".

خات هاکوپیان، لەسەر کورسییەکەی من، لەبەر سۆپاکه دانیشت و گوتی: "نە، خۆی نەکوشتووه. هەرچیەك بێ من ژنم و دەگریم، به گریان دڵم کەمێ هێور دەبێتەوە. بەڵام هاوار بهماڵم بۆ ئارداشس، تۆ نازانی چەند ناڕەحەتە، دەزانی ویژدانی ئاسودە نیە، هێشتاش هەر وا دەزانێ که مردنی ئارشاویر ئەنجامی درێغی ئەو بووە".

که مەسەلەی مردنی ئارشاویرم لەخات هاکوپیان پرسی، به درێژی بەمجۆرەی بۆ گێڕامەوە.

"هەر چییەك بوو لەم ژوورەی تۆدا روویدا، ئەم ژووره دیرۆکێکی هەیە، نزیکەی چوار ساڵێك لەمەپێش رۆژێك ژن و شوویەك هاتن و ئەم دوو ژوورەیان بەکرێ گرت. ئەو پیاوه ئاڵمانی بوو، لەودیلانەی جەنگ بوو کە لە روسیادا مابووەوەو پاشان بۆ ئێران هاتبوو. تۆ له پەهلەوی بووی؟ کاتێ خۆی له جێی ئەم شوێنەی که ئێستا باخ و بولوارە، ئوتێلێك هەبوو، هی پیاوێکی روسی بوو. ئەم ژنه کیژی ئەو بوو، من نازانم له کوێ سۆراخی ماڵی منیان زانی بوو. پێدەچوو چونکه روسی بەڵەد بوون، ویستبێتیان لە ماڵێکا بن که روسی بزانن، رۆژێك دانیشتبووین، دەمەو عەسر بوو، سەیرمان کرد خاشولتس وەژوورکەوت. ژنێکی گەنج، کەڵەگەت، چاوڕەش و قژ زەرد بوو. زۆر خشیك نەبوو، بەڵام شتێکی هەبوو که پیاوانی رادەکێشا، دەزانی هەمیشه به کەیف و به دەماغ و تەڕو بڕو خاوێن بوو. پێی گوتم که مێردەکەم له پەهلەوی ئەندازیار بووەو دەمێ بوو لەوێ کاری دەکرد. ماوەیەك لەمەپێش لەسەر بیناکەوە شەلمانێك لە ژێر پێی دەرچووەو کەوتووەتە خوارەوە. لەوساوە تا ئێستا تووشی نەخۆشیەکی سەیر بووەو ماوەیەکه چاوی کەم حوکم بووەو ئێستا هەر بە جارێ نابینا بووەو هیچ نابینیّ. هێناومانە تا لە تاران مالیجەی بکەین. ئەو بەو جۆره باسی کوێر بوونی مێردەکەی گێڕایەوە، بەڵام پاشان له خەڵکانی ترەوە شتی دیکەمان بیست، به هەر حاڵ هۆیە راستەقینەکەی هەر ئاشکرا نەبوو، من هیچ

بیانویەکم نەبوو و گوتم باشترە، کە ژن و مێردێك بێنە ئەم دوو ژوورە، سەریەشەکەی بۆ من کەمترە، غافڵ لەمەی کە ئەم ژن و مێردە دەبنە بەڵای گیانی من. کاتی کەخات شۆڵتس دەیویست بڕوات، دنیا تاریك بوو بوو، من ئارشاویرم، کە لە ژوورەکەی خۆی مژولی کارکردن بوو، گاز کردو گوتم: خانم بە رێکە، نەبا لەسەر پلیکانەکان بکەوێ، وەختێ کە ئارشاویر هاتەوە سەرێ، گوتی: دایکە، ئەم ژنە کێ بوو؟ گوتم: ئەمە ژنی کابرایەکی ئاڵمانیە، نێوی خات شولتسە، ئەم دوو ژوورەم بەکرێ داوە بە خۆی و مێردەکەی.

"رۆژی دواتر مستەر شوڵتس و خێزانەکەی هاتن، من ژوورەکانم –یانی ئەم دوو ژوورە– پێ نیشان دان، خۆیان سیپاڵو تفاقیان نەبوو، من شتومەك و تفاقم دانێ، ژوورەکەم جوان رازاندبووەوە، لە ئێستای باشتر بوو، مستەر شولتس کۆرە بوو، بەڵام کوێرییەکی تایبەتی هەبوو. بردبوویانە لای هەموو دکتۆرە بەنێوبانگەکان. هەر هەموویان یەك قسەیان کردبوو کە هیچ عەیبێك لە چاوتا نابینین، نەخۆشی دەمارە، تەنیا دکتۆرانی پسپۆڕی پاریس و بەرلین و ڤێنا دەتوانن چارەی بکەن".

کاتی خاتو هاکوپیان گوتی دکتۆرەکان وایان بە مەسڵەحەت زانیوە مستەر شوڵتس خۆی پیشانی دکتۆرانی پاریس و بەرلین و ڤینا بدات، لە دڵی خۆدا بیرم لەوە کردەوە کە بێگومان کوێرییەکەی هۆیەکی جیاواز لەوەی کە خات هاکوپیان بۆ منی گێڕایەوە هەبووەو ویستم باسی ئەو حیکایەتانەی لێ بپرسم کە لە خەڵکانی دیکەی بیست بوون. بەڵام خات هاکوپیان هەر قسەی دەکردو زۆریش خەمین بوو:

"ئەم پیاوە رۆژ بە رۆژ چاوی خراتر دەبوو، لەم دواییانەدا هەر هیچی نەدەبینی. بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە: ئەگەر لە ئەڵمانیا بام ئەم بەڵایەم بەسەر نەدەهات، بەڵام دکتۆرەکان ئەوەشیان گوتبوو کە لەگینە رۆژێك لە ناکاودا چاوی خۆ بەخۆ بینا ببێتەوە. دوای ماوەیەك پارەیان تەواو بوو، کۆلۆنی ئاڵمانی بڕە یارمەتیەکی دەدان، بەڵام بەمە بەڕێوە نەدەچوون، ژنەکەی گولدۆزیو نەخش و نیگارێکی باشی دەزانی، لە رێگەی پایەدارێکەوە کە لە پەهلەوی دا دەیناسی، چوو بووە ماڵە دەوڵەمەندەکانەوەو کیژەکانی فێری قولاپدۆزیو خەیاتیو تۆڕچینی دەکردنو لەم رێیەوە تا رادایەك ژیانیان بەڕێوە دەچوو. مستەر شولتسی مێردی بە زۆری بە تەنیا بوو. لەبەر ئەم پەنجەرەیەداو ئەگەر هاوین بوایە لە هەیوانەکەدا رۆدەنیشتو بیری دەکردەوە.

خوا دەزانێ بیری لە چ دەکردەوە؟ تا ئەو رۆژەی ئەم مەسەلەیە رووی دا، دڵم پێی دەسووتا، وەکو کوڕی خۆم خۆشم دەویست، ئاخر دەزانی، ئەمە دەردێکی زۆرگرانە، بەشەر چاوی هەبێ و دوایی کوێر ببێ، بەستەزمانە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەم شوێنەدا دادەنشیت و بیری دەکردەوە، بە جۆرێ لە فکران رادەچوو، ئەگەر هەندێ جار کەسێك هاتبا ژوورێ و قسەی لەگەڵ کردبا، ئاگای لێ نەدەبوو. دوا نیوەڕوان کە (ئارداشس)ی کوڕم لە قوتابخانە دەهاتەوە، دەچوو بۆ ژوورەکەی ئەوو لەوێ کتێبی بۆ دەخوێندەوە. شولتس زۆری حەز لە کتێبەکانی دۆستوفسکی دەکرد. ئەو کتێبە ئاڵمانیانەی کە پاچڤەی روسی دا کرا بوون، دەکڕینو ئارداشسو هەندێ جاریش، هەڵبەتە بە دەگمەن ژنەکەی بۆیان دەخوێندەوە، ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، ژن ومێردێکی دلۆڤان و میهرەبان بوون. بۆ نموونە بیرم دێ کە مستەر شولتس قژێکی زەردی هەبوو، هەندێ جار لەسەر نان خواردن چەپکێك لە قژەکەی بەسەر هەنیەی دا بەر دەبووەوە. بە خۆی نەی دەبینی. ژنەکەی هێندە بەمیهرەبانی دەستی دەبرد و بە قامکەکانی قژەکەی سەر هەنیەی لادەبرد هەر مەپرسە، مستەر شولتس لەم حاڵەدا دەستی ژنەکەی ماچ دەکرد. کاتێ کە نیگای شووەکەی دەکرد، لە تۆ وایە دەیەوێ بە چاوانی بیلاوێنێ و نەوازشی بکات، بە جۆرێ کە ئەو بەو کوێریە بتوانێ هەستی پێ بکات، (مستەر شولتس)ش ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، بۆ

نموونە حەزی نەدەکرد کە ژنەکەی بە خۆڕایی بە دیار ئەوەوە دانیشێت، زۆر جار زۆری لە هاوسەرەکەی دەکرد کە بە خۆڕایی لە ماڵەوە دامەنیشە، بچۆ بۆ سینەما، بڕۆ بۆ سەما، بڕۆ، لێرە بە تەنێ دامەنیشە، وێڕای ئەمەش زۆری غیرەت لە ژنەکەی دەکردو دەست ودڵی بۆی دەلەرزی. ئەگەر شەو بەبێ پرس درەنگ تر لە سەعات هەشت بۆ ماڵ بهاتبایەوە، شپرزەو دەستە پاچە دەبوو، بێ قەراری دەکرد، هەر سا تا ساتێ دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندە بەر هەیوانەکە، لەسەر قاڵدرمەکان دەوەستاو بێ ئەوەی چ شتێك بدینێ نیگای دەبڕییە تاریکییەکە، لەجێیەکەی دەجولا، هەر کەسێکی دەبینی لێی دەپرسی: خێزانەکەی منت نەبینی؟ هەمدیس دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندەوە ژووری. ئیدی ئەمە حاڵی بوو تا ژنەکەی دەهاتەوە. جاری واش دەبوو کە خات شولتس دەگەڵ ئارشاوێری کوڕە گەورەم یان ئارداسش دا بۆ سینەما دەچوو. لێ خات شولتس نەیدەویست بە تەنێ بچێتە کۆڕی سەما. دەیگوت: من ئامادە نیم بەبێ تۆ بچمە کۆڕی سەما، لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا حەزناکەم.

"نوئێلی ساڵی ١٩٣١بوو، هەموو کۆبووبووینەوەو بە تەرزی ئەڵمانی جەژنمان گرتبوو. درەختی کاژمان رازاندبووەوەو لەم شوێنەدا کە تۆ مێزی نووسینەکەت لێ داناوە، لەسەر تەپڵەکێکمان دانابوو. من کتێبێکی ئەڵمانی بە روسی کراوم بە مستەر شولتس بەخشی بوو. هەموومان جەژنانەمان بۆ یەکتر کڕی بوو و هی هەر یەکێکمان بەجیا لەسەر مێزێك دانا بوو. گۆرانیمان گوت و شەرابمان خواردەوە. لە کۆتایی شەودا هەموو شەکەت و ماندوو لێی خەوتین. لای بەیانی بوو، یانی هێشتا دنیا تاریك بوو، سەیرم کرد لە ژوورەکەی (مستەر شولتس)ەوە دەنگ دێت، تا من هەستام، سەیرم کرد دەنگە دەنگەکە زیادی کرد، مستەر شولتس بانگی دەکرد: "کاچا، کاچا!" کاچا، نێوی ژنەکەی بوو. من هەراسان و شپرزە بەرەو ڕاڕەوەکە دەرپەڕیم، سەیرم کرد کوڕەکانم و (خات شولتس) لە ڕاڕەوەکەدان، هەر کە من دەرگای ژوورەکەمم کردەوە بینیم کە خات شولتس خۆی بە ژووری مێردەکەیدا کرد. وامزانی مستەر شولتس سەکتەی گرتووە. بەدوای خات شولتس دا وەژوورکەوتم. مستەر شولتس کاتێ کە گوێی لە دەنگی من بوو، گوتی: خانم من ئێستا چاوم هەبوو ئەستێرەکانی ئاسمانم بینی، ئەوجا لە ژنەکەی پرسی: تۆ لە کوێ بووی؟".

"من چاوەنۆڕی وەڵامی (خات شولتس)م نەکرد. لە ژوورەکە وەدەرکەوتم دیتم کە ئارداشس و ئارشاوێر بە دزداشەی خەوەوە لە پاڵ یەکا وەستاون. هەردووکیان ڕەنگیان هەڵبزڕکا بوو، ئارداشس بە برا گەورەکەی گوت: "باشە چ کارێکی لە ژوورەکەی تۆدا هەبوو"؟

خات هاکوپیان لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: "هەر بەڵایەك بەسەر بەشەرا دێت، لە سۆنگەی ژنانی خراپەوەیە".

من تەنیا یەك وشەم گوت: "عەجەب!"

"بەڵام ڕۆژی دوایی مستەر شولتس هەمدیس کۆرە بووەوە، بردیان بۆ لای دکتۆری ئاڵمانی سەفارەت. گوتی: بەڵێ، ئێمە گوتبوومان کە هیچ عەیبێك لە بونیادی چاویا نییە، تووشی نەخۆشی عەسەبی بووەو لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوەکانی بکرێنەوە. لە ئەڵمانیادا بە ئاسانی چارەسەری دەکەن. بەڵام ئەو ڕۆژە، نیوەڕۆ لەسەر فراقین وەزع و حاڵێکی غەریب لە ماڵی ئێمەدا بەرپا بوو، ئارداشس پەست و بێ تاقەت بوو. قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، ئارشاویر هەر نەهاتە سەر سفرەکەش، بیانووی ئەمە بوو کە چەند کتێبێکی تازەیان بۆ هێناوم دەبێ تا عەسر بەرگیان تێ بگرم و تەواویان بکەم و بیاندەمەوە بە خاوەنی. مستەر شولتس حاڵی خراپ بوو، نەیدەویست نان بخوات. خات شولتس ئەمجارەیان قژی مێردەکەی کە بەسەر هەنیەیدیدا بەربوو بووەوە، لانەبردو ڕێك نەخستەوە. تەنیا یەك جار خاولیەکی دەم و زار پاك کردنەوەی دایە دەستی تا دەم و لێوی خاوێن

بکاتەوە، کەچی جاران خات شولتس بە خۆی ئەم کارەی دەکرد. تەنیامنی داماو بیّ گوناح بووم، لە هەموو شتیّ خراتر ئەمەیە کە ئێمەمانان کە دایکین وا دەزانین کە لە هەموو کەسێك نزیکترین لە منالّەکانمانەوە، لە کاتێکا کە وا نیە، دایك لە هەموو کەس بە منالّەکانی نامۆترە. مندالآن هەزار شت بە هەڤالّەکانیان دەلّێن کە یەك شتی بە دایکیان نالّێن. نە ئارشاوێر، نە ئارداشس تاقە یەك وشەیان بە من نەگوت کە چ شتێك لە بەینیاندا روویداوە، دەتخوا بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە لە حالّی وادا بەشەر چی لیّ دیّ. ئەو رۆژە، پاش نیوەڕۆ هەر چەند لەگەلّ ئارداشس دا هەولّم دا نەیدەویست چیتر کتێب بۆ مستەر شولتس بخوێنێتەوە. دەیگوت: بۆچی ژنەکەی شەوێك نەبووە بەلایەوە بمێنیّو سەر گەرمی بکات؟ راستیشی دەکرد، خۆ ئێمە کوچکی گەرمتر لە ئاگر نەبووین. نزیکەی یەك سالّ بوو کە خات شولتس هیچ هەقێکی بەسەر مێردەکەیەوە نەبوو. راستە کە ژیانی شووەکەی بەڕێوەدەبرد، بەلاّم دەستی بە هیچەوە نەدەدا، جاری وادەبوو کە شووەکەی سیّ دانە رۆژان لەبەر نەخۆشیو بێتاقەتی لە جێدا دەکەوت و بە زەحمەت لە ژوورەوە دەهاتە دەریّ. ژنەکەی نە شەوەنخونی بە دیارەوە دەکردو نە بۆ دەرو ژوورکردن دەستی دەگرت، کەچی زۆر جار بە دوو سەعات و سیّ سەعات لە ژوورەکەی ئاشاوێری کوڕم دادەنیشت و قسەی دەگەلّ دەکردو تەمەشای کارکردنی ئەوی دەکرد. جارێکیان ئارشاویر بۆ چەند رۆژێك نەخۆش کەوت، تای دەهاتیّ، خات شولتس بەردەوام بە دیاریەوە بوو، خواردنەکەی دەدایە، ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد، ئاگاداری خواردنەکەی دەکرد، جارێکیان بەگڕ مندا هات کە بۆچی بەخەمی کوڕەکەتەوە نیت.

پەست بووم، پێم گوت: تکات لێدەکەم کە خۆت مەکە بە دایەنی دلۆڤانتر لە دایك.. لەگەلّ ئەمەشدا، نەمدەتوانی هیچ بەدخەیالّیەك دەربارەی ئەم ژنە بکەم دەنا نەم دەهێشت لەم مالّە دا بمێنیّ.

" لەو شەوەوە ئیدی ئارداشس نەچوو بە مالّی مستەرشولنس دا، بەلاّم لەلایەکی ترەوە هیچ قسەیەکیشمان لیّ سادر نەبوو کە ئەو ژنو مێردە عادز بکات. دەزانی، بەقەولی خودی ئەلّمانەکان کەشو هەوای مالّەکەی ئێمە قورسو بە بریسکەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. تیّ دەگەی دەمەویّچ بلّێم، هیچ دڕ دۆنگیەك لەمالّەکەندا نەبوو، هەموو قسەیان پکێڤە دەکرد، کەس لە کەس زویر نەبوو، ئەگەر غەریبەیەك هاتبا مالّەکەمان هەستی بە هیچ شتێکی نا ئاسایی نەدەکرد. بەرۆژەوە من بە خۆم دەچووم ژوورەکەی ( مستەر شولس)م کۆ دەکردەوە، بە زۆری لێرەدا دانیشتبوو، چونکە دنیا سارد بووو سۆپاکەش لێرەدا بوو (مەدام بە دەستی ئیشارەتی کرد) بە روالّەت هیچ نەگۆڕا بوو. بەلاّم کەشو هەوا بە بریسکەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. من هەستم دەکرد کە شتێك دەقەومیّ، ئەو هەورە تریشقەیە دەبیّ بتەقێتەوە.

" هەفتەیەك بەسەر رووداوەکانی ئەو شەوەدا بوری، تا سەری سالّ هات. بیرتە شەوی یەکی سالّی ١٩٣٢ دنیا زۆر سارد بوو، لەو ژوورەوە کە بەرۆژ نانمان لیّ دەخوارد، هاتینە ئەم ژوورە. چونکە ئێرە گەرمترو کپ تر بوو. من بۆ ئەوەی ئەم جووتە برایەو ئەم ژنو مێردە لەو وەزعو حالّەی کە گیرۆدەی بوو بوون، و لە هەموو کەس زیاتر زەرەری بە من دەگەیی، رزگار بکەم بە پارەی خۆم جەژنێکی تێروتەسەلم فەراهەم کرد. قازێکم بۆ شەویّ لێنابوو. دەزانی ئەلّمانەکان چۆنی قاز لیّ دەنەن. قازەکە بە بیّ رۆنو بەنەعناو ئاویشەنەوە لە مەنجەلّ دەنێن تا لە رۆنەکەی خۆیدا سوربێتەوە. ئەگەر ئەوان ئەم قازە لە رۆژی لە دایك بوونی مەسیح دا دەخۆن، بەلاّم بۆ ئێمە هیچ فەرقێکی نەبوو. من ئەمەم مەبەست بوو کە خواردنێکی خۆش بێتە سەر خوانەکە، شەرابێکی باشم ئامادەکرد بوو، بیرەی ئەلّمانیم کڕی بوو، بە پێی توانا دابو نەریتو ئە تەکێتی ئەلّمانیم رەچاو کرد بوو، بۆ نموونە پرتەقالّو لالەنگیو گویزو بوندقو زەردەلوی وشك کراوە مشەبوو. منالّەکان جلکی رەشیان لەبەر بوو، (مستەر شولتس)ش وەکو ئەوان. ژنەکەی جلکێکی سپی جوانی لەبەر کردبوو. ئەو شەوە بە ڕاستی جوان بوو بوو،

چەند بەکرەیەکی باشی گرامافۆنم لە کوڕی خوشکەکەم وەرگرتبوو، هەموو شتێکی شادی بەخشم لەماڵەوە ئامادەکرد بوو. هەموو شتێك، بەڵام دەزانیت ئەو شتەی کە بۆ کۆڕی دۆستایەتی پێویستە، دڵی پاك، دڵی خاڵی لە کەرب و کینەیە، نەمدەتوانی ئەوە فەراهەم بکەم. هەرچم کرد کۆڕەکەمان گەرم نەبوو نەبوو. شەرابمان خواردەوە، خات شولتس رۆمانسێکی روسی خوێندەوە، بە کۆمەڵ گۆرانیمان گوت، گرامافۆنمان لێدا. تەنانەت (مستەر شولتس)ش کەمێك خەیاڵ بوو، هەموو پێدەکەنین، بەڵام کەش و هەوای ژوورەکەمان بە هەورە تریشقە ئاوس بوو، من لەو شەوو رۆژەدا هەستم بەمە دەکرد، بەڵام نەم دەزانی، ئەگەر بمزانیبایە، بە هەر نرخێ بووە پێشم لێ دەگرت. بوو بە نزیکەی سەعات نۆ. تۆ کە لە هەندەران بوویت و دەزانیت کە بۆ شەوی سەری ساڵ، سەعات نۆ هێشتا هەوەڵی شەوە، بەڵام هەموو ماندوو بوو بوون.

"لە پڕ مستەر شولتس لە ژنەکەی پرسی: کاچا ماندوو بووی؟"

– نە، ماندوو نەبووم، بەڵام چ بکەم؟

– کاچا هەستە بچو بۆ سەما، بڕۆ بۆ "ئەستوریا" بڕۆ بۆ بەرلینیرهۆف.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، من بە تەنێ هەستم بچم بۆ ئەوێ. چ بکەم؟

"مستەر شولتس، هەر بەو دەقەوە کە لەسەر کورسیەکەی رۆنیشتبوو، بێ ئەوەی کەمترین شوێنەوار بەسەر چاویەوە دەربکەوێ، گوتی: کێ دەڵێ بە تەنێ بڕۆی، من تکا لە ئاغای ئارشاوێر دەکەم کە لەگەڵتا بێت، ئاغای ئەرشاوێر، هەڵبەتە تۆ قسەم لە عاردی نادەی.

"ئەرداشس، لە ناکاو هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بەڵام بەر لەوەی کاچا چ قسەیەك بکات، ئارشاوێر گوتی: من ئامادەم ئەگەر خانم مەیلی لێ بێ، هەڵبەتە لەگەڵیا دەچم". و "بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی مستەر شولتس یان ژنەکەی ببێ، پێکەکەی هەڵدا، لە جێی خۆی هەستاو گوتی: من دەڕۆم خۆم دەگۆڕم. هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو کاچاش هەستا، دەموچاوی شووەکەی ماچ کرد، پاڵتۆ رەشەکەی لەبەر کرد، شاڵێکی بەسەریا داو رۆیی. منو مستەر شولتس بە تەنێ لە ژوورەکەدا ماینەوە". گوتم: مستەر شولتس دەتەوێ تۆزێك کتێبت بۆ بخوێنمەوە.

– مەمنونیش دەبم، ئەم کتێبەی ئارتورشنیسلرم تازە کریوە، چیرۆکێکی تیایە بە ناونیشانی "ژنی زانایەك" ئەگەر زەحمەت نییە ئەوەم بۆ بخوێنەوە.

"و دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە نێوەی چیرۆکەکەدا (ئارداشس)ش هاتەوە ژوورێ و لەسەر کورسیەك دانیشت. دەوروبەری سەعات دە بوو، بە چاو ئیشارەتم کردێ کە تۆزێکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام حەزی لە خوێندنەوە نەبوو، جێی خۆیەتی ئێستا باسی بابەت و نێوەڕۆکی ئەم چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە. چونکە پێم وایە بۆ تێگەییشتنی مەبەستەکە پێویستە. مستەر شولتس ئەم کتێبەی بە رێکەوت و لە خۆڕا نەکڕی بوو، بۆیە حەزی لێ بوو لەو دەمەدا ئەم چیرۆکە بخوێنرێتەوە: پیاوێك دوای حەوت ساڵان ماشوقەکەی دەبینێ. ئەمە ژنی کابرایەکی پرۆفیسۆر، کابرایەکی زانا بووەو ئەم پیاوە لە ماڵی ئەو پرۆفیسۆرەدا ژووری هەبووەو شاگردو قوتابی ئەو بووە. حەوت ساڵ لەوە پێش رۆژێ کە ئەم پیاوە دەگەڵ ماشوقەکەیدا خەریکی ئەشقبازی بووە، لە حاڵێکا کە ماشوقەکەی، یانی ژنی پرۆفیسۆری گۆڕین، لەبەر پێی ئەودا کەوتووەو سەری لە باوەشیا پەنهان بووە، کابرای پرۆفیسۆر دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە کە بەو حاڵەوە دەیانبینێ، بە ئەسپایی دەرگاکە دادەخاتەوەو دەگەڕێتەوە. ئەم کابرایە لە شەرمی ئەوەدا کە مامۆستاکەی بەو حاڵەوە دیتوویەتی یەکسەر جانتاکەی هەڵدەگرێتو لەو ماڵە وەدەردەکەوێ، ئەمڕۆکە پاش حەوت ساڵ دەیەوێ گوێی لە ماشوقەکەی بێ کە

پاش ئەو کەتنە چی رووی داوە. بەڵام هیچ شتێك رووی نەداوە، چونکە ماشوقەکەی هەرگیز بەوەی نەزانیوە کە پرۆفیسۆر بەو حاڵەوە دیتویەتی و پرۆفیسۆریش لە زەرفی ئەم حەوت ساڵەدا هەرگیز ئەم مەسەلەیەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە.من لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووم تا گەییمە ئەم رستانە! کەواتە ئەم هیچ کاتێك ئەمەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە، ئەم ژنە نازانێت و هیچ کاتێ نەیزانیوە کە شووەکەی ئەوی لەبەر پێی ئاشقەکەیدا دیتوە، ئەو رۆژە لەبەر دەرگاکەوە، بە ئەسپایی، و بە جۆرێ کە کەس پێ نەزانێ گەڕاوەتەوە.. پاشان دوای چەندین سەعات بۆ ماڵ هاتووەتەوەو هیچ قسەیەکی لەگەڵ ئەودا (ژنەکەی) لەو بارەیەوە نەکردووە. کە گەییمە ئێرە، لە پڕ مستەر شولتس تورە بوو و گوتی: نا، ئەمە مەحاڵە، بەسە، مەخوێنەوە.

"سەیرم پێهات و گوتم: چ شتێك مەحاڵە؟

– چۆن دەبێ پیاوێك حەوت دانە ساڵی خشت هەرزەیی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات. ئیتر مەیخوێنەوە، لێم گەڕە با ئیسراحەت بکەم... من ئەمەم بە فرسەت زانی، هەستام. چونکە وام هاتە خەیاڵ لە کاتی خوێندنەوەکەدا لە ماڵەکەدا گوێم لە دەنگی پێی کەسێك بوو.. بە ئارداشسم گوت: تۆ لێرەبەو ئەگەر مستەر شولتس ویستی باقی چیرۆکەکە یان چیرۆکێکی تری بۆ وەخێنە تا من هەندێ "گروگ" دروست بکەم.

ئیدی چی لە نێوان ئارداشس و مستەر شولتس دا روویدا، چ قسەو باسێکیان پێکەوە کرد، ئەمانە بە دروستی نازانم، بەڵام پاشان پاشماوەی حاڵ و مەسەلەکەم زانی، دیار بوو کاتێ کە خات شولتس و ئارشاویر چوو بوونە دەرێ، ئارداشس لە دواوە تاقیبی کردبوون، دوایی دیتبوونی کە ئەسڵەن بۆ کۆڕی سەما نەچوو بوون و یەکڕاست بۆ ماڵ گەڕابوونەوە. ئەو زووتر هاتبووەوە ماڵێ و لە هەیوانەکداو روو لە کۆڵانەکە چاودێریان دەکات. کە بینی بووی هاتوونەتەوە ماڵێ، ئیدی دڵی رەحەت بوو بوو هەنگێ هاتبووەوەو لە ژوورەکەدا چاوەڕوان بوو بوو کە خات شولتس و ئارشاویرش بێن، بەڵام ئەوان چوو بوونە ژوورەکەی ئارشاویر.

گوایە دوای ئارداشس بە مستەر شولتسی گوتبوو کە ئەوان لەو ژوورەن، من لە موبەقەکە بووم و خەریك بووم "گروك"م دروست دەکرد، ئاڵمانییەکان، بە تایبەتی لە شەوی سەری ساڵدا زۆریان حەز لەم شەرابەیە (گروك). شەرابی سوڕو تۆزی روم و قەندو دارچین و مێخەك تێکەڵ دەکەن و دەیکوڵێنن و دەیخۆن، من مژۆڵ بووم کە بینیم لە پڕ دەنگی مستەر شولتس بەرز بووەوە. دەرگاکان دران بە یەکاو ئەو بە غاردان وەدەر کەوت، هەوەڵجار چووە ژوورەکەی خۆی بەڵام نەك دەست بە دیوار، نەخێر، رای دەکرد، من ئاگام لە هیچ نەبوو، لە پڕ دەنگێکی ترسناکم هاتە گوێ، شولتس لە ژوورەکەی ئارشاویردا سێ گوللەی یەك لە دوای یەکی تەقاند بوو، کاتێ چوومە ژوورەکە، دیتم کوڕەکەم و خات شولتس لەسەر عاردی کەوتوون. چاوانی مستەر شولتس کرابوونەوەو دەی بینی، بەڵام کە چاوی بە من کەوت دەستی خستە سەر چاوەکانی تا ئەم وەزعیەتە نەبینێ".

* * *

شەوێ کە دەمویست بۆ لای هاوڕێکانم بڕۆم، چاوێکم بە ناو ژوورەکەدا گێڕا، هەمان ئەو دوو چەپکە گوڵە وشکەوە بووە لە وێ بوو. هاوڕێکەم هات، پرسی ئاخۆ کاری ژوورەکە تەواو بووە، من دەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا قسەم لێکردووە یان نا؟ گوتم: "لەو ماڵەی ئێمەدا ژووری بە تاڵ نییە، یەك ژووری بەتاڵ هەیە، بەڵام خاوەن ماڵەکە بەکرێی نادات".

تاران – ئازەر ١٣١٣ ((١٩٣٤))

## ٣- سەمای مەرگ

"١"

دوێنێ بەیانی بردیان. دوو ڕۆژە کە بردوویانە. لە دوێنێ بەیانییەوە تاکو ئێستا گوێم بە ئاهەنگی سەمای مەرگ-Dance macabre دەزرنگێتەوە. موڕتەزا دەستی ڕەجەب عەلی ڕەجەبۆفی گرتووە، لە نیوە شەودا لە قەبرەکەی دێتە دەرێ. مردوویەکی دیکە بە ئێسکێکی دەستی کیژێك لەسەر کاژەڵەی لاوێك ئاهەنگی سامناکی (سەمای مەرگ) لێ دەدات، گۆڕەکان دەم دەکەنەوە، ئێسقەپەیکەرەکان لە گۆڕ دێنە دەرەوەو بە کۆمەڵ سروودی مەرگ دەڵێن و هەڵدەپەڕن، مارگرێتا، بە سەروچاوی پڕ ئازار، بەڵام زندووەوە تەمەشا دەکات، دەیەوێ موڕتەزا لەم سەما دەستەجەمیە بێنێتە دەرێ.

دوێکە ئەویان برد. بە بەرچاوی ئێمەوە بردیان. ئەو کەسەیان برد کە سێ دانە مانگ شەوو ڕۆژ لەگەڵی بووین، هاو سفرەو خۆراکی بووین، ئەو کەسەیان برد کە شەڕی دەگەڵ کردبووین و پاشان ئاشت بوو بووەوە، ئەو کەسەیان برد کە تانەو تەشەرمان لێدا بووو پاشان تەوازۆمان لێ خواستبوو. ئەو کەسەیان برد کە لە لامانا دەگریاو دەی هێنایە پێکەنین، ئەو کەسە کە لە نەگبەتی و بەدبەختیدا شەریکی دەردو خەممان بووو لە نائومێدی دا ئومێدی پێ دەبەخشین، ئەو زندانییەیان بە بەرچاوی ئێمەی زندانیانەوە بردو پێشیان نەگوتین کە بۆ کوێیان برد، بەڵام با نەشیڵێن دەزانم بۆ کوێیان برد. بردیان تا بیکوژن. حوکمی مەرگ درا بوو.

موڕتەزا ڕۆیی. موڕتەزا لە سەمای مردووەکاندا کە هەموو شەوێك لە نیوە شەوەوە تا بانگی کەڵەبەبابی بەیانی لە گۆڕستانەکەدا دەیکەن بە بەزم هەراوزەنا، بەشداری دەکات. دوا سەعاتی ئازادی ئەوم لەبەرچاوە. بە باشی دەی بینم، دەنگی دەژنەوم کە هاوار دەکات: "مارگرێتا، مارگرێتا. بە کەس نەڵێی! بە هیچ کەسێك."

من لەم چەند ساڵەی ژیانی زیندان دا – ژیان نا، زندەبەچاڵی– من لەم چەند ساڵەی زندەبەچاڵییەمدا زۆر کاندیدی مەرگم دیتووە. دیتوومە کە چۆن لە کاتی ڕاگەیاندنی قەرارو حوکمی دادگادا ڕەنگیان پەڕیوە، زرانیان شل بووەو نزیك بووە هەر لەوێدا گیانیان دەربچێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لە چاو تروکانێك پتری نەخایاندوەو یەکسەر هێڤی و ئومێدەواری جێی گرتووەتەوە، ئومێدەواری بە هەڵوەشانەوەی فەرمان، ئومێدەواری بە عەفوات، ئومێدەواری بە ژێرو ژوور بوونی هەموو دنیا، تەنیا بۆ ڕزگاری ئەوانە، ئومێدەواری بە موجیزات و پەڕجوو، نەك هەر ئومێدو هێڤیدار بوون، بەڵکو باوەڕهێنان بە پوچترین بێ ئەقڵی و تەسەورو وێنای ئەمە کە لەگینە شا ڕەحمی بتلیسێتەوەو ئەوانە عەفو بکات. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە شەوی بەر لە ئەنجامدانی فرمانەکە مرد. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە بەر لە تیرباران کردن ردێنی تاشی، جلکی جوانی لەبەر کرد، خواحافیزی لە دۆستەکانی کردو پیاوانەو مەردانە بەرەو پیری مەرگ ڕۆیی.

من یەکێك لەو مەحکومانە دەناسم کە لە کاتی مردندا هورای دەکێشا "بژی ئێران".

من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە ئاهەنگی سروودی "ڕابە ئەی داغی نەفرەت خواردوو، دنیای رووت و برسیان"ی تا ماوەیەك پاش دەست ڕێژی تفەنگەکانیش لە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە.

بەڵام من هیچ یەکێك لەوانەم بەم نزیکییە نەدەناسی. زۆریانم دیتبوو. کەسیانیان لە نێو ئێمەوەو بە بەرچاوی ئێمەوە نەبرد، وەك ئەوەی مەڕێك لە نێو مێگەلێکدا بۆ کوشتنەوە هەڵبژێرن.

دوێنێ بەیانی سەعات حەوت و نیو بانگیان کرد. هەمان فەڕاشی پیر بە دەنگی ڕەسا هاوار دەکات. چڵمەکەی هەڵدەمژێ و بانگ دەکات: " موڕتەزای کوڕی جەواد، وەرە ئاغا". تەواوێك ئەلف و غەینی "ئاغا" کە درێژ دەکاتەوەو هەرگیز بەلای ئەوەوە گرینگ نیە کە ئەم موڕتەزای کوڕی جەوادەی دەنکی مارگرێتای کیژی نۆزدە

ساڵە، بۆ حەپسی ئینفرادی دەبەن کە دیق کوژی بکەن، بۆ مەرەخەسی دەبەن، دەیانەوێ جەڵدەی لێ بدەن، دەیانەوێ ئەشکەنجەی بدەن، عەفوی بکەن، بۆ تاراوگەی بنێرن، بۆ پای قەنارەی بەرن یان تیربارانی بکەن، بۆ ئەو هیچ فەرقێك ناکات. ئەو تەنیا هاوار دەکات: "مورتەزا جەواد! وەرە ئاغا" و یەکسەر دوای ئەو چەند نەفەرێکی دیکەش، لەوانە پاسەوانی قاوشی شەش‌و فەڕاشەکانی هەمان قاوش‌و دەست نێژەکانی ئەوان هاوار دەکەن: "موڕتەزا جەواد."

بەڵام بەندی دڵی ئێمە پچڕا. هەندێك دەستیان بە کۆکردنەوەی شڕو شیتاڵەکانی، یان شمەکەکانی کرد.

دوای تۆزێك یەکێك لێی پرسین: " بەشمەکەوە؟ هەنگێ وەڵام درایەوە: "نە، بۆ دادگا"

دەڕۆیی کە بمرێت. بێگومان لە سێدارەی دەدەن. لەوەیە مارگرێتا لەبەر دەرگای زیندان وەستابێ‌و بەر لە مردن جارێکی دی یەکتر ببینن. بێگومان لەبەر زیندانیشدا، پێی دەڵێت: "مارگرێتا، مارگرێتا بە هیچ کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك"

موڕتەزیان بۆ دادگا نەدەبرد، درۆدەکەن، بە هیچ مەحکومێك لە سەعاتی پێش مردنەکەیدا ناڵێن کە بۆ ئیعدامت دەبەین. بەدرۆ رایدەگرن.

کاتێ موڕتەزا خەریك بوو لە ژوورەکەی ئێمە وەدەردەکەوت گەڕایەوەو گوتی: "دنیا بارانە، یەکێکتان کڵاوەکەیم بداتێ." چەند کەسێك کڵاوەکانیان بۆ درێژ کرد. ئەوەی منی هەڵگرت.

چ بنیادەمێکی ساویلکەیە! هەموو مەحکومانی ئیعدام ساویلکە دەبن. زەحمەتە وێنای ئەمە بکرێ کە ئەم بەدەنە، بەم پێکهاتەو بونیادەوە، بەم هزرو بیرەوە، بەم هەموو خۆزیاو ئومێدەوە، بەم هەموو ئەشقەوە دەرهەق بە مارگرێتا، دوای چەند سەعاتێکی دیکە تێك‌و پێك دەشکێت‌و هیچ شتێکی لێ نامێنێتەوە. ئەستەمە.

بۆ ئیعدام دەبرا،و دەترسا باران سەری تەڕ بکات، ڕەنگە پەشۆکا بێ. لەوەشە لە مەرگ و مردن بێ منەت بێ. وا باوە کاتێ یەکێك بۆ ئیعدام دەبەن، دەڵێن: "بەشمەکەوە" ئەوسا جلکی خەوو قەڕەوێڵەو تەختە خەوو جلك و بەرگەکەی لێ وەردەگرن‌و لە ئۆفیسی زندانی دادەنەن. ئەگەر خانەوادەو کەس‌و کاری هەبێ، دەیدەنەوە بە خانەوادەکەی، ئەگەر نەی بێ، نازانم چی لێدەکەن. کە بەبێ شمەك‌و سیپاڵان بردیان هەموومان تروسکەیەکی ئومێدمان کەوتە دڵ، ئایا دەشێت بۆ ئیعدامیان نەبردبێ؟

ئێستاش دەنگی لە گوێم دا دەزرنگێتەوە: "مارگرێتا، مارگرێنا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك."

تۆ بڵێی مارگرێتا شتێکی بە کەسێك گوتبێ؟ ئایا شتی وا هی دەبێت؟ ئەگەر وابێ کاشکا موڕتەزا دەمرد. بەڵام نا، ئەم بیرانە دروست نین. موڕتەزا دوێ شەو لە سەمای نیوەشەوی مردوواندا بەشداری کردووە. لەوێ دەستی ڕەجەب عەلی ڕەجەبۆفی گرتووەو هەردووان پێکڤە ئازادانە رەقسیون. ئەم دەنگە سامناکانەی (سەمای مەرگ) بەدەنم دێنێتە لەرزە. سەمای ئیسکەپەیکەرەکانم لە بەرچاوە...

من بە خۆم حوکمەکەی ئەوم خوێندەوە: "موڕتەزا ف. کوڕی جەواد، بە تۆمەتی قەتڵی عەمدی ڕەجەب عەلی ڕەجەب زادەی کوڕی حاجی ڕەجەبی باکۆیی، ئاکنجی تاران خراوەتە ژێر چاودێری‌و تاقیبی دادگای شارەوە."و دوای چەند رستەیەکی دیکە کە لە یادم نیە، حوکمە کە تەقریبەن بەمجۆرە لە سەری دەڕوات: "بەگوێرەی هەواڵی پۆلیس‌و ئاسایش‌و تەحقیقی وردی تۆمارکراو لە دۆسیەی کارو بە گوێرەی ئیعترافی ڕێك‌و ڕەوانی تاوانبار لە بەردەم دادگادا، تاوانباری ئەو لە گۆشەنیگای دادگاوە بێ چەندو چونەو گوناحەکەی حاشا هەڵنەگرو سەلماوە" ئەوجا چەند رستەیەکی دیکە دێت‌و ئەنجام بەمجۆرە کۆتایی دێ: "بۆیە بە گوێرەی مادەی

فلان یاسای سزای گشتی، حوکمی ئیعدام دەدرێ." بە کەماڵی خوێنساردی حوکمەکەی خوێندەوە. بە پێچەوانەوە دەتگوت لە دڵتەنگی قوتار بوو. حوکمەکەی ئیستیناف نەکردەوە.
جا ئێستا لەگینە هێشتا زندوو بێ؟ دەشێت ئیعدامیان نەکردبێ؟ دوێکە بەیانی بردویانە. رەنگە جەنازەکەیان دابێتەوە بە مارگرێتا. ئەدی ئەو چی لە لاشەی دەنکەکەی کردووە؟ کەسی دیکەی لە تاراندا نەبوو. ئەمە بۆ کار بەدەستان کارێکی فرە ئاسانە. تەلەفۆن بۆ مارگرێتا دەکەن: ((جەنازەی دەنکەکەمان بردویت بۆ ئیمام زادە عەبدوڵلا، ئەگەر حەز دەکەی هەڕە بە خۆت بینێژە))
ئیدی بۆچی هەندێ کەس گومان دەکەن؟ ئەویان برد ئیعدامی بکەن. وێڕای ئەو جیاوازی بیرو بۆ چوونانەی کە لە ژوورەکەی ئێمە دا لەسەر ئەم بابەتە هەیە. من کەمترین گومانم نیە کە مورتەزا ئیدی نەماوە و تەواو. مەگەر...مەگەر ژیانێکی خراتر لە مەرگی بەنسیب بێ. ئەوساش من حەزم دەکرد، خۆزیم دەخواست کە بمردایەو لە کۆڵ بایەتەوە. کە لە زینداندا قەراری دادگایان پێ ڕاگەیاند و ئەویش داوای ئیستینافی نەکرد، هەنگێ یەکەم گفتوگۆی دڵسۆزانە لە نێوانماندا دەستی پێکرد:
– بۆچی داوای  ئیستیناف ناکەی؟
– ئیستینافی چی؟
– ئیستینافی ئەو حوکمە کە دادگا دەربارەی تۆ داویەتی، سەیرە! چما نازانی حوکمی ئیعدامیان داوی.
دەتگوت باش حاڵ نەبوو بوو کە ئەم حوکمە دەکاتە چی، لە ژووری سێیەمی قاوشی شەشەمدا ئێمە بیست و یەك نەفەرین و تەنیا من بە هەڵە لە نێو ئەوانەدا زیندانی سیاسیم. مەسەلەکەش ئەمەیە کە چونکە من لە زندانی قەسردا دەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرانی ئێشکچی دا دەمەقاڵێم بوو، بۆ زیندانی کاتیان دوور خستمەوە، نزیکەی شەش مانگ لە ژوورە ئینفرادیەکانی قاوشی دوودا بووم، جا چونکە لەم دواییانەدا ژمارەیەکی زۆری سیاسیانیان گرت و جێیان نەبووەتەوە، بۆیە منیان بۆ قاوشی گشتی، واتە ئەم قاوشی شەشەمە هێناوە، ئیدی هاو زندانەکانم هەموو بریتین لە دزانی پارەی دەوڵەتی، بەرتیل خۆران، و دەسبڕو کلاوچیان و هەندێ جار پیاوکوژانیش.
شەوان پاش سەعات نۆ کە هەموو ناچارن بخەون، من بە دزییەوە کتێبەکەم دەردێنم، تاقمێکی چای دەدەم بە پاسەوانی بەرپرس تا خەبەرم لێنەداو هەنگێ بە دڵی ئاسودە دەست بە خوێندنەوەی کتێب دەکەم. ئەگەر ئەفسەرێك، بەڕێوەبەرێك، سەرۆکێك بێت، خودی پاسەوانەکە ئاگادارم دەکاتەوە.
ئەو شەوەی کە حوکمی ئیعدامەکەیان بە مورتەزا ڕاگەیاند سەیرم کرد نەخەوتووە، چونکە دەمزانی کە زمانی فەرەنسی بەڵەدە، کتێبەکەم کرد بە دوو لەتەوەو لەتی یەکەمیم دا بەو. بە تەواوی ئارەزووەوە کتێبەکەی لێ وەرگرتم و لەوەوە دۆستایەتیمان پەیدا کرد. کاتێ کە قەرارەکەی دادگایان پێ ڕاگەیاند لە ژێر قەرارەکەدا نووسی: "بینرا."
ئێمە هەموو حەپەساین، چونکە پێشتر کەم دابێژێکمان لەمەڕ ڕەوتی دادگاییەکە لەو پاسەوانە ژنەوتبوو کە ئەوی بۆ دادگا بردو دەمانزانی کە هیچ قەرینەو بەڵگەیەك لە دادگادا دژی ئەو نەبووە، جگە لە ئیعترافی راشکاوانەی خۆی کە گوتبووی: "من کوشتوومە."
گوتبووی کە من رەجەب عەلی رەجەبۆفی باکۆییم کوشت.
جارێ دووەم و سێیەمیش کە من پێ داگریم کردو لێم پرسی: "بۆچی ئیعتراز لەم حوکمە ناگری، بۆ ئیستیناف ناکەیەوە؟"

گوتی: "فایدەی چییە؟"
- چۆن فایدەی نییە؟ فایدەکەی ئەمەیە کە لەگینە تەبرێ دەرچیت و نەتکوژن.
- من گوناحێکم کردووەو دەبێ سزاکەی بدەم.
- چ گوناحێکت کردووە؟
- بنیادەمم کوشتووە.
- تۆ؟
من ئەوەندە پەریشان و شپرزە بووم کە هێمنی و خوێن ساردیەکەی ئەو نەیدەتوانی بە هیچ جۆرێ کارم تێ بکات. ئەنجام نەم توانی لەوەی کە بە مەزندە دەمزانیو لەم لاو لەولاوە بیستبووم و لە دڵمدا پەنگی خواردبووە، لە دڵی خۆدا بێڵمەوەو گوتم: "من هەرگیز باوەڕ ناکەم کە تۆ پیاوکوژ بی، ئەم کارە لە تۆ ناوەشێتەوە.دروستە کە بە دارو بارو تۆکمەی بەڵام لە دادگادا هیچ بەڵگە دژی تۆ نەسەلماوەو ئەگەر بە خۆت ئیعترافت نەکردبایە، بە هیچ جۆرێ حوکمیان نەدەدایت."
- من پیاوم کوشتووە.
خەریك بوو کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم، زیاتر ئەم بێ متمانەییەی ئەو دەهری دەکردم.
- گوێ بگرە هاوڕێ، من زندانیەکی سیاسیم، ئەوە چوار ساڵ و شتێکە، بەڵکو چوار ساڵ و نیوە کە لە زیندان دام، دەتوانی متمانەو باوەڕی تەواوت بە من هەبێ. رەنگە تۆ لە ژێر گوشاری کەسێکی تردا بی. من زۆر زندانیم دیتووە کە خەتاو گوناحی کەسێکی تری لە ئەستۆ گرتووەو زندان کراوە، هەندێ جار شتی نادیارو راز ئامێز بنیادەم گێرۆدە دەکەن. هەنگێ دەبێ ئەم رازانە کەشف بکەی، خۆ ئەگەر قەراریشت داوە بمریو رزگاری خۆت لە مەرگدا دەبینییەوە، هەر دەتوانی بە ئارامی بمریت. ئەگەر ئەو شتەی کە ئەزیەتت دەدات، بە من بڵێی، لەوەیە ئاسودە ببی. لەوەشە چارەیەك بدۆزرێتەوە، لەوەیە بشێت کاریێ بکرێ. هێشتا زۆر گەنجی، وەختی مردنت نییە. ئەگەر ژنێ، کەسێکت خۆش دەوێ، بیر لەویش بکەوە، ئاخر لە دوای تۆ ژیانی ئەویش بایەخی نابێ. خۆ بێ کەسیش نیت، کەس نایەتە دیدارت؟ بەڵام زۆر جار خۆراك و پۆشاکێکت بۆ دەنێرن.
ئیدی بۆم دەرکەوت کە دوا تیری تیردانی من بابەتی ژنەو زیاترم خستە کارەوە. من لە زندان دا شارەزاییەکی زۆرم لەمەڕ پیاوکوژان پەیدا کردبوو. زۆربەیان ئەو جووتیارانە بوون کە لەسەر ئاو یان لە ئەنجامی دەسیسە و پیلانی دەرەبەگ و خاوەن موڵکان دا بەگژ یەکتردا چوو بوون و لە ئەنجامدا یەکێك کوژرا بوو، یان خەڵکانێك بوون کە لەسەر ژن خەنیمی خۆیان کوشتبوو، دەستەی سێیەم ئەوانە بوون کە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵی دا کەوتبوونە زندان و لە زنداندا دزی وگیرفانبڕی لە دزانی دیکەوە فێر بوو بوون و لە ئەنجامدا دوای پازدە ساڵان دزی و خوێڕیەتی لە دوا نۆرەدا بە چەکەوە چوو بوونە دزی و یەکێکیان کوشتبوو، ئەم دەستەیە کە کۆمەڵگە (پیاوکوژانی خۆڕسک)یان پێ دەڵێت، هەمان ئەو کەسانەن کە خودی کۆمەڵگە بۆ دزیو تاوانیان پەروەردە دەکات.
هەستم دەکرد کە هەبێ و نەبێ ژنێك لە چارەنووسی موڕتەزادا دەورێکی هەبووبێ، ناوی ئەم ژنە بە گوتەی ئەو پاسەوانانەی کە بۆ دادگایان دەبردو دێنایەوەو بەگوێرەی مۆری ئۆفیسی زندان کە دەیان نا بەو خۆراك و پۆشاکانەوە کە لە کەسوکاریان وەردەگرتین و حەواڵەی ئێمەیان دەکرد مارگرێتا بوو، من دوا تیری خۆم خستەکار.
- گریمان پیاویشت کوشتووە، تۆ ئەمەت لەبەر خاتری ژنێك کردووە، وانیە؟

– جا باسی ئەمە چ فایدەیەکی هەیە.
– فایدەکەی ئەمەیە کە تۆ نامریت و دەتوانی بەختەوەر ببی.
دەیویست خۆی بدزێتەوەو وەڵامم نەداتەوە. بەڵام من دەستبەردار نەبووم.
– جا ئەگەر ئەم ژنە تۆی ناوێ، بۆچی دەتوێ بمری؟ لە پێناوی ژنێکی وادا کە قەدری تۆ نازانێ، بۆچی گەرەکتە بمری؟
– ئاه، وا نییە، تۆ نازانی کە بەم قسانەت چۆن دڵی من دەسووتێنی.
– یانی خۆشی دەوێی؟ کەواتە بۆ دەبێ بمری؟ هەر تەنگانەیەك فەرەجی خۆی هەیە.
– هیچ فەرەجێك بۆ من نییە.
– چۆن نیە؟ بەڵکو حوکمەکە هەڵوەشێتەوە، بەڵکو دادگاییەکی دی دانرا، بیر بکەوە، رەنگە تۆ کەست نەکوشتبێ، بیسەلمێنە کە تۆ پیاو کوژ نیت، رەنگە پیاوکوژە ئەسڵیەکە بناسیت؟ مەجبور نیت ناوی بدەی، ئەگەر ناتەوێ، رەنگە حوکمی ئەبەدی بدرێی. کێ چوزانێ سبەینێ چ دەبێ؟ لەوەیە عەفو بکرێی، هەزارو یەك ئەگەری دیکەش هەیە...
قسەکەی بڕیم: "نە ئەمەیەو نە ئەوە، من لەم ژیانە وشك و نەگۆڕە بێ تاقەت بووم، ژیانی من مەرگێکی بەرە بەرە بوو. حوکمی ئیعدام بۆ من رزگارییە لەو عەزاب و ئازارانەی کە هیچ کەسێك باری نابات، لە کێشی کەسدا نیە، ژیان بۆ من مەیسەر نییە، ژیان بۆ من نە پێش دەکەوێ و نە باش دەبێت.
– ئەمە قسەیەکی دروست نیە، دنیا روو لە پێشکەوتنە، روو لە چاك بوونە، تۆ سەیری ئەم شەپۆلی دکتاتۆریەت و دڕندایەتیە مەکە کە ئەمڕۆ دنیای گرتووەتەوە، دنیا دەگۆڕێ، پەرەسەندن لە ئارادایە، تۆ چ کارەکەی، چۆن بۆ تۆ خراتر دەبێ؟
– مامۆستا بووم.
بەمجۆرە هێنامە قسان.
باڵا بەرزو تۆکمە بوو. ساغڵەمی لێدەباری. بابی لە مەشروتیەتدا کوژرا بوو. دایکی بەبیر نەدەهات. خوشکەکەی لە شارێکی دیکەدا بەشوو بوو و ئەویش لە ماڵەکەی بابیدا دەژیا. ئەوەی لە باب و داکی بۆ مابووەوە کەم و زۆر خەرجی خوێندنی کرد بوو ئەمیستا لە ئامادەییەکانی تاراندا دەرسی دەگوتەوە، زۆربەی کاتی خۆی بە کتێبانەوە رادەبوراد، کتێبی خۆش دەویست، چونکە شەرمن و دوورە پەرێز بوو لە کۆڕو مەجلیساندا رووی قسەکردنی نەبوو، بۆیە لەزەتی لە کتێب دەبینی. کتێب و لەم دواییانەشدا فیلم و رادیۆ بە گەورەترین لە زەتی ئەو دەژمێردرا، شەیداو دڵبەستەی دۆستۆفسکی نووسەری روس بوو. هەر بۆ ئەوەی کتێبەکانی ئەو بخوێنێتەوە دەیویست روسی فێر ببێ، فەڕەنسیەکی باش بەڵەد بوو، کەمەکێ روسیشی دەزانی، جگە لەمانە هەندێ جار لە چاخانەکانی تاراندا دەردەکەوت و لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا شەترەنجی دەکرد، لە سینەماوە خووی بە مۆزیقای فەرەنگییەوە گرتبوو، لە ماڵەوە رادیۆی هەبوو، ئەم رادیۆیەش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو بوو بوو بە سەرگەرمیەکی تازە، بە جۆرێ کە پێویستی بە تێکەڵبوونی خەڵکی نەبوو، نزیکەی سەدو پەنجا تمەنێك مووچەی قوتابخانەی وەردەگرت، جگە لەوەی کە ساڵی سێ سەد تا پێنج سەد تمەنی موڵکانەی ئەو موڵکانەی کە بەسەر ئەوو چەند ئامۆزایەکی تری و خوشکەکەیدا دابەش دەکرا، بەردەکەوت، ژیانی ئارام، یەکهاوی و بێ کێشەو سەریەشە بوو. بابایەکی بەرزەفڕو پایەخواز نەبوو. بە تەمای وەزیری نەبوو، بە پێچەوانەوە بە چاوی سووك (هەڵبەتە تا رادەیەك) سەیری ئەم جۆرە کەڵکەڵانەی دەکرد.

خوشکەکەی کە چەند ساڵێك لەو گەورەتر بوو، حەزی لێ بوو ژنی بۆ بێنێ و بەمجۆرە بیخاتە سەر راستە رێگەی ژیان. ژن و منداڵ، خۆراکی ماڵ و ئازوقە، بیری زیاد بوونی موچە، دابین کردنی ژیان و ئاسوودەیی کەس و کار، هەموو ئەمانە پیاو لەوە دەگێڕنەوە کە خۆی بخاتە ناو تۆفانەوە، کە بە کەنارا بڕۆی دەبێ دارعاسات پێ بێ، ئیدی دەریایە، لەوەیە پیاو بەرەو نقومگەکێش بکات، بە خۆیشی نەیدەزانی کە رێگەی ژیانی چیەو کامەیە. دەریا، تۆفانی خۆش دەویست، خۆ چوونە کەناریش بۆ خۆی ئاسوودەییەك بوو. تەنیا هەندێ جارو بە دەگمەن و ئەوەش زۆربەی ئەو کاتەی کە بە تەنیا بوو، لەگێن بوو کە کتێب یان شاشەی سینەما یا مۆزیقاو یان دەردو بەدبەختی خەڵکی، یان تاسەو کەڵکەڵەیەك ئەو لەم مەدارو بازنەیە بێنێتە دەرێ، بیهاڕوژێنێ، شێت و شەیدای بکات، بە جۆرێ کە پاش چەند سەعاتێك لەو کارە ژێوان بیێتەوە کە لە ئەنجامی هەڵچووندا کردبووی. هەنگێ دیسان خۆی ساز دەدایەوەو جارەکی دی خۆی لەسەر شاڕێگەی وشکی ژیانی رۆژانەدا دەبینییەوە. بۆ گۆشەی ژوورەکەی کورسیەکی پێویستە، پارەی کارەبای ئەم مانگە زیادی کردووە لە جیاتی ئەوەی سێ سەدو پەنجا تمەن بدات بە مافورێك رەنگە باشتر وابێ کە قەرز بدات: هەر تمەنێك بە قازانجی یەك عەباسی بدات، لە مانگێك دا دەکاتە حەوت تمەن، لە ساڵێکدا دەکاتە هەشتاو چوار تمەن. هەر باشە کەلێنێك دەگرێ.

بە خۆی دەیگوت: "سواری کەژاوەیەك بوو بووم کە هەڵتەك هەڵتەك لەم کاروانسەراوە بۆ ئەو کاروانسەرای دەبرمو هەر دەیگەیاندمە مەنزڵ، بەڵام ئەو قاترەی کە کەژاوەکەی رادەکێشا چەموشی دەکردو زۆربەی کات دەیوست فڕێم بداتە دەرێی جادەکە، ئاخریش هەر فڕێی دامە دەرێی جادەکە"

ئەم ژیانە رۆتینی و یەکهاویە لە ناکاو شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. مارگرێتا!

لەگەڵ مارگرێتادا، فەسڵێکی دیکە لە ژیانی دەست پێدەکات.

کلیلی نهێنی ژیانی پیاو لە دەستی ژنان دایە.

ئەم ژنە نێوی مارگرێتا بوو.

من بە خۆم ئەم ناوەم لە (ئۆفیسی پارەی زندانیان)دا خوێندووەتەوە. هەفتەی پازدە ریاڵمان لە زندان هەیە. کەس و کاری ئێمە دەتوانن بە دڵی خۆیان پارە بە ناوی ئێمەوە بنێرنە ئۆفیسی زیندان. بە گوێرەی پارەکە پسوولەمان بە ناوەوە دەنووسن. ئەم پسوولانە دەدەن بە ئێمەو لەو دەفتەرەدا کە ناوی وەرگرەکان نووسراوە ئێمەی زندانی ئەم پسوولانە ئیمزا دەکەین.

لەسەر پسولەکەی موڕتەزا لە بەرانبەر ئەم وشانەدا کە لەوێ تۆمار کراوە (ناوو ناوی خانەوادەو ئەدرەسی پارەهێنەکە)) نووسراوە: خات مارگرێتا.

لە سەرەتادا هەموو جارێ لێم دەپرسی: "مارگرێتا کێیە؟" دەیگوت: "نایناسم."

بەڵام مارگرێتا زۆرجار دەهاتە بەر زیندان خواردنی بۆ دێنا، جلکی نوێی بۆ دەکڕی، پارەی دەدایە. خواردنەکان دیار بوون کە ژنێکی بە سەلیقە دەی نیرێ. کەڕەتێك پیجامەیان بۆ هێنا. بە پیتی لاتینی لە سەری نووسرابوو (Mf). موڕتەزا ف دەیتوانی بە سەعاتان دانیشێتو دەستماڵە ئوتوکراوەکان هەڵگێڕو داگێر بکاتو لەزەت لەم کارە ببینێ. ئەگەر کەسێك بەوردی بیروانیبایە چاوانی موڕتەزا، دەی بینی کە کەمێك تەڕن.. لە خۆشیابوو. هەر چەندە کە کاربەدەستانی زیندان، بەوپەڕی بێ ویژدانی شیرینییەکانیان لە پاکەت دەردێناو هەڵیاندەڕشتە نێو دەستەسڕی چڵماوی پاسەوانەکانەوەو بۆیان دەهێنایەن، لەگەڵ ئەوەش دا کاتێ کە شیرینیەکان دەگەییە دەستی موڕتەزا، هەم ئەو هەستی دەکردو هەم خەڵکیش هەستیان دەکرد کە ژنێکی ئەمەکداری دڵسۆز لە دەرێ را چاوەنۆری ئەوە..

"مارگرێتا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك..."
ئێستاش ئەم دەنگە لە گوێم دا دەزرنگێتەوە.
رەنگە ئەمڕۆ بەیانی کە دەیانویست بیبەن‌و ئیعدامی بکەن، لەبەر دەرکەی زیندان یەکتریان بینی بێ.
لەوەیە ئەمڕۆ پاش نێوەڕۆ مامورانی ئاسایش‌و پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ مارگرێتا کردبێ:
"وەرن جەنازەی ئازیزەکەتان بەرنەوە."
رەجەبۆف، کە مەبەست رەجەب عەلی رەجەب زادەکەی لەمەڕ خۆمانە، موڕتەزای بەم کیژە ناساند.
بەو هەموو ئارامی‌و خوێن ساردی‌و شەرم‌و حەیایەوە کە من لە موڕتەزادا دەمبینی، سەیر ئەمەیە کە هەر کاتێ دەهاتە سەر باسی رەجەبۆف، نەت دەناسییەوە. چاوەکانی ئەبڵەق‌و دەموچاوی سور هەڵدەگەڕا، لێوی دەکەوتە تەتەڵە. هەردووك دەستی رادەوەشاند، وشە لەزاریا دەلەرزی‌و توندو تێکەڵ‌و پێکەڵ دەهاتە دەرێ، بەڕادەیەك کە هەندێ جار دەکەوتە تەتەپەتە. بەمجۆرەی باس دەکرد: "رەجەبۆف لەو زەلامانە بوو لە قاوەخاناندا عارەقی دەکردە پەرداخی ئاو خواردنەوەوە، کەباب‌و ناسکە توری رادەسپاردو، مڵچە مڵچ دەیخواردو کەیفی دەکرد. چونکە موسوڵمان بووو نەیدەویست لە بازاڕا ناوی  بزڕێ‌و ئیحتوباری زەدەداربێ."
یان دەیگوت: " رەجەبۆف دایمە لەگەڵ تاقمێکدا ناکۆك‌و دەگەڵ دەستەیەکی دی دا هەمیشە کۆك بوو. لەگەڵ ئەو تاقمەدا کە کاری پێیان نەبوو و بە بیریا نەدەهات کە ئەم کەسە لەگینە رۆژێ لە رۆژان سوودێکی پێ بگەیەنێ، هەمیشە دڕدۆنگ‌و ناکۆك بوو و لەگەڵ دەستەکەی تردا هەزارو یەك باس‌و گەنگەشەی هەڤدژو بێ سەروبەری بە قازانجی خۆی لێك دەدایەوەو هەمیشە کۆك بوو. بە هەرحاڵ رەجەبۆف وەکو زۆربەی خەڵکی بوو.
"لەگەڵ بابی مارگرێتادا، کە بە یەکێك لە دۆستانی خۆی دەزانی، هەمیشە تەباو کۆك بوو. کەڕەتێك لە میوانداریيەکدا شەراب بەکراسە پەمەییە کاڵەکەی مارگرێتادا ڕژا بوو. کراسێکی جوان بوو. زۆرم حەز لێ بوو. خۆیشی ئەو کراسەی خۆشدەویست‌و زۆرجار بەو پەڵەیەشەوە کە
تاڕادەیەك چوو بووەوە، لە بەری دەکرد. رەجەبۆف جارێك ئەو پەڵەیەی بینی‌و پرسی! "بۆچی کراسەکەت پەڵاوی کردووە؟" مارگرێتا رووی کردە بابی‌و گوتی:" بینیت بابۆ، دەتگوت پەڵەکە رۆییوە، بینیت نەڕۆییوە."
بابی روویکردە رەجەبۆف: "چما تۆ هیچ پەڵەیەك دەبینی؟" رەجەبۆف لە پەرسڤدا گوتی: "پەڵە، نەخێر، با تەمەشایەك بکەم. نەخێر، تەقریبەن چ شتێك دیار نیە. نەخێر هیچ شتێك نابینرێ. هەر هیچ شتێك دیارنیە،" من لەو رۆژەوە بۆم دەرکەوت کە چۆن بنیادەمێکە."
ئاشنایەتی موڕتەزاو مارگرێتا بەمجۆرە بوو، موڕتەزا دەیویست روسی فێر بێ‌و بە دووی موعەلیمی روسیدا دەگەڕا. یەکێك لە ئاشناکانی بە رەجەفۆفی، کە روسی دەزانی، ناساند تا بەڵکو ئەو کەسێکی روسی زانی بۆ بدۆزێتەوە کە بتوانێ وانەی روسی پێ بڵێتەوە. پاش ماوەیەك رەجەبۆف پێی گوت: "زۆرچاکە، چونکە من متمانەم بەتۆ پەیدا کردووەو دەزانم کە تۆ لاوێکی نەجیب‌و خانەدانی، دەمەوێ خزمەتێکت پێ بکەم. من یەکێکم خۆش دەوێ کە بنیادەمێکی زۆر چاکە، کیژێکی هەیە کە روسیەکی باش دەزانێ، ئەگەر مەیلت لێیە، تۆ فەرەنسی بەو بڵێوەو ئەویش روسی بە تۆ بڵێتەوە."
موڕتەزا چونکە بنیادەمێکی شەرمنە، نەیدەویست ئەم پێشنیازە قەبوڵ بکات‌و گوتی: "زۆر سوپاس. بەڵام حەزم دەکرد مامۆستایەکی پیاوم هەبێ‌و بە پارە دەرسم پێ بڵێتەوە. دەترسم دەرەقەتی ئەم کارەنەیەم."
– کەیفی خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە تۆ بەم شێوەیە باشتر فێردەبیت، پێم باشە ئەم پێشنیازەی من قەبوڵ بکەی، ئەگەر زانیت سەرکەوتوو نابی، هەنگێ هەوڵدەدەم کەسێکی دیکەت بۆ بدۆزمەوە. گوێ مەدەیێ، ئەو ماڵە

دۆستەی من خەڵکانێکی فرەخاسن و پەشیمان نابێتەوە. مەدام مارگرێتا کیژێکی زۆر زرینگ و بە هۆش وگۆشەو روسیەکی باش دەزانیٚ، حەزیش دەکات فێرە فەرەنسی ببیٚ. ماڵباتێکی یەجگار باشن.
مورتەزا هێشتاش نەیدەویست بچێتە ژێر بارو نەیدەویست وەڵامی یەکجارەکی بداتەوە. رەجەبۆف ئەمەی بە رەزامەندی حەساو کردو لەسەری رۆیی:
– سبەی نیوەرۆ من لەوێم. تکایە کە لە قوتابخانە تەواو بووی یەکسەر وەرە بۆ ئەوێ. بۆ سبەینیٚ مورتەزا بە چەند دەققەیەك دوای نیوەڕۆ بۆ ئەوێندەر چوو.

"٢"

هاو ژوورەکەم لە زیندانی کاتیدا، بایەخێکی فرەی بەم یەکەمین دیدارەی مارگرێتا دەدا. بەم یەکەمین دیدارەی کە ئەوی لە بەستەڵەك و جەمەدی رۆژانەی ژیانەوە خستە جوڵەو بەو دوا دیدارە کە ماناو مەبەستێکی بە ژیانی بەخشی. دوایەمین جار کە هاواری لێکردبوو: "مارگرێتا، مارگرێتا، ئەمە بە هیچ کەسێك نەڵێی، بە هیچ کەس." رەنگە دوا دیدار ئەو رۆژە نەبوویٚ، لەوەیە دوێنی بەیانیش کە لە زیندان وەدەرکەوتووە، لەبەر دەرگای زندان، لەو شوێنەدا کە ترومبێلان دەوەستن و پاسەوانان کەسوکاری زندانیان دەتارێنن تا نەبادا قسەیەکیان دەگەڵ بکەن، رەنگە لەبەر دەرگا دیتبێتی، رەنگیشە جارەکی دی مارگرێتا جەنازەکەی دیتبیٚ. مورتەزا ناتوانیٚ ئەم دوا دیدارە بگێڕێتەوە. بەڵام یەکەمین دیدار، خۆی بۆی گێڕامەوە، هەموو هەست و سۆزو گودازو لەزەتێکی خۆی، هەموو پەشۆکان و پەشێوان و خورپەو ترپەیەکی دڵی خۆی بۆ گێڕاومەتەوە. خۆزیا توانیبام قسەکانی ئەو وەکو خۆی لێرەدا دووبارە بکەمەوە، بەڵکو ئەو کارەی کە لە منی کردووە یان بەلای کەمەوە سێبەرێکی ئەو کاریگەرییە لێرەدا بەرجەستە بوایەتەوە، تا دەربکەویٚ کە ژیان، مەینەتیەکانی ژیان، دەردو ئازاران، چتۆ بنیادەم دەکەن بە شاعیرو هونەرمەند. مورتەزا کەسێکی سادە بوو، بنیادەمێکی شەرمن بوو، بەڵام ژیان کردبووی بە شاعیر. هیچ فەرقێك ناکات هەم ئەم دزە بۆگەنە کە هەنووکە لەبەر پێی مندا لە عاردی خەوتووەو دەپرخێنیٚ، هەم مورتەزا ف، زیندانی مەحکوم بە ئیعدام کە تەواو بووەو براوەتەوە، هەم مارگرێتا کە لە ژێر کێوێکی دەردو ئازارا گینگڵ دەداو ورتەی لێوە نایەت، هەم من کە لەم نیوە شەوەدا بە دزییەوە ئەم یاداشتانە دەخەمە سەر کوتە کاغەزان و هەمیشە گویٚ قوڵاغم کە دەنگی ناڵچەی چەکمەی سەر چیمەنتۆی داڵانەکەی قاوشی شەشەم لە ژوورەکەی ئێمە نزیك نەبێتەوەو سەدای چرك و هوڕی کلیلی کلیلداری فەلاقە هاتنی ئەفسەری ئاسایش یان موفەتیش رانەگەیەنیٚ، فەرق ناکات! هەر هەموومان کاتیٚ کە دەکەوینە ژێر نیری ئەشکەنجەو عەزابی ژیانەوە، ناچارین لە قە فرتیٚ بکەین، هاوار بکەین، و ئەمە ئەوزاری دەربڕینی هەستەکانمانە، ئەو دڵۆپە خوێنانەیە کە لە جەرگمان دەڕژێت، پارچەی روحمانەو بەم شێوەیە دەردەکەویٚ. گرینگ ئەمەیە کە ئازارو شادییەکانی خۆمان بە هەر رێگەیەك هەیە دەربڕین، بەڵام دەردەدار باشتر پەی بە دەردی دەردەدار دەبات.
من کاتیٚ کە بیردەکەمەوە کە چوار ساڵە تریفەی مانگ لە دەرکی دەلاقەوە دەبینم، لە شیش بەندەوە تەمەشای تریفەی مانگم کردووە، کاتیٚ دەبینم، ئەم دزەی کە بەدەم هەر هەناسەو هەر پرخەیەکەوە تۆپەڵێك بۆن بۆگەنی بەرەڵلای ئەم ناوە دەکات، وێڕای ئەو دەهەزارو پەنجا هەزارو سەد هەزار تمەنەی کە لە ماڵ و دارایی رەنجبەران و زەحمەتکێشانی ئێرانی دزیوە، چەند رۆژێکی تر بەر دەبێت یان عەفو دەکریٚ و منیش دەبیٚ بۆ چەندین ساڵی دیکە بەشم هەمان دەلاقەو تریفە، هەمان پرخو هۆڕو هەمان ترو تس و هەمان چرك و هۆڕی کلیل و هەمان تەپە تەپی چەکمەو لە هەموو ئەمانەش خراتر شەلاق و جەلدەو جنێوو پاشانیش دوورخستنەوەو نەفی کردن بیٚ، بۆیە ئاساییە کە کاریگەریی شرۆڤەی سەمای مەرگەکەی مورتەزا، هەر چەندە وشەکان نارەوان و نا شاعیرانەن،

لە مندا زیاترەو هەستی توندو مجێز وخووی ئاگرینی من هەموو دنیا، بەلای کەمەوە دنیای من لە شێوەی سەمای ئیسکەپەیکەری مردووان دا دەبینیٚ. ئاە من مردووەکان دەپەرستم‌و خۆشم دەوێن. بە خۆڕایی کەوتمە گێڕانەوەی‌و ئەم بابەتە، مورتەزا باشتری دەگێڕێتەوە:

" تامن لە قوتابخانەوە سواری گالیسکە بووم‌و خۆم گەیاندە ماڵی ئەوان چارەکە سەعاتێکی پێ چوو. ماڵی ئەوان لە شەقامی نادری بوو. کە دەچووینە حەوشەوە، بە دەستی چەپدا قاڵدرمە بوو دەچووە سەر هەیوانێك، لەوێندەرەوە دەچوویتە ژوورێك کە پەنجەرەکانی رووەو هەیوانەکە دەکرانەوە. کارەکەرەکەیان بەبێ ئەوەی لە هاتنی من ئاگاداریان بکاتەوە بردمی بۆ ژوورێکی بچووك، مێزێکی خڕی کورت لە ناوەندی ژوورەکەدا بوووکاغەزیان لە سەردانا بوو. پیاوێکی کامڵ‌و کیژێکی گەنج‌و رەجەبۆفی ئاشنای من لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. هەر کە من وەژوور کەوتم رەجەبۆف گوتی: "ئەها، ئەمە ئاغای (مورتەزا ف)یە. فەرموو، تەشریف بێنە ژوورەوە." ئەم جۆرە پەزێراییە رێك بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووی منەوە بوو، من پێم وابوو دەچمە ماڵی بابایەکی ئێرانی، دەمبەنە ژووری میوان‌و پاشان یەکێك دێت‌و قسەم دەگەڵ دەکات، یان لە بێرونی دا چاوەنۆڕ دەکەم. بە هەرحاڵ باوەڕم نەدەکرد کە راستەوخۆ بمبەنە سەر مێزی نان خواردن، بە سەرو سیمای باوکی مارگرێتادا دیار بوو کە لەم کاتەدا چاوەروانی من نەبووە، یان بیری چوو بوو کە قەرار بووە کەسێکی واهی بێت‌و دەرس بە کیژەکەی بڵێتەوە. لە زەینی خۆیدا دەگەڕا تا بزانیٚ من کێم. دەیویست قسەم لەگەڵدا بکات‌و نەیدەزانی چ بڵێ. دەنگی نەرم‌و ناسکی مارگرێتا وەکو چرکەی زیوێك کە بکەوێتە سەر بەردێك دەنگی دایەوە:

– بابۆ گیان، ئەمە هەمان ئاغایە کە دەخوازیٚ لای من فێری روسی بیٚ.

"مارگرێتا چەند ساتیٚ تێی روانیم. لە جێی خۆی هەستاو پێکەنی. پێکەنینەکەی وەکو هەتاوێك بوو کە لە ژێر هەورەوە سەر دەربێنیٚ‌و دنیا نوقمی شادی‌و خۆشی بکات. چەند تاڵێکی قژی وەکو ئاوریشمی زێرکفت بەحەواوە دەفڕی. باڵاو ناو قەدی باریکی کە لە کەمەربەندێکی پاندا بەرزتر دەهاتە بەرچاو، پەرجووی هەم ئاهەنگی بوو. چ خەندەیەکی ناسکی هەبوو، گاڵتەی بە من نەدەکرد، نە گاڵتەی پێ نەکردم. سەراپای بەرنیگایان دەدام. من جانتاو دەستکێشە چەرمەکانم بەدەستەوە گرتبوو، کڵاوو پاڵتۆکەم لە دەرێی ڕا لەسەر کەرەویتەیەك لەبەر هەیوانەکە دانا بوو. دەستی راستم ئازادو ئامادەی تەوقەکردن بوو، رەنگە پێکەنینە شادی بەخشەکەی مارگرێتا زیاتر بەو جانتا زەردە چەرمە گەورەیە بوو بیٚ کە چاوەڕوانی بوو.

" دەترسام زۆر نیگای بکەم، دەترسام ئاگری ئەو بم سووتێنیٚ. چاوم بڕی بووە تابلۆیەکی تاڕادەیەك گەورە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو، چونکە شەرمم دەکردو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم چاڵەی تێی کەوتووم بێمە دەریٚ، تەنیا ئەم قسەیەم وەبیردا هات:

– ببورن، وا دیارە لە ناوەختا هاتووم. دەڕۆم‌و جارەکی دی دێمەوە، ببورن.

" کۆتایی زستان بووو پڕتە قاڵیان لەسەر مێزەکە دەنابوو. قسەکەم کردو چاوەڕوانم نە کرد. بەڵام کاتیٚ کە لە قاڵدرمەکانەوە دادەگەڕام گوێم لیٚ بوو کە بابی مارگرێتا دەیگوت:

– بفەرموو چ قەیدیە، بە خێر هاتی: بەلای کەمەوە پرتە قاڵێك بفەرموو.

" گەییشتمە نێو حەوشەکە. کارەکەرەکە لە بەر دەرکە وەستابوو، دەرگاکەی ڤەکرد تا من وەدەر بکەوم. مارگرێتا وەکو بروسکە بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو لەبەر دەرکە گرتمیەوەو گوتی:

– کەی تەشریف دێنی تا قسە بکەین؟

" زەنگی دەنگی وەکو ئاهەنگی سکەی زیوو بوو، قژە پڕو درێژەکەی بەسەرشانو ملیا ئاوێزان بووو بە پشتی هەردووك گوێیدا وەکو دووکەزیەی پێچاوپێچی درێژ، بە درێژایی دەستەکانیا هاتبوونە خوارێ و لوولیان دەخوارد. چاوە شینەکانی وەکو چاوی پشیلە دەدرەوشانەوە. لە عومراتما کیژی وا خشکۆکم نەدی بوو. دەمی دەتگوت خونچە گوڵی گوڵاڵەیەو دەیەوێ تازە بکرێتەوە. عەتری لە خۆی نەدابوو، مکیاجی نەکردبوو، لێوی سوور نەکرد بوون، گۆناکانی تەڕو بڕ، پێستی وەکو مەخمەل بوو، بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات گێژی کردبووم. ئارەقەی دنیام کردەوە، زمانم لەگۆ کەوت، کەوتمە زمانە لاڵکێ:

– هاتبووم دەرسی روسی بخوێنم.

– دەزانم، کەی دەڵێی قسە بکەین

– هاتبووم قەول و قەرار بکەین.

– ئەدی بۆ دەڕۆی. فەرموو بچینە سەرێ قەرارێکی لێ بدەین.

"من سوور هەڵگەڕام، بۆی دەرکەوت کە شەرم دەکەم جارێکی دی سەر بکەومەوە".

– کەی وەختت هەیە.

– من هەمیشە وەختم هەیە.

"دەنگە رون و زوڵاڵەکەی وەکو مۆزیقا دنیای ئەفسانەی لە مندا دەنواندو بێدار دەکردەوە."

– ئەمشەو سەعات حەوت تەشریف بێنە.

"ئەوسا تەوقەی لەگەڵ کردم، بە دەنگی بەرز پێکەنی و من لە ماڵی ئەوان وەدەرکەوتم. کاتێ هاتمە کۆڵانەکە، بێویستی خۆم کەڵەموست و قامکی شادەم لێکدی هەڵدەسوو تا بزانم هێشتا هەست بە گەرمی دەستی ساف و ناسکی ئەو دەکەم یان نا، من ئەم دیمەنەی بەر دەرگا فەرامۆش ناکەمو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. لەوەیە چەند رۆژێکی تر..."

موڕتەزا وەختێ سەبارەت بە مارگرێتا قسەی دەکرد، ئیدی زندان و قاوشی شەشەمی لەبیر نەدەما، لەبیری دەچوو کە زیندانیەو لە قاوشی شەشەمدایە. منی لە بیر دەچوو و لە تۆ وایە بیرەوەری و سەربهوردەکانی بۆ خۆی دەگێڕایەوە. من دڵنیام کاتێ باسی مارگرێتای دەکرد هەستی بە قژە زێڕینەکەی دەکرد. هەندێ جار بۆ چەند دەقیقەیەك بێدەنگ دەبوو، ئەوسا ئەگەر هێشتا لە دنیای خەیاڵدا بوایە لەسەری دەڕۆیی یان دەیگوت: "فایدەی چییە؟ ژیان چەند شیرین و چەند تاڵە. چەند تاڵە، باشە. جارێکی دی بۆتی باس دەکەم".

ئیدی من چاوەنۆڕی دەرفەت بووم.

لە زستاندا سەعات چوار و نیو دەیانکردینە ژوورەوە. ئەوپەڕی رۆژی پێنج سەعاتێك لە دەرەوە دەبووین، لە ژوورەوە یەکێك خۆی دەدۆزی، یەکێك شۆرتەکەی بە پەنجەرەوە هەڵدەواسی، یەکێك باوێشکی دەدا، یەکێك گۆرانی دەگوت، یەکێك گۆرەوییەکانی پینە دەکرد، بۆیە زاتم نەدەکرد رووی لێ بنەم کە جوانترین هەستی خۆی بۆ من شرۆڤە بکات و چاوەنۆڕ بووم  تا جارێکی دی لە گێمی چوونە دەرەوەماندا ئەگەر تەفتیشیان نەکردباین، ئەگەر تەپوتۆزی تەکاندنی کەلوپەلی زندانیان رێگەی دابایین، ئەگەر پاسەوانێکی تازە پەڵپ و بیانووی سەماوەرو چای لێنەگرتباینو لێمان نەبوایە بە مووی لووت، فرسەتێ بێنم و ئەو گێولی هەبێ کە سەربوری بەدبەختی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

"ئەو شەوە سەعات حەوت رۆیشتم، نازانم بۆچی وێڕای ئەوەی کە کارم زۆر بوو، سەعات پێنج چووم بۆ ماڵەوەو خۆم وەکو ئەو منداڵانەی کە دەخوازن بچنە میوانی، ئامادەو تەیار کرد. هەر چەند بەیانی ردێنم تەراشی بوو،

دوای نیوەڕۆش تەراشم کردەوە. جلکێکی کەوەییم هەبوو کە زۆر جوانو باش دروا بوو، لەبەر کرد، قەرەویتەیەکی کەوەیی خاڵ خاڵی سوورم بەست، پاڵتۆیەکی نێوقەد تەنگم کە ئەو دەمە مۆدی بوو لەبەر کردو سواری گالیسکە بووم. بە درێژایی ڕێگەکە دڵم لێی دەدا. هەزارو یەك بیری شیرینم بە مێشکدا هات، داهاتوویەکی پرشنگدارم لەبەردەم خۆدا دەبینی، بەڵام باوەڕم نەدەکرد، جار جاریٚ جوانی ئەندام و ناسکی پێستی مارگرێتام وەبیر دێنایەوەو دەمگوت: "نا، مەحاڵە". هەندیٚ جار خەندەو پێکەنینەکەیم بیر دەکەوتەوەو زایەڵەی دەنگیم دەژنەوت و دەمگوت: "قەشمەریم پێدەکات" بۆچی پێیٚ دا دە گرت کە ئەمڕۆکە بێم، بۆچی؟ بۆ ئەوەی لە منەوە فێری فەرەنسی بیٚ. خۆیشم نەمدەزانی چیم گەرەکە بەڵام هەموو ئەم خەیاڵاتە شیرین بوون.

چەند دەققەیەك بەر لە سەعات حەوت لەبەر ماڵەکەیاندا دابەزیم، لە پڕ دڵم کەوتە ترپە ترپ، هەستم کرد هەڵبەتە تێدەگەن کە من لەبەر چوونم بۆ ئەویٚ وا خۆم ڕازاندووەتەوە. بە دەستە سڕ بۆدرەکەی دەموچاوم سڕی. بە دەست هەندیٚ قژم شێواند تا دیار نەدات کە تازە شانەم کردووە، جوان نییە وا هەست بکەن کە من بە تایبەتی بۆ دیداری ئەوان خۆم تەیار کردووە. دەمویست پێڵاوەکانیشم کەمێك خۆڵاوی بکەم کە لە پڕ دەرگای ماڵێك کرایەوە. من بەو خەیاڵەی کە دەرگای ماڵی ئەوانە، ڕەنگم تێك چوو، بەڵام خۆشبەختانە دەرگای ماڵی دراوسێکەیان بوو. لە زەنگم دا. کارەکەرەکەیان دەرگای ڤەکرد. هەر کە پێم نایە ناو حەوشە، بابی کە لەبەر هەیوانەکە وەستابوو، لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕاو پێی گوتم: "فەرموون فەرموو وەرە سەرەوە. هەندێك لەگەڵ کیژەکەمدا قسان بکەن، ئێستا شیڤ ساز دەبێت". لەهجەکەی ترکیەکی گڕ بوو، گوتم:

– سوپاس، بەڵام من شیوم خواردووە.

– فەرموو سەریٚ. هەر کەسێك بێتە ماڵی ئێمە دەبیٚ شیڤ بفەرموویٚ. جا تۆ حەز دەکەی مەخۆ.

ئەمەی گوت و ڕەوانەی کردمە سەریٚ، چوومە ژوورەوە مێزێکی گەورە لە دوڕ ژوورەوە بوو. گڵۆپێك بە دیار مێزەکەوە، بە میچەکەوە هەڵواسرا بوو، چەترێکی تۆخی بە پلیلەو سلسلەی مەنجوخی بە دەورەوە بوو. ژوورەکە نیوە ڕووناك بوو، پەردەی ئەستوورو قورس سەرووی پەنجەرەکانی سەر حەوشەی داپۆشی بوو. لە گۆشەی چەپاو دوور لە هەیوانەکە پیانۆیەکی گەورە دانرا بوو، و لەلایەکییەوە گرامافۆنێك و لەلایەکەی تریەوە ڕادێویەك دانرا بوو. مارگرێتا جلکێکی شینی کاڵی لەبەردا بوو، یەخەیەکی چین چینی گەورەی هەبوو، کە لە ناوەڕاستیاو لەسەر سینگی قردێلەیەکی سوری پەپولە ئاسای گریٚ دابوو. نازانم ڕوناکی گڵۆپەکە بوو یان ڕەنگدانەوەو کاریگەری چەترە سورەکە بوو، یان گڕی سوری سۆپا نەوتیەکە بوو یان پەردە ئەستوورو قورسەکان بوو یا ڕەنگی ڕەشی پیانۆکە بوو، بە هەر حاڵ مارگرێتا ڕەنگ بزرکاو هاتە بەرچاوم، نەك بڵێی کە گۆناکانی پەمەیی نەبوون بەڵام لەبەر چاوی منا ئەم مارگرێتایە دەتگوت هەزار هێندەی نیوەڕۆ جوانتر بووە. مارفینکا لەم لای پیانۆکەوە وەستا بوو. مارفینکا دەسەخوشکی مارگرێتا بوو. ئەمانە بە دوو قۆڵی و پێکەوە بە ڕوسی قسانیان دەکرد. ئەمە کیژە ڕوسێك بوو کە لە ئێران لە دایك بوو بوو، بابی مردبوو لەلای دایکی کە شووی بە پیاوێکی ئێرانی کردبووەوە، دەژیا.

کاتیٚ من وەژوور کەوتم مارگرێتا دەستەیەکی نۆتەی پیانۆی لەسەر کورسیەك هەڵگرت و لەسەر تەپڵەکێکی تەنیشت پیانۆکەی دانا: "لە وەختێکی باشدا هاتی، ئەم دەستە خوشکەم نا ناسیت؟ مەدام مارفینکا".

یەکەمجار خۆی تەوقەی دەگەڵ کردم. ئەوجا من تەوقەم لەگەڵ مارفینکادا کرد. ئەوسا مارفینکا خواحافیزی کردو ڕۆیی، من و مارگرێتا بە تەنیٚ لە ژوورەوە ماینەوە.

– هەوەڵجار شیڤ دەخۆین، پاشان سەبارەت بە کارەکەمان قسە دەکەین.

– من شیڤم خواردووه.
– قەیدی نیە، کەمێکیش لەگەڵ ئێمەدا بخۆ... چاوەڕوانین تا ئاغای رەجەبۆف بێت.
چەند قسەیەکی دەکرد، ئەوجا بەوپەڕی سادەیی سەیری منی دەکردو چاوەڕوانی وەڵامی من بوو.
– هەمیشە درەنگ دێت. باشتر.
قسەی دەکردو پێدەکەنی. دەنگی پێکەنیناوی نەبوو، وەکو ئەو ئاهەنگانەی کە لە تەلی تارەوە دەردەچن ماوەیەك لە هەوادا دەلەرییەوە. ئەو قسەی دەکرد و چاوەڕوانی نەدەکرد کە من وەڵام بدەمەوە: "تۆ بۆ ئەوەندە شەرمنی؟ بابۆ بنیادەمێکی باشە دەتوانی رەفیقایەتی لەگەڵ بگریت. تەمەنی لە پەنجا پتر نییە، بەڵام روحی گەنجە. قەڵەندەرە هەمیشە نەخۆش و توڕەیە. حەز ناکەم کە دارعاسا هەڵدەگرێ. تەمەنت چەندە؟".
چاوەڕوانی وەڵامی من بوو، بەڵام من نەمدەزانی بەچی بانگی بکەم. ئەگەر ناوەکەی فارسی بایە، بە ئاسانی دەکرا بڵێی: ئەختەرخانم یان پەروانە خانم بەڵام مارگرێتا خانم قورس دێتە بەر بای گوێ. مەدامیش خۆش نیە، چونکە ئێمە بە فارسی قسە دەکەین. بەڵام هێشتا باشتر بوو"من بیست و پێنج ساڵم مەد... مەدام"
– پێم مەڵێ مەدام، زۆر فەرمی دەردەچێ. هەر کاتێ فەرەنسی فێر بووم، هەنگێ بە فەرەنسی قسەت دەگەڵ دەکەم، و ئەوسا دەتوانی پێم بڵێی مەد موزیل، باشم گوت؟ من تۆزێك فەرەنسیم لای خۆم خوێندووە، بەڵام ئیتر تۆ باشم فێر دەکەی. من روسی باش دەزانم. دایکم روسی بووە. مەبەستم ئەوەیە کە روسیە، ئێستاش ماوە.
ئەوسا چوو بۆ سووچی ژوورەکە لە ژێر مێزێکدا ئەلبومێکی دەرهێنا، گوتی: "فەرموو با لێرەدا وێنەکەیت نیشان بدەم. تەمەشا چەند خشیکە، نازانم ئێستا لە کوێیە. لە ئێران نیە، بەڵام من زۆرم خۆش دەوێ. لە ژوورەکەی خۆمدا وێنەیەکی گەورەی دایکم هەڵواسیوە، مەخابن کە من لە جەم ئەو نیم".
وێنەکەم لە دەستی وەرگرت و تەمەشام کرد. راستی دەکرد ژنێکی یەجگار خشکۆك بوو. لێ من ترسم لێ نیشت. نەبا بخوازێ ژووری نووستنەکەیم نیشان بدات. گوتم: "لەم وێنەیەشدا دیارە کە ژنێکی یەکجار جوانە".
– ئێستاش هەندێ جار کاغەزم بۆ دەنووسێت. باوکی زۆر خۆش ویستووم. هەمیشە ئامۆژگاریم دەکات کە ئاگام لێی بێ.
حەزم دەکرد لێی بپرسم کە هۆی جیابوونەوەیان چیە بەڵام زاتم نەکرد. مارگرێتا لەسەر قسەکەی رۆیی:
– وا نەزانی کە روسیم لە یاد چووە. من هەموو رۆژێ سەعاتێ دووان بە رووسی قسان دەکەم.
پرسیم: "لەگەڵ کێدا؟".
– دەگەل مارفینکادا. زۆر رەفیقین. پێکەوە مۆزیقا لێ دەدەین. بە دوو قۆڵی پیانۆ لێدەدەین. ئەگەر حەز بکەی، شەوێك دەعوەتی دەکەم و پێکەوە مۆزیقات بۆ لێدەدەین. کیژێکی زۆر چاکە.
هەر قسەی دەکردو پێدەکەنی، هەندێ جاریش رووی دەکردە من و شتێکی دەربارەی من دەگوت و لێی دەپرسیم: "حەز لە کتێب خوێندنەوە دەکەیت؟".
یان: "لە نووسەرە روسیەکاندا کامیانت لە هەمووان خۆشتر گەرەکە؟"و یان: "من دڵبەستەی پوشکینم، ئەو لە هەموو کەسێك زیاتر پەی بە پێداویستی و ئازارەکانی بەشەر دەبات".
سەرم دەسوڕما لەمەی کە ئەم کیژە بەم هەموو جوانی و نازدارییە بۆچی ناوی ئازارو پێداویستیان دەبات.
بە دەم خەندەو پێکەنینەوە لەسەری دەڕۆیی و
– گەرمات نییە؟ سۆپاکە کەمێك کز بکەم.
گەرمام نەبوو.

– نەتگوت کە مۆزیقات حەز لێیە یان نا؟
هەڵبەتە حەزم لە مۆزیقا هەبوو.
– ئەگەر دەتەوێ با بۆت لێدەم، بەلام با هەڵیگرین بۆ دوای شیڤ، رەجەبۆف حەزی لە مۆزیقا نییە، لەگەڵ بابمدا شەترەنج دەکات، هەڵبەتە ئەگەر عارەقی نەخواردبێتەوە. ئەوسا پیانۆت بۆ لێ دەدەم. چ جۆرە مۆزیقایەکت حەز لێیە؟ لێ هەندێ جاریش چاوەنۆڕی وەلامی منی نەدەکرد. بە دەم خەندەوە لە سەری دەڕۆیی.
من نقومی ئەو ئەفسوونە بووم کە لەوەوە بەسەرما دەرژا. دەمڕوانیە بزاوتی لێوە تەنك و ناسکەکانی. من غەرقی ئەم هەموو جوانیە سەر رێژە بووم. من ئاهەنگی پڕ جۆشی قسەکانیم هەڵدەمژی. بۆی ئەو گەرماو روناکیەم دەکرد کە لەوەوە دادەچۆڕا. تامی لەزەتی جوانیم دەچەشت. هەستم بە مەستیەکی زۆر، دابڕان، و حەپەسان لە خۆدا دەکرد.
من چوو بوومە دنیایەکی تازەوە، دنیای دەرێی هەمووان، دنیای دەرێی خۆم، دەرێی دنیای رۆژانەو یەکهاوی. لەم دنیایەدا ئومێدو هێڤیان هەبوو، لەم دنیایەدا بەشەر نەیدەزانی کە سبەی چ دەقەومێ، لەم دنیایەدا مرۆڤ عەزرەتی هەڵدەکێشا، لەم دنیایەدا مرۆڤ دەردو ئازاری دەکێشا بەو ئومێدەی کە لە دوای ئەوە خۆشی و لەزەت هەیە. مارگرێتا بۆچی پێدەکەنێ؟ قەشمەری بە من دەکات، رەنگە وانەبێ. لەوەیە خۆشی بە مندا هاتبێ. دەبینە دۆستی یەکتر. لەوەیە رۆژێ لە رۆژان، زەرەیەکی خۆش بوێم. هەنگێ هەموو ژیانی من بۆ ئەو، هەموو بوونم فیدای ئەو بێ، چەند ناسك قسەی دەکرد. من زاتم نەدەکرد هیچی لێ بپرسم. لێ لە دڵی خۆدا بیرم دەکردەوە: "مارگرێتا، تۆ چۆن بیر لە من دەکەیەوە؟" جوانی ژیان لەم نەزانینەدایە، لەم هیواو ئومێدەدایە کە سبەینێ باشتر دەبێت. دنیا هێدی تر، جوانتر دەبێت.
ئەوسا بابی هات: "ئاغای ف هیچ قسە ناکات. لەو ساوە هەر من قسەم کردووە"
– ئێ ماری، بۆچی زۆرت قسان کرد؟ خۆ ئەگەر قسەت نەکردبا، هەنگێ ئاغای ف قسەی دەکرد.
ئەوسا بابی رووی کردە من: "جەنابت مامۆستای؟"
– بەڵێ.
– چەند ساڵە دەرس دەڵێیتەوە؟
ئێمە پێکەوە وەکو چۆن دوو پیاو پێکڤە قسان دەکەن، قسەمان کرد، دوایی رەجەبۆف هات، لەسەر شیڤو پاش شیڤش قسەمان کرد. سەبارەت بەکاری من، دەربارەی ئایندەی منو وەزعو حاڵی دنیا؟ تازە لەو سەرو بەندەدا پەیمانی مونیخ بەسترا بوو. سەبارەت بە جەنگو بەمەی کە ئەڵمانیا ئیختراعێکی کردووە کە ئەگەر هەموو دنیا یەك بگرن، کۆنترۆڵیان دەکاتو ئیدی جەنگ نابێ. رەجەبۆف بە تایبەتی پێی لەسەر ئەمە دادەگرت کە ڕژێمی روسیا هەر دەبێ نەمێنێو لە ناو بچێت. بۆچی دەستیان بەسەر کارخانانی خەڵکیدا گرتووە؟ بۆچی ئەو پێنج خانووەی کە ئەو لە باکۆدا هەی بوون، نایدەنەوە. خانووەکانی ئەویان داگیرکردووەو قوتابخانەیان لە جێی دروست کردووە. ئەو باخەی لە بابیەوە بۆی مابووەوە ئەمڕۆ کراوە بە پەروەردگەی منالان، لەوەتای دنیا دنیایە ئاغاو نۆکەر، دەوڵەمەندو هەژار هەر هەبووەو هەر دەبێ. لە هەموو ئەمانەش خراتر ئەوەیە کە بازرگانی نیە. پیف! مەملەکەتی بێ بازرگانی بۆچی باشە. تەرەقی مەملەکەت بەندە بە دەوڵەمەندی بازرگانەکانیەوە. تاقەیەك بازرگانی روسم پێ نیشان بدەن. و زۆرشتی دیکەی لەم بابەتە.
هەنگێ مارگرێتا هەڵیدایێ

– بابۆ، چەند باسی سیاسەت دەکەن؟ من دەمویست کەمێك پیانۆ بۆ ئاغای ف، لێ بدەم، ئێوە ئەگەر گوێ ناگرن، بۆ خۆتان شەترەنج بکەن.
ئێمە بە دووقۆڵی چووینە ژوورەکەی تەنیشتەوە. چونکە پیانۆکە لەو ژوورەدا بوو. ئەو هۆدەیەی کە نانمان تیاخوارد، هەمان ئەو ژوورەبوو کە یەکەمجار مارگرێتام تێدا بینی، لێ دەرکەی مەعبێنی ئەم دوو ژوورە وازبوو، بە جۆرێ کە ئەگەر کەسێك لەسەر مێزەکە وەستابا بە ئاسانی دەیتوانی قسە دەگەڵ دانیشتووانی ژووری نان خواردن دا بکات. مارگرێتا لێی پرسیم: "حەزت لە چیە؟ موزیقای سووك یان قورس؟"
شەرمم کرد بڵێم جیاوازی نێوان ئەم دووە نازانم، بە خەیاڵی خۆم مارگرێتا وەکو جاران چاوەڕوانی وەڵامی من ناکات. بەڵام بە دەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی نۆتەکانەوە، هەڵوەستەیەکی کردو گوتی: "شتێك بڵێ".
– بە کەیفی خۆت.
– یانی حەزت لە مۆزیقا نیە؟
– بۆ نا، زۆریش.
بابی گوتی: "شتێکی باشی، شاد لێ بدە، خەمگین نەبێت".
ڕەجەبۆف گوتی: "ئەگەر بیەوێ (سەمای مەرگ – Dance macabre) لێ بدات، من هەڵدێم".
مارگرێتا پرسی: "بەڕاست،ئاغای ف –Macabre– یانی چی؟
من شپرزە بووم. لە تۆ وایە دەیەوێ تاقیم بکاتەوە. Macabre واتە شوم، macabre واتە ترسناك، واتە ئەو کپییە سامناکەی کە باڵی بەسەر مردو شۆرخانەکاندا، بەسەر گۆڕستانەکاندا کێشاوە. من ناتوانم هاوتایەکی دەقاو دەق بۆ ئەم وشەیە بدۆزمەوە.
مارگرێتا گوتی: "هۆو، ترس لە بنیادەم دێنێ. مۆزیقاکەشی هەر هەروایە".
ڕەجەبۆف گوتی: "منیش هەروام گوت".
مارگرێتا بە توندی پەرسڤی دایەوە: "نەخێر، تۆ وات نەگوت، تۆ شتێکت گوت و باقیەکەیت بە ئیشارەی دەست نیشان داو من هیچ حاڵی نەبووم".
سەرە روتاوەکەی ڕەجەبۆف سور هەڵگەڕا. دیار بوو لە حوزوری مندا بە تەمای هێرشێکی واهی نەبوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە مارگرێتا نای حوبێنێ، وەك بێژی ئەم راستیە سوکنایی بە دڵی من بەخشی.
ئەوسا مارگرێتا چووە سەر پیانۆکەو ماوەیەك پیانۆی لێدا. نەرمی و ئارامیەکم تێ گەڕا، حەزم دەکرد هەموو دنیا میناکی من بەختەوەر بوایەو لەزەتی لەم دەستە ناسکانە بدیبا کە بەم سەلاری و مەنگییە لەم دەزگا جادوییەوە ئەم ئاهەنگە ئەفساوناویانەی دەردێنا. حەزم دەکرد رازو نهێنییەکانی مارگرێتا لە چاوەکانیا بخوێنمەوە. چی لێدەدا نازانم لێ ئاوازو ئاهەنگەکان دەیان سوتاندم، لە دڵمدا کڵپەیان دەسەند، خوێنم هاتبووە کوڵ و جۆش و خۆم بە بەختەوەرترین خەڵقەندەی دنیا دەزانی.
ئەو شەوە تا کەنگێ لەوێندەر مامەوە، بیرم نییە. بە هەر حاڵ دێر بوو بوو، ڕەجەبۆف دەگەڵ بابی مارگرێتادا لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە دانیشتبوو. ئاخری ڕەجەبۆف هات تا خوا حافیزی لە من بکات و بۆم دەرکەوت کە دەبێ منیش هەستم.
قەرارمان وا کرد کە هەفتەی شەش شەو بچمە ئەوێندەر. شەوێك من فێری روسی ببم و شەوێك من دەرسی فەرەنسی بەو بڵێم، ئەمە یەکەم دیداری من و مارگرێتا بوو، لەو شەوە بە دواوە زۆربەی کات، واتە هەموو شەوێك تا سەعات دەو یانزە هەندێ شەوانی هەینی نەبێ، لەگەڵ ئەودا بووم.

پێویست بە گوتن ناکات کە ئیدی ژیانی من گۆڕا، شێوەیەکی تازەی لە خۆ گرت. هەموو زیکرو فیکری من تەنێ ئەمە بوو کە: چ بکەم تا بچمە دڵی مارگرێتاوە، جارێك پێی گوتبووم کە حەزی لە ڕەنگی شینباوە. ئیدی من تەنیا کراسی شینم لەبەر دەکرد. هەموو بێجامەکانم شینی کاڵ بوون. جارێکی دی پێی گوتم: "بە ڕای من ڕەنگی قاوەیی لە قژی ڕەش و چرو ڕەنگی ئەسمەری تۆ دێ".

ئیدی من جلکی قاوەیی ئامال سوورم لەبەر دەکرد. جارێك لە سەرەتای ڕۆژانی ئاشنایەتیماندا گرێی قەرەوتیەکەی بۆ ڕێك خستم و توندی کردەوە، ئیدی من بۆ هەمیشە ئەمەم کرد بە ئاڵقەو لە گوێم کرد.

ئەو حەزی لە مۆزیقای قورس و بەرز دەکرد، من بەمە ڕانەهاتبووم، بەڵام هەوڵم دەدا زەوقی خۆم لەم ڕووەوە پەروەردە بکەم. بەکرەی گرامافۆنم دەکڕی، چەندین کتێبم دەربارەی مۆزیقا کڕی و خوێندەوە، تەنانەت شەرمم لەوەش نەبوو کە هەندێ شەرح و شرۆڤان لە خودی مارگرێتا بپرسم.

ئەو حەزی لە چارەی ڕەجەبۆف نەدەکرد، منیش بە چاولێکەری ئەو حەزم لێی نەدەکرد. تا پتر شەیداو دڵبەستەی مارگرێتا دەبووم پتر لەو دڕدۆنگ دەبووم. شەوێك پاش ئەوەی دەرسمان تەواو بوو، داوای لە مارگرێتا کرد کە کەمێك پیانۆ لێ بدات. مارگرێتا نیگایەکی منی کرد. پێویست بەوە ناکات بڵێم کە ئەو شەوە، خۆشترین شەو بوو کە من لە ژیانما لە ئازادیدا ڕام بوارد، ئەو نیگایە مانای نەبوو. دەیویست بە من بڵێ: "من ماندووم، بەڵام ئەگەر تۆ حەز دەکەی ئامادەم لەبەر خاتری تۆ، چونکە تۆم خۆش گەرەکە، مۆزیقا لێ بدەم و ئەگەر تۆ نەتەوێ، ئامادەم تەنانەت داوای ئەم ڕەجەبۆفە عارەقخۆرە ڕەت بکەمەوە."نەخێر وا نەبوو، من ئەم مانایەم لە نیگاکەی ئەوەوە هەڵێنجا. نەخێر ئەمە ماخۆلانێك بوو تووشی من بوو بوو. من وام خەیاڵ دەکرد کە خۆشم گەرەکە، من ئەم نیگایانەم بەدڵی خۆم لێکدەدایەوە. چەندین ڕۆژ، چەندین شەو، هۆش و بیری من تەنیاو تەنیا بە دەوری ئەم نیگایەدا دەسوڕایەوە، منیش تەمەشای ئەوم کرد، بەڵام دەرم نەبرد، لەپڕ دەماری نێوان هەردوو برۆم بەرز بووەوە، هەموو ئەم دنیایەم هاتە بەرچاو. مارگرێتا یان شەکەت بوو یان نەیدەویست داواکەی ئەو بەجێ بێنێ. مارگرێتا لە بەرسڤدا گوتی: "من ماندوو بووم بە چاوان دوایی بۆتان لێدەدەم".

هەمدیس داوای لێکردەوە، بە ڕادەیەك کە لەزگ بوو ڕەجەبۆف زویر بێ، هەنگێ بابی مارگرێتا ناچار بوو بکەوێتە بەینەوە. ناچاری کرد لە پشت پیانۆکەوە دانیشێت.

من پەست بووم، بەڵام پێم سەیر بوو کە چۆن ڕەجەبۆف لە ناکاودا ئەوەندە زەوقی چووەتە سەر مۆسیقاو تەنانەت پێم وابوو کە بەڕاستی پێویستی بە مۆزیقایە. چەند بێزار بووم کاتێ بینیم کە لەو کاتەدا کە مارگرێتا ئاڵۆزو تووڕە، تەپەتەپ بەر بوو بووە پیانۆکەو چەند دەقەیەك بەردەوام بوو، ئەو سێ و دوو دانە جار باوێشکی دا، نۆ جاریان بیری چوو دەست بە دەمیەوە بگرێت و نزیکەی یازدە جاریش ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە.

کە مارگرێتا لێ بووەوە گوتی: "ببورن باشم لێنەدا".

پاشان لە ژوورەکە چووە دەرێ. نزیکەی نیو سەعاتێکی پێچو، ئەوسا پاڵتۆکەی لەبەر کردو هات خوا حافیزی لە من بکات، ڕۆژی هەینی بوو و دەیویست دەگەڵ مارفینکادا بۆ سینەما بڕوات. منیش ڕابووم و پێکڤە لە ماڵ هاتینە دەر، مارفینکا لە حەوشەدا وێستا بوو، من تا بەر سینەماکە لەگەڵیان چووم. لە ڕێگەدا پێی گوتم: "ئەمشەو زۆر خراپم لێدا، من کاتێ ناچار دەبم، ناتوانم باش لێ بدەم".

– ئاگام لێ بوو کە تووڕە بوویت.

– كە ناچار دەبم ناتوانم باش لێ بدەم. لە تۆڵەی ئەمەدا رۆژی هەینی داهاتوو مارفینکا دوای نیوەڕۆ بۆ ماڵی ئێمە دێت، بە بابیشم گوتووە. ئەو رازیە، دەگەڵ مارفینکادا پێکڤە بە چوار دەستی سەمای مەرگت – Dane macabre بۆ لێ دەدەین.

یەکسەر بیرم کەوتەوە کە هەمدیس رەجەبۆف لەوێ دەبێ و هەمدیس بە باوێشکان تورەو پەستم دەکات، بۆیە لێبڕام کارێك بکەم کە تا ئەوساکە نەم کردبوو.

– ببوورە، من ئەم هەینییە کارم هەیەو ناتوانم بێم.

– چۆن، کاری چیت هەیە؟

مارگرێتا سەری سوڕما. ئەمە یەکەمجار بوو کە من داوای ئەو رەت بکەمەوە.

مارگرێتا هەستی کرد کە نیازێکم هەیە، ئەو رۆژەمان بە بێدەنگی گوزەراند. دوای چەند رۆژێك کە هەردووکمان بووین، لێی پرسیم: "بۆچی ئەو شەوە دەعوەتەکەت رەت کردمەوە؟"

– تۆ نازانی بۆ؟ تۆ ئەوە شەوە کە مژوڵی پیانۆ لێدان بووی قیافەو سیمای رەجەبۆفت نەبینی. تۆ بەم ئاوازانەت وێنەیەکی تازەی ژیان بە من نیشان دەدەی، من نامەوێ ئەم بەختەوەری و شادیە بە خۆڕایی لە کیسی خۆم بدەم. دەمێ بوو پێوە بووم داوات لێ بکەم ئەم (سەمای مەرگەم – Dane macabre) بۆ لێ بدەیت.

– ئەدی بۆچی دەعوەتەکەی منت رەت کردەوە؟

– مەرجم ئەوەیە کە ئاغای رەجەبۆف لەوێ نەبێ.

– پێم وایە غیرە دەکەی.

سور هەڵگەڕامو نزیك بوو چاوانم پڕ لە رونده بن، لێ خۆم گرت. ئەم گفتوگۆیانە بەدەم دەرس خوێندنەوە کران. چونکە بە فەرەنسی قسەم دەکرد، پرکێشیەکی زیاترم هەبوو، مارگرێتاش ئەوەندەی دەیتوانی بە فەرەنسی و باقیەکەی بە فارسی دەگوت. ئەمە یەکەم کەڕەت بوو کە مارگرێتا ئەگەرچی بە شێوەیەکی تەوس ئامێزش بوو، ئاماژەی بۆ هەست و سۆزی من دەکرد.

– نە، غیرە ناکەم، بەڵام کە تۆ پیانۆ لێ دەدەی، من باوێشکەکانی ئەوم پێ تەحەمول ناکرێ.

– دڵنیابە کە منیش لەم زەلامە بێزارم، بەڵام قەبوڵ کردنی ئەم مەرجە بۆ من زەحمەتە، هەوڵدەدەم بە گوێرەی حەزی تۆ رەفتار بکەم، هەوڵدەدەم بە دڵی تۆ بکەم، تۆ ئاگاداری هەموو وردو درشتێکی پەیوەندی بەینی ئێمە نیت. پێویست ناکات. من چاوەڕوانی دەرفەتم.

"بەڵام ئەم دەرفەتە ماوەیەکی زۆر هەر نەڕەخسا. تا شەوێك کە لەگەڵ مارگرێتا و بابیدا لە سینەما بووین، تووشی مارفینکاو دایکی بووین و پێکەوە چووینە کافەی (ئوستریا). ئەو شەوە دیسان باسی داواکەی من کرا، من هەمدیس مەرجەکەی خۆم دووبارە کردەوە.

ئەوەی راستی بێ من دەمویست جارێك مارگرێتا بە ئازادی بدینم، دەمویست لە ژێر کاریگەری و گوشاری رەجەبۆف دا نەبێت. دەمویست بزانم کە مارگرێتا کاتێ ئەسیری هەست و سۆزی خۆیەتی چۆنە، چونکە دەمزانی کە سەمای مەرگ – Dane macabre لە هەر هەموو شتێك پتر کاری لەوە کردووە، حەزم لێ بوو کە لە ژێر گوشاری ئەم پارچە مۆسیقایەدا بێ، دەمویست بزانم کە مارگرێتای راستەقینە چۆن هەست دەکات".

لێرەدا من مەجبور بووم بە پێچەوانەی رەوتی ئاسایی خۆمەوە قسەکەی مورتەزا ببڕم و لێم پرسی: "من لە یەك شت باش حاڵی نابم. وێڕای ئەم هەموو جۆش و خرۆش و سۆزو گودازەی کە لە تۆدا هەبووە، مارگرێتا هیچ

کاردانەوەیەك، هیچ نیشانێك، هیچ شتێکی، ئاخر مەیلێ یان بێ مەیلییە، بێزارییەکی نیشان نەدەدا، چونکە خۆشەویستی تۆ بتەوێ و نەتەوێ لە هەموو هەڵس‌وکەوتی تۆدا دیار بووە، ئەمە قسەی لەسەر نییە".
"من خۆشم دەویست و ئێستاش خۆشم گەرەکە، ئاخر بۆیە ئێستا مەرگ بە ئاوات دەخوازم. مەبەستت ئەمەیە کە مەبەستی من چ بووە، چم دەویست. ئایا ئەویش منی خۆش دەویست، نە، هیچ کاتێك دەری نەبڕی، نیشانەو هێمایەکی بە من نیشان نەدا: وەکو دوو هاوڕێ بووین. بەڵام پەیوەندیمان لەم ئاستە سەرڤە تێ نەپەڕی. پەلە مەکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە. تۆ نازانی چەند خۆشە پیاو بتوانێ لە خۆ بردوویی هەبێ، فیداکاری بکات، لە رای فکرێك، ئارەزوویەك، لەڕای ئیمان‌و باوەڕێك، لە پێناوی هەرشتێك دا کە شایستەی ئەوەبێ ژیانی لەسەر دابنەی. ئەم ژیانە پڕ بێزاری‌و یەکهاوی‌و رۆتینییەی من چ نرخێکی هەبوو. ئامادەیی بۆ مەرگ بوونی ژیان خۆش دەکات. بەڵام مارگرێتا چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟ ئێستا باسی دەکەم، ئێمە بەدەم دەرسی روسیەوە بەرە بەرە هاتبووینە سەر کتێبانی روسی. من تکام لێ کردبوو هەندێ بەشی "یەڤگینی ئونیگین"ی پوشکین لەلای مارگرێتا بخوێنم‌و ئەویش قاییل بوو. هەرچەندە تێگەیشتنی بۆ من زەحمەت بوو، لێ چونکە باجڤە فەرەنسییەکەیم خوێند بووەوە بە ئاسانی دەمتوانی پەیگیری بابەت‌و نێوەرۆکەکانی بکەم.و بەردەوام بم لەسەری. کە گەیشتینە سەر نامەکاری تاتیانا، ئەوەندە کاری تێکردم دەتوانم بڵێم جڵەوی خۆم لە دەست دەرچوو. مارگرێتا هەستیکرد کە ئەم نامەکاریە زۆر کاری تێکردوم‌و گوتی: "تاتیانام خۆش گەرەکەو حەزم دەکرد وەکو ئەو بووایەم."
گوتم: "تۆ هەرگیز نەتدەتوانی وەکو تاتیانا بی. کێ دەتوانێ وەکو تاتیانا فیداکاری بکات‌و لە خۆ بوردەییەکی واهی نیشان بدات، بەرانبەر بە پیاوێك کە ئەو پیاوەی خۆش دەوێ، بە ئاشکرا ئیعتراف بکات کە من تۆم خۆش گەرەکە. تاتیانا وا مەزەندە دەکات کە ئەم پیاوە ناتوانێ وەڵامی هەست‌و سۆزەکانی ئەو بداتەوە، یان نایەوێ وەڵامی بداتەوە، ئەوجاش بەو پیاوە دەڵێت‌و دەنووسێت کە من تۆم خۆش گەرەکەو هەرچی بوونم‌و نەبوونم هەیە، هەموو رازو نهێنییەکانی ژیانم، دەخەمە بەر پێی تۆ چونکە خۆشم دەوێی."
من لە وشەیەك دەگەڕام‌و بۆم نەدەدۆزرایەوە.
– من ئەم فیداکاری‌و لەخۆبوردەییە لە تۆدا نابینم. مارگرێتا پێکەنی، جا دەیویست گاڵتە بە من بکات یا دەیویست وەکو هەمیشە شادی ببەخشێتەوەو لەهەر شوێنێك دا بێ خۆشی بڵاوە بکاتەوەو خەمباری من بتارێنێ یان بەوە پێدەکەنی کە شتێکی لە من شاردۆتەوەو پێی نەگووتم.
– نەء تۆ سەهویت، من خوێندوومەتەوە. تۆ ناتوانی ئەو تاتیانایەش بی کە ئێستا مێردی بەجەنەراڵ کردووە، ژنی جەنەراڵێکە کە خۆشی ناوێت‌و ئەوجاش ئامادەنیە کاتێ کە کۆنە دڵدارەکەی دێ بۆلای، ئەودڵدارەی کە رۆژێ لە رۆژان سۆزی ئەوو خودی ئەوی لە پێ کردبووو ئەمێستا پەشیمان بووەتەوەو خۆشی دەوێ، تاتیانا، ژنی جەنەڕاڵ، بە ڕواڵەت بەشکۆو شاناز، لە جەوهەرو کرۆك دا دڵشکاوو پەریشان، تاتیانا ئامادەنیە دەگەڵ ئەم دڵدارەدا بژی‌و دەست بە مێردەکەیەوە بنێ... تۆ توانای ئەم فیداکارییەت نیە.
هەمویس پێکەنی، بەڵام بەدەم پێکەنینەوە قسەیەکی کرد خستیمە بیرو ئەنێشەوە. ئەوسا پەیم بە بایەخی قسەکانی نەبرد، ئەو رۆژە وام خەیاڵ کرد کە چونکە هەندێ هەڵچوو بووم، بۆ هێورکردنەوەی من ئەو قسەیەی کردووە. پێی گوتم: "چوزانی، بەڵکو بمەوێ فیداکارییەکی گەورەتر بکەم. خۆ هەموو شتێك نا گوترێ. با ئەم لاپەڕەیە تەواو بکەین..." ئاقیبەت ئەو دەرفەتە ڕەخسا. رۆژێکی هەینی، پاش نیوەڕۆ میوانی مارگرێتاو بابی بووم. مارفینکاش لەوێ بوو.

هەموو دانی بەیانیەکەی ئەو رۆژە من لە ماڵەوە بووم. دنیا ساردو سەهۆڵبەندان بوو، تەنیا بۆ ماوەی چەند دەققەیەك ئەو رۆژنامانەم کە دەربارەی جەنگ بوون، خوێند بووەوە، ئیدی هەموو رۆژەکەم بە گوێگرتن لە بەکرەی سەمای مەرگ– Dance macabre کە دەمێ بوو کڕی بووم، رابوارد. لە کتێبانی هونەریدا ئەو وێنەیەم کە هلباین لە مەڕ سەدەکانی ناڤینی وێنا کردبوو، موتالا کرد.

نزیکی سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە ماڵ وەدەرکەوتم، بە پێیان بۆ ماڵی مارگرێتا رۆییم. بایەکی تەزی دەهات، هەوا وشك و دنیا سەهۆڵبەندانی تەواو بوو. سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو. هەر چەند دنیا هەتاو بوو بەڵام بەفری ژێر پێی بنیادەم قرچە قرچ دەشکا. خەڵکی لە سەرمادا بەشەقەماکاندا هەڵدەهاتن. من هێندە سەرقاڵی خۆم بووم کە سەرمام هەر لە بیر نەبوو. من تەنیا لە بیری مارگرێتادا بووم‌و لە دڵی خۆدا بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی سەمای مەرگ– Dance macabre ئەوەندە کاری تێکردووە. ئەو لەهەر جێیەك بێ، هەمووی کەیف‌و سەفایە، ئارامی‌و شادمانیە، خەندەو پێکەنینە، ئەوو مەرگ کوجامەرحەبا. سەمای مردووان، سەمای مەرگ چ کارێك لەو دەکات، بنیادەم دەبێ چەند لە ژیان بیزار بێ تا لەزەت لە سەمای مەرگ، سەمای ئێسکەپەیکەری مردووان ببینی‌و بە ئاواتی بخوازێ. نازانم بۆ پەریشان بووم؟ خۆ من بە درێژایی رۆژەکە، چەندین هەفتەو چەندین مانگ بوو بە ئومێدی ئەو رۆژە دەژیام، رۆژێك پاش نیوەڕۆیەك لەگەڵ مارگرێتا دابم‌و رەجەبۆف لەوێ نەبێ. بێگومان بە درۆوە بە رەجەبۆفیان گوتووە کە ئەمڕۆ لە ماڵ نین‌و پولیان پێوەناوە. باشە ئەگەر رەجەبۆف بێت چ دەبێ؟ هۆی ئەم پەریشانیەی من چ بوو؟ لە هیچی نەبوو دڵم کەوتبووە ترپەترپ. کە وەژوورکەوتم هەستم کرد مارگرێتا خەمبارە، پێنەدەکەنی، بەڵام سەدای بە بەرزی‌و میناکی دەنگی سکەی زیو دەنگی دەدایەوە: "باش بوو زووتر هاتی. دۆستەکەم هێشتا نەهاتووە. مارفینکا هەر ئێستا دێت. زۆر تەنیا بووم. بابم نەخۆشە، حاڵی باش نیە، نایەتەلامان. لە بەیانیەوە تا ئێستا بەوەوە خەریك بووم. بەڵام حاڵی باشترە. رەنگە تا سەعاتێکی دی بێت. سەرماتە، فەرموو لای سۆپاکەوە."

– ئەگەر بابت نەخۆشە، ئیجازە بفەرموو بامن مەرەخەس بم.

– نە بابە، بمێنەوە، من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ هاتی.

لێکدا لێکدا قسەی دەکرد، قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، پرسیاری لەمن دەکرد. بەتەنێ بووین. چ دەرفەتێکی لە بارە پێی بڵێم کە تۆ بۆ من دەکەیە چی، چ پایەیەکت لە ژیانی مندا داگیر کردووە، پێی بڵێم کە ژیانی من تا ئێستا کارێکی ئاسان‌و یەکهاوی، بەڵام پڕ زەحمەت بووە. پێێ بڵێم کە ژیانی من یەکپارچە رەنج و زەحمەت‌و ئازار بووە، لە هەموو ئەمانەش خراتر بێ جوڵەو بێ گۆڕان بووە. پێێ بڵێم کە من تاکو نهو تەنیا بەڵاو مەینەتیەکانی ژیان، برسێتی خەڵکی، ئازاری داماوان، کوشتارو زوڵم‌و زۆرم دەبینی. پێی بێژم کە هەموو رۆژێك لە خەو رابوون، بێ ئامانج‌و مەبەستێك لە ژیاندا، دەست لەسەر دەست دانان، هەموو رۆژێ رۆن‌و برنج مەسرەف کردن بۆ من کوشندەبوو. ئێستا لەوساوە کە تۆم ناسیوە، دنیایەکی دیم لەبەردەم کراوەتەوە. پێی بڵێم کە ژیان ئیدی بریتییە لە مۆزیقاو هونەر. پێی بێژم کە ژیانی من تانهو بەبێ هونەر بووەو ئەگەر هونەرێکیش لە ئارادا بووبێ، بێ ژیان بووەو گیانی لەبەر نەبووە، پێی بێژم کە تۆ دنیای راستەقینەت بەمن نیشان داوە، پێی بڵێم کە ژیانت وەبەر ژینی من خست، پێی بڵێم کە دۆستایەتی تۆ هیواو ئاواتم پێ دەبەخشێت، ئاە چەندم شت پێ بوو کە دەمویست پێی بڵێم، دەمویست پێی بڵێم کە خوشم دەوێی. زمانم بەسترا بوو، زارم چوو بووە کلیلەو تەنیا بە نیگای چاوان دەمویست ئەم شتانەی تێ بگەیەنم. مارگرێتا هەمیشە لە نیگا قوڵەکانی من دەترسا، بەڵام خۆی لە

گێلی دەدا. بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك خراتربوو، یەکبینە قسەی دەکرد، بۆ ساتێکیش زاری لێك نەدەنا. یا لە بێدەنگی دەترسا یان دەیویست روحی لەمن وەشێرێ، دەیویست گیانی بە پەیڤان داپۆشێت.
مارفینکا هات. بەروسی قسەیان کرد. وام لێهاتبوو کەمێك حاڵی دەبووم. چاو شیرینیان هێنا، پاشان بە دوو قۆڵی لە پشت پیانۆکەوە ڕۆنیشتن. Dance macabre واتە سەمای مردووان، واتە سەمای مەرگ بە خەتێکی درشت لەسەر نۆتەی پیانۆکە نووسرا بوو، ژوورەکە کپ و بێدەنگ بوو، دەنگی خشەخشی نۆتەکان دەهاتە گوێ. بێدەنگییەکی تەواو بۆ چەند ساتێك بەرپا بوو.
من ئانیشکم بەسەر سێ سوچی مێزەکەدا دادابوو، هۆش و حەواسم لای ئەوان بوو. ئاوازو ئاهەنگەکانی هەوەڵ ترس و غەریبیان لا چێکردم. Macabre بوون، هیچ وشەیەك لە فارسیدا پڕ بە مانای ئەو وشەیە نییە. شووم بوون لە نێو ئاوازو ئاهەنگەکانەوە بە باشی روحی پەیڤم دەژنەوت.
سەعات، دوانزە زەنگان لێدەدا. لەم سەعاتەوە تاکو سپێدە، مردووەکان ئازادن، ئازادی ئازاد.
نیوە شەوە!
چ شەوێکی سامناك
هەموو شەوێك بەو جۆرە قورسە. چونکە ژیانی ئێمە قورس و گیان پروکێنە. ئەوان چیتر گیانیان ناپروکێ، مردووەکان گیانیان نیە.
چونکە ئێمە وەکو یەك نین، یەکسان نین، بەڵام مردووەکان وەکو یەکن، یەکسانن.
مردووەکان لە نیوە شەوەوە تا بانگی کەڵەبابی بەیانی ئاهەنگ دەگێڕن، ئاهەنگی ئازادی، ئاهەنگی رزگاری لە مەینەتی و دەردەکانی ژیان. هەر هەموویان بەرابەرو یەکسانن.
نە شان و نە گەدا، نە پیرو نە لاو، نە کیژو نە کوڕ، نە ژن و نە پیاو، هەموو هەر مردوون. هەر هەموویان ئێسکە پەیکەرن.
نە کەس پۆیلە بەسەرەو نە کەس شڕە لەبەرە، دەستی یەکتر دەگرن و دەڕەقسن.
مەرگ کە کۆلکەی هاوبەشی هەمووانە، بەشێکە لە هەموویان، خودی ئەوانە، مەرگ ئێسکەپەیکەرەکانی هێناوەتە سەما.
مەرگ، بە لولاقێکەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لاقی کیژۆڵەیەکی باڵابەرز بووە، لەسەر کەللەسەرێکی دیوار ئەستوور، تەپڵیان بۆ لێدەدا.
کە سەعات دەبێ بە دوازدە، ئێسکەپەیکەرەکان لە گۆڕیچەی گۆڕەکانەوە دێنە دەرێ و دەڕەقسن. مەرگ کە خودی ئەوانە، چونکە ئیدی هیچ فەرماندارو فەرمان پێکراوێك لە گۆڕێ نیە ئاهەنگێکی نەرم و خۆش لێدەدا.
مردووەکان بە دەوری یەکدا دەس دەقوتن و هەڵدەپەڕن. ئەمەی کە هێشتا نێشخەن بە ئێسکەپەیکەری دەموچاویەوە دەبینرێ، ئەمە لە ژیاندا قازی بووەو بە دەردو ژان و سکاڵای مەحکومان پێکەنیوە، بەڵام تازە مردووە، بەم زووانە ئەم شوێنەوارە لە کەللەیا مەحو دەبێتەوە، ئیدی ئەم شوێنەوارە لە نێوان کاژێرەو گۆناکانیدا نامێنێ. چونکە ئیدی ئەو مردووەو ئازادە.
ئەمەی کە ئێسکەکانی پشتی کووڕە، ئەوە لە ژیاندا پشتی دانەواندووەو سەری شۆڕ کردووە، لێرە ئیدی پێویستی بەمە نیە، چونکە ئەوەی ئەوی لە خەڵکانی دی جیا دەکردەوە، واتە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە، باوی نەما، لێرە نە خەندە هەیە نە گریان، نە شادی نە غەم، نە دڵ تەنگی و نە هیوا، نە فڕناخی و نە سوکایەتی، نە زوڵم و نە لاڵانەوەو کوڕوزانەوە، نە برسێتی و نە تێری.

هیچ شتێك لێرە نییە، جگە لە مەرگ، جگە لە ئازادی.
ئایا ئەم مەرگەو ئەم ئازادیە لە ژینی بندەستی و کۆیلەیەتی، لە ژینی نێو زندان باشتر نییە.
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە کە قازی بە عەزابی مەحکومی خۆی پێ بکەنێ و پۆزی بەسەرا لێ بدات؟
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نییە کە ئاتاج پشت دابنەوێنێ!
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە کە بەشەر لە بەندا بێ؟
لەبەر ئەمەیە کە ئەوانە ئاهەنگیان سازداوە.
سەما دەکەن، چونکە ئازادن.
مەرگ بە لولاقی کیژێك لەسەر کاسە سەری کەللە زلێك، ئاوازو سروودی سەمای مردووانیان بۆ لێ دەدا.
حەیفێ، ئەم ئازادییەش سنووردارە.
کەڵەباب بانگی بەیانی دەخوێنێ.
هەموو مردووەکان، گشت ئێسکەپەیکەرەکان بڵاوەی لێدەکەن.
دەنگ... دەنگ
من ئەم دیمەنەم لەو مۆزیقایەدا کە مارگرێتا و مارفینکا لێیان دەدا دەبینی.
کە تەواو بوو، هەردووکیان ڕەنگیان پەڕی بوو، سەیری منیان دەکرد. من حەپەسا بووم".
موڕتەزا هەناسەیەکی درێژو قووڵی هەڵکێشا. ئەم بە شانەی دوایی بە نیمچە بێ ئاگاییەك دەگێڕایەوە. ئیدی گوێی لەوە نەبوو کە کەسێك گوێی لێدەگرێ یان نا، گومان لەوەدا نەبوو کە هێشتا لە ژێر گوشارو کابوسی ئەو ڕۆژەدا بوو.
"ئیدی هیچم لە یاد نەماوە کە ئەو ڕۆژە چی ڕووی دا. دەزانم کە بە درێژایی ئەو شەوە وەکو جەنازە تا سپێدە کەوتم، لەگەڵ ئەمەشدا بەیانییەکەی هێشتا هەر پەرێشان و تووڕە بووم. ئەوەندەم بیر دێ کە ڕۆژی دوایی هەمیشە دەموچاوی ڕەنگ پەڕیوی مارگرێتا پاش ئەوەی کە (Dance macabre)ی تەواو کرد بوو، لە بەرچاوم بەرجەستە دەبوو.
ئیدی دڵنیا بووم کە مارگرێتا ئەو کیژە زار بە پێکەنین و شادی بەخشە نیە کە من وێنام دەکرد، و لە ژێر ئەم جۆرە پێکەنینەدا رازو نهێنییەك پەنهانە. من پەرێشانی ئەوە بووم کە بۆچی تا نهۆ نەم ناسیوە.
ڕۆژی دوایی نزیکەی سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم و گوێم لە بەکرەی Dance macabre دەگرت کە لە پڕ دیتم ئەو گلیمەی کە لەبەر سەرما بە شووشەی دەرگاکەوەم هەڵواسی بوو، بە دەستێکی چکۆلەی لە دەستکێشی چەرما، جوڵا، دەستەکە چەند جارێك کێشای بە شووشەکەداو پاشان وەژوور کەوت. مارفینکا لە ناو ژوورەکەی مندا وەستا بوو.
بە سیمایدا دیار بوو کە شتێکی تازە قەوماوە. مارفینکا فارسیەکەی باش نەبوو و منیش ئەوەندە ڕوسی فێر نەبوو بووم کە بتوانم قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام ئەوەندە حاڵی بووم دەیویست بە هەر زمانی بووە، ناچارم بکات، تا زووەو بە پەلە بچمە هانای مارگرێتا، بەڵام چی قەوماوە، چی بووە، من چ کارێکم لە دەست دێ، نەمزانی، بە هەشتاو لە ماڵ وەدەرکەوتم. چونکە لەسەر جادەکە ئوتومبیل و گالیسکەم دەست نەکەوت – دنیا سارد بوو و گالیسکەکان خۆیان دابووە پەنا– و مارفینکاش بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیەوە نەیدەتوانی بەسەر ئەرزە بەستەڵەکەکەدا غار بدات، پێم گوت: "من دەڕۆم و تۆ بە تەنێ وەرە".

نیوەی ڕێگاکەم پتر بە غاردان بڕی، ئاخری سواری ئوتوبوس بووم، پاشان گالیسکەیەکم پەیدا کرد. لە نێو گالیسکەکەدا بیرم کەوتەوە کە ئەو وشە روسیەی کە مارفینکا لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوەو من لێی نەدەگەیشتم، فارسیەکەی (خۆکوژی) بوو. مارگریتا دەیەوێ خۆ کوژی بکات، من دەتوانم ڕێی لێ بگرم، چاوانم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد، خۆم گرت. زۆرم لە گالیسکەچییەکە کرد کە خێراتر بڕوات. دەیگوت: "ئەسپەکانم لەسەر ئەم سەهۆڵە دەخزێن، ناتوانم لەوە خێراتر بڕۆم".

– یەك تۆز خێراتر، کارێك بکە کە تۆزێ زووتر بگەم.

لەسەری شەقامی نادری لە گالیسکەکە دابەزیم، نەم دەویست خەڵکی پێم بزانن. نزیکەی سەعات حەوت گەییمە بەر دەرکەی ئەوان. دنیا تاریك بوو. دەرگا لەسەر پشت بوو، خۆم بەحەوشەدا کرد.

کە لە قاڵدرمەکان هاتمە خوارێ، ترسام. وام زانی شێت بووم. رەجەبۆف لە ناوەندی حەوشەدا یەك تەختە کەوتبوو. خوێن لەسەری دەهات، وێڕای تاریکی دنیا خوێنەکەم بینی.

مارگریتا بە چاوانی گێژو وێژەوە، بە دەموچاوی درێژ کۆلەوە، دەستی نا بووە پشتی‌و هاواری دەکرد، بابی مارگریتا بە جلکی خەوەوە دەستی بە محەرەو تامانی قاڵدرمەکەوە گرتبووو دەیویست بێتە خوارەوە

مارگریتا زمانی چوو بووە کلیکە: "من... من."

لە باوەشم کرد، بردمە ژوورەوە، وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی. لێم پرسی: "تۆ ئەمەت کرد؟ تۆ کوشتت؟

– من... من...

بابی مارگریتام راکێشایە ژوورەوە.

هیچ نیە. خەمت نەبێ. خۆت مەپەشۆکێنە. هەر ئێستا بۆ خەستەخانەی دەبەم.

ئەو جارووم کردە مارگریتا.

– مارگریتا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بەڵێنم بدەیە کە ئەم قسەیە دووبارە نەکەیەوە. ئەگەر یە ك تۆز منت خۆش دەوێ، قەولم بدەیە کە ئەمە بە کەس نەڵێی. ئەگەر باوکت نەیزانیوە، مەیەڵە بزانێ، برۆ ئیسراحەت بکە.

مارگریتام لە باوەش گرت، دەست‌و دەموچاویم ماچ کرد، لێم دووبارە کردەوە: "مارگریتا من بۆ خەستەخانەی دەبەم، هیچ نیە چاك دەبێتەوە." لە ماڵ دەرپەڕیمە دەرێ. بە دوای گالیسکەدا دەگەڕام، بینیم مارفینکا وا خەریکە دێت.

– تۆش بڕۆ. حاڵی باش نیە. چووە بنوێ.

گالیسکەم دەست نەکەوت. گەڕامەوە حەوشەو هاوارم کرد.

– مارگریتا، مارگریتا بە هیچ کەسێك نەڵێی. بە هیچ کەسێك. جەستەی نیوەگیانی رەجەبۆفم دا بەکۆڵماو لە ماڵ بردمە دەرێ. دەمویست چ بکەم، نازانم.

کاتێکم بە خۆزانی سەیرم کرد خەڵکی دەوریان داوەو پاسەوانێك بۆ جێیەکی بردم. هەر چیەکیان لێدەپرسیم، دەمگوت: "من کردوومە، من کوشتم."

وئێستاش هەر دەڵێم: "من کردم."

چەند خۆشە گوناهی کەسێکی دی لە ئەستۆ بگری‌و چەند خۆشە لە ژیانا ئامانج‌و مەبەستێکت هەبێ."

مورتەزا ف، ئیدی قسەی نەدەکرد، لە دنیای خەوا بوو، لە تۆ وایە هەموو ئەمانەی لە خەوا دەبینی. ئیدی تێگەیشتم بۆچی بەم شەوق‌و زەوقەوە بەرەو پیری مەرگ دەڕوات، مەبەست‌و ئامانجێکی بۆ ژیانی پوچی خۆی دۆزی بووەوە.

دوێنێ بەیانی موڕتەزایان لە نێو ئێمەدا برد، وەکو چۆن مەڕێك لە نێو مێگەلێکا بۆ قەساوخانە دەبەن. ڕەنگە من تەنیا کەس بووبم کە پێم خۆش بوو، چونکە لە دڵی خۆدا دەمگوت، بۆ خۆی ئیسراحەتی کردو ئەمشەو سەعات دوانزە بەشداری سەمای مردووان دەکات، دەستی ڕەجەبۆف دەگرێت و پێکڤە ئاهەنگی ئازادی دەگێڕن، بێ بوغزوکینە، بێ تەماعکاری و چاوچنۆکی، بەڵام ئازادی ئازاد. نا، وانیە.

ئەمڕۆ بەیانی هاتن و شمەك و سیپاڵەکەیان کۆکردەوە. ئیدی دڵنیا بووین کە ئیعدامیان کردووە . کاتێ کە دەمویست شمەکەکانی کۆبکەمەوە چەند پەڕە کاغەزێکم دۆزییەوە. من بە دزییەوە خوێندمەوە تا بزانم ئەگەر پێویست بکات بیاندەمێ و وەکو بەشێك لە شمەکەکانی بیبەن و بیگەیەننەوە ماڵەکەی، یان ئەگەر بە قاچاخ دەستی کەوتووە، بە هەر جۆرێ بووە بیگەیەنمەوە بە مارگرێتا یان خوشکەکەی.

بەڵام ئەم نامەیە دەست خەتی موڕتەزا نەبوو، دیار بوو کە لە دەرەوە هاتووە. ئەمە دەقی نامەکەیە: "دڵدارەکەم، ئەی تاقە دۆستی من، بەلای تۆوە من هەموو کاتێ هەر کیژێکی سەرسەری و سەرڤەسەرڤە بووم، پێدەکەنیم، قسەم دەکرد، کەمتر منت بە غەمگینی دیتوە، وانیە؟ جارێکیان لە بەینی قساندا پێت گوتم کە فیداکاری لە من ناوەشێتەوە، فیداکاریم لە دەست نایەت. هەندێ جار ڕەنگی بزڕکاوم لە ڕازە پەنهانەکانی دڵمی ئاگادار دەکردیتەوە، سەرنجی ڕادەکێشایت بەڵام قاقاو پێکەنینی من هەر زوو ئەم بیرانەی لە مێشکت دەتاراند، وا نییە؟ لەوەشە هەندێ جار لە دڵی خۆتا گوتبێتت کە من گاڵتەت پێدەکەم و تۆو هەستەکانی تۆم بە هەند نەگرتووە، وا نییە؟ تۆ سەهوو بوویت دەزانی؟ پەی بردن بە دەردی خەڵکی کارێکی ئاسان نییە، چ جای ئەو بەڵاو مەینەتیانەی کە بە سەر من هاتوون و تەحەمولم کردوون، ئێستاش بە جورئەتەوە ئامادەی تەحەمولم. ژیانی من سەراپا فیداکاری و لە خۆ بردوویی بوو. دڵدارەکەم، ئازیزەکەی من، دایکم لە دوا نامەیدا نووسی بووی، کە ئاگاداری باوکم بکەم. دایك و باوکم زۆریان یەکتر خۆش ویستبوو، هێشتاش هەر یەکیان خۆش دەوێ، چەرخی زەمانە ناچاری کردن لێکدی جیاببنەوە. زۆر جار دەمبینی کە بابم بە سەعاتان لە بەردەم وێنەکەی دایکم دا دادەنیشت و لە فکران ڕادەچوو. دایکم لەوەتای من فامم کردووەتەوە هەمیشە ئامۆژگاریم دەکات، رام دەسپێرێت کە ئاگام لە بابم بێ و هەوڵی ئەوە بدەم کە پێی ڕابگەمو بابم منی فرەخۆش دەویست و لەبەر خاتری من هەموو مەینەتیەکی ژیانی تەحەمول دەکرد. ئەوەندەی هەموو دنیا لە ڕەجەبۆف بێزار بوو، بەڵام چونکە منی خۆشدەویست هەموو مەینەتیەکی ژیانی، سەرباری هاتوچۆی ڕەجەبۆف بۆ ماڵی ئێمە، بە روویەکی خۆشەوە قەبوڵ دەکرد. ڕەجەبۆف بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی بابمی لە کۆمەڵێك مامەڵەی ترسناکدا شەریك کردبوو، و بەمجۆرە ژیانی ئێمەی وێران کرد، لە سەرەتادا ڕەجەبۆف بۆ قازانجی خۆی یارمەتی بابمی لە کارەکانیا دەدا، بابم ڕەجەبۆڤ لە روسیاوە دەناسی و ئەو لەوێندەر دەڵاڵی دەکرد. بەڵام لەم دواییانەدا چونکە چاوی تەماعی بڕی بووە من، ئیدی ژیانی ئێمە بەبێ کۆمەکی ئەو مەحاڵ بوو. ئەگەر چی ڕەجەبۆف قازانجی خۆی دەکرد، مەگەر خوا بزانێ بابم چ ڕۆژگارێکی سەخت و دژواری ڕادەبوارد، لەلایەکەوە هەر لەبەر خاتری ئەوەی کە ژیان لە من تاڵ نەبێ، ڕەجەبۆڤ تەحەمول دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی من بەو بسپێرێت. لەم کەین و بەینەدا تۆ پەیدا بوویت. ئەڤینی من، ئەی کاشکێ نەهاتبای. لە ژیانی مندا تروسکەی ئومێدێك هەڵهات، ئەم ڤیانە پەنهانە، ئەم ڤیانەی هیچ کەسێك تەنانەت مارفینکاش ئاگای لێ نەبوو، ئەم ڤیانەی کە لە هەر ئاگرە گڕەیەك بە سوێ ترە، ئەم ڤیانە هێڤی و ئاواتی پێ دەبەخشیم، من ئامادە بووم کە میناکی تاتیانا هەموو ژیانی خۆم بکەم

به قوربانی تۆ، هەڵپڕێژمە بەردەم تۆ، لە بەردەم تۆدا دای بنەم، بەڵام دڵنیا بووم کە تۆ ئەوەت نەدەکرد، وا نیە؟ ئەنجام لە رای ئاسوودەیی بابمدا چارەیەکم دۆزییەوە. رۆژێ پێم گوت کە من بە تەواوی رەزامەندی ئامادەم شوو بە رەجەبۆف بکەم، بەڵام بابم وێڕای سوور بوونی رەجەبۆف هەمیشە ئەم کارەی دوا دەخست، چونکە دڵنیا نەبوو. ئەو رۆژی هەینییە، ئێمە بە رەجەبۆفمان گوت کە لە ماڵەوە نابین و لە ماڵی دۆستێکی بابم دەعوەتین، بەڵام کاتێ کە تۆ لە ماڵی ئێمە دەرچوو بوویت، تۆی دیتبوو، هەر هەمان شەو، هەر چەندە بابم نەخۆش بوو، سەبارەت بە من قسەی لەگەڵ کردو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا دەزگیرانداری من بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێ و ئاهەنگێك بگێڕدرێ. هەر ئەو شەوە بابم سەکتەی گرت و من دڵنیا بووم کە ئیدی لەم نەخۆشییە هەڵناسێتەوە یان ماوەیەك زەمینگیر دەبێت.

من لە بیری ئەوەدا بووم کە لەم عەزابەی رزگار بکەم و خۆم و بابم بکوژم، هەموو کەرەسەیەکی ئەم کارەم بۆ هەمان رۆژی شەممە فەراهەم کردبوو، دەمویست بەکرەی – Dance macabre دابنەم و بە دوو قۆڵی بمرین.

من مژوڵی زەمینەسازی ئەم کارە بووم کە رەجەبۆف هات بەسەرا، ئیدی لەم کات و ساتەدا سیمای ئەوم پێ تەحومول نەکرا، داوام لێکرد و پاشان ئەمرم پێکرد کە لە ماڵی ئێمە وەدەربکەوێ، هەندێ قسەی قۆڕو نا شیرینی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان من و تۆ کرد. سوکایەتی پێکردم، تانەی لێدام، ئەوجا کەوتە شەڕفرۆشی، تەنانەت بە نیاز بوو بێ حورمەتیم پێ بکات. مەست بوو. من بە دارعاسا ئەستوورەکەی بابم هەڕەشەم لێکردو ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرم نا، کاتێ گەییە بەر هەیوانەکە لەسەر قاڵدرمەکانەوە بۆ خوارەوە دەڵەکم دا، پێی خزی و سەری بە گۆشەی پلەکەدا کەوت. ئەڤینی من، باقیەکەی دەزانیت، کارێکی خراپم کرد. هەق وابوو تۆم ئاگادار بکردایەتەوە، وا نییە؟ باوکم مرد، بەڵام وا دەزانم کە قۆناغی فیداکاری من هێشتا تەواو نەبووە، هێشتا نەوێرام هەواڵی مردنی بابم بۆ دایکم بنووسم. تۆ ئەم کارە بکە. هەرچییەك دەربارەی من دەزانی بۆ دایکمی بنووسە، بۆی بنووسە کە کیژی شایستەو لە باری ئەومو منیش دەزانم فیداکاری بکەم. مەبەستم لە ناردنی ئەم نامەیە ئەمەیە کە من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم تۆ لە زیندان دا بیت و یان بمریت و من چ مەبەست و ئارمانجێکم لە ژیاندا نەبێت. رەنگە ئەگەر قازیان بە وەزعو حاڵی من بزانن حوکمی ئیعدامم نە دەن. من دوای دە ساڵ یان یازدە ساڵی دی لە زیندان دێمە دەرێ. ئەوسا ژنێکی بەختەوەر دەبم، تۆم خۆش دەوێ و بە خۆشی و خۆشەویستی تۆوە دەژیم، ئەگەر مردیشم بە خۆشییەوە دەمرم. بڕیارم داوە، هەر ئەمڕۆکە خۆم بدەمە دەست پۆلیسەوە. مارگرێتا".

دوای چەند رۆژێك هەمان ئەو کەسەی بە دەنگی بەرز هەموو کەسێك بانگ دەکات و مورتەزای کوڕی جەوادی گاز کردو بەرێی کرد، ناوی منی گاز کردو بڕێك خۆراك و کڵاوەکەشی بۆ هێنامەوە. لەو دەفتەرەدا کە من رەسیدی شتەکانم ئیمزا کرد، نووسرا بوو: "هێنانی: ... مورەتەزا ف."

دوای چەند رۆژێکی دیکە دیسان پارەیان بۆ زیندانیەکان هێنا، کاتێ کە یەکێك لە هاوژوورەکانی من وەسڵی پارەکانی ژێرو ژوور دەکرد تا وەسڵەکەی خۆی بدۆزێتەوە، وەسڵێکی هاتە بەردەست کە هی زندانی ژنان بوو، و لەسەری نووسرا بوو: "ناوی وەرگری پارە: مارگرێتا".

(١٩٤١)

## سادق چوبەك

## ١٩١٦-١٩٩٨

چوبەك لە بوشهر لە دایكبووە، لەویٚ لە شیراز خویٚندویەتی، پاش ئەوەی زانكۆی ئەمریكایی لە تاران تەواوكرد، كەوتە دەرس گوتنەوە. بەڵام زۆری نەبرد، لە كۆمپانیای نەوت دامەزرا. لە هاوڕیٚ و دۆستانی نزیكی هیدایەت بوو، بە دیدیٚكی هەندیٚجار لەو تاریكتر و ڕەشتر مامەڵەی لە تەك كۆمەڵ و خەڵكیدا دەكرد. یەكەمین دوو كۆچیرۆكی چوبەك(خیمه شب بازی ١٩٤٥) و (انتری كه لوتی اش مرده بود ١٩٤٩) لە ڕووی وەسفی هاماج و ئۆتموسفیر و نواندنی پەیوەندی كاراكتەرەكان بە یەكترەوە، بە كورتی لە ڕووی هونەرییەوە، بە دوو بەرهەمی گرنگ و كاریگەر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسیدا دەژمیٚردریٚن.

چوبەك لە دوای چاپی دوو كۆمەڵە چیرۆكی (چراغ اخر– ١٩٦٥) و (روز اول قبر ١٩٦٥) هیچ چیرۆكیٚكی بڵاونەكردەوە و كاتیٚ لە ساڵی ١٩٧٤ خانەنشین بوو بۆ ئینگلیستان و پاشان بۆ ئەمریكا ڕۆیی و تا مردن لە ویٚ ژیا. دوو ڕۆمانیشی لەپاش بەجیٚماوە.

چوبەك لات و لەویٚر و گەجەرو گوجەرانی نزمترین توێژی كۆمەڵگەی هیٚنایە ناو چیرۆكەكانی و توانی لەڕیگەی هونەرەوە كەسیٚتی وشیٚوەی ژیانیان نیشان بدات. چوبەك بە شیٚوەیەكی بابەتیانە و دوور لە سۆزو سۆزداری دنیایەكی بیٚ ڕەحم و پڕ زوڵمی ئەوتۆی ویٚنە گرت، كە خەڵكە ترساو وبیٚزراوەكەی ئەودنیایە، چاوی دیتنی یەكیان نەبوو، چاویان بە یەكدیدا هەڵندەهات .لە چیرۆكاكانی چوبەكدا، نووسەری هەمەشت زان لا دەكەویٚ تا چیرۆكەكە لەڕیٚگای دیالۆگی كارەكتەرەكانەوە گەشە و نەشە بكات و هەورازو نشیٚوی ئاسای خۆی تەی بكات. ئەم هونەرە كارامەیە بۆ ئەو چیرۆكانەیە كە دژی دەسەڵات خوازی دەسەڵاتداران و چەوساندنەوەی هەژاران نووسراون.

وەسف و دیالۆگەكانی چیرۆكی (چرا دریا توفانی شد) هیٚندە زیندووە كە خویٚنەر خۆی لە نیٚو خیٚڵی شۆفیٚراندا دەبینیٚتەوە و بە باشی هەست بە لافاو وپیٚكدادانی شەپۆلی دەریا دەكات .

سادق چوبەك لە ساڵی ١٩٩٨ دا كۆچی دوایی كرد .

## ٤- پیاوێك له قەفەزدا

سەید حەسەن خان بەدەم خەوەوە گینگڵێکی داو کەوتە سەر تەنیشت، تا هات بێدار بێتەوە و ڕەنج و مەینەتی ژیانی تەنیایی خۆی وەبیر بێنێتەوە، دیسان خەو بردییەوە. بەڵام ئەم خەوە زۆر سووك بوو. لە حاڵی نێوان خەوو بێداریدا دوو دڵ مابوو کە ئایا بەر لە ئێستەش زیندوبووە و لەم دنیایەدا بووە یان نا. لەناو ئەو بێهۆشییە شیرینەی خۆیدا دەگەڕا بەڵکو شتێکی لە زیندوبوونی خۆی بەیادبێتەوە" بەڵام چ شتێکی دەستگیر نەبوو و ئەو کاردانەوە پڕ بێزارییەی لەبێداریدا دەرهەق بەژیان هەیبوو، ئەوی خستە گومانەوە.

هیچی لە عومری رابردووی خۆی لە بیرنەمابوو. بۆ ساتێك وای بە هزرا هات کە بەهەست و سادەیی منالێکەوە لە دنیایەکی دیدا کە خەون و خەیاڵ و فەرامۆشی سەرانسەری گرتووە، لە داوێنی دایك بەربۆتەوەو یادگارێن نیو سەدەی ژیانی بچڕ بچڕ و کاڵەوەبووی کە لە هیچەوە دەستی پێکردووەو بەهیچ کۆتایی دێت لەو بێدەنگی یەدا فەوت و فەنا بووبوو.

لێ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەوکاتدا حاڵەتێکی هەبوو کە لە خەوو بێهۆشی روناك تر بوو، پتر لە بێداری و هۆشیاری پڕسوێیەوە نزیکتر بوو. بەتەقەلایەکی بایتینی یەوە هەوڵی دەدا بەڵکو هەقیقەتی تاڵی ئەو حاڵەتە لەبەین بەرێ و ئەو داوەی کە ئەوی بەژیان و بێداری یەوە بەستبوو ، بیپچڕێ و زیندووبوونی خۆی لەیاد ببات. بەڵام ئەم هەوڵەی دوایی بووە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی بێداربێتەوەو دڵنیا بێ کە تازە لەدایك نەبووە بەڵکو نیو سەدە بەر لە ئێستا لە لاهور هاتۆتە دنیاوەو ئەزیەتی دیتوە و لاقی چەپیان لە ژوور زرانییەوە بڕیوەتەوەو سودابەی لەدەست دابوو، ئێستا لەم دنیایەدا چ کەسێکی نییە جگە لە سەگێك و کارەکەرێك، دوور لەخەڵکی لە کۆنە ماڵەکەی بابیدا خۆی زندە بەگۆڕ کردووەو مەحکومە کە بژی. بۆیە کە لە زیندووبونی خۆی دڵنیا بوو زویر بوو، ژیان دووبارە سەرو دڵی گرت و حەییرما کە هێشتا زیندووە.

بەچاوانی نوقاوەوە تاریك و روونی بەیانی لە دەرگاو پەنجەرەکەوە هەست پێدەکرد و لەپشت پێڵووانی نوقاوەوە تیشکی لاساری سپێدەی دەبینی" لێ نەیدەویست چاوانی بکاتەوە. بەدیتنی دەرگاو دیواری ژوورەکەی هەستی بە جۆرە ترس و ڕەوینەوەیەك لە خۆیدا دەکرد. بێزارو دڵقرێژ بوو لە دووبارە روو بەروو بوونەوەی ژینکەی خۆی. دیسان ئەو بوو و هەمان هۆدەیێن یەك لە نێویەکی پەردە کەوتووی تۆز گرتوو کە فرندە باڵی تێدا لەیەك نەدەدا. دیسان ئەو و کۆمەڵێك کۆنە کەل و پەلی ناو ماڵ کە ساڵانی ساڵ بوو تۆزیان لە سەر نیشتبوو، کەسێك نەبوو بیانتەکێنێ و ئەم جێ و جێیان بکات.

لەدنیادا یەك دڵخۆشی هەبوو ئەویش راسو بوو. راسو ئاسوودەیی بەهزری دەدا. راسو. شەوان لای تەختەکەی ئەوەوەو لەسەر دۆشەکەکەی خۆی کپ و بێدەنگ و بێ پڕخە پڕخ وەکو هێلکە شەیتانۆکە خۆی لوول دەکردو دەخەوت. بوونی بوونەوەرێکی دیکە لە ژوورەکەیدا کە بە هیچ کلۆجێ ئیرادی لێ نەدەگرت و خۆی لە کارەکانی ئەو هەڵنەدەقورتان باعیسی دڵگەرمی و ئاسوودەیی هزرو بیری بوو.

کەواتە یەکەم لەبەر راسو و دووەم بەئۆمێدو دڵخۆشی تلیاك چاوانی هەڵهێنان.

سەید حەسەن خان پاش مەرگی سودابەی ژنی - کە هەموو ماوەی هاوسەرێتیان لە سێ مانگ پتری نەخایاندبوو - پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو شتێکدا بڕی بوو، دووبارە وەکو هەوڵجار بە تاقی تەنیا لە کۆنە ماڵەکەی باب و باپیرانیدا لەگەڵ کۆمەڵێك تفاقی نێو ماڵی میراتی وەکو بادەیێن چینی و لالەو سوراحی بلورینی نەمساوی و مۆمدان و چۆلە چرای زیوکفتی نەخشێندا و تەزبیحی شامەقسودی و کەشکۆڵ و یوسرو مەرجان و

عەلی مردای و هەموو جۆرە دارێکی وافورێن دارکهوری لەکاغزگیراو – وەکو میکرۆبێك کە ژینگەیەکی لە باری بەدەست هێنایێ – بۆخۆی لە نێو ئەوانەدا لوولی دەخواردو هەبوو. نەجارێ بیری لە فرۆشتنی ئەو هەموو تفاقە دەکردەوەو نەپێویستی پێیان بوو، نە جارێك تاقەتی دەبوو سەرێکیان بدا. لەنێو ئەو هەموو تفاقەدا تەنیا یەك قەڵەمبڕی دوازدەدەم هەبوو کە سی ساڵ بەر لە ئێستا لە (ئاگرە) لەسەر مێزی هاوڕییەکی گیانی بەگیانی هیندی خۆی دزی بووی. ئەم قەڵەمبڕەی هەم خۆش دەویست و هەم زۆری ڕق لێ بوو. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی دزی بووی" ڕەنگە هەر بۆ ئەوە بووبێ کە بەدزییەوە کارێك ئەنجام بدات. بەهەر حاڵ ئەوەی روویدابوو ئەمەبوو کە ئەو بێ ئەوەی هاوڕێکەی بیدینێ چاوی تێ بڕی بوو، قەڵەمبڕەکەی لەسەر مێزەکە قاپاندبوو لە گیرفانی خۆی نابوو، هەر هەموو ئەو ماوەیەی کە لەو شەوەدا پێکەوە چووبوونە گەڕان دەستی لە گیرفانی دەرنەهێنابوو" بەڕادەیەك قەڵەمبڕەکەی لە دەستی خۆیدا گوشی بوو، کە قامکەکانی ئارەقەیان کردبوەوە و ماندو بووبوون. پاش سی ساڵ هێشتاش ئەو قەڵەمبڕە لەژێر ئەو دۆشەکەڵەیەدا کە لەسەری دادەنیشت و تلیاکی دەکێشا دەبینرا. هەرکاتێ بیری دەکەوتەوە هەڵی دەگرت و زۆر بەسەرسامی و بێگانەیی، وەکو ئەوەی هەرگیز نەی دیتبێ، لە چاوانی دەبردە پێشێ و لەپشت عەینەکە هێلکەییەکەیەوە تەمەشای دەکرد و بە سەبرو حەوسەڵەو عینادی یەوە قەیچی و هەڕە و بڕبەنگ و کەوچکەکەی و چەتاڵەکەی و گوێ پاك کەرەوەکەی و دەمە بریقەدارو تیژەکانی یەك یەك دەکردەوە و بە جۆرەکینە و ڕقێکی کۆنەوە دوو بارە دای دەخستنەوە و لەژێر دۆشەکەکە تەقەتی دەکرد. زۆربەی کات کە بەنینۆك دەمە بریقەدارەکانی تاقی دەکردەوە، بەسەریدا دەهات کە بیفەوتێنێ و چیتر نەیبینێ چونکە بەدیتنی نارەحەتی و ترسێکی لێ دەنیشت کە ئازاریان دەدا و روحیان دەخوارد. پاش ئەوەی بیری لەوە دەکردەوە کە فڕێی بداتە ناو حەوزەکەوە یان بیخاتە ئاودەستەوە یا بیخاتە جۆگاکەوە، دووبارە هەموو دەمەکانی دادەخستەوە و بە دزی یەوە دەیڕوانی یە دەوروبەری خۆی و لە جێیەکەی خۆی دایدەنایەوە.
هاوسێکان وایان دەزانی کە سەید حەسەن خان شەو و ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆیدا خەریکی عیبادەت و نوێژ و ڕۆژووە بۆ سودابەی جوانەمەرگی هاوسەری. چونکە گوایە جارێك یەکێ لەوانە لە دادە یاسەمەن–ی کارەکەری سەید حەسەن خانی پرسی بوو، ئەویش لەڕقانا وەڵامی دابووەوە: (بەڵێ سەید حەسەن خان لەوەتەی ژنەکەی مردووە بەردەوام لە ماڵەوە خەریکی نوێژ و ڕۆژووە بۆ ژنەکەی.) ئیدی لەو ڕۆژەوە لە گەڕەکدا هێندەیان شاخ و باڵ لەم قسەیە نابوو کە سەید حەسەن خان لەبەر چاوی خەڵکی گەڕەك بوو بوو بە ئیمامزادە. بێوەژنان و قەیرەکیژان بەغیلیان بە ئەمەکداری ئەو دەبرد و خۆزیان دەخواست کە بیبینن. بەڵام سەید حەسەن خان بۆ جارێك پێی لە ماڵ دێنایە دەرێ؟
بە پێچەوانەی قسەی دادە یاسەمەن – وە سەید حەسەن خان لە ماڵی خۆیدا هەرگیز خەریکی نوێژ و ڕۆژوو نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو سۆفییەکی سست باوەڕو بێ ئیمان بوو. کە رقی زۆری لەو شتانە بوو. ئەم بنیادەمە لە دنیاو مرۆڤانی دنیاو مەزەبانی دنیا تۆرابوو پەنای وەبەر چواردیواری ماڵەکەی خۆی بردبوو. لەو ڕۆژەوە کە سودابە مردبوو، لێبڕابوو کە دەستبەرداری هەموو پێوەندی و ئارەزووەکانی خۆی بێ و خوو نەداتە هیچ شتێك و هۆگری چ شتێك نەبێ.
هەربۆیە کە هیشتا هەفتەی ژنەکەی نەچوو بوو کەناری یە هۆڵەندییە جوانەکانی کە هەر یەکێکیانی بەخوێنی جگەر پەیداکردبوو، و جووجکی لێ گرتبوونەوە، لە قەفەز ئازادکرد.
ئەم ڕۆژەش لە بیرەوەری ژیانی ئەودا غەمگین و زندوو بوو. کاتێ یەك یەك فڕاندنی دڵی گوشراو گریان بینی گرت.

لێوی دەگوشین و هەوڵی دەدا گریانەکەی بخواتەوە. کە سودابەی بیردەکەوتەوە چەندی خۆش دەویستن، گڕ بەر دەبووە دڵی. بەڵام کەنارییەکان چونکە لە هەوەڵەوە لە گەڵ قەفەزدا راهاتبوون و فێرنەبوون بە ئازادی بفڕن، بە چەند بازێك خۆیان گەیاندە سەر گیایە وشکەکانی پەرژینی باخەکەو بەسەرسامی و ترسەوە سەریان بەم لاو بەولادا دەسوڕاندو جیکەجیکیان دەکرد.سەید حەسەن خان بەزەیی بە ئاوارەیی و دەربەدەرییان هاتەوە و لە کارەکەی خۆی ژێوان بووەوە. حەزی دەکرد گەر بکرابوایە بیانگێڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکە بانگی کردن، بەڵام ئەوان بە هەمان دەقەوە بە نابەڵەدی لەسەر پەرژینی باخەکە نیشتبوونەوە، سەریان لە ژینگەی نا ئاشنای خۆیان سوڕ مابوو. سەید حەسەن هەستی دەکرد کە هێشتا لە چوارچێوە و قەڵەمڕەوی خۆشەویستی و مەحەبەتی ئەودان. بەڵام لە خۆشەویستی دووبارەی خۆی ناڕەحەت بوو و دارەشەقەکەی لێ ڕاوە شاندن و کشەی لێکردن.

کەنارییەکان بەترسەوە هەریەکەیان بۆ گۆشەیەك فڕی. بەفڕینیان دڵی ئارام بوو. چونکە ئیدی نەمابوون تا خەفەتیان بۆ بخوات. تەنیا قەفەزە بەتاڵەکانیان مابوو کە بەقولابەوە هەڵواسرابوون و وەکو جەستەی مردووانی لە قەناره دروای تازە گیان دەرچوو تەکانی دەدا. ئەو رۆژگارە سەید حەسەن خان گەنج بوو و لەمێژ نەبوو کە بەلاقی بڕاوەوە لە هیندوستان گەڕابووەوە.

بەڵام راسو، دێڵە سەگێك بوو لە توخمی(سەتر)ی هۆڵەندی کە دوو ساڵ بەر لەمە، کاتێ هێشتا چاوانی نەتروکا بوون، خۆبەخۆ داخڵی ژیانی ئەو بووبوو. سەید حەسەن خان کە تا ئەو رۆژە هەوڵی دا بوو کە لە هۆگری و پەیوەندی خۆی کەم بکاتەوە–نەك زیادی بکات–کاتێ راسوی لە کونی ئاوەڕۆی باخەکەدا بە چاو نەتررووکاوی و نووزەنووزەوە بینی کە سەری لەرزۆکی بەم لاو بەولادا دەبرد و لمۆزی تەڕی بەعاردی دا دەسوو، نەیتوانی فەرامۆشی بکات و تێپەڕێ.

لەو رۆژە بەدواوە بەدەستی خۆی شیری دایێ و پێی وابوو کە کەمێك خۆی بگرێ ئیدی دەتوانی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. بەڵام بەرە بەرە کار گەییە جێیەك کەنەك هەر دەری نەکرد. بەڵکو بەجۆرێ خوی پێوەگرت و هۆگری بوو کە پێی ئەستەم بوو لێی جیابێتەوە. بۆیە لە ماڵەوە رایگرت.

راسو وەکو کەناری نەبوو کە کاتێ ئاو و دانی دەدانێ بەبێ مانا و گەوجانە بەدەوری خۆیاندا بسووڕێنەوەو نمەك حەرامانە پەڕو باڵی خۆیان لە فینجانەکەدا بشۆن و مرۆڤ تووڕە بکەن و فڕکە فڕکە بەم لاو بەولادا بکەن و ئاو بەرە و ئەو بپرژێنن. راسو هەر هەڵسوکەوتێکی دەکرد مانادار و دڵگیربوو. راسو لە مرۆڤێك باشتر هەستی بەرەنج و شادی و ترس دەکرد. بەرانبەر بە پێشهات و ڕووداوەکان بێ موبالات و خەمسارد بوو. هیچ کاتێك وەکو مرۆڤان کاردانەوەی نەدەنواند. ئەتوارو رەفتاری بنیادەمانی نەبوو.خۆی بوو. سەگ بوو. ئەگەر جارێ سەید حەسەن خان لێی تووڕەبوایە و لەخۆی دووری بخستایەوە، پاشان ژێوان دەبووەوە و نازی دەکێشا. ئەویش بێ گلەیی و نازونووز دەچووە لای و دەستی دەلستەوە و مەرایی دەکرد. ئیدی خەیاڵی لە کۆڵ کردنەوەی راسو بۆ ئەو لە هەموو شتێ ناخۆشتر بوو. چونکە وەکو چۆن ئالوودەی تلیاك بووبوو، ئاواش خووی بە راسووە گرتبوو. تاقە سەرچاوەی دڵخۆشی سەید حەسەن خان هەر ئەو بوو.

راسو هاوبەشی تەنیایی و خەمی ئەو بوو. رۆژ دەبووەوە کە سەید حەسەن خان کاتێ سەرگەرمی ئامادەکردنی تلیاك دەبوو، یان عارەقی دەکردە خەمری یەوە، یان سیغاری رەشتی دەپێچایەوە، دەردە دڵی بۆ راسو دەکرد و سەر بوری ژیانی پڕ مەینەتی خۆی کە بۆ چ کەسێکی نەگێڕابووەوە، بە ئاوو تاوێکی تایبەتی یەوە بۆ ئەو دەگێڕایەوە. راسوش چاوانی رەشی وەکو چاوی ئاسکی دەبڕییە دەموچاوی ئەو و هەرچی نیرو و هێزی پەنهانی خۆی هەیە بەکاری دەبرد تا خۆی بەشەریکی تەنیایی و خەمی ئەو نیشان بدات. ئەو جووتە بوونبوون

بەدۆستی یەکدی.
چەند جارێك چاوانی تترووکاند. رووناکییەکی کاڵ لەپشت شووشە رەنگاو رەنگەکانی دەرگاکەوە دابووی لە ژوورەوە، ئالکاوی چاوانی بوو. دیسانەوە بەگرژی و بێتاقەتی چەند جارێکی دی چاوانی تترووکاندو ئەنجام بڕینییە میچەکەو لەسەر وێنەی گوڵ ئەندام بۆ ساتێك بەماتی روانی یە ئەو وێنەیە. پاشان دووبارە روانییە دیوارەکەی بەرانبەری خۆی.
بەڵام لە سەر دیوارەکەش بۆ ساتێك وێنەی گوڵەندام–بەهەمان شێوە کە لە میچەکەدا وێنەکێشرابوو لێ کاڵتر–لە بەردەمیا بەرجەستەبوو. چەند جارێکی دی چاوانی خۆی نووقاندن و کردنی یەوە. وێنەکە رۆیی بوو" تەنیا چوارچێوە ڕەشەکەی لەزەین و هزریدا دەجووڵا.
دیسان روانییە وێنەی بن میچەکە. بۆ تاقیکردنەوە خێراو بە دزییەوە و مناڵانە چاوانی بڕییە دیوارەکە. بەڵام دیسان وێنەکەی گوڵەندام لە دیوارەکە کەوتبوو. دەیڕوانییە هەر شوێنێکی دیوارەکە، وێنەکەش دەچووە ئەو شوێنە. تا بەرە بەرە یەکەم خودی گوڵەندام و پاشان چوارچێوەی وێنەکەی لەبەر چاوی سڕایەوە.
کە نیگای کەوتە سەر سەعاتی قەد دیواری شانشینەکە، وێنەکەی گوڵەندامی فەرامۆش کرد. چواردە ساڵ بوو کەس ئەم سەعاتەی کۆك نەکردبوو. لە هەموو ئەم ماوەیەدا میلـلەکانی لەسەر چوارو سێ دقیقە وەستا بوون. وەك ئەوەی بە درێژایی ئەم چواردە ساڵە ژیانی ئەو لە جێی خۆی وەستابووبێ و جوڵەی نەکرد بێ. چواردە ساڵی تەواو ژیانی پڕ مەینەت و یەکنەوای ئەو لەسەر سەعات چوارو سێ دەقیقە مابووەوە.
ئەم چوارو سێ دەقیقەیە کە شایەتی عومرێك لە ژیانی تاریك و پڕ خەمی ئەو بوو لە جێی خۆی نەدە جوڵا و نەدە جوڵا.
عادەتی وابوو هەر بەیانییەك کە لە خەو ڕادە بوو لەنێوان هەموو نەخش و نیگارەکانی بن میچەکەدا بڕوانێتە وێنەکەی گوڵەندام و پاشان رووەو دیوارە سپییەکەی وێنەکە نیگای وەرگێڕێ و رۆژانە ئەم گەمەیە دووبارە بکاتەوە.
گوڵەندام بە بن میچەکەوە، کیژێکی لەچك بە سەری نەرم و نۆڵی لێو قرمزی بوو کە کراسێکی ئەتڵەس و تەنوورەیەکی کورتی سپی فشی لەبەر بوو، مانگایەکی مۆنی لەخۆی گەورەتری، کە زمانی لەلایەکی دەمییەوە هاتبوە دەرێ، دابوو بە شانیداو لەسەر دوا پلیکانەی تەلارێك وەستا بوو و بەچاوانی بێ حاڵی دەیڕوانییە بەردەم. لەپشت گوڵەندام – وە، وێڕای ئەوەی لەهەردوو لایەوە پەردەیەکی مەخمەڵی شەرابی بەگێز و گوڵینگەی قەلایی هەڵوا سرابوو، چیایەکیش لەوێندەر قوت بوو بووەوە کە لەپشت ئەوەوە لەسەر چیایەکی دی سەروکەللەی راوچی یەك بە سمێڵی بابڕو زوڵفی کلکە سۆنە ئاساو چاوانی درشتی بێ بژۆڵەوە پەیدابوو کە وێستابوو، قامکی تەپاند بووە نێو زارییەوە. ئەم راوچییەی کە لەپشت چیایەکەوە وێستابوو لە خودی گوڵەندام و تەنانەت لە مانگاکەشی گەورەتر بوو، زۆر بەوردی دەموچاوی وێنەکێشرابوو. قامچییەك و شێرێك و دوو کارمامزو کەروێشکێك، بە تێکەڵ و پێکەڵی لە تەنیشت راوچییەکەوەبوون کە لەبەر تەنگەبەری جێگەکە کەروێشکەکە لەژێر دەست و پێی شێرەکە نووستبوو، هەڵبەتە یارۆی ڕاوچی گوێی نەدەدانێ.
ئەمڕۆش سەید حەسەن خان وەکو هەموو رۆژێك لە وێنەکەی گوڵەندام ڕاما و وەکو هەمیشە بە دەست لێنەدراوی بینی. وردە وردە تەماشای وێنەێن شکاری مراوی لە ئاوا و مەلیکەی چین و دەریاچە و کەشتی و خەیام و ماشوقەی شەراب بە دەست و حەزرەتی ئیسماعیل و مەڕی قوربانی و زوهاك و مارەکانی سەرشانی و شێخی سەنعان و کچۆڵەی گاور و وێنەی لاوێکی قۆز کە گوڵەباخی پێشکەش بە دەنکەکەی دەکرد.

هەر یەکێك لەوانە بیرەوەرییەکی لەلای هەبوو" بەڵام وێنەی گوڵەندام شتێکی دی بوو.
سودابە هیچ یەکێك لەوانەی بەقەد وێنەکەی گوڵەندام خۆشنەدەویست. کاتێ کە زندوو بوو، بەیانیان کە لەهەمان ژوورا بێدار دەبوونەوە، سودابە سەبارەت بەیەك بەیەکی نەخش و نیگارەکان پرسیاری لێدەکرد و پێکەوە پێدەکەنین و شۆخییان دەکرد. بەڵام سودابە کە هەر سێزدە ساڵان دەبوو، زۆری حەز لە چیرۆکی گوڵەندام دەکرد و هەر ڕۆژەی شتێکی تازەی سەبارەت بەو لەمێردەکەی دەپرسی.
-((ئەگەر منیش هەموو ڕۆژێك گوێرەکەیەك بخەمە سەر شانم و لە قاڵدەرمەکانەوە بۆ سەربان سەربکەوم، پاشان کە گوێرەکەکە بوو بە مانگا دەتوانم هەڵیگرم؟ چۆنە ئەو شێرە هەقی بەسەر کەروێشکەکە و کارمامزەکانەوە نییە؟ ئەو پیاوە مەگەر تفەنگی لە شان نییە، چۆنە ئەو شێرە ناکوژێت؟ ئەو کارمامزانە دایك و باوکیان نییە؟))
سەید حەسەن خان هەندێ جار نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، بۆیە ئاوڕی دەدایەوە لە دەموچاوی مناڵکارانەی ژنەکەی ڕادەماو پاشان پێدەکەنی و چاڵی ڕوومەتی ماچ دەکرد.
ئێستاش بەیادی ڕابردوو دەیڕوانییە وێنەکەی گوڵەندام و ژیانی ڕابردوویی خۆی لەبەر چاو بەرجەستە دەبوو. لەبەر خۆیەوە خەیاڵی کردەوە
-(سودابە چەنێ تەماشای ئەم ڕەسمانەی کرد نەیتوانی یەك تۆزقاڵ لە نیگای خۆی بۆ سێبووری دڵی من لەوێ بەجێ بێڵێ. نەهۆ ئەو بووە بە خۆڵ و ئەمانە بەدەقی خۆیانەوە لە شوێنی خۆیانن. هەی تف لەم دنیایە.)
ئەم خەیاڵە نوکی کەپووی توزانەوە. بەئەسپایی و بەپارێزێکی باوکانەوە، وەك ئەوەی بیەوێ نازی سودابە بکێشێت یان لە خەو بێداری بکاتەوە چپەچپێکی کرد.
-(ڕاسو گیان بێداری؟)
ڕاسو ماوەیەك بەر لەو بێدار بوو. ئەویش لەسەر دۆشەکەڵەکەی خۆی لەخوار پێی ئەوەوە لەناو ژوورەکە خۆی لوول کردبوو و نیوەی ژێرملە سپییەکەی هێنابووە دەرێ و خۆی کردبووە خەو، بوونی سەید حەسەن خان لەناو ژوورەکە بۆ ڕاسو مایەی ئاسوودەیی و ئارامی بوو. ئەو زۆر باش دەیزانی کە بوونەوەرێکی دیکەش لە ژوورەوەیەو لەسەر تەختەکە نووستووە. دەنگی هەناسەی دەژنەوت و هەستی دەکرد پێویستی بە نەوازشی ئەو هەیە. حەزی دەکرد بۆنی گەرم و زیندووی دەستی ئەو کە بۆنێکی جیاواز لە بۆنی خواردەمەنی بوو، بەڵام لەزەتێکی وەکو لەزەتی خواردەمەنی هەبوو، لە نزیکەوە بکات. ئەم بۆنەش ئەوی بەجۆرێکی دی تێردەکرد.
لە هەمان کاتدا کە سەید حەسەن خان دەیڕوانییە وێنەکەی گوڵەندام و بیری لە سودابە دەکردەوە، ڕاسو بەدەم چاوەڕوانی ژنەوتنی دەنگی پڕ مەحەبەت و گوێنەوازی ئەوەوە چاوانی دەترووکاندو سەراپای بوو بوو بەگوێ. بەتیلەی چاو دەیڕوانییە تەختەکەو چاوە -ڕوان بوو کە بانگی بکات. بۆیە هەر کە گوێی لەناوی خۆی بوو، بە بازێك لەسەر دۆشەکەڵەکەی ڕابوو و هاتە سەر فەرشەکە. هەوەڵجار کێشمانی خۆی دا" گوشارێکی خستە سەردوو دەستە درێژەکەی خۆی و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت، پاشان لاقەکانیشی درێژکرد و باوێشکێکی داو دەنگێکی ناسك لە بنی گەروویەوە دەرهات. ئەوجا زمانێکی بەدەم و قەپۆزیدا هێناو یەکسەر چووە لای تەختەکەوە و سەری بۆ نەوازشی دەستەکانی ئەو خستە سەر دۆشەکەکە و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت.
سەید حەسەن خان دەستە سڕو بێ هەستەکانی، کە قامکەکانی بەزەحمەت دەنووشتانەوە، خستنە سەر سەری ئەو نەوازشی کرد. کە دەستی بەر قەپۆزە تەڕو ساردەکەی کەوت حەزێکی توند-وەکو حەزێکی شەهوانی- لە گیانیا بێدار بووەوە. چاوەکانی کە هێشتا ڕوو لە میچەکە و لەسەر وێنەکەی گوڵەندام گیرسابووە، بە ئەسپایی و بە لەزەتەوە لێکنان.

یەکسەر بەدەنی لاوازی سودابە لەبەر چاوی بەرجەستەبوو. عەینەن وەکو چۆن هەمیشە لەناو جێگەدا دیتبووی لێ دەستەکانی بەدەر لەویستی خۆی وەکو عادەتێك، یان وەکو کاردانەوەیەك بەرەو لمۆزی راسو دەکشان. دەستی پێدا دێنا، دەیگوشی و قامکەکانی دەبردنە بەر کونی کەپوی و هەستی بە هەناسەو نەفەسی گەرم و تەڕی ئەو دەکرد. کوڵکە نەرم و مەخمەلییەکەی نەوازش دەکرد. راسوش لێوە گۆشتنەکانی بێ چ شەرم و نازێك خستبووە بەختی نەوازشەکەی ئەوەوە. پاشان وەکو ئەوەی رازی نەبووبێ لمۆزی بەرداو بەپەلە گوێی گرت. ژێر بناگوێی کرکراگەیەکی بچکۆلەی دەرپۆقیو بوو کە لە ژێر دەستیان دەخزی. هەمیشە لەزەتی لە گەمەکردن بەم کرکراگەیە دەبرد. هەرکە دەیدۆزییەوە راسو لیکاوەکەی زاری قورت دەدایەوە و بەکەیف و شادییەوە کلکی بە فەرشەکەدا دەدا.

-((لاسی گیان، لوسی گیانی من، شەگ شەگی من، تۆ شەگی یان بنیادەمی. ئەگەر بنیادەم بوایەی هەرگیز لێرە جێت نەدە بووەوە... دەزانم برسیتە. ئەی دەڵە سیاسەگ. بێ تاقەت بووی حەیوان؟ نووکە هەڵدەستم. قاوەڵتی یەك دەخۆین، تلیاك دەکێشین" راوت دەنەم...))

ئەم قسانەی بە دەم چاوی نوقاوەوە دەکردو هەنکەهانکی دەکرد. لەگەڵ هەر رستەیەك دا کەدەیگوت دەستی یەك هەوا بەسەر لمۆزو گوێچکەی راسودا دێنا. دڵی ترپە ترپی دەکرد.

(ئامان لە دەست ئەم دڵە. دەڵێی رۆژ بە رۆژ خراتر دەبێ. کاتێکت زانی وەستا. یانی ئەو رۆژە دێ؟)

بە خەیاڵ ئەوانەی وێناکرد، پاشان گوێی راسوی بەرەڵڵا کرد. بۆساتێك دەستی بەقەد تەختەکەوە شۆڕ بوەوە و خۆیشی ماوەیەك لەناو جێگەکەدا بەبێ جوڵە مایەوە.

پاشان بە ئەسپایی بە کۆمەکی هەردوو دەستی لەسەر تەختەکە دانیشت. کەمەری سڕبوو، ماندویەتییەکی ئازاراوی ئەزیەتی دەدا. کە دانیشت ماوەیەك سەبری کرد" ئەوسا جوڵاو لەقەراخی تەختەکە رۆنیشت. پێی ڕاستی گەییە عاردی. ڕانە بڕاوەکەی لە ژێر پانتۆڵە سپییەکەوە پەنهان بوو، ئەوەی کە لە ڕانی مابووەوە بە ئاسۆیی لەقەراخ تەختەکەدا جێگیربوو. دەلنگی پانتۆڵە چرچ و لۆچەکەی لەسەر عاردی ژوورەکە و لەپاڵ لاقی راستیدا کەوتبوو.

دەلنگی پانتۆڵەکەی بەدەست بەرزکردەوە و لە خوارەوە دەستی بە پێچانەوەی کرد. ماوەیەك پێچایەوە و ئەوجا وازی هێنا. چ شتێك لەڕانە بڕاوەکەی بەدیار نەکەوت. پاشان بە کۆمەکی دوو دار شەقە قاوەییەکەی کە چەرمی سەر تۆپەوانەکانی بن باڵی شەق شەق بوو بوو، لەسەر تەختی نووستنەکەی دانرا بوون، هەستاو لە جێی خۆی وەستا. ئەم جووتە دار شەقەیان لەگەڵ لاقێکی تەختەییدا کە پێڵاوێکی زەردی ئامال نارنجی لە پێدابوو" لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبایدا کاتێ کە لاقیان بڕی بووەوە، پێ دابوو، بەڵام ئەو لاقە هێشتا هەر نوێ بوو، لەنێو کیفەکەی خۆیدا لە سووچێکی عەماردا کەوتبوو. تەنیا یەکجار، ئەویش لە رۆژی زەماوەندەکەیدا لەگەڵ سودابە، لە لاقی بەستبوو.

لەسەر لاقی راستی وەستاو بە دوو دار شەقەکەی هاوسەنگی خۆی راگرت. باڵایەکی بەرزو دوو شانی هەڵتۆقیوو ملێکی خوزی هەبوو. گرژییەکی هەمیشەیی لە روو، چارەیدا قاڵبی گرتبوو. سیمایەکی گریە ئامێزی هەبوو. گۆشەی چەپی لێوی شۆڕ بوو بووەوە- وەکو ئەوەی بخوازێ بگری. لاقی وشك و بێ گیان بوو. خۆی دا بەسەر هەردوو دار شەقەکەیداو سینگی پێی راستی نایە عاردی و هەستاو کەوتەڕێ. هەموو هێزی خۆی لەم ڕێکرنە ناسروشتییەدا بەکاردەبرد.

ئەم مرۆڤە نوقستانو و زەبوونەش وەکو هەموو تیرەی بەشەر لە هەنبەر پێداویستییە سروشتییەکانی خۆیدا

زەبوون و بێچارە بوو. ئەویش ناچار بوو لە بارتاقای چەند پارووە خۆراکێکدا کە دەیخوارد چەندین وەخت لەناو ئاودەستخانەی بۆگەن و قەور ئاسای ماڵەکەی خۆیدا دانیشێت و بۆنی بۆگەنی هەڵمژێ. مەجبوور بوو کە بەکۆمەکی ئەو دارشەقە کورتەی کە هەمیشە لە سووچی ئاودەستەکەدا هەڵی پەساردبوو، لەسەر یەك لاق دانیشێت و بەبێ تاقەتی و لارەخواری بنووشتێتەوە و دابنیشێت و بە هەناسە بڕکێ ئەوەی کە بەلەزەت و تامەزرۆییەوە خواردبووی بە ناچاری دەری بداتەوە. ئەمە لەو کۆتانەبوو کە ئەوی لەلای خۆی بچووك دەکردەوە.
بەڵام لێرەدا، لەناو گەلیی ئاودەستی ماڵەکەیدا مشکێکی گەورەی ئامال زەرد هەبوو بەچاوانی کارەبا ئاساو لمۆز و سمێڵی درێژەوە، کە ساڵانێك بوو لەوێدا دەی بینی. ئەم مشکە مژوولی دەکرد. بەڵام حەزی لەم سەربارە بە تۆبزییە نەدەکرد. رۆژێك هات بە خەیاڵیدا کە مەرگە مووشی بداتێ. بەڵام وای بەبیرا هات کە دەبێ هەوەڵجار خۆی بیخوات تا بتوانێ مشکەکە ژەهر خوراودوو بکات. بەم بیرە مەخسەرەیەی خۆی پێکەنی بوو.
دەیبینی کە بەدزییەوە و بەترسەوە لمۆزە درێژەکەی لە پیساییەکەی ئەو دەژەندو بەسیمای تەخسیرکارو گەدا ئاساوە لێی دەخوارد و سمێڵی دەجووڵاند. ترس لە بوونی گیانلەبەرێکی دی کە لە خۆی گەورەتر بوو، وای لێدەکرد کە پەیتا پەیتا بەدزییەوە سەیری سەید حەسەن خان بکات، وەکو ئەوەی تاوانێکی کردبێ.
ئەمیش گووراوو خەلقەندەیەك بوو کە دروست وەکو مرۆڤ بە ترس و لەرزەوە لە خوانی نیعمەتی بێ دریغی پەروەردگاری خۆی دەلەوەڕی. بەڵام ئەو وەکو بنیادەم رازیقی خۆی نەدەناسی و سوپاس و ستایشی نەدەکرد. لەوەیە بەلای کەمەوە لەم رووەوە لە بنیادەم بەختەوەرتر بووبێ. ئەم مشکە بێزەوەرە بۆ وەدەست هێنانی رزق و رۆزی خۆی کاریشی نەدەکرد. مێملێ بوو" بەڵام پارەیەکیشی نەبوو کە هەقەکەی بدات. ئەم مشکە بە سەعاتان لە کونی پشتەوەی گەلیی ئاودەستەکەدا وەنەوزی دەداو بێچووەکانی خۆی دەلستەوە و هەموو رۆژێك لە کاتی خۆیدا رزقەکەی لە قولی مشتی دا بوو. سەید حەسەن خان بە قێزو بێزو مۆنییەوە لێی دەڕوانی و خەفەتی بۆ دەخوارد ولە دڵی خۆیدا شەرمی لێ دەکرد. لێ مشکەکە هەرگیز ئاگای و لە هزرو بیرو میهرو دڵسۆزییەکانی سەید حەسەن خان نەبوو. بەڵکو لەزەت و ئیشتیا ورگی لەوەی کە پێی دەگەیی پڕدەکرد.
کاتێ کە گەڕایەوە ژوورێ، تازە هەتاو لە شووشە رەنگاوڕەنگەکانی دەرگاکەوە لە فەرشەکەی دابوو و نەخشە کاڵەوەبووەکانی نواندبووە وە. لە شانشینەکەدا سفرەی قاوەڵتی و مەقلی و وافور ئامادە بوو. جووتێ قۆری پیرۆزەیی رەنگ، وەکو دوو کیژی جمکانە لە نێوی مەقلییەکی جەوجۆش بەپاڵ یەکەوە دانرا بوون. سینییەکی گەورە کە دوو جۆرە مرەباو نانە چەورە و کەرە و پەنیری تێدا بوو، لە پاڵ مەقلییەکەو لەسەر سفرە چەرمییەکە بەر چاودەکەوت. لەناو سینییەکی دی، وافورێکی درێژ کە لە کیسەیەکی گرانبەهادا پێچرابووەوە و یەك بن پیاڵەی تەژی تلیاك کەهەر هەمووی بە یەك ئەندازە خڕ کرابوو، لەگەڵ چادانێکی زومڕودی لەپاڵ مەقلییەکە دانرابوو. ئەمانە هەمووی دادە یاسەمەن پاك و تەمیز ئامادەی کرد بوون و ئەمە کاری هەموو رۆژێکی بوو.
دادە یاسەمەن زۆر خەمی سەید حەسەن خانی دەخوارد. کاتێ کە سەید حەسەن خان هاتە ژوورەوە، راسو لە ناوەندی ئوروسییەکەدا لەبەر تیشکە میناتۆرییەکانی شووشە رەنگاورەنگەکاندا پاڵ کەوتبوو و خەریك بوو خۆی دەلستەوە، لێ هەرکە سەید حەسەن خان لەپشت کەرەستەی وافورەکەوە دانیشت، راسوش وەك ئەوەی ماوەیەك بێ چاوەنۆڕی ئەو بێ، هەستاو کێشمانێکی خۆی داو چووە نزیکی مەقلی یەکە" و لە دوورییەکی کەمەوە کە بەباشی هەستی بەگەرمی ئاگرەکە دەکرد راکشاو دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژکردو تێکی ئالاندن و بەگەردنی قووت و گوێچکەی رەپەوە دەیڕوانییە مەقلییەکە. وێنەی دوو قۆرییە پیرۆزەییەکە و پشکۆ ئاگرەکان لە چاوانیدا رەنگیان دابووەوە.

سەید حەسەن خان بەهێمنی قامکە باریکە جومگە دەرپۆقیوە زەردەکانی دایە بەر ئاگرەکەو پاشان دەستەکانی هەڵگلۆفین. کە گەرمی ئاگرەکە گەییە دەموچاوی هەستی بەگەرم و گوڕییەکی خۆش و بەلەزەت کرد. ئەو لە کارەکەی خۆیدا چ پەلەیەکی نەبوو. دەیویست بە ئاسودەیی و دڵی رەحەت کارەکەی ئەنجامبدات، و دڵنیا بوو کە چ کەسێك نییە لە کارەکەی بکات. تۆزێ کەرەی خستە سەر دوو تێکە نان و نایە بەر راسو و گوتی: ((بخۆ بەستەزمان)).

راسوش نانەکانی یەك یەك لەنێو قاپەکە بەدەم هەڵگرت و نایە نێو هەردوو دەستییەوە و بە نەزاکەتێکی خانمانەوە خرچ خرچ کەوتە خواردنی.

راسو فێرە دووکەڵی تلیاك بوو، لەبەر ئەمەیە جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ حەیواناتی دیکە هەبوو. چونکە یەك پێداویستی ئینسانی زیاتر، لەوانی دی هەبوو. هەر ئەم پێداویستییە زیادەیە ئەوی لە مرۆڤ زۆر نزیك کردبووەوە. دوکەڵی تلیاك بۆ ئەو پێداویستییەك بوو کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مێشکی هەبوو و بوو بوو بەسەر باری پێداویستییەکانی دیکەی. کاتێ لە دووکەڵی تلیاك سەرمەست دەبوو، هەرچی پێویستی تری هەبوو لە یادی دەچوو. بە جۆرێ گیرۆدەی ئەم کەیف و خۆشییە بوو بوو کە نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێ خۆی لەبەری بگرێ. ئەگەر کەیفەکەی تۆزێ درەنگ بکەوتایە، بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ چییەتی و دەبێ چ کارێك بکات تا ئاسودە ببێ، مردوو ئاسا لەسەر عاردی دەکەوت و بەتووڕەیی چاوانی دەترووکاندو کلکی بە فەرشە کەدا دەکوتاو زمانە سمارتە ئاساکەی بەدەوری کەپوویدا وەردەچەرخان و هەندێ جار حاڵی تێك دەچوو و هێڵنجی دەداو وشکەکۆکەی دەکرد.

کە بۆنی تلیاك هەستا راسو خۆبەخۆ لەسەر لا پاڵکەوت و دەست و لاقەکانی درێژکرد و لێی راکشا. هەستی بە قورسی و فێنکی دووکەڵ لەسەر کەپوە تەڕەکەی کرد بوو. چاوانی نووقاندو چەند جارێك زمانە ئامال سوورەکەی دەرێنا و دووکەڵەکەی هەڵمژی. بێهوشی و لەزەتێکی شیرینی لە خۆیدا بینی، لەزەتێ کە بەلایەوە لە خواردن خۆشتر بوو. سەید حەسەن خان لەزەتی لە کەیف و زەوقی ئەو دەبینی و بەردەوام دوکەڵەکەی بۆ لای ئەو دەناردو زۆری حەز لەم هاومەقلییە بێ وەیە دەکرد. راسوش بە نەفەسێن قووڵ دووکەڵەکانی هەڵدەمژی و گوێی بۆ دەنگی ئاشنای جزە جزی تلیاکەکە رادەدێراو هەر دوکەڵێکی تازە بەلایدا دەڕۆیی هەڵیدەمژی.

کەیف و لەزەتی تلیاك سەید حەسەن خان-ی دەبردە دنیایەکی دیکەوە، هەمەجۆرییەکی بەژیانی یەك ریتم و یەك دەست و یەك نەوای ئەو دەبەخش، ئەو جۆرە ژیانە تاریك و ئاڵۆزو پەنامەکییەی بڕینی وەکو رێکردنێکی دوور و درێژی ناو زەلکاوێك بوو کە تا ناقرگەی پیاو مارمێلکەو قورباغەو ماری ئاوی بێ.

سەید حەسەن خان دوا کەسی ماڵباتێکی گەروە بوو کە بەمردنی ئەو ئیدی کەس لەو ماڵباتە نەدەماو خانەوادەکە دەبڕایەوە.

ساڵی تاعوونێك کە خۆی لە هندوستان بوو، تاعوون گسکی لە ماڵیان داو هەر کەسێکی تێدابوو کوشتی. پاش چەند ساڵێك کە گەڕایەوە، سەیری کرد ماڵ چۆڵ و هۆڵە، تەنیا دادە یاسەمەن بوو کە بە لەقەلەق بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. هێشتا جل و بەرگی خوشك و براکانی لە گەنجینەکەدا لەناو یەغدانەکاندا تەپێنرا بوونە سەریەك. هێشتا ئەو قالیچە وێنەدارەی کە خوشکەکەی دایمەزراندبوو بە نیوەچڵی بەدارەوە هەڵواسرابوو.

تا لەگەڵ سودابەدا زەماوەنی نەکردبوو وەکو شێتان وابوو. لێ ئەشقی سودابە ژیانی گۆڕی و پەیوەندی دەگەڵ ژیاندا تازەکردەوە. خۆشەویستی سودابە داغی گەورەی ماڵباتەکەیانی لە دڵ لابرد. بەڵام هێشتا سێ مانگ نەبووری بوو کە سودابە وەناقی گرت و مردو هەموو دڵی داغ کرد.

ئەم کۆستە سەید حەسەن خانی تەواو پەرێشان کرد. مەرگی سودابە کە بە بەرچاوی خۆیەوە رووی دابوو و بە دەستەکانی خۆی چاوەکانی لێك نابوو، دڵی تۆران و ناچار بۆ فەرامۆشکردنی ئەم مسیبەتە دەستەو دامێنی تلیاك و عەرەق کەوت. هەرچەندە دڵی گەلەك لاواز بوو و ئەم دوو شتەش بۆ ئەو وەکو ژار بوون لێ تلیاك و عەرەق مژولیان دەکرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە بێدار بوایە کەیفی تلیاك لە نێوان بێهوشی و بێداریدا رای دەگرت. هەمووشتێکی دەبینی لێ هەستی بەهیچ نەدەکرد لەو کاتانەدا تەنانەت سەبارەت بەراسو – ش هەر خەمسارد دەبوو. کاتێ کە وافورەکەی لە عاردی دادەناو پاڵی بە سەرینەکەیەوە دەدا، بەدەنی لە بێهەستیدا وەکو ئەوە وابوو کە سالانێك بێ لەژێر گوشاری بەردا مابێتەوە و توانای جوڵەی نەبوو. هەندێ جار هێندەی تلیاك دەکێشا کە بە درێژایی رۆژەکە وەکو مردوو لە نێو عوروسی یەکەدا دەکەوت.

کە دادە یاسەمەن بۆ کۆکردنەوەی تفاقی چایەکە وەژوور کەوت، ژوورەکە یەکپارچە دووکەڵ بوو. سەید حەسەن خان لە نێو شانشینەکەدا، لەسەر دۆشەکەڵەکەی پاڵی بە پشتییەکەوە دابوو چاوانی وەکو چاوانی نەخۆشێکی گیان بەسەر، کرابووەوە بە تاق و جووت کەوتبوو و توانای جووڵەی نەبوو. وەکو ئەوە وابوو کە ماوەیەك بێ مرد بێ، دەستەکانی لەژێریدا رەق بوو بوو. دەموچاوی ڕەنگی مۆمی گرتبوو. راسو–ش لە بەرانبەری، وەکو ئەوە بوو تۆپی بێ وشك بوو بێ، هەر چوارپەلی لێ راکێشا بوو، بە تەنیشت دا خەوتبوو، جووڵەی نەدەکرد. وا دەهاتە بەرچاو کە شتاقیان زندوو نەبێ.

لێ هەردوکیان زندوو بوون و سەید حەسەن خان هەمووشتێکی دەبینی. بەلام توانای ئەوەی نەبوو تەنانەت بەویستی خۆی پێڵووی چاوەکانیشی بجووڵێنێ. هەندێ جار کە پێڵووەکانی دادەهاتنەوەو چاوانی وەکو چاوانی مردوو بە نیوەکراوەیی دەمایەوە توانای هەڵبڕینیانی نەبوو.

مێشکی ئاوسابوو، لەناوەوە گوشاری بۆ دیواری کاسە سەری دێنا. بەدەنی مێروولەی دەکرد. توانای هیچ کارو هیچ خەیاڵێکی نەمابوو. راسو – ش بەهەمان شێوە لەسەر لا پاڵ کەوتبوو، جارجاریش بە چاوانی نوقاو و سیمای خەواڵووەوە، زمانێکی بە دەمولموزی خۆیدا دێنا و لیکاوەکەی دەمی قووت دەدایەوە و سووکە ئاهێکی دەنگداری هەڵدەکێشا.

دادە یاسەمەن چاوی بە راسودا هەڵنەدەهات و گەر بیتوانایە بە دەستی خۆی خەفەی دەکرد. چونکە دەیبینی هەرچی زەحمەتێك کە ئەو دەیکێشا، ئاسودەییەکەی راسو دەیبرد. هەر پارچە گۆشتێك لەسەر سفرەکە مابایەوە هی راسو بوو. کوێ زۆر رەحەت و ئاسوودە بوو راسو لەوێندەر دەنووست. سەید حەسەن خان هەوەڵجار خواردنی دەنایە بەر راسو پاشان بۆ خۆی دادەنا. دادە یاسەمەن کە دەیبینی راسو لە شانشینەکەدا جێی خۆشکردوەو مەست و خۆشحاڵی تلیاکە و لەولاشەوە تەمەشای خۆی دەکرد و دەیبینی کە تەمەنێك زەحمەتی کێشاوە و ئێستاش رۆژ و رۆژگاری لە سەگێك–ش کەمترە، لە داخ و حەسوودیدا گڕی دەگرت و خەریك بوو لە سوێیاندا بتەقێ. هێندە بە رق و حەسوودییەوە دەیڕوانی یە هەناسە هەڵکێشان و ئاسوودەیی راسو بەو بوایە لەقەیەکی توندی بەسەر دڵیدا بکێشایەو دەم و دەست بیتۆپێنێ. هەندێ جار لەپشت دەرگاکەوە گوێی هەڵدەخست و دەیژنەوت کە چۆن سەید حەسەن خان بە قوربان و بەساقەی راسو دەبێ. لە داخا لێوی خۆی دەگەست، بەلام چ چارەیەکی نەبوو.

ئەمشەو شەوی سێیەم بوو کە سەید حەسەن خان لە دەستی راسو هەراسان و خەوزڕاو بوو. سەگێك کە ژیانێکی رێك و پێکی هەبوو و بەهیچ جۆرێ مایەی نارەحەتی نەبوو. سێ شەوبوو خەو نەچووبووە چاوی و خەوی خاوەنەکەشی زڕاندبوو. ئەمشەویش وەکو دوێنێ شەو و پێرێ شەو بەردەوام خەریکی دەرگاکەبوو و بە چنگ

دەیڕووشاند.
دەیویست بچێتە دەرەوە، لێ چونکە دەرگا داخرابوو هەموو جارێك بە نائومێدی دەهاتەوە لای جێگەکەی سەید حەسەن خان و بەسیمای پاڕانەوە ئامێز و پڕ چاوەنۆڕی تەمەشای دەکرد و سەروکلکی بۆ بادەداو دەیویست کە هەستێ و دەرگاکەی بۆ بکاتەوە تا بچێتە دەرەوە.
تاریکییەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. سەید حەسەن خان لەسەر گازی پشت راکشابوو، رێك دەیڕوانییە بن میچەکە. ئەو هۆی بێتاقەتییەکەی راسوی بەباشی دەزانی، لێ جورئەتی باوەڕکردنی نەبوو. نەیدەویست و نەیدەتوانی باوەڕبکات کە راسو-ی عەزیزو دوڕدانەی ئەو مەست بووە و بێتاقەت و عەوداڵی گوڵە. دەیزانی کە راسو هەوڵدەدا بچێتە دەرێ و لەگەڵ سەگانی کۆڵان ئاشقێنی بکات.
ئەم حەقیقەتە بە سوێ و حەسوودی ورووژێنە ئازاری دەدا" چونکە بە جۆرێ هۆگری راسو بوو بوو کە رازی نەدەبوو جگە لەو ئاشقێنی و خۆشەویستی دەگەڵ کەسی دیدا بکات. ئەو لە لای خۆیەوە ئەوەی بڕانبووەوە کە راسو هەرچییەکی دەوێ دەبێ لەوی بوێ نەك لە غەیری ئەو. لە چاوی ئەودا راسو سەگ نەبوو تا ئاتاجی پێداویستییە سەگییەکان بێ، بەڵکو کچۆڵەیەکی بە هۆش و بە سۆز بوو، کە خۆشبەختانە لە شێوەی سەگدا هەڵکەوتبوو و بوو بوو بەهاوڕێی ژینی ئەو. لە دنیادا دڵی تەنیا بە راسو خۆش کردبوو کە ئەویش خەریك بوو لە دەستی دەڕۆیی. رەقیبانی بە تواناتر ئەویان (راسو) لەڕێ دەرکرد بوو و کاری سەید حەسەن خان گەیی بووە کوێرە کۆڵان.
بە ئەسپایی و بەدەنگی گلەیی ئامێزەوە راسوی گازکرد:
(راسوی من، کچوڵە جوانەکەی من، تۆچەند بێوەفای؟ چماتۆ بنیادەمی؟ خۆ تۆ بنیادەم نەبووی، لێ بووی بە بنیادەم؟)
راسو کە لەم کاتەدا بە ئەدەب و نەزاکەتەوە لە نزیکی تەختەکەی ئەو دانیشتبوو، یەکسەر هەستاو چووە بەردەمی و وەکو هەمیشە سەری نایە سەر دۆشەکەکەی. سەید حەسەن خان بەزەحمەت خۆی خستە سەر لاو گوێی ئەوی خستە ناو دەستی و دووبارە بە ئەسپایی و بە ئازارەوە گوتی:
(کیژۆڵەکەی من !)
راسو زاری کردەوە و سەری زمانی بە لمۆزی خۆیدا سوو. ئەوجا سەری لەسەر دۆشەکەکە هەڵبڕی و دەستی سەید حەسەن خانی لستەوە. ئەوجا بێدەنگ و غەمگین لە هەمان شوێندا هەڵتووتاو لە تاریکییەکەوە روانییە سەید حەسەن خان.
گەرمی بەدەنی راسو و زندوو بوونی پێست و تووکی ئەوو، ئەوەی کە ئیدی دڵی ئەو بە جێیەکی دیکەوە بەندە وەها دڵی گوشی کە نوکی کەپووی تزاویەوە و قورسایی توێژێکی ناسکی فرمێسکی گەرم گەرمی لە چاوانیدا هەست پێکرد. لەرەی فرمێسکەکە تاریکییە هەرە خەستەکەی شەوی لەبەر چاویدا هێنایە رەقسین. و لەو تاریکی یە لەرزیوەدا چاوانی درەخشان و ئاشنای راسو وەکو دوو بنە مۆمی کەم رووناکی کە لەبنی بیرێکدا عەکس بوو بێتەوە، لەبەر چاوی دەبریسکایەوە.
(وەرە بەرەوە بەسەزمان. تۆش وەکو بنیادەم گیرۆدەی شەهوەت و ئارەزوویت؟ ئەم کارو ئەتوارانە بۆ خەڵکانی شارستانی کە دەیانەوێ توخم و تۆویان لە دنیادا بمێنێ و میراتی یەکەیان بخۆن باشە" تۆ بێچووت بۆچییە؟ بێچووەکانی تۆ سبەینێ لە پەناو پاسارو کۆڵانان لەسەر زبڵدانان، هێشتا چاویان نەپشکوتوە کە منداڵانی کوچەو کۆڵان پەت دەکەنە ملیان و بەدووی خۆیاندا رایان دەکێشن. من تۆم لەکوێ پەیداکرد؟ خۆ بێچووەکانت ئەگەر

گەورەش بن لەبەر دوکانی قەسابان و لەبەر قەسابخانەکاندا هێندەیان لەقە بەلاتەنگەدا دەکێشن کە خوێن هەڵێنن... بەڵام من، من کە هەمیشە خۆم لە هۆگر بوون و دڵبەستەگی دەدزییەوە ئێستا دەبینم کە ئەوەی لێی دەترسام هاتە ڕێم. تۆش زۆرت مەرحەمەت لەگەڵ کردم کە تا ئێستا لەگەڵم ژیای. ئەگەر تۆ نەبووایەی کێ لەگەڵ مندا هەڵیدەکرد؟ پێدەچێت من نەفرەتم لێکرابێ. لەوەیە دایکم دۆعای لێ کردبم، کە بەمراد نەگەی. ئەگەر من بەختم هەبووایە سودابە–م بەو هەموو نازەنینییەوە لەدەست نەدەچوو.
ئەگەر من تالحم هەبووایە بۆچی لاقیان دەبڕیمەوە؟ ئەگەر من شانسم هەبووایە لەم دنیا پان و بەرینەدا دڵم تەنیا بەتۆ خۆش نەدەکرد کە تۆش سەر هەڵبگری و تاوی بەرت بدا لە سەرت.)
گرێ خزەکەی بناگوێی راسو لەژێر قامکانی کەم هێزی ئەودا دەسووڕا و بەرز و نزم دەبووەوە و هەندێ جار شوێنەکەی گوم دەکرد. نەو راسۆ دوو هێندە لەبەر چاوی خۆشەویست بوو بوو. خەیاڵی دووری راسو و تەنیایی ئایندەی ئازاری دەدا. بۆ ساتێك بیری لە خۆکوژی کردەوە" دەیبینی تەنانەت سەگێکیش بەوە ڕازی نییە کە لەگەڵ ویدا بژی.
لە بەردەم خۆیدا زۆر بچووك و سووك بوو بوو. لێ لەم بیرە ترسا و لەنکاودا بۆنی توندی ئەو کلۆرۆفۆرمەی کە لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبای، کاتێ دەیانویست لاقی ببڕنەوە، دابوویان لە کەپووی بەسەرداهاتەوە. سەری گێژ بوو و گوشارو وێك هاتنەوەیەکی بە ئازاری لە خۆیدا هەست پێکرد.
چەند جارێکی یەك دوای یەك گوێی راسوی گوشی جێی دەستی گۆڕی و لمۆزی گرت.
(دەمەوێ بزانم کە تۆ لە جیهانی حەیوانیەتی خۆتدا لەم ماوەیەدا بۆت دەرنەکەوتووە کە لەم دنیایەدا لەمن بەدبەختترو بێکەستر کەس نییە؟)
دەنگی نووزکانی پەیتاپەیتای چەند سەگێك وەکو ناڵەیەکی دوور و درێژ کە لەسەرمادا بێ، لە دەرێ ڕا هاتە گوێ. دەنگێکی پڕ ئارەزو و پاڕانەوە بوو کە لە دوورەوە لمۆزی راسوی لەدەستی سەید حەسەن خان دەرهێناو بەرەو دەرگاکەی وەرگێڕا. راسو بە جووڵەیەك کە سەید حەسەن خان تا ئەو ساتە وێنەی نەدیتبوو، بەرەو دەرگا غاریدا. دەنگی چڕنۆك گرتنی لە دەرگاکە وەکو دەنگی چەقۆیەك بوو کە بەسەر چینی شکاویدا بێنی، و موچوڕکی بە گیانی سەید حەسەن خان دا دێنا.
(راسو ! راسو !)
سەید حەسەن خان تێی خوڕی.
لێ راسۆ لە ئاستانەی دەرگاکەدا راکشابوو و لمۆزی بە درزی دەرگاکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. رەنگە بۆ یەکەمجار فەرمانی ئەوی پشت گوێ خستبووبێ. سەید حەسەن خان لەخۆی تەریق بووەوە. وای هاتە بەرچاو کە میچی ژوورەکە بە سەریدا رووخاو قورساییەکی خنکێنەر کەوتە سەر سینگی.
(من نابێ ئەم حەیوانە ئەزییەت بدەم. ئەویش وەکو هەموو بنیادەمان هەوەس و ئارەزووی هەیە. ئەمیش خەریکە بەرە بەرە دەبێ بە بنیادەم... بەڵام چیدی بەکاری من نایەت. کاتێ لەوتاو لەزەتی نێری چەشت و سکی بەرز بووەوە ئیدی ناتوانێ من مژوول و سەر گەرم بکات. بەڵام ئەمەش ئینساف نییە کە ئەم بەستەزمانیە حەپسبکەم. تۆ خۆت مەگەر لە یادت چووە چ زەحمەتێکت لە پێناوی سودابەدا کێشاو چ دەردێکت خوارد؟ تا تۆ ماوی ئیدی دڵ بە کەس نەدەی تا چاوت کوێر بێ.)
ئەوشەوە نەخەوت و هەموو شەوەکەی بە وەنەوز و خەوە نوتکێی پچڕ پچڕ گەیاندە سپێدە و دەمەدەمی بەیانی بوو کە لە جێ هەستا. بڕیاری خۆی دابوو.

ئەم شەو هەستانەی بەلاوە نا ئاسایی و قورس بوو. دار شەقەکانی لەسەر تەختەکە هەڵگرت و بە کۆمەکی ئەوان راست بووەوە. ئەوجا فەروەکەشی لە پایینی دۆشەکەکەیەوە هەڵگرت و دای بە شانی دا ! پاشان گوشاری خستە سەر دارشەقەکان و هەستاو بەسینگی پێی راستی کەمێ لەولاترەوە لەسەر تەختەکەی هاتە خوارێ.
راسو هەڵبەزو دابەزێکی کردو کەوتە کلکە سوتێ لەبەردەمیدا.
کە لە قاڵدرمەکانی عیمارەتەکە هاتە خوارێ و گەییە باخەکە دڵی لە سینگیدا لێی دەدا. ساڵانێك بوو کە وەکو ئەو شەوە خێراو بە ناچاری رێی نەکردبوو، ئەرکێکی بەو قورسییە ئەنجام نەدابوو. ساڵانێك بوو کە هەستی ئەرکی لە خۆیدا کوشتبوو، بەتەواوەتی لێی بێزار بوو. هەرشتێك بۆنی ئەرك و کاری لێهاتبووایە لێی هەڵدەهات و بە جۆرێ لێی دەرەوییەوە وەکو جن لە بیسمیلا.
لەسەر قاڵدرمەکان رۆنیشت و دارشەقەکانی لەتەنیشت خۆیەوە دانا. دڵی بەتوندی لێی دەدا، وەکو باڵندەیەکی کێوی کە هێشتا بەکەش و هەوای قەفەز رانەهاتبێ، لە ناوەوە بە دیواری پەراسووەکانیدا دەکەوت و دەنگی دەهۆڵێکی لێدەهات کە چەرمەکەی شێی وەرگرتبێ. گۆشەی لێوەکانی داچەکی بوو. هێشتا هەرهەمان رووگرژی هەمیشەیی لە سیمایدا قاڵبی گرتبوو.
بارانێکی وردو توند لە هەورێن کەوەیی پاییز دەباری. دەنگی سرِ ئامێزو یەکنەوای دڵۆپەی وردی باران کە بەر گەڵای ووشکی چنارو گەڵای چڕی سوژن ئاسای سەر سەوزی کاژ دەکەوت، ترسێکی مالیخولیایی سەیری لەدەرون و ناخی ئەودا بەرپاکرد بوو. دەنگی تەپەتەپی باڵ و قرەقری هێواشی قەلان کە باران لە جێی خۆیان تەرەی کردبوو دەگەییەگوێ. لێ ئەو نەگوێی بە ساردی ئەو دڵۆپە بارانانە دەدا کە بەر سەرو رووی دەکەوت و نە گوێی بە دەنگی نا ئاشنای قەلەکان دەدا. هۆش و حەواسی تەنیا لە یەك شوێن بوو، هۆشی لە یەك شوێن و لای یەك شت بوو. تەنیا لای دەرکەی باخەکە بوو کە روو بەرووی ئەو لەژێر گەڵای لاولاودا وون بووبوو، و لەلای لورە و نوزکەی سەگەکانی پشت دەرگاکە بوو.
دەنگی لێدانی دڵی لەگەڵ دەنگی رێژنەی باران و فڕکە فڕکی باڵی قەلان و دەنگی شەوو نوزکە نوزکی سەگاندا ئاهەنگێکی نە سازی لە یادو یادەوەریدا بەرپاکرد بوو. لەم ماوەیەدا سەیری کرد راسو–ش لە لایەوە نەمابوو.
لەسەر قاڵدرمەکا ن هەستاو بەلەز رەوو دەرکەی باخەکە وەرێ کەوت. بەسەر هەردوو دارشەقەکەیەوە بەرز دەبوەوە و تۆزێك بە حەواوە وەردەچەرخاو دەچووە پێشێ باڵا بەرزو چەماوە بوو. هەیکەلێکی تاریك تر لەشەو هاماجی تاری شەق دەکردو دەچووە پیشێ. یەکنەوا و بە ئازارەوە رێی دەکرد، دەنگی ووشکی چەووی ناو باغەکە لەژێر دارشەقەکانی دا خشەخشی دەکرد قۆڵی فەروەکەی کە سەری دەستەکانی ریشاڵ ریشال بووبوو و لە ئەستۆیەکی برِیاگ دەچوو کە خوێنی لێ بچۆرێ، بەم لاو بەولادا بە ئاسمانەوە تەکانی دەخوارد. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:
(ئایا بە رِاستی مرۆڤی نوقسان پتر لە مردووانەوە نزیك نییە تالە زندووان؟ من نیوەی رێگەی مردنم برِیوە ونیوەکەی تری ماوە.)
راسو لەسەر زەوی گڵینی باخەکە درێژ بووبوو و لمۆزی بەدرزی دەرگا گەورەکەی باخەکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. دەنگی مرە مرو قروسکەو نوزکەی پچڕ پچڕی چەند سەگێکی دی لەو دیوو دەرگاکەوە دەهات. سەید حەسەن کە لە دەرگاکە نزیك کەوتەوە تا بیکاتەوە، راسو هەستاو بازرەقەیەکی داو لەپشتەوە وەستا. بچوکترین نازو نەوازش نەکرا، بەڵام ئەویش هەموو هەست و هۆشی لای سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بوو. وەکو گوربەیەك چاوەنۆڕی ڤەبوونی دەرگەی تەڵەی مشك بێ بەگوێی قوت و سیمای سەرسام چاوی برِی بووە دەرگای باخەکەو

لێکدا لێکدا کلکی دەلەقاند. چاوەنۆڕ بوو دەرگاکە بکرێتەوە و ئەوەی کە تا ئەو کاتە نەیدەزانی چییە، ببینێ.
لێ دەرگاکە، درەنگتر لەوەی راسو بەتەمابوو، کرایەوە، چونکە قامکانی لاوازو بێ توانای سەید حەسەن خان فێری کردنەوەی نەبوو. نووزکەی سەگەکان لەم کاتەدا گۆڕابوو بە دانەچیڕێ ی تووڕەو مڕەمڕی ترسناک. بەربوو بوونە یەك و یەکیان دەگەوزاندو قەپاڵیان لێکدی دەگرت.
لەنکاودا گوشارێکی توند کە بۆ سەید حەسەن خان زۆر دژوار بوو کەوتە سەر دەرگاکە. چەند سەگێك پەلاماری دەرگا داخراوەکەیان دابوو. دەنگی قورسکانی بە ئازاری یەکێکیان کە ئازاری پێ گەیی بوو و دەنگی بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە دەگەییە گوێ. سەید حەسەن خان هەموو قورسایی بەدەنی دابوو بەسەر دەرگاکەدا و پاڵی پێوە دەنا. یەکێك لە دارشەقەکانی کەوتبووە عاردی. لەشی دەلەرزی و هەناسە بڕکێ ی پێ کەوتبوو.
بە هەوڵ و تەقەللایەك کە لە ژیانیا لەو بابەتە تەقەللایەی نەدا بوو، بەیەك لاق و یەك دارشەق هاوسەنگی خۆی راگرتبوو و پاڵی بە دەرگاکەوە دەنا.
لە پڕ سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بێدەنگ بوون. سەید حەسەن خان قەیرێ وەستا و چونکە دەنگی ئەوان بڕا هەراسان بوو. وایزانی سەگەکان هەستیان بەو کردوبوو هەڵاتبوون. بۆیە گوشاری خستە سەر دارشەقەکەی و خۆی پێ راگرت، بە ئەسپایی و بە پارێزەوە دەرگای تۆزێ کردەوە. هاماجی تاریکی کۆڵانەکە رژایە ناو چڕە تاریکی یەکەی هاماجی باخەکە و تێکەڵ بوون. لەپڕ هەوەڵجار لمۆز و پاشان سەروکەللەی سەگێکی زەلام بە دوو چاوی بریقەداری بێ حەیاو مەغرور و نەترسەوە لە درزی دەرگاکەوە هاتە ژوورێ و سەری کێشایە ناو باغەکە. سەید حەسەن خان دڵی رەق بوو" وەکو ئەوەی بیەوێ بەورێك بخاتە داوەوە، خۆی لەپشت تاکێکی دەرگاکە قایم کردو تۆزێ لای دەرگاکەی کردەوە. سەگە نامۆکە بێ ئەوەی گوێ بەو بدا گوێی قووت کردنەوەو بە تەکانێك خۆی گەیاندە راسو. هێشتا سەرو کەللەی سەگی دووەم لە درزی دەرگاکە نەهاتبووە ژوورێ کە سەید حەسەن خان بە گورج و گوڵییەکی منداڵانەوە دەرگاکەی دا بەیەکاو کیلۆنی دا. ئەو تەنیا یەکێکی دەویست و ئەو یەکەشی خستبووە داوەوە.
دەنگی رێژنەی شەلاق ئاساو بەردەوامی دڵۆپەی باران بەسەر لق و پۆپی دارکاژەکان و گەڵای ووشکی چنارەوە وەکو دەنگی پەرەمێز پیاوی مەنگ دەکرد. سەید حەسەن خان تەواو بێ تاقەت بووبوو. دڵی بە شێوەیەکی نا ئاسایی و بە لەز لێی دەدا و هەستی بە ئازارێکی توند دەکرد. بەدەنی لە عارەقەدا هەڵکشابوو و دەسووتایەوە. بێ ویستی خۆی لەناو دەرگاکەدا دانیشت و پاڵی بە دەرگای باخەکەوەدا.
ئەم جەزرەبەیە بۆ ئەو زۆر قورس بوو و لەتەحەمول بەدەر بوو. بەڵام لە ناخی دڵیدا ڕازی بوو. ئیدی چ مەسئولیەتێکی لەسەر نەبوو کارو ئەرکی خۆی تا کۆتایی ئەنجام دابوو. لێ تەمبەڵی و سستی بەدەنی خۆی دەیڕەنجاند. لێدانی دڵ ئازاری دەدا، هەناسەی تا گەروی دەهات و لە هەمان شوێن دا رۆدەچوو و نەدەهاتەوە سەری. هەستی بە ترسێکی مەرگ ئامێز دەکرد. دیسان هەمان بۆنی کلۆرۆفۆرمی کە لە خەستەخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ) بە کەپویانەوە کردبوو، بەسەریا هات. لەو شوێنەی کە دانیشتبوو بەردێکی نوك تیژی لەژێردا بوو و جێگەکەی نارەحەت تر کردبوو، لێ هەرچی هەوڵیدا جێگەکەی بگۆڕێ نەیتوانی. بەردە نوك تیژەکە هەر لەژێریدا بوو و ئازاری دەداو ئەو توانای جوڵانی نەبوو.
دنیا بەیانی دابوو، لێ باران بەهەمان توندی سپێدە دەباری. ئاسمان هەور بوو. ئێستا بریسك و هوڕی چەوی ناو باخەکە لەبەر روناکی بەیاندا دەبینرا. سەری حەوزەکە وەکو مەنجەڵە ئاوی وەجۆش هاتگ قوڵە قوڵە هەڵدەبەزییەوەو دڵۆپە بارانەکانی قووت دەدا. قەلەکان کەوتبوونەفڕین و دەنگیان کراوەترو ناخۆشتر بوو بوو.

دەنگی کشداری (حی علیٰ خیر العمل)ێکی خەواڵوو و کز لە دوورەوە دەگەییە گویٚ.
سەید حەسەن خان لەپشت دەرگای باخەکەوە گرمۆڵە بوو بوو، بەدەنی لە باراندا تەڕ بوو بوو سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بوو بووەوەو دەموچاوی نەدەبینرا. لەبەر دەمیاو لە دووری دوو شەقاوان، راسوی خۆلاوی بە سیمای کوتەك خواردووی مایەی بەزەییەوە لەگەڵ سەگێکی بێگانەدا تابن نووسابوون و هیچ شەرمێکیان لە بوونی ئادەمیزادێکی گرمۆڵەی دوو شەقاوی خۆیانەوە نەبوو.

پەراوێز:
*- عوروسی جۆرە پەنجەرەیەکە کە هەڵدەدرێتەوە.
سەرچاوە:
خیمە شب بازی چاپ پنجم ١٣٥٤
صادق چوبك ص٨٩-ص١٣٧

## سادق هیدایەت
## ۱۹۰۲-۱۹۵۱

بێگومان دەبێ هیدایەت بەکاریگەرترین نووسەری ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێرانی بزانرێت. هیچ نووسەرێك بەم ڕادەیە مایەی سەرنج و بایەخی خوێنەران و ڕەخنەگران نەبووە. چ بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی و چ ژیانی تایبەتی ئەو ، لە دیدو نۆڕینی جۆراوجۆرەوە هەمیشە مایەی لێکۆڵینەوە بووە. هیدایەت تاقە نووسەرێکە کە شۆرەتێکی جیهانی شایستەی پەیداکردووە . هەندێك لە کاراکتەرە ئەدەبیەکانی دنیاش ئاوڕیان لە بەرهەمەکانی داوەتەوە.

هیدایەت لە ساڵی ۱۹۰۲دا لە تاران و لە بنەماڵەیەکی ئەشراق پاشماوەی ڕەزا قولی خانی هیدایەتی ئەدیبی بە نێوبانگی سەردەمی قاجاران لە دایکبووە. ماڵباتەکەی نەك هەر لەبواری سیاسەتدا، بەڵکو لە بواری ئەدەبیشدا هەر بە نێوبانگ بوون. هیدایەت لە سەرەتاوە چووە قوتابخانەی زانستی تاران. سێ ساڵی هەوەڵی ئامادەیشی لە دار الفنون بەسەر برد. دوای ئەوە لە خوێندنی فەرمی تەوەلا بوو. بەڵام چووە قوتابخانەی سن لویس . لەم ساڵانەدا ڕوویکردە ئەدەبیات وفێری زمانی ئەدەبیات بوو ... یەکەمین بەرهەمی بە ناونیشانی (ئینسان و حەیوان) بڵاوکردەوە. لە ساڵی ۱۹۲۵ دا بۆ ئەورووپا ڕۆیی. لە سەرەتاوە لە بەلجیك کەوتە خوێندنی ئەندازە . پاشان بۆ فەرەنسا ڕۆیی و خۆی لە زانکۆی تەلارکاری ناونووس کرد. بەڵام لەوێش حەزی لە زانستە ماتماتیکەکان و ئەوانەی نەدەچوونەوە سەر ئەدەبیات نەدەکرد. هیدایەت چوارساڵی لە ئەورووپا بەسەر برد . لەم سەفەرەدا بۆ یەکەمجار هەوڵێکی ناکامی خۆکوژی دا و خۆی خستە ڕوباری مارنەوە .

کە بۆ ئێران گەڕایەوە، ماوەیەك لە بانکی نیشتمانی کاری کرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم وازی لەو کارەش هێنا. ماوەیەکیش فەرمانبەری ئیدارەی بازرگانی وەزارەتی دەرەوەو کۆمپانیای ساختمان بوو. لە ساڵی ۱۹۳٦ چوو بۆ هندستان و لەلای بەهرامی گوڕ ئەنکلساریا زانای پارسی، زمانی پەهلەوی خوێند و ساڵی دواتر بۆ ئێران گەڕایەوە . کە گەڕایەوە دووبارە بۆ ماوەیەك لە بانکی نیشتمانی و ئیدارەی موسیقای نیشتمانیدا فەرمانبەری کرد . بەڵام سەرەکیترین چالاکی ئەو لە دووەمین دەیەی سەدەی بیستەمدا هاوکاری ئەوبوو دەگەڵ مجتەبای مینەوی، مسعود فەرزاد و بوزورگی عەلەوی . ئەم کۆمەڵەیەی ئەوان بە گروپی ڕەبعە شۆرەتی دەرکردبوو و لە هەنبەر ئەدەبیاتی کۆندا، کەوتنە ڕەواجدانی ئەدەبیاتی نوێ. بەڵام دەستگیرکردنی عەلەوی و سەفەرکردنی مینەوی و ئەوانی دی ، گروپەکە هەرەسی هێنا .

هیدایەت، دوای ساڵی ۱۹٤۱ و گۆڕانی ڕەوشی سیاسی چووە کۆلێجی هونەرە جوانەکان. لەم قۆناغەدا گۆڕانێکی ئاشکرای بەسەر بیروبۆچوونی ئەودا هات. وێڕای هاوزمانی و هاودڵی دەگەڵ چالاکوانانی سیاسیدا، کۆمەڵێك بەرهەمیشی بڵاوکردەوە کە بەپێچەوانەی جارانەوە، مۆرکی کۆمەڵایەتیان پێوە دیاربوو. لە ساڵی ۱۹٤٥دا سەفەرێکی دوو هەیڤی بۆ ئۆزبەکستان کردو، هەروەها لە ساڵی ۱۹٤٦دا لە یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی ئێراندا بەشداری کرد و چالاکییەکی پڕ سوودی نواند . سەرەنجام لێبڕا کە ئێران بە جێ بهێڵێ. لە حوزەیرانی ۱۹٥۰ دا بۆ فەرنسا رۆیی. لە گەڕەکی شامپیونەی پاریس ئاکنجی بوو. سەفەرێکی کورتی ئەڵمانیای کردو سەرەنجام لە نۆزدە یا بیستەمی فەروەردینی ساڵی ۱۳۳۰(۱۹٥۱)دا لە پاریس کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ڕێك دوای دوو ساڵ لە بڵاوبوونەوەی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی کورت بە ناونیشانی (یەکێ بوو یەکێ نەبوو) هیدایەتیش یەکەمین بەرهەمی لەسەر ئەرکی خۆی بەناو نیشانی (ئینسان و حەیوان) بڵاوکردەوە. لە ساڵی ۱۹۲۷دا لە بەرلیندا سوودەکانی گیاخۆری بڵاوکردەوە. ئەمانە هەندێ بەرهەم بوون لە ژێر کاریگەری ئاینی بودایيدا کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئەدەبیاتی فیلیڤانییەوە نەبوو. یەکەمین هەنگاوی هیدایەت لە

بواری چیرۆکڤانیدا زندە بە گۆڕە کە لە سالی ١٩٣٠دا لە گەڕانەوەیدا بۆ ئێران بڵاوی کردەوە . بەڵام وادیارە ئەو چیرۆکانە لە پاریس نووسرابن. ئەم بەرهەمە هەوڵین نموونەی ئەو چیرۆکانەی لە خۆگرتووە کە مۆرکی هیدایەتیان پێوە دیارە. قارەمانانێك لەم چیرۆکانەدا، دێنە ئاراوە کە لە نەزانی و نادروستی و خورافەپەرستی و جەهالەتی کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆیان بێزارن و لە لایەکی دیکەشەوە توانای بە گژداچوونەوەی ئەو دیاردانەیان نییە. چونکە نایانەوێ هاودڵ و هاوکاری توڕەهات بن، کونجی گۆشەگیری دەگرن. زەندە بە گۆڕ لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا نەبووە مایەی سەرنج و دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی پەیدا نەکرد. هیدایەت دوای ئەوە هەندێ چیرۆکی بە ناوەڕۆك نیشتمانپەروەرانەی بەناوی پەروینی کچی ساسان، سایەی مەغۆل و شانۆنامەیەکی بە ناونیشانی مازیار، نووسی و بڵاوکردەوە. لەپاڵ ئەوانەدا هەندێ چیرۆکی ریالیستی وەکو (علویە خانم، سایە روشن)شی بڵاوکردەوەو کەوتە لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر کە بەری ئەو کارەی نیرنگستانە . بەڵام بە چاپ و بڵاوکردنەوەی (سێ قەترە خوێن) لەڕاستیدا زەندە بە گۆڕی تەواوکرد .

ژینگەی ساردو سڕو خەمناك و گۆشەگیرانەی چیرۆکەکان، ڕەنگدانەوەی دەروونی کەسەکانن. هیدایەت لە سالی ١٩٣٦دا چوو بۆ هندستان ، لەوێ بوە کوێرە (بوف کور)ی کە ڕەنگە پێشتر نووسرابێ، بە فۆتۆکۆپی بڵاوکردەوە. جگە لە بوە کوێرە، دوو چیرۆکی دیکەشی بە زمانی فەرەنسی لە ژێر ناڤێن(سامپینگە) و (هوسباز) بڵاوکردەوە کە هەمان تێمەو ناوەڕۆکی بوە کوێرەیان هەیە .

بەر لەوەی بێینە سەر بوە کوێرە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە هیدایەت لە ڕێگەی زمانی فەرەنسییەوە گەیی بووە سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن بەرهەمە چیرۆکڤانیە دیارەکانی دنیای بە وردی خوێندبووەوەو لەو ڕووەوە هاودڵی دەگەڵ چەند دانەیەکیاندا کە زەینییەتی مۆدێرنیان بوونیات نابوو هەبوو، لەوانە ئیدگار ئالان پۆ، بە خۆی وەسفی کارەکتەرانی مەیلەو نەخۆش و ئۆتموسفیری تاریکەوە، بۆدلێر شرۆڤەکاری دنیای شەڕو شەیتانی تازە، نیرڤال کە ئاکام و سەرەنجامێکی وەکو خودی هیدایەتی هەبووە، ریلکە بەهۆی نیشاندانی زەینی تەنیاوە، لە هەموو ئەمانە زیاتر دەبێ ناوی کافکا ببرێت. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە دەبێ ناوی خەیامی شاعیرو فەیلەسوف ڕۆژهەڵات ببرێ. هیدایەت وێڕای پاچڤەی مەسخ، گرنگترین کاری کافکا، وتارێکی دووورودرێژی سەبارەت بەم نووسەرە بڵاوکردەوە کە هەوەڵین و تائێستاش سەرەکیترین نووسینە بە فارسی دەربارەی ئەم نووسەرە . هیدایەت لە کافکادا دنیایەك دەبینێ کە دژی تاك وەستاوەو هەوڵی نابوودی ئەو دەدات و تاك دەستە وەستانەو هیچ کارێکی لە دەست نایەت و چارەنووسی حەتمی ئەو ئەمەیە کە بەدەستی ئەم سیستەمە لە نێو بچێت.

بوە کوێرە گرنگترین کاری هیدایەتە و یەکەمین ڕۆمانی فارسییەو شۆرەتی لە سنووری ناوچەیی و نەتەوەیی هێوەتر ڕۆییوە . ئەم بەرهەمە دنیایەك دەگێڕێتەوەو نیشانی دەدات کە لە نێو واقیع و خەیاڵدا جوڵانە دەکات. جوانی لە دەستچوو لە خەیاڵ و وەهم دەچێت و دزێوی وکرێتی، هەر کەپوویەك لەبۆن و بۆگەنی خۆی پڕ دەکات. ئەوەی لە دەوروبەری گوتیاردا دەگوزەرێ دنیای کۆن و قێزەونە، یا بۆنی چەرمە چەقاڵتە و کەلاکی هەڵواسراوی مەڕە، دەنگ و ئاوازی سەربازان و کۆنە کڕێکی بێ سەروبەرە. ئەو تەنیا یەك جار لە دەربیچەیەکەوە چاوی بە جوانی خەیالی و لەبیرچووی خۆی دەکەوێ. ژنێك دەبینێ کە جوان و خەیاڵییە کە جیاوازە لەوانەی "هەموو یەك دەم بوون و کۆمەڵێك ڕیخۆڵەیان بەدواوە بوو و دەچووەوە سەر کۆئەندامی زاوزێیان "

بوە کوێرە، دوو بەشە: بەشێکیان دەربڕی واقیعە (بەشی دووەم ) بەشەکەی تری کە زیاتر خەون و خەیاڵەکانی گوتیار دەردەبڕێت.(بەشی یەکەم). لەم بەشەدا ئەوەی دێت ئەو حەقیقەتانەیە کە زەینی دزێوی ئەوان پاك

دەکاتەوەو بەشێوەیەکیان دەردێنێ کە خۆی دەیەوێ. هەر هەموو دزێوییەکانی ژنەی بێ شەرم و حەیا دەسڕێتەوەو لە شێوەیەکی ناسک و پاکدا دەینوێنێ. لە ڕاستیدا هەردوو بەشەکە تەواوکەری یەکدین و پێکەوە دزێوی دنیای مۆدێرن و جوانی ڕابردووی لەدەستچوو دەگێڕنەوە.

زمانی هیدایەت، وێڕای سادەیی خۆی، نە یەکدەستە و نە بێ عەیب، هەندێجار شاعیرانەو جوانە، هەندێجار بە ڕادەیەك دادەبەزێت کە عەیب و کێماسی ڕێزمانیشی تێدەکەوێ، کەم و کوڕییەك کە لە نووسەرێکی گەورەی وەکو هیدایەت ناوەشێتەوە .

سێیەمین قۆناغی نووسەرایەتی هیدایەت، لە دوای شەهریوەری ١٣٢٠(١٩٤١)وە دەست پێدەکات. دەگەڵ کەوتن و ڕوخانی دکتاتۆریت و دروستبوونی هاماجێکی تاڕادەیەك کراوە، حیزبێن سیاسی کەوتنە کارو چالاکی. هیدایەت هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی ئەشرافی هەبوو ، مەیلی بەلای حیزبێن چەپدا پەیدا دەکات و چەند چیرۆکێك لەژێر باندۆرو کاریگەری هاماج و کەش و هەوای باوی ئەو ڕۆژگارەدا دەنووسێت، لەوانە چیرۆکی درێژی (حاجی ئاغا) و چیرۆکی کورتی (سبەی) بەڵام ئەم قۆناغە لە ڕاستیدا ئاوابوونی ئەستێرەی کاری هیدایەت دەنوێنێ. ئەو نووسەرێکە کە دەروون شیکاری تاك، بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی بەرهەمەکانی دێتە ژماردن و بەینی لەگەڵ بێرون گەڕانی میکانیکی بانگەشەییدا ، کە زیاتر بەرنامەی کاری نووسەرانی حیزبیە، زۆر خۆش نییە. هیدایەت بە خۆشی هەرگیز ئەم قۆناغەی (نزیك لە چەپ) بەهەند نەگرتووە. کاتێ هەستی کرد دیکتاتۆریەت و ستەمگەری دووبارە خەریکە دەبووژێتەوە و هێز پەیدا دەکاتەوەو نەك لەلایەن دام و دەزگای دەسەڵاتدارەوە، بەڵکو لەلایەن دارو دەسەڵاتێن دژی دەسەڵاتیشەوە پشتیوانی لێدەکرێت، وازی لە هەموویان هێناو بۆ پاریس ڕۆیی و لەوێندەر کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا .

لە بەیانی زووەوە گەواڵە هەوران دەهاتن و دەچوون. بایەکی ساردی ناخۆشی دەهات. ژێر درەختەکان پڕبوون لە گەڵای وەریو. گەڵا زەردەکان ناوە ناوە لە درەختەکان دەوەرین و بەدەم نەرمە سەماوە دەکەوتنە عاردی، پۆلە قەلەرەشێك بە قاڕەقاڕ بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆیی. خانووی دێهاتەکان لە دوورەوە وەکو قاوغە شخارتەی لەسەر یەك هەڵچنراو، بە پەنجەرەی ڕەش هەڵگەڕاو و بەبێ دەرگا وا دەهاتنە بەرچاو کە موەقەت دروست کرابن.
خودادادا، بەڕدێن و سمێڵی بۆزەوە، گورج و گۆڵ و دڵ وریاو زیتەڵە، هەنگاوی مکومی دەناو هەستی دەکرد هێزو گوڕێکی تازە دەڕژێتە دەمارەکانییەوە. بە ڕواڵەت چاوی لە جادە شێدارەکەی باوەشی پێدەشتەکەی بەردەمی بوو. بایەکە گەشکەی بە پێستی لەشی دەدا. وای دەهاتە بەرچاو کە درەختەکان دەرەقسن. قەلەرەشەکان مژدەی شادییان بۆ دەهێناو هەموو تەبیعەت لەبەرچاوی جوان و ڕەنگین و ڕووخۆش بوو. بوخچەیەکی موقەلەمی لەبن هەنگڵی نابوو، بە خۆیەوەی چەسپاندبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەر هەنگاوێکی دەنا، بەلەکە سفتەکانی لە ژێر دەلنگی پانتۆڵە ڕەشە دەڵبەکەیەوە بەدیار دەکەوتن.
جلەکانی شینی ئاسمانی بوو، کڵاوێکی لبادی ئامال زەردی لەسەر بوو، خوداداد، پیاوێکی شەست ساڵان بوو، پیاوێکی بە هەیکەل و ئێسقان ئەستوور بوو، باڵا بەرزو چاوگەش بوو، کونجی قەناعەتی گرتبوو و، نزیکەی بیست ساڵێك بوو خەڵکی دەماوەند نەیان دیبوو. خوداداد لەلای کانی عەلا لەسەر ڕێگەی (مازندەران) کوخێکی لەبەردو گڵ بۆخۆی دروست کردبوو، بیست ساڵێك بوو بە تاقی تەنیا دەژیا. بە دەستە زبرولیرەکانی خۆی زەوی دەکێڵا، ئاوی دەدا، دای دەچاندو درەوی دەکرد" هەمان کار کە باب و باپیرانی دەیانکرد.
جێی هەشتا (ربە) تۆوی بە میرات پێ بڕابوو، کە لە نەهاتە ساڵێك دا نیوەی پتری فرۆشتبوو، نووکە بە بەروبوومی ئەو پارچە زەوییە بچوکەی کە بۆی ماوبووەوە، ژیانێکی خۆشی دەقەتاند.
ئەوەی کە ببووە مایەی سەرسامی هەمووان ئەمە بوو کە خوداداد لەو (٢-٣) ساڵەی ئاخیردا، لە گوندەکان و بەزۆری لە باژێری دەماوەندا دەبینرا کە پارچەی ژنانە، قەندو چاو وردە شتی دەکڕی. زۆر کەسیش لە کێوەکانی دەوروبەری ئاوە گەرم و جابن و گیلیلاردا، لەگەڵ کچۆڵەیەکی قەرەجدا دیتبوویان، چوار ساڵێك لەوەوپێش، لە شەوێکی ساردو تۆف دا، وەختێ خوداداد فوی لە چراکەی کردو چووە نێو جێگاوە، گوێی لە دەنگێکی غەریب بوو: ناڵەو فریادی پچڕپچڕ کە هیچ مەعلوم نەبوو دەنگی گیاندارە یان ئادەمیزاد.
دەنگەکە بەرەبەرە نزیك دەبۆوە. لە پڕ لە دەرگەی کوختەکەی ئەویان دا. (خوداداد) کە نە لە گورگ و نە لە دێو دەترسا، هەستا، دانیشت، هەستی کرد تنۆکە ئارەقێکی سارد بە گازەرای پشتی دا چۆڕایەوە.
هەرچەندە پرسی کێی؟ چت دەوێ؟ چ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، کە چووەوە نێو جێگاو چاوی چووە خەو دووبارە لە دەرکەیان دایەوە، بەدەستی لەرزۆك چراکەی هەڵکرد، ئەو سیکارتە زلەی کە بۆ چڵ و چێو شکاندن بە دیوارەکەیەوە هەڵواسی بوو، هەڵگرت و بە گورجی دەرگاکەی کردەوە. دیقەتی دا کچۆڵەیەکی قەرەجی سوور پۆش لەبەر دەرگادا وەستاوەو فرمێسك بەسەر گۆناکانییەوە مەییوەو دەلەرزێ. هێندەی دی سەرسام بوو، خوداداد سیکارتەکەی توڕدایە سوچێکی ژوورەکەو دەستی کچۆڵەکەی گرت و بردییە ژوورەوە. هاڵاوی ئاگرەکە کچۆڵەکەی گەرم کردەوە، پاشان خوداداد بە جلە کۆنی خۆی جێگایەکی بۆ دروست کرد.
سبەی بەیانی، هەر پرسیارێکی لێکرد، بێ ئەنجام بوو، دەتوت کچۆڵەکە سوێنی خواردووە چ شتێك دەربارەی خۆی نەڵێ و نەدرکێنێ. بۆیە خوداداد ناوی لاڵ یان لالوی لێنا، ئەم ناوە بەرە بەرە بوو بە لالە. ئەوەی غەریب

بوو ئەوەبوو کە وەختەکە وەختی گەرمیان و کوێستانی قەرەجان نەبوو، خوداداد، نەیدەزانی ئەم کچۆڵەیە لە کوێوە هاتبوو. لە کوختەکەی وەدەرکەوت و شوێن پێی کچۆڵەکەی هەڵگرت، بەڵام شوێن پێیەکانی لەسەر گەڵاوەریوەکان وون دەبوو، لە ئاشەوانەکەی (کانی عەلا)ی پرسی، ئەویش هیچی لێنەدەزانی، ئەنجام لێبڕا کچۆڵەکە لای خۆی راگرێ و ئاگاداری بکا تا کەسوکارو خاوەنی پەیدا دەبن.

لالە، کچۆڵەیەکی دە –دوازدە ساڵەی گەنم رەنگ بوو، دەموچاوی ناسك و چاوەکانی گەش و لەبەر دڵان بوو، خاڵیان لەسەر دەست و تەختی هەنیەی کوتا بوو. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لە نك خوداداد مایەوە، خوداداد پرسیاری کەسوکاری لالەی لە هەموو قەرەجەکان کرد، لێ هیچ یەکێك لە قەرەجەکان نەیان ناسی. خودادادیش وای لێهات حەزی نەکرد لالە لە دەست بدا! وەکو رۆڵەیەکی خۆی گلی دایەوەو بەرەبەرە خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرهەق پەیدا کرد. خۆشەویستی باب و جگەرگۆشە نا، بەڵکو هی ژن و مێردان.

هەر کە وەسوەسەی ئەشق لە کەللەی دا، پەردەیەکی کرد بە ناوبڕەی ژوورەکە تا شوێن نوستنیان لێکدی جودا بێ. ئەوەی لە هەموو شت خراتربوو، ئەوەبوو کە لالە بە (خوداداد)ی دەوت بابەو هەر جارێ بە بابە گازی کردبا ئیدی حاڵی خراپ دەبوو، رۆژێ خودادادا دەگەڕایەوە ماڵێ، سەیری کرد دوو مریشکی سەربەکڵاو لەبەردەم کوختەکەیدا چینە دەکەن.

هەرچەندە خوداداد ئامۆژگاری لالەی دەکرد کە دزی کارێکی دزێوەو لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێی، بزەیەکی لاسارانە دەکەوتە سەرلێوی و هەر جارەی بە هەنجەتێك خۆی لەم چەشنە گفتوگۆیە دەرباز دەکرد.

لالە زۆری کەیف بە گەشت و گەڕان دەهات. خۆ ئەگەر (٢–٣) رۆژێك باران بووایە بە ناچاری لە کوختەکەدا مابووایەوە ئیدی دڵتەنگ و غەمین دەبوو، لێ لە رۆژانی خۆشیاندا یان لەگەڵ (خوداداد)یان بە تەنێ دەچووە گەشت و گەڕان.

زۆربەی کات بە تەنێ دەڕۆیی و هەر ئەمەش گومانی لای خوداداد چێدەکرد.

چونکە (٢–٣) جاران عەباسی شوانی لەگەڵ لالەدا دیتبوو، و عەباسی بە رەقیبی خۆی دەزانی. تەنانەت رۆژێك دیتبووی کە عەباس توتڕکی دەچنی و دەیکردە دەمی لالەوە، هەر بۆ شەوەکەی کەوتبووە سەرکۆنەکردنی لالە، کە نابێ لەگەڵ پیاوی غەریبەدا قسان بکات. فرمێسك لەچاوی لالەدا قەتیس مان و دڵی دێهاتیانەی خوداداد پڕبوو. دایکی عەباس دووجاران هاتبووە خوازبێنی لالە بۆ کوڕەکەی، لێ خوداداد جوابی دابووەوە کە گوایە لالە هێشتا منداڵە. لەبەر خۆیەوە وای بیردەکردەوە کە ئەم عەباسە تەمەڵ و تەوەزەلە دەبێ بە میرات گری ئەوو هەرچی سەروەت و سامانێك کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا پێکەوەی ناوە دەبێ بەهی ئەو. ئەوجا رۆحی باب و باپیرانی چ بەو دەڵێن! لە بری میراتگر، زەلامێکی بێ سەروبەری هەڵبژاردووە کە ناتوانێ زەوییەکە خزمەت بکاو دای بچێنێ. ئەمە جگە لەوەی کچێك کە بەخۆی دالدەی داوە، نانی داوەتێ، جلکی بۆ کڕیوە، زەحمەتی لەگەڵ کێشاوە گەورەی کردووە" عەینی وەکو درەختێکی میوەی دەهاتە بەرچاو کە خۆی پەروەردەی کردبێ و هێنابێتە بەروزەلامێکی بێگانەی حەفتا میللەتی بەرەکەی بخوا، چما ناتوانێ لالە بۆ خۆی بخوازێ؟ بۆ نەو؟ لێ هەستی دەکرد کە مەسەلەکە بەم سادەییەش نییە، رەزامەندی کیژەکەش مەرجە. ئەمە جگە لەوەی هەرچەند کیژە بە بابەی گاز دەکرد، هێندەی دی نائومێد دەبوو، زۆرجار کە شەوانە کچەکە خەوی لێدەکەوت. خوداداد چراکەی هەڵدەبڕی و قەدەرێکی تەواو بە دیارییەوە دەوەستاو سەیری دەموچاو، سینگ، مەمك و بازوەکانی دەکرد، پاشان وەکو شێت وە دەردەکەوت و دەیدایە کێو و بەندەنان و زۆر درەنگ دەگەڕایەوە، ژیانی لە نێوان ترس و هیوادا دەهات و دەچوو، ترس رێی نەدەدا ئەشقی خۆی بۆ دەربڕێ. ئەگەر لالە بیوتبایە:"نەو تۆ

پییری ئیدی چ چارێکی نەدەما جگە لە خۆکوژی. تاوێرە بەردێکی گەورە لە نزیکی کوختەکەی خوداداد بوو، لالە بەزۆری لەسەر ئەو تاوێرە دادەنیشت و بە لەکە سفت و سۆڵە روتەکانی پێوە دەچەسپاند و بە سەعات بەو دەقەوە دەمایەوەو جار جارە لەبن لێوانەوە سترانێکی غەمینی دەوتەوە. لێ هەر کە یەکێك لێی نزیك دەبووەوە کوتوپڕ کڕ دەبوو، خوداداد بەڕێکەوت ئەم سترانەی لێ ژنەوتبوو، زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکەش گوێی لێ بێ.
ئەوڕۆ سبیانێ، وەختێ خوداداد دەیویست بچێتە بازێڕی دەماوەند، لالە لەسەر هەمان تاوێر دانیشتبوو، لێ لە هەموو رۆژێك شادو بە دەماخ تر بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە نەیویست دوی خوداداد بکەوێ و بچێ بۆ شاری.
خوداداد پێی وت: لەچکێکی سورت بۆ دەکڕم بزە منداڵانەو بێگەردەکەی ئۆخەی خستە دڵ و دەروونی خودادادەوە. هەر کە گەییە بازاڕە چکۆلەکەی دەماوەند بەر لە هەموو شتێك خۆی بە دوکانێکی بەزازیدا کردو لەچکێکی تەخت سووری گوڵ کەسك و زەردی کڕی. پاشان قەندوچای کڕی، هەر هەمووی لە بوخچە موقەلەمەکەی ناو بەلەز رێی گەڕانەوەی بۆ کوختەکەی گرتەبەر.
بۆ خودادادی قاڵبووی رێگاوبان، هەرچەند نێوان شارو کوختەکەی دوو قۆناغە رێیان دەبوو، زۆر کەم دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە پیرو کەنەفت بوو بوو، بەڵام تازە ژیانی جۆرە مانایەکی وەرگرتبوو، بەدەم رێوەو لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: ئەم لەچکە هەر بۆ ئەوە جوانە لالە بەشانیا بدات و لچکەکانی لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێ بدات.پاشان وەك بڵێی شەرمی بە خۆی بێ، بەخۆی دەوت: دەبێ شانازی بە جوانی ئەوەوە بکەم. چونکە من لە بری بابی ئەوم و دەبێ مێردێکی چاکی بۆ بدۆزمەوە! بەڵام هەرچەندە عەباسی شوانی بیردەکەوتەوە کە لالەی خۆش دەوێ، خوێنی دەهاتە کوڵ و جۆش.
بە هەورازو نشێواندا، بە قەراغ چۆم و دۆڵانداو بەقەد پاڵ و هەڵەتاندا تێدەپەڕی. لە رێگادا کەسی نەدەدی، هەستی بە چ شتێك نەدەکرد، تەنانەت ماندووبوونی رێگاش کاری لێنەدەکرد. زۆربەی کات، وەختێ رێی دەکەوتە گوندەکانی دەوروبەر، دەیپرسی ئاسمان تابزانێ داخۆ باران دەبارێ یان نا. دەیپرسی زەوی و مەزرایان تا چاو بە حاسڵاتی خەڵکیدا بگێڕێ.
پرسیاری نرخی جۆ، گەنم، لۆبیا، قەیسی، سێو، گێلاس، زەردەلو و شتی دی دەکرد، بەڵام نەهۆ هەموو هۆش و گۆشی لەنك لالە بوو، بەروبومی ئەمساڵی زەوییەکەی چاك نەبوو، بۆیە ناچار بوو هەندێك لە پاشەکەوتەکەی خۆی خەرج بکات. بەڵام هەر هەموو ئەوە بەلای ئەوەوە تاڵێك لە قژی لالەی نەدەهێنا.
بەدەم ئەم بیرانەوە بە کەنار درەختەکاندا رەت بوو، چووە سەر ئەو جادەیەی کە کوختەکەی ئەوی کەوتبووە سەر زۆرگەکەی بەرانبەری.
کوختەکەی لە دوورەوە دەتوت دوو قاوغە شخارتەی شکاوی پێکەوە چەسپێنراوە.
پێی هەڵگرت، بوخچەکەی پتر بە خۆیەوە نوساند، بەلەز رێگەی دەبڕی، لە هەورازێکی دی رەت بوو، پێچێکی کردەوەو لەبەردەم کوختەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا، بەڵام لالە لەوێندەر نەبوو، نەلەسەر تاوێرەکە بوو نەلە ژوورەوە بوو.
هاتە بەر دەرگا، دەستی خستە ئەم لاو ئەولای دەمی، تا زاری گرتی هاواری کرد: لالە....لالە...و کەس وەڵامی نەدایەوە.
چووە دەرێ و تا دەمی گرتی گازی کرد: کـلالە..لالو...لالو..
بانگەکەی دەنگی دایەوە: لالە... لالو...لالو ترس و واهیمەیەکی سامناکی لێ نیشت. غاریدایە سەر تاوێرەکە،

روانییە بەردەم کوختەکەی و هەموو ئەو دەوروبەرە. چ ئاسەوارێکی جل سۆری نەدی. گەڕایەوە.
وە ژوور کەوت، سندوقەکەی لالەی کردەوە، سەیری کرد ئەو جلکە تازانەی ئەمساڵ بۆی کڕی بوو. نەمابوون، خەریك بوو شێت ببێ. سەری لەو مەسەلەیە دەرنەدەکرد دیسان وەدەرکەوت، لەسەر کانی عەلاتوشی ئاخوندی گوند بوو، کڵاوێکی شڕۆلەی لەسەر بوو، بە پانتۆڵێکی رەش و کەوایەکی سێ چاکییەوە لەبن درەختێك دا دانیشتبوو، سەبیلی دەکێشا.
هێندە بە ڕقەوە روانییە خوداداد زاتی نەکرد چ پرسیارێکی لێبکا. کەمێك لەولاترەوە ژنێکی چارشێو سوری بێجامە رەشی پرچ هۆنراوەی بینی کە منداڵەکەی لە کۆڵ کردبوو. ئەویش چ هەواڵێکی لالەی پێ نەبوو. خوداداد بە ناچاری گەڕایەوە.
تاریکی شەو، هەموو لایەکی گرتەوە، لالە نەهاتەوە، خوداداد چ خەون گەلێکی ناخۆشی دی، نا، هەر خەو نەچووە چاوی، کابوس، بوو، لەگەڵ بچوکترین دەنگا رادەبوو، بەخەیاڵی خۆی لالە هاتۆتەوە. زێدەتر لە دە جاران هەستا. پەردەکەی لادەدا، بە لەپەکوتێ جێگە ساردو سڕەکەی لالەی سەح دەکردەوە، دەلەرزی و دەکەت. ئاخۆ بە تۆبزی رەدویان خستوە؟ داخۆ هەڵیان خەڵەتاندوە یان بەخۆی رۆییوە؟
سبەی بەیانی، دنیا ساف و سارد بوو. خوداداد لەچکە سۆرەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرت و چووە سۆراغ و تاقیبی لالە. لە رێگەدا هەموو خەڵکی وەك دێو و ئەژدیها دەهاتنە بەر چاوی. کێوانی شینباو و بۆر کە بەفر تا نیوەیان هاتبوو ترسیان دەخستە دڵییەوە، بۆنی پونگەی جۆگایەك هەناسەی سوار دەکرد. کە لە رێگەدا تووشی دوو کەسی دێهاتی بوو، بە شپرزەییەوە لێی پرسین: ئەرێ لالەتان نەدیتوە؟
هەوەڵجار وەیان زانی دین بووە، لێیان پرسی: کێ؟
کیژە قەرەجێك
یەکێکیان وتی: دوو رۆژە تاقمە قەرەجێك هاتوون و لە موجح دا هەڵیان داوە، دیارە مەبەستت ئەوانە! خوداداد ملی رێگەی موجحی گرت، ئەمجارەیان بە هەنگاوی هەڕاو و خێراوە نزیك بووەوە، سەیری کرد شینە زەلامێك لە کەنار جۆگەیەکدا خەوتبوو، تۆزێك لەولاترەوە ژنە قەرەجێك ساواری لە بێژنگ دەدا. ژنەکە سڵاوی کردو وتی: فاڵ دەگرینەوە. میروە مارانەمان هەیە، هێڵەك، بێژنگ، گوێزو...
خوداداد، شێت ئاسا گوتی: لالە، لالوت نەدیوە، نازانی لە کوێیە؟
فاڵ دەگرینەوە، پێت دەڵێین.
دەی بڵێ، پارەکە دەدەم.
هەقەکەی بدە تا پێت بڵێم.
خوداداد، شەکەت بوو، دەستی بە بەڕکیدا کرد، قڕانێکی دایە ژنە قەرەجەکە. ژنەکە دەستی گرت. روانییە دەموچاوی و وتی: عەلی پشت و پەناتە. کابرا تۆ خەمێکت لە دڵدایە، چونکە شتێکت لێ گوم بووە، کە چوار ساڵی رەبەق زەحمەتت پێوە کێشاوە، نە جگەرگۆشەتەو نەلە جگەر گۆشەی خۆت کەمترت خۆش دەوێ.
خوداداد، بە چاوانی فرمێسکاوییەوە دەیڕوانییە ژنە قەرەجەکە، لە بن لێوانییەوە وتی: راستە. راستە.
.. بەڵام بە خۆڕایی خۆت خەفەتخان مەکە، چونکە ئەو کیژە لێتەوە نزیکەو لەم ناوەیە. ساغ و سەلامەتە، ئەویش تۆی خۆش گەرەکە. بەڵام بە چ دەچێ، چارەنووس کاری خۆی کردووە
چۆن، چۆن؟ تو خوایەکەت قسان بکە.
خۆت خەفەتخان مەکە، ئەو بەختەوەرە ،دەرکی ژوورەکەت بە بەتاکی جێ هێشتووەو شەیتان وەژوورەکەوتوەو

هەڵی خەڵەتاندووە.
نێوی عەباس نییە!
نەو
تۆ کێی؟ چۆن دەزانی! توبی خوا راستییەکەم پێ بڵێ، چیت دەوێ دەتدەمێ.
دەستی بە بەرکیدا کردو قرانێکی دی دەرهێنا و نایە مستی قەرەجەکە. بەڵام لەوکاتەدا سەیری کرد، پەردەی رەشماڵەکەی تەنیشتەوە لادراو لالە وەدەرکەوت، هەمان ئەو جلکە سۆرە تازەیەی کە بۆی کڕی بوو، لەبەریدابوو، سێوە لاسوورەیەکی بەدەستەوەبوو.
بەسەری قۆڵی کراسەکەی دەیسڕی و قەپی لێ دەدا.
ئەوجا بە نەرمە پێکەنینەوە روی کردە ژنە فاڵچییەکەو وتی: دایکە ئەمە بابە خودادادە. و بەدەست ئیشارەتی بۆ لای ئەو کرد.
خوداداد، لە سەرسامیدا دەمی داچەقی بوو. لێکدا لێکدا دەیڕوانییە لالەو دایکی. تانوکە لالەی بەو شادی و بە دەماخییە نەدیبوو. دەستی بە بوخچەکەیدا کرد، لەچکە سۆرەکەی دەرهێناو لەبەردەم لالەدا دایناو وتی: کە چومە شار ئەمەم بۆ تۆ کڕی.
لالو، بە دەنگی بەرز پێکەنی. لەچکەکەی بەشانیاداو لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێی دا. ئەوجا بەغار خۆی گەیاندە بەر رەشماڵەکە.
دەستی پیاوێکی گەنجی گرت و رای کێشایە دەرێ. ئاماژەی بۆ لای خوداداد کردو شتێکی بەو پیاوە وت. پاشان بە هەمان شێوەی تایبەتی خۆی. لەبن لێوانەوە کەوتە گۆرانی و بە بەلەکە سفت و سۆڵەکانییەوە دەستی کردە گەردنی ئەو پیاوە و بەبن دار بییەکاندا رەت بوون و دوور کەوتنەوە.
خوداداد لە خەفەت و شادیدا دەگریا. بە لەقەلەق رێ و رێ گەڕایەوە.
خۆی بە کوختەکەیدا کرد، دەرکەکەی لەسەر خۆی داخست و ئیدی هیچ کەس نەیدی.

## ٦- گێژاو

هەمایون لەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت:ئایا راستە؟... دەشێت؟ بەو لاوییە، لەوێدا لە شا عبدالعظیمدا لە نێوان هەزاران مردووی دیکەدا، لە ژێر خاکی ساردو شێدارا خەوت بێ.. کفن لەبەدەنی چەسپی بێ! ئیدی نە هەوەڵی بەهار دەبینێ و نەئاخیری پایزو نە رۆژانی کپ و خەمگینی وەکو ئەمڕۆ.. ئایا رۆشنایی چاوەکانی و ئاوازی دەنگی بەیەکجاری دامرکانەوە!.. ئەوی کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسە قوت و زار شیرین بوو..

دنیا هەور بوو، تەنکە بوخارێك نیشتبووە سەر شووشەی پەنجەرەکەو لە پشت تەنکە بوخارەکەوە سەربانە جەمەلۆنییەکەی ماڵە هاوسێکە دیاربوو کە تەنکە بەفرێکی نیشتبووە سەر. کڵو بەفرەکان بەردەوام و بە ئەسپایی دەهاتنە خوارێ و دەکەوتنە سەر گوێسەبانەی سەربانە جەمەلۆنییەکە. دوکەڵێکی رەش لە دووکەڵ کێشی سەربانەکەوە دەهاتە دەرێ و لە ئاسمانی لێڵ و تاریکدا لوولی دەخواردو بەرەبەرە ون دەبوو.

هەمایون و ژنە جەحێڵەکەی و هومای کچۆڵەیان لە ژوورەوەو لەبەر سۆپا دانیشتبوون، بەڵام بە پێچەوانەی جارانەوە کە رۆژانی هەینی پێکەنین و شادی لەم ژوورە دەباری، ئەو رۆژە کە هەموویان خەمبارو مات و بێدەنگ بوون، تەنانەت کیژە بچووکەکەشیان کە هەمیشە مایەی شادی و گەرمی ماڵەکە بوو.

ئەوڕۆ بووکە گەچینە سەروچاو شکاوەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، مات و بێدەنگ دەیڕوانییە دەرێ دەتگوت ئەویش پەی بەوە بردبوو لەشتێکیان کەمەو ئەویش مامە بارام گیان بوو کە وەکو جاری جاران نەهاتبوو، هەروەها هەستی دەکرد کە خەمباری و لێو بە باری باب و داکی سەبارەت بەوە: جلی رەش، چاوانی سوور هەڵگەڕاوی بێ خەو، دووکەڵی لە هەوادا لوول خواردووی جگەرە، هەموو بەڵگەی دروستی بیرکردنەوەکەی ئەو بوون.

هەمایون چاوی بڕی بووە ئاگری سۆپاکە، بەڵام بیری لە شوێنێکی دیکە بوو، بێ اختیار کەوتبووە یادی رۆژانی قوتابخانە، ئەو سەروبەندەی کە وەکو ئەوڕۆکە بستێك بەفر دەکەوت، کاتێ زەنگی پشوودان لێی دەدا ئەو و بارام بەر لە هەمووان، گەمەی ئەو دەمانەیان هەمیشە یەك جۆر بوو: تۆپەڵە بەفرێکیان بەسەر ئەرزەکەدا گل دەکردەوە تا دەبوو بە تۆپەڵێکی گەورە، ئەوجا منداڵەکان دەبوون بە دوو دەستە، تۆپەڵە بەفرە گەورەکەیان دەکرد بە سەنگەرو ئیدی شەڕە تۆپەڵە دەستی پێدەکرد. بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەن بە دەستی رچیوی سوور هەڵگەڕاوەوە تۆپەڵ بەفریان دەهاوێشتە یەکدی، رۆژێ کە لە گەرمەی ئەو یاریەدا بوون، ئەو چنگێ بەفری ئاوداری هەڵگرت و لە نێو دەستیا گوشی و سرەوەندیە بارام و هەنیەی بریندار کرد، بەڕێوەبەر هات و حەیزەرانێکی قایمی بەنێو لەپی ئەودا کێشا، رەنگە سەرەتای دۆستایەتی ئەو و بارام بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە، تا ئەم ئاخرو ئۆخرەش هەر جارێ کە چاوی بە شوێن زامەکەی سەر هەنیەی ئەو دەکەوت، ئازاری حەیزەرانەکەی بیردەکەوتەوە. لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا هێند رۆح و فیکریان لێك نزیك ببۆوە نەك هەر تەنیا بیرو هەستی زۆر نهێنی خۆیان لای یەکدی دەدەرکاند، بەڵکو زۆر بیروبۆچوونی نهێنی یەکدییان بێ چ قسەکردنێك دەخوێندەوە.

بیرو سەلیقەو رەوشتیان زۆر لێکدییەوە نزیك بوو. تا نووکە کەمترین ناکۆکی یا دردۆنگیان نەکەوتبووە نێوان، تاکو پێرێ بەیانی کە هەمایون لە دایەرە بوو تەلەفۆنیان بۆ کرد کە بارامی میرزا خۆی کوشتووە. هەمایون دەست بەجێ گالیسکەیەکی گرت و بەتاو خۆی گەیاندە وێندەر، بە ئەسپایی ئەو پارچە سپیە خوێن مژیوەی سەر دەموچاوی لابرد، برژانگی خوێناوی، مێشکی پڕژاوی سەر سەرینەکە، پەڵە خوێنی سەر قالیچەکە. شین و

شەپۆری خزمەکانی چەشنی هەورە تریشقە کاریان تێکرد، ئەوجا تا بولێڵی ئێواریّ بە خاکیان سپارد بە دیار جەنازەکەوە مایەوە، ناردی چەپکیّ گوڵیان هێنا، خستییە سەر گۆڕەکەی ئەو و پاش دوا ماڵاوایی بە دڵی پڕەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا نووکە ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. خەو نەچووبووە چاوانی و لاجانگەکانی داوی سپیان تێکەوتبوو. پاکەتێك جگەرەی لەبەردەمدا بوو و لێکدا لێکدا جگەرەی لیّ دەکێشا.
یەکەمین جاربوو کە هەمایون بە قووڵی بیری لە مەرگ دەکردەوە، بەڵام بیری بە هیچ کوێدا نەدەگەیی، چ بیروباوەڕێك قەناعەتی پیّ نەدەهێنا.
تەواو کاس و مەنگ ببووو، نەیدەزانی تەگبیری چییە، هەندیّ جار تووشی جۆرە حاڵەتێکی شێتی دەبوو، هەر چییەکی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی فەرامۆشی بکا، دۆستایەتیان لە قوتابخانەوە دەستی پێکردبوو، ژیانیان تا رادەیەکی زۆر ئاوێتەی یەکدی ببوو. ببوون بە شەریکی غەم و شادی یەکدی، هەر کاتیّ دەگەڕایەوەو تەماشای وێنەکەی بارامی دەکرد. هەموو یادگارەکانی لەلا زیندوو دەبوونەوەو ئەوی دەبینی: سمێڵە زەردەکەی، چاوە رەش و لێك بڵاوەکانی، دەمە چکۆڵەکەی، چەناگەی باریکی، قاقای پێکەنینەکەی لەبەرچاوی بوون، باوەڕی نەدەکرد کە مردبیّ، مردنێك بەو ناگەهانییە...! بارام چ زەحمەتێکی بۆ ئەو نەکێشابوو، لە ماوەی ئەو سیّ ساڵەدا بە ماموریەت ڕۆیی بوو و بارام سەرپەرشتی ماڵەکەی بۆ دەکرد. وەکو بەدری ژنی دەگێڕێتەوە نەیهێشت عەزرت لە دڵیان بمێنیّ.
هەمایۆن نووکە هەستی بەبار قورسی ژیان دەکردو داخی بۆ ڕۆژانی رابردوو دەخوارد کە چۆن یەکماڵی لەم ژوورەدا لە دەوری یەکدی خڕدەبوونەوە. یاری نەردیان دەکردو چەندین سەعاتیان بەشادییەوە دەقەتاند بیّ وەی هەست بە تێپەڕبوونی کاتەکە بکەن.
بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدا ئەم بیرە بوو:وێڕای ئەوەی ئەوەندە هۆگری یەکدی بوون و چ شتێکیان لە یەکدی نەدەشاردەوە، چۆن بوو بارام ئەوی لەم بڕیاری خۆکوژییە ئاگادار نەکردەوە؟ عیللەتی چی بوو؟ شێت ببوو یا نهێنییەکی خانەوادەیی لە ئارادابووە؟ لێکدا لێکدا ئەو پرسیارەی لە خۆ دەکرد. ئەنجام وەك بڵێی بیری لەسەر شتێك گیرسایەوە. پەنای بردە بەر بەدری ژنی و لێی پرسی:
تۆ چ مەزندەیەك دەکەی نازانم بارام بۆ ئەو کارەی کرد؟
بەدری کە بە ڕواڵەت خەریکی دروومان بوو و بەسەر دەرزی و تەقەڵادان نوشتابۆوە، سەری هەڵبڕی و وەکو ئەوەی چاوەنۆڕی ئەم پرسیارە نەبووبیّ بەبیّ مەیلییەوە گوتی:
من چ بزانم، چی بە تۆ نەگوتبوو؟
نەو.. بۆیە پرسیارم کرد.. منیش لەمە سەرسامم. وەختیّ لە سەفەرەکەم گەڕامەوە هەستم کرد گۆڕاوە، بەڵام هیچی بە من نەگوت، پێم وابوو لە کاروباری دایەرە وەڕزە... چونکە کاری دایەرە ڕۆحی دەژاکاند. چەندین جار ئەمەی لا درکاندبووم... بەڵام خۆ ئەو چ شتێکی لەمن نەدەشاردەوە.
خوا عافوی بکا! چەند زیتەڵ و بە دەماخ و قسە خۆش و سوعبەت چی بوو.. ئەم کارە لەو نەدەوەشایەوە.
نەو، بە رواڵەت وای دەنواند: هەندیّ جار زۆر دەگۆڕا . زۆر... بەتایبەتی ئەو کاتانەی بە تەنیّ بووایە.. ڕۆژیّ خۆم بە ژوورەکەیدا کرد نەم ناسییەوە. سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی و بیری دەکردەوە هەر کە چاوی بەمن کەوت راچڵەکی، بۆ وەی شتەکە لەمن وەشێری پێکەنی و دەستی بە هەمان شۆخیان کرد. تەمسیلی چاکی دەکرد!
ڕەنگە شتێك بووبیّ و دڵی نەهاتبیّ بە تۆی بڵیّ و ملاحەزەی کردبی نەبا پێی غەمگین ببی. ئاخر هەرچییەك بیّ

تۆ ژن و منداڵت هەن، دەبێ لە بیری ژیاندا بی. بەڵام ئەو...
بە مەعناوە سەری لەقاند. وەك ئەوەی خۆکوژی ئەو چ بایەخێکی نەبێ. بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشانەوە، بەڵام هەمایون هەستی کرد قسەکانی ژنەکەی ساختەن،هەمان ژن کە هەشت ساڵ لەمەوبەر دەی پەرست، چونکە بیری یەکجار ناسکی سەبارەت بە عەشق هەبوو! بەڵام لەم ساتەدا وەکو ئەوەی پەردەیەك لەبەرچاوی لاچووبێ، ئەم خەم سارديیەی ژنەکەی بەرانبەر بە یادگارەکانی بارام بێزاری کرد. لە ژنەکەی بێزاربوو چونکە نووکە ببوو بە پولەکی و هەموو هۆش و گوشی لەلای ژیان و ماڵی دنیا بو و نەیدەوست رێ بە خەم و خەفەت بدا.
هەموو بەڵگەشی ئەمە بوو کە بارام ژن و منداڵی نەبوون! چ بیرێکی قیزەوەرە، چونکە ئەو خۆی لەم لەزەتە گشتییە مەحرووم کردووە، مردنەکەشی جێی داخ نییە، ئایا بایەخی منداڵەکەی ئەو لە هاوڕێکەی زیاترە؟ هەرگیز! ئایا بارام شایانی داخ نەبوو؟ ئایا لە دنیادا کەسی وەکو ئەو دەبێتەوە؟..
ئەو بمرێ و ئەم سید خانمە خڵەفاوە نەوەد ساڵەیە، کە ئەوڕۆکە بە نێو بەفرو سەرمادا لە پاچنارەوە بە دارەتەقێ هاتبوو و سۆراخی ماڵی بارامی دەکرد تا بڕوا حەڵوای مردووان بخوا. بژی. ئەمە کاری خوایە لە روانینی ژنەکەیەوە ئاساییەو بەدری ژنی ئەویش رۆژێك دێ وەکو ئەم سید خانمە دەردەچێ، هەر لە ئێستاوە بێ مکیاج زۆر گۆڕاوە. چاوەکانی و دەنگی گۆڕاون. کە بەیانی زوو ئەم دەچێ بۆ دایەرە ئەو هێشتا لە غورابی خەودایە، ژێر چاوانی چرچ بوون و ناسکی جارانیان نەماوە، بێگومان ژنەکەشی هەمان هەستی بەرانبەر بەو هەیە، کێ دەزانێ؟ ئایا ئەویش نەگۆڕاوە؟ ئایا هەمان هەمایونە میهرەبان و دڵسۆزو قۆزەکەی جارانە؟ ئایا ژنەکەی هەڵنەخەڵەتاندووە؟ باشە بۆ ئەم بیرانەی لا دروست ببوون؟ ئایا ئەنجامی بێ خەوی بوو یا زادەی یادی پڕ داخی دۆستەکەی؟
لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە، کە نیزەکێکی عەبا بەسەر کاغەزکی مۆرکراوی هێنا، دایە دەستی هەمایون و رۆیی.
هەمایون خەتە پچڕپچڕەکەی بارامی لەسەر زەرفی کاغەزەکە ناسییەوە. بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی، کاغەزەکەی لێ دەرهێناو دەستی بەخوێندنەوە کرد:
نووکە سەعات و نیوێکی شەو تێپەڕیوە. ۳۱ی مانگی مهر ۲۳۹، من بارام میرزای ئەرژن پور بە حوسن و رەزای خۆم هەموو سامانی خۆم بە هوما خانمی مانگ ئاسا بەخشی

*بارام ارژن پور.*

هەمایون بە سەرسامی جارێکی دی نامەکەی خوێندەوە. ئەبلەق و واق وڕما و کاغەزەکەی لە دەست کەوت. بەدری کە لە ژێرەوە چاوی لێی بوو، پرسی: کاغەزی کێ بوو.
– بارام
چی نووسیوە؟
دەزانی چ سامانێکی هەیە، بە هومای بەخشیوە...
چەند پیاوێکی چاکە:
دەربڕینی ئەم سەرسامییە پڕ لوتفە. هەمایۆنی پتر لە ژنەکەی وەڕز کرد، بەڵام بێ ئختیار نیگای لەسەر وێنەکەی بارام گیرسایەوە. پاشان گەڕایەوەو روانییە هوما. لە پڕ شتێکی بەبیرا تێپەڕی کە ئازای گیانی لەرزاند. وەك بڵێی پەردەیەکی دیکە لەبەرچاوی لاچوو: هومای کیژی بێ کەم و زیاد وەکو بارام بوو، نەبەمی کردبوونە بە دایکی، چاوی شتاقیان رەش نەبوو، دەم بچکۆڵە، چەناگەباریك، رێك هەموو کەسمی دەموچاوی وەکو بارام بوو. هەمایون هەنووکە پەی بەوە برد کە بۆچی بارام ئەوەندە هومای خۆشویشتووەو نووکەش لە پاش مەرگی

سامانەکەی بەو بەخشیوە! ئایا ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەم منداڵە زادەی پێوەندی نهێنی بارام و ژنەکەی ئەم بووە؟ لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی خۆیدا؟ ژنەکەی ساڵەها دەستی لەگەڵیا تێکەڵ بووە بێ وەی ئەو بزانێ و لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەڵی خەڵەتاندووە. پێی رابواردووەو نووکەش ئەم وەسیت نامەیە. ئەم جنێوی پاش مەرگەی بۆ ناردووە. نا و نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانە ئاسایی وەربگرێ، ئەم بیرانە وەکو بروسکە بە مێشکی دا رەت دەبوو، سەری کەوتە ژان، گۆناکانی خاوبوونەوە، نیگایەکی شەڕانی بڕییە بەدری و گوتی:

تۆ چ دەڵێی، ها، بارام بۆ ئەم کارەی کردووە، چما خوشك و برای نەبوون؟

چونکە دوور لە ئێستا ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست، وەختێ تۆ لەبەندەری گەز بووی، هوما سیرۆژەی گرت، دە شەو و رۆژ ئەم پیاوە بە دیار ئەم منداڵەوە وەستا، خوا عافوی بکا!

هەمایۆن بە توڕەیی گوتی: کـنەخێر بەم سادەییەش نییە...

چۆن؟ خۆ هەموو کەسێك وەکو تۆ بێ رەحم نین کە سێ ساڵان ژن و منداڵەکەت بەجێ بێڵیی و بڕۆی، وەختێ کە گەڕایتەوەش دەست لە گونان شۆڕتر، جووتە گۆرەوییەکیشت بۆ نەهێناوم. دیاری دەست خاترگرتن و قەدرزانییە، کە خاتری منداڵەکەی تۆی ویستووە یانی خاتری تۆی ویستووە دەنا عاشقی هوما نەببوو. ئەدی بەخۆت نەتدەبینی ئەم منداڵەی لە هەردووك چاوی پتر خۆش دەویست...

نا، راستیم پێ ناڵێی

دەتەوێ چ بڵێم؟ تێ ناگەم...

خۆت گێل دەکەی..

یانی چی؟ .. یەکێکی دی خۆی کوشتووە، یەکێکی دی سامان و سەروەتی خۆی بەخشییوە، من دەبێ حیساب و کیتاب بکەم؟

ئەوەندە دەزانم کە دەبێ تۆش بزانی!

دەزانی چییە، من سەر لە قسەی بە تویکڵ دەرناکەم، بڕۆ خۆت معایەنە بکە، بیرت بڵاوە، چیت لە من گەرەکە؟

لات وایە من نازانم؟

کە دەزانی بۆ لە من دەپرسیت؟

بەسە. بەسە. تا ئێستا پێت رابواردووم!

پاشان وەسیەتنامەکەی بارامی هەڵگرتەوە. گرمۆڵەی کردو هاوێشتییە سۆپاکەوە، گڕی گرت و بوو بە خۆڵەمێش.

بەدری ئەو پارچە وەنەوشەییەی کە بەدەستییەوە بوو. توڕداو هەستاو گوتی:

باشە وا لە من چووی بە قینا، بە منداڵەکەی خۆتیشی رەوا نابینی؟

هەمایۆن هەستا، پشتی بە مێزەکەوە داو بە تەوسەوە گوتی:

منداڵی من.. منداڵی من. ئەدی بۆ لە بارام دەچێ؟

ئانیشکی دا بەو چوارچێوەیەدا کە وێنەکەی بارامی تێدا بوو، و کەوتە سەر زەوی. منداڵەکە تا ئێستا خیشی کردبوو، کەوتە گریان. بەدری بەڕەنگی بزرکاو و سەدای پڕ لە هەڕەشەوە گوتی:مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چ بڵێی

دەمەوێ بڵێم هەشت ساڵە هەڵت خەڵەتاندووم، پێت رابواردووم، هەشت ساڵە تفی سەرەو ژوور بوویت نەك ژن.. لەگەڵ منتە..؟ لەگەڵ کچەکەمتە؟

هەمایۆن بە پێکەنینێکی تووڕەوە چوارچێوەی وێنەکەی نیشان داو بە هەناسە بڕکێوە گوتی:
بەڵێ: کچی تۆ.. کچی تۆ.. کاکە ببینە. دەمەوێ بڵێم نووکە چاوم هەڵهات. بۆم دەرکەوت کە بۆچی سامانەکەی پێ بەخشیوە. بابێکی میهرەبان بووە، بەڵام تۆ بە قەولی خۆت هەشت ساڵەکە.
کە لە ماڵی تۆدا بووم. کە هەموو جۆرە ڕەنجێکم کێشاوە. کە بە کوێرەوەری کردمیت بە ماڵ، کەسێ ساڵان لێرە نەبووی پارێزگاری ماڵەکەتم کرد، پاشانیش هەواڵیان بۆ هێنام کە لەبەندەری گەز عاشقی ژنۆکەیەکی بێ سەروبەری روسی بوو بووی. نووکەش ئەمە پاداشتی چاکەکەمە، چ هەنجەتێکت بە دەستەوە نییەو دەڵێی منداڵەکەم لە بارام دەچێ. بەڵام من چیدی ئامادەنیم.. یەك دەقیقەی دی لەم ماڵە بەند نابم. وەرە گیانە.. وەرە بڕۆین.
هوما بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوو ترسەوە دەیڕوانییە ئەم کێشمانە کێشە سەیرو بێ وێنەیەی نێوان بابی و داکی. بەدەم گریانەوە تەنورەکەی دایکی گرت و هەردووکیان بەرەو دەرگا چوون. بەدری لەبەر دەرگاکەوە دەستەیەك کلیلی لە بەرکی دەرهێناو بە توندی تووڕی هەڵدان و لەبەر پێی هەمایوندا کەوتەوە.
دەنگی گریانی هوماو دەنگی پێ لە داڵانەکە دوورکەوتنەوە. دوای دە دەقیقەیەك دەنگی پێچکەی عارەبانەیەك هات کە وانی بەنێو بەفرو سەرمادا برد. هەمایۆن مات و مەنگ لە جێی خۆی وەستابوو. دەترسا سەر هەڵبڕێ. نەیدەویست باوەڕ بەوە بکا کە ئەم ڕووداوانە ڕاستن. لە خۆی دەپرسی: ڕەنگە دین بووبێ یا خەونێکی ترسناك دەبینێ، بەڵام ئەوەی کە بەلایەوە روون و ئاشکرابوو ئەمە بوو کە لەمەوپاش نەیدەتوانی لەم ماڵەدا بژی و هەڵبکا، ئیدی نەیدەتوانی هومای کچی کە ئەوەندەی خۆش دەویست بدینێ. نەیدەتوانی چیدی ماچی بکاو بیلاوێنێ، یادگاری ڕابوردووی هاوڕێکەی لەکەدار بوو بوو. لە هەمووی خراتر ئەوەبوو ژنەکەی هەشت ساڵان بە پەنامەکی دەستی لەگەڵ یەکانە دۆستیا تێکەڵ کردبوو، ژیانی خێزانداری لەکەدارکردبوو، هەموو ئەمانەش بەدزی ئەوەوە، بێ ئەوەی پێ بزانێ! هەر هەموویان ئەکتەری لێهاتوو بوون، تەنیا ئەو خەڵەتاوەو پێیان رابواردووە. لە هەموو ژیانی بێزاربوو، بەرانبەر هەموو شتێك و گشت کەسێ دڵ کرمێ بوو. هەستی بە تەنیایی و نامۆییەکی گەورە کرد. چ چارێکی نەبوو جگە لەوەی خۆی نەقل بکا بۆ شارێکی دوور یا یەکێك لە بەندەرەکانی باشوورو باقی ژیانی لەوێندەر بقەتێنی یا خۆی بکوژێت، بچێ بۆ شوێنی کەس نەبینێ، گوێی لە دەنگی کەس نەبێ، لە چاڵێکا رابکشێت و ئیدی هەڵنەسێتەوە. چونکە بۆ یەکەمجار هەستی کرد گێژاوێکی ترسناك لە نێوان ئەو و هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەریا هەبووەو تا نووکە پەی پێ نەبردبوو.
جگەرەیەکی داگیرساندو بە ژوورەکەدا کەوتە هاتووچۆ، دیسان پشتی بەمێزەکەوە دا، کلۆ بەفرەکان لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە بە ئەسپایی و بەردەوام وەك ئەوەی لەسەر نەزمی مۆسیقایەکی سیحراوی سەما بکەن دەهاتنە خوارێ و دەنیشتنە سەر گۆیسەبانەکە. بێ ئختیار یادی ئەو ڕۆژە خۆشانەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ دایك و بابیا دەچوونەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لە عێراق.
بە ڕۆژەوە بە تاقی تەنێ لەسەر سەوزە گیای ژێر درەختەکاندا دەنووست، لەو شوێنەدا کە شێر عەلی سەبیلەکەی تێدەکردو لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت و کچەکەی کە عەبایەکی سووری هەبوو بۆ ماوەی چەندین سەعات لەوێ را چاوەنۆڕی بابی دەکرد. باڵتەی جەنجەرەکە بە جیڕە جیڕ سواڵەی زێڕینی گەنمی قرچەشکێن دەکرد. نووکە وەزع و حاڵی ئەو ڕێك وەکو ئەو گایانە وابوو، نووکە دەیزانی ئەم ئاژەڵانە هەستیان بەچی دەکرد. ئەویش بە درێژایی ژیانی بەچاوی بەستراوەوە بە دەوری خۆیدا خولابووەوە، وەکو بارگیری دەوری ناعور، وەکو ئەو گایانەی کە خەرمانیان گێرە دەکرد ئەو هەموو سەعاتانەی هێنایەوە یادی خۆی کە لە ژوورە بچوکەکەی

گومرگدا دانیشتبوو و هەمان ئەو کاغەزانەی رەش دەکردەوە، هەندێ جار دەیڕوانییە هاوکارەکەی و باوێشکی دەدا، دووبارە دەستی دەدایەوە قەڵەم و هەمان ئەو نیمرانەی لە ریزی خۆیدا دەنووسین، بەراوردی دەکردن، کۆی دەکردنەوە، دەفتەرەکانی ژێرو ژوور دەکرد، بەڵام ئەوساکە تاقە دڵخۆشییەکی هەبوو، هەرچەندە دەیزانی کە چاوەکانی، بیری، لاوی و هێزو توانای بەرە بەرە دەتوێنەوە، بەڵام کە شەوان دەگەڕایەوەو بارام، کچەکەو ژنەکەی بەرو خۆشییەوە دەبینی هەموو هیلاکی لەشی دەردەچوو، بەڵام نووکە لەوانیش، لە هەرسێکیان وەرەز بوو، هەر ئەوان بوون کە ئەویان گەیاندبووە ئەم رۆژە، وەك بڵێی لە پڕ بڕیارێکیدا، خۆی گەیاندە مێزی نووسینەکەی، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، حەوت تیرە بچووکەکەی کە هەمیشە لە سەفەراندا پێی بوو، دەرهێنا، جەربانەی فیشەکەکان لە جێی خۆبوون و تەماشایەکی نێو لوولە ساردو رەشەکەی کردو بە ئەسپایی لەسەر لاجانگی خۆی راگرت، بەڵام دەموچاوی لە خوێنا خلتانی بارامی بیرکەوتەوە. ئەنجام دەمانچەکەی نایە گیرفانی.

هەستایەوە سەر پێ و لە داڵانەکەدا پالتۆکەی لەبەرکرد، پێڵاوە لاستیکەکانی لەپێکرد، چەترەکەشی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەرکەوت. کوچەکە چۆڵ بوو. کلۆ بەفر بە ئەسپایی دەهاتە خوارێ. بێ وەی بزانێ کێوە دەچێ، کەوتە رێ، تەنیا ئەوەی دەویست لە ماڵەکەی خۆی، لەم هەموو رووداوە سامناکە هەڵێ و دوور بکەوێتەوە.

لە شەقامێکی ساردو سپی و خەمناکەوە سەری دەرهێنا، جێ پێچکەی گالیسکان لەسەر بەفرەکە نەخش ببوو. هەمایۆن بە ئەسپایی هەنگاوی هەراوی دەنا، ترومبێلێك تیژ تێپەڕ بە تەنیشتیا رەت بوو و بەفروقوڕو چڵپاوی شەقامەکەی بەسەرو روویا پرژاند، وەستا، سەیرێکی جلەکانی کرد، لە قوڕو چڵپاودا هەڵکشابوون، ئەمەی پێناخۆش نەبوو، بگرە بەلایەوە جۆرە دڵنەواییەکی رۆحیش بوو، لە رێگادا تووشی کوڕێژگەیەکی شقارتە فرۆش بوو، گازی کرد. شقارتەیەکی کڕی، بەڵام کە دیقەتی روخساری کوڕێژگەکەی دا سەیری کرد چاوەکانی رەش، لێوی تەنگ و قژی زەردبوو. بارامی بیرکەوتەوە، تەزوویەکی پێداهات و ملی رێگای گرت. لە پڕ لەبەر جامخانەی موغازەیەکا وەستا. چووە بەرەوە، هەنیەی بە شووشە ساردەکەیەوە چەسپاند. خەریك بوو کڵاوەکەی بەربێتەوە، ئەسباب وازی دنیا لە نێو جامخانەکەدا رێز کرابوون.

بەسەری قۆتی کەوتە سڕینەوەی بوخاری سەر شووشەی جامخانەکە، بەڵام ئەم کارە بێهودەبوو، بووکۆکەیەکی گەورەی دەموچاو سووری چاوشین-ی دەم بە بزە لەبەر دەمیا بوو، قەیرێ بە ماتی تێی روانی، لەبەر خۆوە بیری کردەوە ئەگەر ئەم بووکۆکەیە هی هوما بایە چەندی پێ خۆشحاڵ دەبوو.

موغازەچییەکە دەرگاکەی کردەوە، هەمایۆن کەوتەوەڕێ، بەیەك-دوو کۆڵانی دیدا تێپەڕی. لە رێگادا مامر فرۆشێکی بینی کە لە پاڵ سەبەتەکەیا دانیشتبوو سێ مامرو کەڵەشێرێك کە لاقیان پێکەوە بەسترابوون، لەسەر سەبەتەکە دانرابوون، لاقە سوورەکانیان لەسەرمانا دەلەرزین. لە تەنیشتییەوە پەڵە خوێنی سوور رژابووە سەر بەفرەکە، نەختێ لەولاترەوە کوڕێژگەیەکی کەچەڵی قۆڵ و بازوو لە کراسی دڕاوەوە دەرهاتوو لەبن بانیژەی ماڵێکا دانیشتبوو.

هەموو ئەمانە سەرنجیان راکێشا، بەڵام نەیدەزانی لە کوێیەو بۆ کوێ دەچێ، هەستی بە بارینی بەفرەکە نەدەکرد، چەترەکەی هەر بە دادراوەیی بەدەستەوە بوو.

خۆی بە کۆڵانێکی چۆڵی دیدا کرد، لەسەر سەکۆی بەر ماڵێکدا رونیشت. بەفر توندتر ببوو، چەترەکەی هەڵدا، شەکەتی تینی بۆ هێنابوو، سەری قورس ببوو. چاوەکانی بە ئەسپایی وێك هاتنەوە.

دەنگی رێبوارێك وە ئاگای هێنایەوە، هەستا، دنیا تاریك ببوو. هەموو شتەکانی ئەو رۆژەی وەبیر خۆی

هێنانەوە. کوڕە کەچەڵە شرۆڵەکە، لاقی سووری مامرەکانی سەر سەبەتەکە کە لەسەری هەڵدەلەرزین، ئەو پەڵە خوێنانەی ڕژابوونە سەر بەفرەکە. هەستی کرد کەمۆکەکی برسییە. کێکێکی لە دوکانێکی شرینی فرۆشدا کڕی، بەڕێوە دەیخواردو وەکو تارماییەك بێ ئختیار بە کۆڵانەکەدا دەسووڕایەوە.

کە خۆی بەماڵێدا کرد، سەعات دووی سەر لە بەیانی بوو. وەکو مەیت خۆی دەنێو کورسییەکە خزاند. پاش سەعاتێك لە سەرما خەبەری بۆوە، هەر بەجلەکانییەوە چووە نێو جێگای نووستنەوە، لێفەکەی ڕاکێشایە سەرخۆی، خەونی بینی، لە خەویا هەمان کوریژگەی شقارتە فرۆش جلێکی ڕەشی لەبەرکردبوو و لە پشت مێزێکەوە کە بووکۆکەیەکی گەورەی لەسەر بوو دانیشتبوو. بووکەکە چاوشین، لێو بە خەندە سێ کەس دەستەو نەزەر لە بەردەمیا وەستابوون، هومای کیژی ئەو بە مومێکەوە وەژوور کەوت. دوای ئەو پیاوێك وەژوور کەوت، دەموچاوە سپییەکەی بەڕووپۆشێکی سپی خوێناوی داپۆشرابوو، چووە پێشەوە دەستی کوڕە شقارتە فرۆشەکە و هومای گرت. کە ویستی لەسقەری دەرکەی بچێتە دەرێ دوو دەست کە رووی حەوت تیرکیان کردبووە ئەو لە پشت پەردەوە دەرکەوتن. هەمایون بە ترس و ژانە سەرێکی ناخۆشەوە لەخەو ڕاپەڕی.

دوو هەفتەی ژیانی وی بەو تەرحە تێپەڕین، بە ڕۆژەوە دەچووە دایەرەو شەوانی درەنگ بۆ خەو دەگەڕایەوە ماڵێ. هەندێ عەسران بەخۆیشی نەیدەزانی چۆن ڕێی دەکەوتە گوزەرێکی نزیکی قوتابخانەیەکی کچانە کە هومای کچی لەوێندەر بوو.

کە زەنگی پشوو لێی دەدا، لەپێچێکاو لە پەنای دیواری قوتابخانەکەدا خۆی مات دەدا، دەترسا لەوەی کە مەشهەدی عەلیی نۆکەری ماڵی خەزوری بیدینێ، چاوی بەیەك بەیەکی منداڵەکاندا دەگێڕا، بەڵام هومای کچی نەدەبینی.

موافەقەتی نەقڵەکەی هاتەوەو دایەرەی گومرکی کرماشانی بۆ دیاریکرا.

هەمایون ڕۆژێك بەر لە ڕۆیشتن هەموو کاروبارێکی خۆی ڕێکخست. چووە گەراج، ترومبێلەکەی بینی، بلیتی سەفەری بڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی جانتاکانی نەبەستبوون و خاوەن گەراجەکەش پێی داگرت کە ئەو ئێوارەیە فریاناکەوێ، سەفەرەکەی لە بری هەمان ئێوارە دواخست بۆ سبەی بەیانی.

کە وەژوور کەوت یەکسەر چوو بۆ ئەو ژوورەی کە مێزی نووسینەکەی خۆی تێدابوو. ژوورەکە شێواو و پێکا دراو، خۆڵەمێشێکی سارد لەبەر سۆپاکەدا ڕژابوو. پارچەیەکی وەنەوشەیی ئاوریشم چن و ئەو زەرفەی هەڵگرت کە وەسێتنامەکەی بارامی تێدابوو، لەسەر مێزەکە دانرابوون. زەرفەکەی هەڵگرت و دڕاندی، بەڵام پارچە کاغەزێکی نووسراوی تێدا دیت کە ئەو ڕۆژە لەبەر پەلەکردن بەرچاوی نەکەوتبوو. پاش ئەوەی پارچە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە خستنەوە پاڵ یەك، ئەمەی خوێندەوە:

بێگومان پاش مەرگم ئەم کاغەزەمت دەگاتێ. دەزانم سەرت لەم بڕیارە کوت و پڕەی من سووڕ دەمێنێ، چونکە چ کارێکم بەبێ ڕاوێژی تۆ نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی چ ڕازو مەرامێك لە نێوانماندا نەبێ دان بەوەدا دەنێم کە من بەدری ژنتم خۆش دەویست. چوار دانە ساڵ بوو لەگەڵ خۆدا دەجەنگیم، ئاقیبەت زاڵ بووم و بۆ ئەوەی خیانەتم لە تۆ نەکردبێ دێوە سەرشێتەکەی ناخی خۆم کوشت. شتێکی ناچیز پێشکەش بە هوما خانم دەکەم هیوادارم قەبووڵ بکرێ!

*دڵسۆزتان بارام.*

هەمایۆن قەیرێ بە ماتی و مەنگی ڕوانییە ژوورەکە. نووکە خاترجەم بوو کە هوما منداڵی خۆیەتی. ئایا دەیتوانی بێ ئەوەی هوما بدینێ بڕوا؟ کاغەزەکەی دووبارەو سێ بارە خوێندەوەو. لە بەرکی ناو لە ماڵ

وەدەرکەوت. لە ڕێگا بێ دوو دڵی خۆی بە موغازەی ئەسباب وازی فرۆشەکەدا کرد. بووکۆکە گەورە دەموچاو سوورە چاو شینەکەی کڕی و بەرەو ماڵی خەزووری کەوتە ڕێ. کە گەییە وێندەر لە دەرکەی دا: کە مەشهەدی عەلی نۆکەر یان هەمایۆنی بینی بە چاوی گریاناوییەوە گوتی:

قوربان، چ قوڕێکم بەسەرا کرا؟ هوما خانم!

چی لێهاتوو؟

قوربان تۆ نازانی هوما خانم لە دووی تۆ چەند بێ قەراری دەکرد. هەموو ڕۆژێ بەخۆم دەمبرد بۆ قوتابخانە. ڕۆژی یەك شەممە بوو. یانی ئەوە ئَێنج ڕۆژە کە عەسرەکەی لە قوتابخانە هەڵات، گوتبوی دەچم بۆ کن بابەگیان. ئێمە زۆر شپرزەبووین. چما محمد پێی نەگوتییت؟ تەلەفۆنمان کرد بۆ مەرکەز، من دوو جاران هاتم بۆ ماڵتان.

ئەوە چ دەڵێی؟ چی بووە؟

هیچ قوربان، درەنگە شەوانێ بوو کە بۆیان هاوردینەوە، ڕێی وێڵ کردبوو. لەسەرما نەخۆش کەوت. تا گیانی سپارد هەر تۆی گاز دەکرد. دوێنێ بردمان بۆ شا عبدالعظیم لە پاڵ قەبرەکەی بارام میرزاوە ناشتمان.

هەمایۆن بە سەرسامی و حەپەساوی دەیڕوانییە مەشهەدی عەلی، لەم دەمەدا بووکۆکەکەی لێ بەربووەوە. پاشان وەکو دینان یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە پەلە بەرەو گەراج ڕۆیی. چونکە لە بەستنی جانتاکانی ببۆوە دەیتوانی بە ترومبێلی عەسر تا زووترە لەوێ بڕوا.

## ٧- کتێب

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا چ قوتابیەك پێنەدەکەنی. باوێشکی تەمەڵی نەدەدا. چ کەسێك نەیدەڕوانییە دەرێ، خۆی بە تەماشاکردنی هەتاوی زەردی ئاسمانی شین، درەختی بەهێ و هەرمێوە خەریك نەدەکرد، لە دەرسی ئەودا چ قوتابییەك نەی دەڕوانییە ئەستێلە گەورەی نێو حەوشی قوتابخانەکە.

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا، چ کەسێك خەو نەیدەبردەوە. لاقی تەمەڵی لێ ڕانەدەکێشا، بە قەڵەمەکەی دەست و پلی خۆی نەدەنووسی. کەس بیرەوەری و یادگاری لەسەر ڕەحلەکەی هەڵنەدەکەند. تەنانەت (حوسێن)یش بەو هەموو لاساریی و بێعارییەی خۆیەوە ئاقڵ و ئاغر دادەنیشت و بەتاسەوە چاوی دەبڕییە زاری مامۆستا. گشت قوتابییەکان خۆشحاڵ و چالاك، کڕوکپ چاویان دەبڕییە مامۆستاکە بە نێو پۆلەکەدا دەهات و دەچوو، چیرۆکی کوڕە کەچەڵەی بۆ دەگێڕانەوە، لەگەڵ لێدانی زەنگی پشوودا، چیرۆکەکەی لە شوێنێکی ناسکدا دەبڕی و پاشماوەکەی بۆ سبەی دەهێشتەوە.

لە دەرسی ئەودا، بە تەواوی لە دنیای وشکی شیعرو داستان و ئەندازەو بیرکاری و شتە سەیرو سەمەرەکانی ناو کتێبی دەرس دوور دەکەوتنەوەو دەچوونە جیهانێکەوە کە ئادەمیزادی تێدا دەژیاو کاری مەزنیان ئەنجام دەدا: دەجەنگین، شکستیان دێنا، هەڵدەستانەوە. پشتی بەدکاریان بە عاردیدا دەدا. لەم دنیا تازەیەدا مرۆڤ هەوڵی دەدا بەسەر ناخۆشییەکانی ژیاندا سەر بکەوێ.

لە دەرسی ئەودا جیهانەکان ئاوێتەی یەکدی دەبوون، منداڵەکان ڕێگەیەکی ئاشکراتریان لەبەردەمی خۆیاندا دەبینی. هەموو، سەراپایان دەبوو بە گوێ و موویان لێ نەدەبزووت.. کوڕە کەچەڵە چۆن دێوەکە سەر دەبڕێ لە دەستی ڕزگار دەبێ، زۆر دەترساین کوڕە کەچەڵە دەرەقەتی دێوەکە نەیێ و بکەوێتە داوییەوە. چ کەسێك نەبوو لەو پۆلەدا لایەنگری دێوەکە ببێ. دێوەکە بێ پشت و پشتیوان و بێگانە بوو. بە خەیاڵ سەدان جارمان دەکوشت و ئاگرمان تێ بەردەدا، قارەمانی چیرۆکەکە دەکەوتە تەنگانەوە. دەستی بەیەکدا دەدان، چارەی گرژ دەبوو، بەرچاوی تاریك دەبوو، لەگەڵ ئێمەدا هەناسەی دەکێشاو داخی دەخوارد.

ئێمە لەماڵەوە، لە بازاڕو کوچان، لە گەڕەك و بانان هێندەمان سوکایەتی پێدەکرا. هێندە دارکاری دەکراین. لە گیانی خۆمان بێزار دەبووین: ژیانمان هێندە ناخۆش و ناڕەحەت بوو هەر مەپرسە، لە دەرس و دەرس خوێندن وەك چۆن جنۆکان لە بیسمیللا هەڵدێن، بەو ئاوایە هەڵدەهاتین و خۆمان دەدزییەوە، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووین، مامۆستا کامکار بە چیرۆکەکانی شادی دەکردین، دەی خستینە پێکەنین و بە دوی ڕووداوی یەك لەیەك سەیرتردا رایدەکێشاین.

سەرەتای هاوین بوو، هەتاو وەك پارچە ئاگرێك بە ناوەندی ئاسمانەوە دەبریسکایەوە، لەگەڵ شیرەی شەبەقدا بابە لە خەو هەڵیدەستاندم و دەیوت:-

-رابە..رابە. ئێرە قوتابخانە نییە. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. بە تەمەڵییەوە چەرچەرفەکەم لە خۆم لادەبردو لە بن لێوانەوە دەم بۆڵاند:

- باشە بۆ منداڵی خەڵکی کاریش ناکەن و تێر دەخەون و دەخۆن؟

بابە دەیوت:

-هەقت بەسەر خەڵکیەوە نەبێ، ئەوانە هەروا هاتوون و ئادای کارکردنیان نەزانیوە. بەشیان هەر خەوتن و خواردنە.

لێوم دەکرۆشت. ددانم جیڕ دەکردەوە، بە ڕقەوە دەموت:
-ئا، هەروا هاتوون.. بەڵێ ئەوان بە جل و بەرگەوە هاتوونەتە دنیاوە.
دایکە لە ناو حەوشەوە هاواری دەکرد:
-قسە لە قسەی بابت مەکە، هەڕە هەمووی سەعاتێکە. خۆ ناچیتە پاچکاری.
بەناشتا یەکێك لە سەتڵە شیرەکانم هەڵدەگرت. بابەش سەتڵەکەی دی هەڵدەگرت. دوو بەدوو بەناو کۆڵانەکان دەکەوتین و گەڕەکی دەوڵەمەندان خۆبگرە واهاتین.
لە لای رۆژهەڵاتەوە، هێشتا تاك و تەرا ئەستێران بە ئاسمانەوە بوون. وەك چاوی جانەوەران دەدرەوشانەوە. کۆڵان و بازاڕەکان چۆڵ بوون، هەر کاو نا کاوێ ڕێبوارێکی ئاشنا تێدەپەڕی و ئاغزە جگەرەکەی فڕێ دەدا و پێیەکی پێدا دەنا. یەکێك لەو ڕێبوارانە پیاوێکی پیر بوو. ئەم پیاوە نەخۆشی سیلی بوو، بەردەوام دەکۆکی. بابە دەیوت: (داماوە هێندەی گەردو تۆز چووە بە گەرویدا تووشی سیل بووە...)
یەکێکی دی نێوی عەلی موراد بوو. ئەمیان شاگرد نانەوا بوو. باریك و بنێسێکی چاو دەر پۆقیو بوو. چارەی گرژو مۆن، ئێسکی گۆناکانی زەق و زۆپ دەرپەڕی بوون. بابە دەیووت: (هێندە لەبەر ئاگری تەنوور وێستاوە هەموو گۆشتەکەی تواوەتەوە، هاکا پەکی کەوت.)
یەکێکی دی حەس حەس بوو. حەس حەسی گەڕەکی خۆمان نەبوو، لە گەڕەکی ئێمەدا کەس هیچی نییە تا بدزرێ. ڕەنگی دەتوت زەعفەرانی زەردە. لە ڕەنگی ئەو دراوسێیەی ئێمە دەچوو کە لە ژێر خانووە شێدارەکەدا دەژیا.
ئەو ڕێبوارانە هەر کە دەگەیینە ئاستی بابە سڵاویان لێدەکردو بەدەم سوعبەتەوە دەیانوت:
- لالۆ ئەسەد پەرداخێ لەو شیرەمان بۆ تێکە تا گوڕێکمان بێتەوە بەرو چاکتر کار بکەین.
بابە بەڕوو خۆشییەوە سڵاوی دەسەندنەوە دەیوت:
-وەبان هەردوو چاوەکانم.. نۆشی گیانتان بێ.
دەستێکیان بەسەری مندا دێنا، خوا حافیزیان دەکردو دەڕۆیشتن.
ئێمەش دەڕۆیشتین تا دەگەیشتینە گەڕەکەکانی سەرێی شار، ئەم گەڕەکانە کەم و زۆر لە گەڕەکی ئێمە نەدەچوون. بیرم لەو چیرۆکانە دەکردەوە کە مامۆستا کامکار بۆی دەگێڕاینەوە. مامۆستا کامکار لە ئاخیر رۆژدا وتی:
- هاوین تەمەڵی مەکەن و بۆ خۆتان کتێب بخوێننەوە، ئەو چیرۆکانەی من بۆتانی دەگێڕمەوە هەموویانم لە کتێباندا خوێندۆتەوە. هەر چۆنێك بووە، رۆژی سەعاتێك بۆ کتێب خوێندنەوە دابنێن کتێب فێرتان دەکات چۆن بژین، چاو لەو کەسانە بکەن کە لە ناو چیرۆکەکان رەوشتیان بەرزە، لەگەڵ خەڵکی دا میهرەبان بن، لە کتێب خوێندنەوە غافڵ مەبن.
ئەوڕۆ لێبڕام هەر چۆنێ بووەو بەهەر فڕوفێڵێ بۆم سەر بگرێ بابم بێنمە رەداو کتێبێکم بۆ بکڕێ. بابم یەکەم کەوچکە شیری کردە چینی کابرایەکی سەر روتاوەی رەزا قورسەوە. هێشتا خەو بەری نەدابوو.
دوور کەویتنەوە، دوو قۆڵی هاوارمان دەکرد:
-وەرە بۆ شیر، شیری گەرم.
بێ پێشەکی بە بابم گوت:
-کتێبێکم بۆ بکڕە.

بابه، سەتڵە شیرەکەی لەم دەستیەوە بۆ دەستەکەی تری گواستەوە.
بەبێ مەیلی گوتی:
– له ماڵەوە ئەمیر ئەرسەلان و حوسێن کوردو ڕۆستەمنامەو چل توتی هەن" بۆ خۆت بیانخوێنەوە.
لەو کاتەدا تا زارم گرتی هاوارم کرد.
.. وەرە بۆ شیر..
وتم:
– ئەوانەم خوێندونەتەوە.
بابە بە دەم هەنگاوی هەڕاوەوە وتی:
–مادامێکی ئەوانەت خوێندونەوە. ئیدی چ کتێبی دی نەماوە بیخوێنییەوە.
بە متمانەوە وتم:
– کتێبی دیش هەیە.
بابم لەبەر دەرکەی ماڵە موشتەریەکدا وێستا، لە زەنگی داو وتی:
– کتێب خوێندنەوە نان و ئاو پەیدا ناکات..
کابرایەکی ڕەقەڵەی عەینەك لە چاو بە خۆو قاپێکەوە هات. قاپەکەی پڕ کرد. پارەکەی دا لێکدا لێکدا سوپاسی بابەی دەکردو ڕایدەسپارد کە بۆ سبەینێ بێ شیری نەکات دەرکەکەی داخستەوە. بابە نیگایەکی کردم وتی:
– ئەم پیاوە موعەلیمە، هێندەی کتێب خوێندۆتەوە چاوی کز بوون، ئەمەش خێروبێری کتێب خوێندنەوە!
نەمدەزانی چۆن قەناعەت بە بابە بێنم کە کتێب خوێندنەوە باشە.
هەرچیم دەوت، سەرێکی بادەداو دەیوت:
– پێویستە کار بکەی کار، تەنیا کار دەتکا بە پیاوی ناو پیاوان، قاتی ناتەوێ ببی بە مەلا کتێب ئاوی چاو دەبا. ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێنێ.
سەتڵەکان هێشتا شیریان تێدا مابوو. هێشتا نەمتوانی بوو قەناعەت بە بابە بێنم کە هەندێ پارەم بداتێ. وتم:
– ئەوساڵ یەکەم دەبم.
کۆکەیەکی کرد، بینێکی داییو وتی:
– بابزانم بیرێکی لێ دەکەمەوە.
(بیرێکی لێ دەکەمەوە..) یەعنی چ بیرێکی لێ دەکردەوە. زۆری لەسەر نەڕۆیشتم. بیری خۆم بە چیرۆکەکانی مامۆستا کامکارەوە خەریك کرد. کۆڵانەکە یەکپارچە هەراو هەنگامەی دایك و منداڵان بوو. بابە بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو ماڵێك دایدەکێشا. منیش بە گورگە لۆقە دوای کەوتبووم. بە کۆڵانێکی گەورەدا پێچمان کردەوە. کۆڵانەکە قیرتاوکرابوو. زبڵدانێکی گەورە لە سوچێکی کۆڵانەکەدا هەبوو. هەموو بەیانییەك لە گەڕانەوەدا سەرێکی ئەو زبڵدانەمان دەداو توێکڵە شوتی و کاڵەکمان خڕدەکردەوە. لە سەتڵەکانمان دەخست و دەمان بردەوە بۆ مانگاکانمان. هەندێ جاریش بە ڕێکەوت شڕە گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆرم دەدۆزییەوە. لەگەڵ خۆمم دەبردنەوە. بەتاسەوە پەڕە پیس و دڕاوەکانم هەڵدەدایەوەو دەم خوێندنەوە. ئەوەی کە لێی تێدەگەیشتم بۆ منداڵانی گەڕەکم باس دەکرد.
ئەمڕۆش هەر بە بیانووی توێکڵە شوتی و کاڵەکەوە وەسەر پیرە زبڵدان کەوتم. هەزاران جۆرە بۆنی ناخۆش بە لوتما دەچوو. پیرە سەگێکی مردەلۆخ کە بۆ پارچە ئێسقان و ملومۆش کەوتبووە هەڵدڕینی زبڵدانەکە هەر کە

چاوی پێم کەوت نیگایەکی تووڕەی کردم. شاپێکم خێواندە لاقەبرغەی و دوور کەوتەوە. دارێکم هەڵگرت و کەوتمە وەردەوەدانی زبڵدانەکە. بابە هەر جارێ توێکڵە کاڵەکێکی دۆزیبایەوە تێی رادەخوڕیم:

– ئەوە خەیاڵت لە کوێیە هەی لەقلەقی نەخۆش. رۆژێ دێ ئەم شڕە کاغەزانە لە خشتەت بەرن. دەڵێی بەدووی گەوهەرا دەگەڕێی. خێراکە باب‌ڕۆیینەوە دەی.

تووڕەبووم و وتم:

–تۆ برۆ من دوایی دێمەوە.

بابە وتی:

– ئاخر دەبێ مانگاکانمان بەرینە دەرێ. تا هەوایەك لێیان بدا و سڕی پێیان دەربچێ. زیندانیش پێویستی بە هەوا گۆڕینە. ئەگەر تا ئێوارە لە ژوورەوەبن دەگەنێن.

چ وەڵامێکم نەدایەوە. سەتڵە بەتاڵەکانی هەڵگرت و رۆیی لە شەقامەکە سووڕایەوە. بەدەم هەڵدڕینی زبڵدانەکەوە دوو کەوچکی جوانم دۆزییەوە.

لەخۆشیان هەڵم کردە گۆرانی وتنێ. تەماح گرتمی زیاتر کەوتمە هەڵدڕینی زبڵدانەکە. بەڵام بێهودە.. ئۆتومبێلی شارەوانی بەگڕەگڕ هات زبڵەکانی بارکردو بردی. هەناسەیەکم هەڵکێشا. خۆزیام دەخواست کە بزانم زبڵەکە بۆ کوێ دەبەن. کەوچکەکانم لەبەر بەلوعەی سەرجادەکە شوشت و بەغاردان بەرەو پردی (حاجی مەد تەق) چووم. بازاڕی وردە فرۆشانی لێ بوو. لەوێ هەموو شتێ هەبوو: کەوچك، تەزبیح، چەقۆ، بەردەستێ و.. کەوچکەکانم دایە پیرەمێردێك سەروسەکوت و سیمای لە تلیاکێش دەچوو قژی بژبووبووەوە. لە دڵی خۆمدا بە تەمای پارەیەکی باش بووم. وتم:

– ئەم کەوچکانە بە چەند دەکڕی؟

ئەگەر دوو تمەنم بداتێ، ئەوا سێ تمەنیش لە باوکم دەستێنم و کتێبێکی پێ دەکڕم، بەخۆم کتێبی چاکم نەدەناسین. کەسیش نەبوو بۆم هەڵبژێرێ. ناچار دەبوایە خۆم هەڵی بژێرم و.. وێنەی سەر بەرگی کتێبەکان سەرنجیان رادەکێشام و..ئەوساکە عەوداڵی کتێبی پڕ لە بەسەرهاتوو رووداوی سەیرو عەنتیکە بووم. قارەمانانی کتێب بەردەوام بە گژ یەکدا دەچوون. هەمیشە بەشیان سەرکەوتن بوو. گەر کتێبێکم خوێندبوایەوەو قارەمانەکەی مردبا یان بەزیبایە ئەوا لە حەژمەتاندا دەستم بە گریان دەکردو شەوێ لە سوێیاندا نەدەخەوتم تا بەیانی دەتلامەوە. خۆزیام دەخواست کە نەمردباو خەنیمەکانی تاقوبڕبکردایە. ژیانم ناخۆش بوو.

هەموو رۆژەکانی وەك یەك بوون. کتێبی پڕ لە بەسەرهات وایان لێدەکردم لە خۆمەوە دوژمنایەتی تەمەڵی و ژیانی یەك چەشنە بکەم. هەر کەسێك دڵی شکاندبام ئەوا لەلام دەبوو بە دێوو باوە پیارەی ناو کتێبان و بە خەیاڵ شیرو تیرم لێی هەڵدەکێشاو مەگەر هەر خۆم بمزانیبا چیم بەسەر دێنا.

پیرەمێردەکە، ماوەیەك کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیو کردو بە ساردییەوە وتی:

– خۆ نەتدزیون؟

نیگایەکی بێ بەزەییانەی کردم. منیش بە هەمان ساردییەوە وتم:

–بابم دایمێ تا بیانفرۆشم و بە پارەکەیان جوتێ پێڵاو بکڕم.

پیرەمێردەکە پێکەنی. ددانە کرمۆڵەکانی بەدیار کەوتن:

– ها... ها

پێکەنینەکەی تەواو بوو. سەراپای بە نیگا دابێژتم و وتی:

– جا پارەی پەرداخیَ. ماستاو دەکەن تا پێڵاوی پیَ بکڕی!
سور هەڵگەڕام، وتم:
– ئەگەر ناتەوێن. بێنە با بیانبەمە جێیەکی دی.
ئەمجارەش کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیوکردنەوەو وتی:
–تمەنێکت دەدەمیَ، لەوەی زیاتر ناهێنن، گەر قاییل نیت ماڵی خۆتن.
دەتوت سەتڵیَ ئاوی ساردم پێداکرا. خەم دایگرتم و ، وتم:
– باشە بەڵام تمەنێك زۆر کەمە.
قوڵایی گیرفانەکانی گەڕا. تمەنێکی دەرهێناو وتی:
ئەگەر هی ترت هەن بۆم بێنە.
تمەنەکەم وەرگرت و لە دڵی خۆمدا وتم: (بریا قازانجەکەی ببیَ بە ئاگرو بەربێتە گیانت، هەی بیَ ئینسافی دەستبڕ!)
دەمزانی تمەنێك ئەو پەڕەکەی کتێبی کتك و مشکی پیَ دیَ، کە کتێبێکی خۆش بوو.
دەوروبەرم یەکپارچە خواردەمەنی بوو. چەند جارێك چەندو چونی دڵی خۆم کرد. زۆرم حەزەکرد بایی تمەنێك سێو بکڕم یان خۆ بگەیەنمە لای برایم و پەرداخیَ شەربەت بکڕم و دڵی خۆمی پیَ فێنك بکەمەوە.
بەڵام ژێوان بوومەوە. دەکریَ سێو نەخۆی، بەڵام ناکریَ کتێب نەخوێنیەوە تمەنەکە لە نێو دەستمدا ئارەقەی کردبوو. چوم بۆ بازاڕی جولەکان – چوار پێنج کۆنە کەیهانی منداڵانم لە دوکانداریکی لوت درێژی چاو بە قوڵاچووی نەخۆشی پەککەوتە کڕی. گۆڤارەکانم لەبن باخەڵم نا، لە کەیفان حەجمان نەبوو. دوو پێم هەبوو. دوی دیشم قەرز کرد تا زووتر بگەمەوە ماڵ و لەگەڵ کتورانEی خوشکم دا بە تاسەوە دوا پەڕەیان بخوێنینەوە.

ژێدەر:
بڕوانە کۆمەڵە چیرۆکی کودکی من منصور یاقوتی

## جەلال ئال ئەحمەد

## ١٩٢٣-١٩٦٩

چەند هیدایەت وەکو نووسەر ڕۆڵی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەبوو، ئال ئەحمەدیش لە بواری ڕۆشنبیریدا هەمان دەور و رۆڵی هەبووە. ئێستا کە جۆش و خرۆشی ئەو جۆرە چالاکییانە دامرکاوەتەوەو بەرەبەرە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەو چالاکیانە بە دوور لە هەر  سۆزو سۆزدارییەك هاتووە، بۆمان دەردەکەوێ کە سیمای ئال ئەحمەد وەکو نووسەر تا چ ئەندازەیەك لە ژێر باندۆرو کاریگەری ڕەوتە ڕۆشنبیری و چالاکییە جڤاکییەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە.

جەلال ئال ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢٣ لە ماڵباتێکی ئاینی لە تاران لە دایکبووە. خوێندنێکی پچڕ پچڕی هەبووە، بەڵام هێندە پەیگیرو پەیجۆر بوو کە پاشان بەکالۆریۆسی وەرگرت و قۆناغی ماجستێری بە نیوە چڵی تەرك کرد. ژیانی کورتی ئال ئەحمەد، ڕاستەوخۆ لە ئەفراندنی بەرهەمێن ئەدەبی و ڕۆشنبیری وچالاکی کۆمەڵایەتی و مامۆستایەتیدا بەسەرچوو، بەڵام ئەوەی زیاتر ناوی ئەوی بە تایبەتی لە قۆناغی ناڤساڵیدا دەخستە سەر زاران، مەیدانداری و تێکۆشینی کۆمەڵایەتی بوو.

یەکەمین چیرۆکی ئەو لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە گۆڤاری سوخەندا بڵاوبووەوە .لە و ساڵەدا کۆ چیرۆکی دیدو باز دیدی بڵاوکردەوە، کە هەموو چیرۆکەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی ڕەخنە ئامێزبوون. ئەم چیرۆکانە لە چاو ئەو چیرۆکانەدا کە هیدایەت لە پێش ئەودا بڵاوی کردبوونەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە ئال ئەحمەد لەو چیرۆکانەدا، زیاتر بایەخی بە ڕواڵەتی ژیانی مۆدێرن دەداو وەکو نیشانەی نوێخوازی هێرشی دەکردنە سەر.ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە زیاتر لە سەرچاوەو ئەسڵی ئال ئەحمەدەوە وەك فرزەندی ماڵباتێکی گەورەی ئاینی یەوە سەرچاوەی دەگرت.

ئەم پیاوە کە ڕۆحێکی پڕ جۆش و شۆڕشگێڕانەی هەبوو، زۆر زوو لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی تودەوە کرد، توانی لە ماوەیەکی کەمدا لە حیزبی نێوبراودا پێگەیەکی تایبەتی بە دەست بێنێ و وەکو سکرتێری گۆڤاری گەل هەڵبژێردرا. ئەم ڕەوت و ڕێبازە کردیە کارێك کە نێوەڕۆکی بەرهەمەکانی ئال ئەحمەد مۆرك و شەقڵێکی دیکە وەربگرێت. هەندێ کاروباری مەزەبی کەوتنە بەر ڕەخنەو ئیرادگیری ئەو پاشان لە کۆچیرۆکی (ئەو ڕەنجەی کە دەیدەین) هەوڵیدا تا چەند چیرۆکێك بەشێوازی ریالیزمی سۆسیالیستی بنووسێت . لەم کۆ چیرۆکەدا پتر باسی خەباتی کرێکاران و توێژی هەژاران، دژ بە دام و دەزگای دسەڵات دەکات، کە ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە لەو ڕۆژگارەدا حیزبی تودە داوای لە نووسەران و هەوادارانی خۆی دەکرد. هەر هەمان ئەو بیروبۆچوونانە کردیانە کارێك کە هیدایەتیش چیرۆکی (سبەی) بنووسێت. لەم کۆ چیرۆکەشدا کاری هونەری ئال ئەحمەد کرچ و کاڵەو لە قاڵبی ریالیزمی میکانیکی دایە و دوورە لە هەر قووڵیەکی هونەری و دەروون بینی و کاراکتەرناسی.

هاوکاری ئال ئەحمەد دەگەڵ حیزبی تودە زۆری نەخایاند ولە ئازاری ساڵی ١٩٤٧ دا دەگەڵ گروپێکدا کە سەر بە ڕەوتی خەلیل مەلەکی بوون لە توودە جیاوبووەوە . ئال ئەحمەد لە دوو کۆ چیرۆکدا کە لە ساڵانی دوای دووبەرەکی و پێش کودەتای موردادی ١٩٥٣ بڵاوی کردنەوە، زیاتر بۆ تێمە و ناوەڕۆکەکانی بەر لە (ئەو ڕەنجەی دەیدەین) هەڵبەتە بە دیدێکی پوختەتر، دەگەڕێتەوە. سێ تارو ژنی زیادە ، زیاتر ڕەخنەگرتنە لە ناهەنجاری و بێ سەوبەرییەکانی کۆمەڵگەی پاشکەوتوو وگیرۆدەی نەزانی و نەخوێندەواری .

ئال ئەحمەد لە سۆسیالیزمی وشکی حیزبی دابڕابوو وئیستا دەگەڵ کۆمەڵێکدا کە بە هێزی سێیەم بە ناوبانگ بوون، بیری لە سۆسیالیزمی سەربەخۆو ئارام دەکردەوە. بەڵام زاڵی ئال ئەحمەد بەسەر هونەری چیرۆکنووسیدا لە چاو ئەو بەرهەمانە کە پێشتر بڵاوی کردبوونەوە لە کۆچیرۆکی ژنی زیادەدا بە ئاشکرا دیارە.

هەر هەموو چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکە (ژنی زیادە) ڕەنگدانەوەی زەینی نائارامی نووسەرێکن کە ئەوەی دەیبینێ نایەوێ و ئەوەی دەیەوێ نایبینێ. بەڵام ئەگەر لەم قۆناغەدا لە ئال ئەحمەد بپرسن چی دەوێت، بێگومان وەڵامێکی ڕوون ناداتەوە.

لە ماوەی ساڵانی پاش کودەتاوە تا دەوروبەری ساڵانی چل، ئال ئەحمەد ڕوو دەکاتە چیرۆکی فابیل. هەوەڵجار (سرگزشت کندوها) بڵاودەکاتەوە. کە فابیلێکە ، فابیلە کلاسیکییەکان وەیاد دەهێنێتەوە، بەڵام بە ناوەڕۆك و تیمەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ . کە ڕەخنە لە ژیانی چینایەتی و پڕ زوڵم و زۆری چەوساندنەوە دەگرێت. چیرۆکێکی دیکەی چیرۆکێکی درێژە بەناوی (ن و القلم)ە کە لەوێدا واریقات و بەسەرهاتی رەمزی دوو میرزا بنووس بەناوی میرزا اسد الله و میرزا عبدالزکی و ڕەوش و بارودۆخی رۆژگاری ئەوان نیشان دەدات، کە ئاماژەیە بۆ ژیانی هاوچەرخی خۆی . بەڵام ئەم بەرهەمە لە کارنامەی ئەدەبی ئال ئەحمەددا بایەخێکی ئەوتۆی نییەو بەکارێکی سەرکەوتوو نازانرێ.

چیرۆکەکە نەك هەر لەڕووی زەمانەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، بەڵکو گرفتاری سستی و قورسیش دەبێت، تەنانەت بابەتەکەشی ئاڵۆزکاو وئاڵۆزە.

خاڵی بەهێز لە ژیانی ئەدەبی ئال ئەحمەددا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی (بەڕێوەبەی قوتابخانەدا) دەست پێدەکات، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٥٨ دا بڵاوبووەوە و وەکو ئال ئەحمەد خۆی گوتویەتی سێبەرو کاریگەری کتێبێکی فردینان سلینی بەناوی (سەفەر بۆ کۆتایی شەو)ی پێوە دیارە. بەڕێوەربەری قوتابخانە کە پیاوێکی هەستیارەو لە هەنبەر هەر ڕووداوێکدا خێرا کاردانەوە نیشان دەدات . بە گوتەیەکی دی ڕەنگدانەوەی کەسێتی نووسەری چیرۆکەکەیە و بە زمانێکی خێراو لەزین و بروسکەیی کە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئال ئەحمەدە ،نموونەیەکی شایستەی ئەدەبیاتی ڕیالیستی پێشکەش دەکات.

ئال ئەحمەد، لە دەیەی کۆتایی ژیانیدا بەرەو ئاین کە لە نیوەی ڕێگادا ڕەهای کردبوو، گەڕایەوە، وەکو یەکێك لە چالاکترین ڕۆشنبیران، لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوت . چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (پنج داستان و ) چیرۆکی درێژی (نفرین زمین) بەڵگەی ئەو بۆچوونەن. لەلایەکی دیکەوە وتاری درێژی (غر بزدگی) بۆخۆی بریتییە لە بەگژاچوونی هەندێك لایەنی نوێخوازی کە ئال ئەحمەد  وای تەسەور دەکرد، دژی سونەتە. لە چیرۆکی (پێنج چیروك)دا بە تایبەتی لە چیرۆکی (جشن فرخندە) نووسەر ڕووبە ڕووی جەژنێك، کە بە ئاشکرا شێوەی نا ئاینی هەیە، دەوەستێ و گاڵتە بە هەقانیەتی ئەو جەژنە دەکات. لە (نفرین زمین)دا مامۆستایەك بۆ گوندێکی دوور هەڵدراوە، لە جیاتی لە خەمی دەرس و دەوامدا بێ، زیاتر لە مەزەب دەگەڕێ. ئەویش وەکو ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەیە ئەوەندە تووڕەو تڕۆیە، کە ئەنجامی هەموو شتێکی پێشوەختە بەجۆرێ دیاری کردووە، کە دەکرێت پێشوەختە هەڵسوکەوتەکانی پێشبینی بکرێت. مامۆستاکەش وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە شکست دێنێ و بۆ شار دەگەڕێتەوە.

لە دوایەمین بەرهەمێن ئال ئەحمەد وەکو (خسی در میقات)(سەفەرخانەی حەج) (سفر بە ولایت عزرائیل و سنگی برگوری) کە زۆربەیان دوای مەرگی خۆی چاپ و بڵاوبوونەتەوە، نووسەر زیاتر لە قاڵبی وتارنووس، تیوریسین یا ئۆتۆبیوگرافی نووسدا دەردەکەوێت . ئال ئەحمەد لە مانگی شەشی ١٩٦٩ دا لە ئەسالمی گەیلاندا

کۆچی دوایی کردو به مردنی ئەو دۆسیەیەی ژیانی فیزیکی پیاوێك داخرا، بەڵام دۆسیەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەو، هێشتا هەر کراوەیە.

ڕەنگە رۆژێك بێت کە ئیدی چیرۆکەکانی ئال ئەحمەد بۆ هیچ کەسێك ڕەونەق و ڕەواجیان نەبێت، بەڵام هەمیشە شتێکی ئەو دەمێنێ کە زەینی نەوەیەکی زۆر بە خۆیەوە مژووڵ بکات، توانای بە جۆشی ئەو لە ڕووبەڕبوونەوەی کاروباری کۆمەڵایەتیدا و هەروەها زمان و پەخشانە نایابەکەی کە سیمینی دانشوەر لەو بارەیەوە دەڵێت: زمانی ئال ئەحمەد، بروسکەیی، هەستیار، ورد، تیژبین، تووڕە، توند، زبر، ڕاشکاو، ڕاستگۆ، پاکو پاکیزەخواو ڕووداوئافەرێنە.

## ٨-جێ پێ

دنیا تەزی بوو. چاوەڕێی پاس بووم. بەسەر بەفری سەر شەقامەکەدا دەهاتم و دەچوم. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. دوو ڕۆژ بوو بەفر دەباری. هەرگیز بەڕادەی ئەو ڕۆژە بریقەی بەفر ئازاری چاوی نەدابوم. هێشتا شەوقی بەفری ڕۆژ نیگای بەرنەدابووم. چاوم جارجار ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. ئەو پۆلەی دەرسم تێدا گوتبۆوە سۆپای تێدابوو. گەرم بوو. بەڵام فایدەی چی؟ خۆ گەرماکە لەگەڵم نەدەهات. دیسان شەقامەکەو تۆف و بەستەڵەك.. سەرماو چاوەڕوانی پاس. دەرسەکەم لە ڕۆژان زوتر تەواو کردبوو. شەکەت نەبووم، بەڵام سەرمام بوو. هەستم دەکرد ئێسکی شانەکانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزین. یەخەی پاڵتۆکەم هەڵدابۆوە. بە کەنار شۆستەکەدا دەهاتم و دەچووم. بەفر، هێشتا هەر دەباری. جار جاریش دەبوو بە تەرزە. دەنکە تەرزەکان وردو قورس بوون. کە پروشە بەفر لە درزیی یەخەمەوە دەخزیە سەر ملم، دڵم تێك هەڵدەهات. دوو پاس هاتن و تێ پەڕین. لە نێو تاریکییەکەوە دەمڕوانییە کلۆ بەفرەکان.

تایەی ئۆتۆمبیلان بەفری سەر شەقامەکەیانماڵی بوو. بەڵام هێشتا هەر بەفری پێوە مابوو. هەستم بە نەرمی بەفرەکەی ژێر پێم دەکرد کە دەپەسترایەوە ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکە لێڵ بوو. کلۆ بەفرەکان دەتگوت داوی خەیاڵی سپین و بە چ شوێنێکی ئاسمانەوە بەندنین.

شەقامەکە چۆڵ بوو. یەك نەفەری دیش لەوێ وەستابوو و چاوەڕێی پاس بوو. نیگای وێڵ و سەرگەردانم لەگەڵ کلۆ بەفراندا بەرەو ئەرزەکەدادەگەڕا.

لە ژێر روناکییە لێڵەکەدا وەستاوم. ڕوانیمە بەفرە تازە باریوەکە. لە پڕ نیگام لە جێ پێیەك هەڵەنگوت! جێ پێیەکی پان و گەورەو تازەبوو. هێشتا بەفر بە تەواوی پڕی نەکردبۆوە. لەنکاو بیرێك یەخانگیرم بوو: یانی دەشێت؟ دەشێت ئەمەجێ پێی من بێ؟.. خۆزی جێ پێی من بایە!.. نەخێر بوو بە خولیام. چەندم حەز دەکرد جێ پێم لەسەر زەمین مابێتەوە. چی وای نەمابوو گرێو لەگەڵ خۆدا بکەم کە جێ پێی منە، بەڵام نەفەرێکی دیش لەوێندەر بوو. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە هاتوچۆی دەکرد. دیسان نیگام لە نێو داوە سپییەیە خەیاڵییەکاندا وێڵ بوو. بیرم دەکردەوە کە: کـیانی دەشێت؟.. یانی جێ پێی منیش لەسەر زەوی دەمینێتەوە؟.. خۆزی جێ پێی من بایە!

پڕوشە بەفر بەنێو هەڵمی هەناسەم دا دەهاتە خوارێ و بەرەبەرە جێ پێیەکەی لەمەڕ منی پڕ کردەوە.

خولیای جێ پێ دڵی هێناومە جۆش. دنیا سارد بوو. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە، بەفرو بەستڵەکی سەر شەقامەکەم دەکوتایەوە.

لە پڕ وەرچەرخام و بە شوێنەکەی خۆمدا هەوراز بوومەوە. نیگام لە جێ پێیانی دی هەڵەنگوت. جێ پێیەکان روو لە من بوون. هێشتا بەفر پڕی نەکردبوونەوە. دیسان دڵم هاتەجۆش. نازانم هێشتا هەڵدەلەرزیم یانا، بەڵام دڵم تەواو گەرم ببوو. خولیاکە لە دڵم دا گەورە بوو. بە دەستەخۆم نەبوو نیگام لەسەر پێڵاوی کابرای چاوەڕوانیم گیرسایەوە. جۆتێ نیوپوتی بریقەداری لە پێ دابوو بنەکەی گرنج گرنج بوو جێ\ی پوتەکەی لەسەر بەفرەکە نەخش بوو بوو و هێشتا بەفر پڕی نەکردبووەوە.

جێی پێیە پان و گەورەکە گرنج گرنج نەبوو. ساف بوو، پاژنەکەی بەرز بوو. جێی حەوت کونی چکۆڵە بە پاژنەکەیەوەبوو. بیرمە کە ئیدی دەلەرزیم. دیارترین جێ پێم دایە چاو و بە ئارامی لێی چوومە پێشێ. جێی پێی ڕاست بوو. پێی ڕاستم هەڵبڕی و لە تەنیشتییەوە دامنا. کە هەستم کرد جێ پێم لەسەر بەفرەکە نەخش بوو،

ئەوجا بە ئەسپایی پێم لابرد: ئەها!.. یانی دەشێت؟..یانی لە گوینە!

بەڵام ئەو کەیفە خێرایەی وەنێو دڵ و دەرونم کەوت گەرمی نەدەکردمەوە، شانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزی. هۆڕنی پاسێك وەئاگای هێنامەوە. لاکەوتم. تایەی پاسەکە رێك بەسەر جێ پێیەکاندا تێ پەڕی و دوو شەقاوێك هێوەتر وێستا. سەرکەوتم. هێشتا هەر هەڵدەلەرزیم. پاسەکە چۆڵ و ساردبوو. قامکی پێیەکانم لە نێو پێڵاوەکاندا رچی بوو. لە درزی پەنجەرەکەوە کزەیەکی سارد وەژوور دەکەوت. هەر جارەی کۆمەڵێك پرۆشە بەفری بەگەڵ خۆ دێناو بەر دەموچاوم دەکەوت. نیگام بڕی بووە پێشێ و هەر کە دەگەییە جامە بەفر گرتوەکە، ئەویش لە جێی خۆی دەی بەست و بە جامەکەوە دەچەسپی. لەفکرانراچووم :یانی.. ئەمەلەسەر بەفر بوو! جێ پێی سەر بەفر ها! جێ پێی سەر بەفر چ دادێکم دەدا؟ ها! یانی دەشێت؟ بەم سەرمایە! بەم پێیە رچیوانەوەم؟ یانی لە گوینە؟ ئاخر چۆن دەبێ؟.. نێو پاسەکە ساردبوو. پتر هەڵدەلەرزیم. لەگەڵ هەر تاسەیەکدا جامەکان تەکانێکیان پێ دەکەوت و دەنگێکی قێزەوەریان لێوە دەهات. زنجیری تایەکان بەسەر بەستەڵەکەکەدا دەسوڕایەوەو زڕەیان دەهات. شاگردی شوفێرەکە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد. ناوە ناوە سەری دەکێشایە دەرێ و بانگی دەکرد.

لەچوار ریانەکەدا دابەزیم. کتێبەکەی بەرباخەڵم خەریك بوو دەکەوت. لاقیشم دەلەرزین و چی وای نەمابوو بەسەرا بکەوم. ددانم جیر کردەوە. یەخەی پاڵتۆکەم پتر هەڵکشا. کتێبەکەم قایم کردو خۆم گەیاندە سەر شۆستەکە. بەفری سەر شۆستەکە بەستبووی. دەمزانی جێ پێی منی لەسەر دەرناکەوێ. شۆستەی کەنار چوار ریانەکە قەرەباڵغ بوو. خەڵکەکە هەموو بەلەز دەڕۆیشتن، هەموو دەستیان نابووە گیرفانیان. هەناسەیان وەکو هەناسەی ئەسپ هەڵمی دەکرد. هەموو چەتریان هەڵدابوو ، سەرمایان نەبوو. رووتەڵە و پێ خاوسان بەدەرەوە نەبوون، یا مردبوون و بێ ئەرك بەسەر خەڵکییەوە، وەبن بەفران کەوتبوون، یا خزی بوونە نێو ژێر زەمینان. کە دەم روانیە سەروچاوی ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین، دەمبینی سور هەڵگەڕاوەو گەرمە لە تۆ وایە لە ژوورێکی گەرم یا لە گەرماوەوە وەدەرکەوتوون. دەتگوت گەرماکەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو. هەموو گەرمایان بوو. دەستکێشیان لەدەست کردبوو. جێ پێیان لەسەر بەفری تازەباریوو بەدیار دەکەوت. یا بەدیار نەدەکەوت.. من ئەمەم مەبەست نەبوو بیرم لە جێ پێی خۆدەکردەوە. بیرم لە خۆم دەکردەوە. لە ژێر جلەکانمەوە هەڵدەلەرزیم و سەرکۆنەی خۆم دەکرد:– دەبینی؟ دەبینی هەی قەل پیاو! هەموو شادو بە کەیف و، گەرم و گوڕن.. تەمی هەناسەیان لە هەڵمی هەناسەی ئەسپ دەچێ، دەبینی؟ دەبینی چەند بێباك هەنگاو هەڵدێنن؟ بەلێ؟ تۆ چ دەڵێی؟تۆ، خەریکە لەسەرما مردار دەبییەوە، رەق دەبییەوەو جێ پێشت لە چ شوێنان دیار نییە، نە لەسەر بەفر. نەلەسەر زەوی! بەڵێ جێ پێت لەسەر بەفریش بەدیار ناکەوێ. تێدەگەی؟ تەنانەت لەسەر بەفریش!

روناکییەکی لێڵ لە جامخانەی دوکانی کەرەفرۆشەکەی سەر چوارڕیانەکەوە بەدی دەکرا.. رەچەرێی نێو بەفری سەر شۆستەکە دیاربوو. رەچەڕێیەکی تەسك بوو. بە تۆبزی جێی دوو رێبواری تێداوەبووە. رەچەڕێیەك کە لە ئاکامی هاتوچۆی رێبوارانەوە ڤەبوو بوو. جێ پێیان تێکەڵ و پێکەڵ بەسەری یەکدی دا کەوتبوون: پاژنەیەکی ناڵچەسواو، بنی کورت و باریکی پێڵاوێکی ژنانە، جێی چوار قامکی رووتی پێیەکی خاوس، گرنجی بنی پێڵاوێکی لاستیکی گەورەی پیاوانەکە بە دڵنیاییەوە لەجێی خۆیدا بەرجەستە ببوو. تەنانەت مارکەی کارخانەکەشی بە دیار کەوتبوو.

ئیدی هەموو جۆرە پێیەکی دی لەسەر رچە ڕێیەکە بە پاڵ یەکەوەو بەسەر یەکدی دا نەقش ببوو. لە دڵی خۆدا گوتم: –دەبینی؟ دەبینی چ رووی داوە؟ جێ پێی چ کەسێك بە تەواوی نەماوەتەوە. جێ پێی کێ بەتەواوەتی

دیارە تا هی تۆ دیار بێ؟ پێویست ناکا جێ پێی خەڵکی وەمێنێ.
جێ پێیان بۆ کردنەوەی ڕێگەیە. گرینگ ئەوەیە کە ڕێگە بکرێتەوە. بەفرەکە بشکێ و ڕێگە ڤەبێ. کە ڕێگە ڤەبوو ئیدی جێ پێ بە کەڵکی چی دێ؟ جێ پێی تۆش هەر وایە.
گریمان جێ پێت وون بوو، لە بری ئەوە دەبێ بەبەشێك لە ڕێگەکە. گەر وونیش بێ لە نێو ڕێگەکەدا وون دەبێ. لە نێو ڕێگەیەکدا کە خەڵکی هاتووچۆی پێدا دەکەن.. ئەم بیرۆکەیە کەیفۆکەیەکی دەدامێ و خەیاڵی ئاسودە دەکردم.
بەڵام لەهەمان کاتدا کە ئەم کەیفۆکەیەم لەبەر خۆوە تاوتۆ دەکرد، هزرم شتێکی دی دەگوت. شوێنێکی دی هزرم تشتێکی دی دەگوت. لە گوینە هەر هەمان شوێن بێ... بەڵام ئەم تشتە رونترو بێدارتربوو. لێکدا لێکدا لە دەرکەی بیری دەدام! ها؟ لەبری ئەوە ڕێگە ڤەبووە! بەڵێ؟ جێ پێی تۆ بزر بێ.. تا ڕێگە ڤەبێ؟ ئەها؟ ڕێگە، ڕێگە بۆ کەسانێك دەڵێی تازە لە گەرماو وەدەرکەوتوون. هەناسەیان دەڵێی هەڵمی هەناسەی ئەسپن! بۆ ئەمانە؟ بۆ ڕێگە بکرێتەوە؟ بۆ هەموو خەڵکی مل بە بەفرەکەوە نەنێن؟ جێ پێڵاویان نییە؟ چی شەلن، گۆجن؟ کەواتە بۆ جێ پێی تۆ گوم ببێ.. ئیدی بە بیرۆکە دڵخۆشکەرەکەی خۆ پێدەکەنیم. پێکەنینێکی تاڵ و قێزەوەر. پێکەنینێك لە ژێر ددانەکانم دا پلیشاندمەوە، خۆ ئەگەر شیابا دەم خستە ژێر پێمەوە.
شۆستەکە تاریك بوو. بەڕچەرێی نێو بەفرەکەدا ڕێم دەکرد. هێشتا لە ژێر پیرە پاڵتۆدا هەڵدەلەرزیم و خۆم سەرکۆنە دەکردو قەشمەریم بە کەیفەکەرانەکەی خۆ دەکرد. کە چوومە کۆڵانەکەوەو گلۆپەکان شەوقدارتربوون، سەیرم کرد کلۆ بەفرەکان درشت ترو فشەڵ تربوون، دەتگوت تۆپەڵە لۆکەیەو بەدەمکەوانی هەلاجانەوە دێتە خوارێ و سووك لە عاردی دا دەگێرسێتەوە. جەستەی بەفر گرتووی پشیلەیەکی ڕەش لەبن عامودی کارەباکە کەوتبوو. دڵم داخورپا: پشیلەکەی خۆم نەبێ؟
چوومە پێشی، ویستم بەنوکی پێڵاوەکانم بیجوڵێنم. بە بەفرەکەوە قەرەسابوو و نەجولا. پشیلەکەی خۆم بوو. هەمان پشیلە ڕەشە تەمەڵە ڕەزا قورسەکەی خۆم بوو، ئەو پشیلەیە بوو کە هەر هێندەی لەدەست دەهات لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا بە بن دەست و پێیاندا هەڵێ. لە دەرگای دانەخراوی ژوورەکانەوە بە دزییەوە سەرێك بکێشێ. ئەو پشیلە نەوسنەبوو کە سەرەتا زۆر کۆشام ببم بە هاوڕێی، بەڵام نەم توانی. بۆیە هەمیشە لەوە دەترسام ڕۆژێ لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا وەبن دەستم و پێم بکەوێ و هەناسەی لەبەر ببڕم. دڵم گیرا. خەمێکی نادیار دڵی گوشیم. دەمویست هەموو گرێکانی دڵم بکەمەوەو داخی خۆم بەسەر ئەو تاوانەدا هەڵڕێژم: ئاخر بۆ چویتە دەرێ؟ بۆ؟ نەخاسمە بەوتۆف و سەهۆڵبەندانە. بەم بەفرە بێ ئامانە، خەڵکەکە خەریکە ڕەق دەبنەوە. ئاخر بۆ چوویتە دەرێ؟..هەر بەو دەقەوە کەلە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم، بە پلە تاریکەکاندا سەرکەوتم. کلیلی ژوورەکە لە نێو دەستم دا دەتگوت پارچەیە سەهۆڵە.
دڵم تەنگ بوو. خۆم سەرکۆنە دەکرد. لەوە دەترسام نەبا جێ پێم نەمێنێتەوە.. لەسەر زەوی نەقش نەبێ..

بڕوانە: کۆمەڵە چیرۆکی : زن زیادی چاپی یەکەم ساڵی ٢٥٩١.

**زویا پیرزاد**

**عەبادان ١٩٥٢....**

**فەزای چیرۆکەکانی پیرزاد، وەکو چیرۆکنووسێکی نۆ ریالیست – فەزاو هەماجی ژیانی ئەمڕۆیە، لە شارانی گەورەدا، لە خانوو و شوقەی بچووک و تەنیایی قووڵدا. ئەم جۆرە چیرۆکانە پلۆت و نەخشەی سادەیان هەیەو هیچ ڕووداوێکی سەیرو غەریب لە و چیرۆکانەدا ڕوونادات، ڕووداو، هەمان ژیانی رۆژانەیە، کە بەخەم و شادییەکانیەوە دێت و دەڕوات.**

**پیرزاد چیرۆکەکانی بەشێوەو قاڵبێکی ئاسایی و باو دەنووسێت، بەڵام بە زمانێك کە هەست و شەقڵی ژنانە بە بەرهەمەکەی دەبەخشێت، تیشك و ڕووناکیەکی تازە دەخاتە سەر کاراکتەرو شوێنەکان . پیرزاد، کاری ئەدەبی خۆی بە نووسینی کورتە چیرۆکی سکێچ ئاسای وەکو (عصرها– ١٣٧٠) دەست پێکردووە. لە ( گعم گس خرمالو– ١٣٧٦)دا چیرۆکی کورتی پوختەتری نووسیوەو پاش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك چیرۆکی هاوپەیوەست لە (یك روز مانده به عیدپاك ١٣٧٧) ڕووی کردە ڕۆمان: (چراغهارا من خاموش میکنم –١٣٨٠)**

## ٩- چیرۆكی كەروێشك و تەماتە

هەموو رۆژێك بە خۆم دەڵێم "ئەمڕۆ چیرۆكێك دەنووسم." بەڵام شەویٚ پاش شتنی ئامانەكانی شیڤ دەكەومە ویڒینگان ودەڵێم "سبەی، سبەی هەر دەینووسم."
هیربارەكانی شیڤم شتووە.موبەقەكە خاوێن دەكەمەوەو دەچم لەبەر تەلەفزێون لێی دادەنیشم. بەخۆم دەڵێم "كورتەو پوختەی ئەو چیرۆكەی كە لە زەینمایە بە چەند رستەیەك لەسەر پارچە كاغەزێك دەنووسم وكاغەزەكە دەنەم بە ئاوێنەی سەر دەستشۆرەكەوە تا سبەینیٚ لە كاتی دەست و چاو شۆردندا بیرم بێتەوە كە بەتەمای نووسینی چیرۆك بووم."سبەینیٚ پاش ئەوەی كە قاوەڵتیم دروست كرد، بەر لە هاتنەوەی منداڵەكان لە قوتابخانەو مێردەكەم لە دایەرە، دەرفەتم دەبیٚ.
بۆ فراڤینی سبەینیٚ تەماتاوێك دروست دەكەم كە وەختگیر نەبێت. منداڵەكان حەزیان لە تەماتاو هەیە بەڵام مێردەكەم ـــ دەتوانم قیافەت وسیمای بەرجەستە بكەم. سەری دادەخات.نانەكەی دەخوات وبیٚ چ قسەیەك لەسەر مێزەكە هەڵەستیٚ.دەزانم حەزی لە چێشتی تەماتە نیە، بەڵام بیانو ناگرێت، بۆڵەبۆڵ ناكات. لە جیاتی ئەمە دوو سبەی خواردنێك لێدەنەم بە دڵی ئەو.دووسبەی دەچم سەوزەی تازە دەكڕم وقاورمە سەوزی لێدەنەم. دوو سبەی كاری چیرۆكنووسینم بە دەستەوە نیە ودەفەتم دەبێت سەوزە پاك بكەم ومشتومڕ دەگەڵ سەوزە فرۆشەكەدا بكەم كە بۆچی سەوزەكەی هەر قوڕە. ئەوجا قاپشۆرەكە پڕ لە ئاو دەكەم و سەوزەكەی تێدەكەم. جارێكی دەشۆمەوەو ئاوەكەی دەگۆڕم، دووبارە دەیشۆمەوەو ئاوەكەی دەگۆڕم وسێبارەو چواربارە دەیشۆمەوە، هەندیٚ جار حەوتبارەو هەشتبارەی دەكەمەوە.چاویلكەكەم لە چاو دەكەم وسەوزەكە دەبژێرم نەبا قوڕی پێوە مابیٚ. هەنگیٚ دەیجنم.ئەمجا مقەیەت دەبم دەستم نەبڕم. لە كاتی سەوزە جنیندا هەمیشە دەستم دەبڕم. مێردەكەم پێدەكەنیٚ "دوای پازدە ساڵان كابانی هێشتا هەر ناشیت."خۆمیش پێدەكەنم. دەزانم شۆخی دەكات. سەوزەكە ورد ورد دەجنم. دایكم دەڵێت "سەوزەی قاورمە دەبیٚ ورد بجنریٚ."خۆی لە سەوزە جنیندا وەستایەكی سەیرە. خێرا خێرا دەیجنیٚ و قەتیش دەستی خۆی نابڕێت.سووركردنەوەی سەوزەش فەنوفنونی خۆی هەیە.دوای پازە ساڵان ئەمە فێر بووم. دەبیٚ لەسەر ئاگرێكی كز بەردەوام سەوزەكە تێك بدەی تا نەسووتیٚ و باش سووربێتەوە. لە بیرم نەچێت پێشوەختە لۆبیاش بكەمە ئاو تا زوو بكوڵیٚ.جاری پێشوو كە قاورمە سەوزیم لێنا بیرم چوو لۆبیاكە پێشوەختە بكەمە ئاو.گۆشتەكە كوڵاو تولآیەوەو لۆبیاكە نەكولاً. مێردەكەم هیچی نەوت، لیٚ كە سفرەكەم كۆكردەوە بینیم لۆبیاكانی لە گۆشەیەكی قاپەكەدا كۆ كردووەتەوە. ئەو شەوە كیژەكەم گوتی "سكم دێشێت."مێردەكەم رۆژنامەكەی لە چاوی هێنایە خواریٚ ونیگایەكی منی كرد. ئەوجا بزەیەكی كردو ئاماژەی بۆ موبەقەكە كرد.مێردەكەم وەكو زۆربەی مێردان نەیدەزانی كە كیژانی سیازدە ساڵە زۆر ژانە سك دەگرن.
سبەینیٚ تەماتاو وەختم لێناگرێت و چیرۆكەكەم دەنووسم، ئەو چیرۆكەی من گەرەكمە بینووسم بۆ منالآنە. چیرۆكی كەروێشكێكە دەكەوێتە چاڵێكەوە كە راوچییەك هەڵیكەندووە. چاڵەكە قووڵە وكەروێشكەكە ناتوانیٚ لێی بێتە دەریٚ. دۆستانی كەروێشكەكە دەیدۆزنەوە، بەڵام ئەوانیش ناتوانن لە چاڵەكەی بێننە دەریٚ. ئاووخۆراكی بۆ دێنن تا لە برسا نەمریٚ ولە دیار چاڵەكەوە هەندیٚ جار قسانی دەگەڵ دەكەن تا تاقەتی نەچێت. كەروێشكەكە رۆژان و رۆژان لە چاڵەكەدا دەمێنێتەوە. خۆراكی هەیە، شوێنەكەشی گەرم و رەحەتە بەڵام حەزی

لێیە بێتە دەرێ. لە نێو چاڵەکەوە تۆزقاڵێکی ئاسمانی لێدیارە کە هەندێ جار روناکێکی شینباوەو هەندێجار پڕ هەورو کەوەییە. رۆژان باڵندان بە دەم فڕینەوە دەبینێ و شەوان ستێران دەبینێ.

تا ئێستا نازانم چۆن ئەم کەروێشکە چکۆلەیە لەم چاڵە قوولە دەربێنم. سبەینێ بیرێکی بۆ دەکەمەوە.دەبێ تا ئێرەی چیرۆکەکە لە چەند ڕستەیەکدا بنووسم تا لەبیرم نەچێت. وێژینگێك دەدەم. با بڕۆم بخەوم تا سبەی چوست و چەلەنگ بم. سبەینێ دەبێ کەروێشکێکی بچووک لە چاڵێکی قووڵ دەربێنم .تینوومە. دەچمە موبەقەکەو دەرگای یەخچاڵەکە دەکەمەوە، بۆتڵە ئاوێك دەردێنم. چاوم بە جێ میوەکە دەکەوێ. تەنیا دوو دانە تەماتەم هەیە و دوو تەماتە بەشی تەماتاوی سبەینێ ناکات. سبەینێ دەبێ تەماتە بکڕم. ئاوەکەم دەخۆمەوە. خەوم دێت. پەرداخەکە لە جێی خۆی دادەنێمەوە، گڵۆپەکە دەکوژێنمەوەو لە موبەقەکە دێمە دەرێ. دەمویست شتێك تۆمار بکەم. چی بوو؟ پەڕە کاغەزێك لە دەفتەرچەی دەرامەت و خەرجییەکانم دەکەمەوەو لە سەری دەنووسم تەماتە. دەبێ کاغەزەکە بە ئاوێنەی سەر دەستشۆرەکەوە بنێم تا سبەی لە بیرم بێ ــــ...

## ١٠- دراوسێکان

من ژنە جیرانەکەی بەرانبەرمان ناناسم بەڵام هەموو رۆژێك لە پەنجەرەی موبەقەکەمەوە، لە موبەق و حەوشەکەی خۆیاندا دەیبینم. بەیانیان جلەشۆراوەکان دێنێتە حەوشەو دەیاندات بەسەر تەنافێکی درێژا کە لە نێوان دوو پیرە دارچناردا رایەڵ کراوە. ئەوسا دەچێتە موبەکەو فراڤین لێدەنێ. هەر لە هەمان کاتدا منیش لە موبەقەکەمدام و نیوەرۆژە ئامادە دەکەم. لە مەودای کۆڵانێکی باریك و حەوشەیەکی بچووکدا کۆمەڵێك کاری چوونیەك ئەنجام دەدەین.

نیوەرۆ مێردی هاوساکەم لەسەر کارو منداڵەکەی لە قوتابخانە دێنەوە ماڵ. ژنە هاوساکەم مێزی فراڤین لە موبەقدا دەرازێنێتەوە. مێردەکەی دەگەڵ مندڵەکەدا گەمە دەکات. ژنە هاوساکەم خواردن تێدەکات. منداڵەکە قاپەکەی دەداتە دواوەو نان ناخوات. ژنە خواردن دەرخواردی منداڵە دەدات. مێردەکەی فراڤین دەخوات و بە ئەداو ئەتواری مناڵە پێدەکەنێ. دوای فراڤین مێردی هاوساکەم لە حەوشەدا دەگەڵ منداڵەدا تۆپ تۆپێن دەکات. ژنە خوان کۆدەکاتەوە.

عەسر مێزی ئوتو وکەرەستەی خەیاتی دێنمە موبەقەکە. موبەقەکە روناکترو گەرمترە. لە موبەقەکەدا هەست بە ئاسودەییەکی پتر دەکەم.

ژنە جیرانەکەم عەسران دەگەڵ منداڵەکەیدا بەسەر دەبات. سەعی پێدەکات. هەندێ جار گەمەی دەگەڵ دەکات و هەندێجاریش شەڕی دەگەڵ دەکات ولێی دەدات. مناڵە دەگری. ژنە هاوساکەشم دەگری.کە منداڵەکە ژیر دەبێتەوە ژنە جیران لە پشت مێزی موبەقەکەوە دادەنیشێت. ئانیشکەکانی دەخاتە سەر مێزەکەو سەری دەنێتە نێو هەرتك دەستی.هەنێجار جگەرەیەك دادەگیرێنێ وچاو دەبڕێتە جێیەکی نادیار.ئەوسا لە ناکاودا لە جێی خۆی رادەپەڕێ. دوای تۆزێك بە سەبەتەیەکی بەتاڵەوە دێتە حەوشە. جلەکانی سەر تەنافەکە کۆدەکاتەوە، قەدیان دەکات و لە سەبەتەکەیان دەنێت.

من لە موبەقەکەمدا شیڤ لێدەنێم. ژنە جیرانیش لە موبەقەکەیدا شیو ئامادە دەکات. منداڵەکانم لە قوتابخانەو مێردەکەم لەسەر کار گەڕاونەتەوە ماڵێ. قسان دەکەن. گوێ دەگرم. دەپرسن "پەرداخ لە کوێیە؟ قەڵەم لە کوێیە؟ سابون کوا؟" دەڵێم پەرداخ لە دۆڵابەکەدایە، قەڵەم لەسەر مێزی نووسینەکەیە." لای بەلوعەی دەستشۆرەکەوە سابونێکی تازە دادەنێم. مناڵەکان باسی قوتابخانە دەکەن. مێردەکەم دەنگ وباسی دایەرە دەگێڕێتەوە. پێدەکەنم. مناڵەکان دەوردەکەنەوە، شیو دەخۆن، قاوقیژ دەکەن. مێردەکەم دوای شیڤ رۆژنامە دەخوێنێتەوە. من قاپەکانی شام دەبەمە موبەقەکە. ژنە هاوساکەم لە موبەقەکەیدا قاپ دەشوات. من لە بیری فراڤینی سبەیدام.

سەرچاوە: سە کتاب /چاپ اول ١٣٨١

## سەمەدی بیرەنگی
### ١٩٣٩-١٩٦٨

سەمەد، دوای تەواوکردنی پەیمانگای مامۆستایان، بوو بە مامۆستا لە گوندەکانی ئازربایجان. بەدەم کاری مامۆستاییەوە، بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی تەورێزیشی تەواوکرد. بیرەنگی بە جۆش و خرۆشێکی ئەوتۆوە کەوتە کاری فێرکردن و فێربوون، کە بەرە بەرە لە دەیەی ١٣٥٠ دا وەکو مامۆستایەکی نموونەیی ناوی کەوتە سەر زاران. کتێبی (لێکۆڵینەوە لە پرسە پەروەردەییەکانی ئێرانی دەربارەی کەموکوڕی و کێشەکانی فێرکردن و پەروەردەو کێشەی مامۆستایان نووسی) بیهرەنگی کە کاری ئەدەبی خۆی بە نووسینی هەندێك وتارو نووسینی تەنزئامێز بۆ ڕۆژنامە دیوارییەکەی پەیمانگا دەستپێکرد بوو، لە ساڵی ١٩٥٧ وە تا ساڵی ١٩٦١ درێژەی بە بڵاوکردنەوەی نووسین و پاچڤە تەنزئامێزەکانی لە رۆژنامەی توفیق(چاپی تاران) و بێشکەی ئازادیدا (چاپی تەورێز)دا . کتێبانی ئێمەی کەران (١٩٦٥) و خراپکار(١٩٦٨) کۆچیرۆکی تەنزئامێزن کە بۆ بڵاوکردنەوە لەو رۆژنامانەدا پاچڤەی کردبوون.

بیهرەنگی لە بواری کۆکردنەوەی فۆلکلۆریشدا چالاك بوو ومەتەڵ ولیچار(١٩٦٦)و ئەفسانەێن ئازربایجانی (دوو بەرگ ،١٩٦٥)ی بەهاوکاری بیهروزی دهقانی بڵاوکردەوە. کۆ وتارەکانی بیهرەنگی لە ساڵی ١٩٦٩ و نامەکانی لە ١٩٧٨دا چاپ و بڵاوبوونەوە.

بیهرەنگی، بۆ نووسینی چیرۆکە ئەفسانەیی- ڕەمزیەکانی خۆی زۆری سوود لە ئەزموونی مامۆستایەتی لە گونداندا‌و ئاشنابوونی بە فۆلکلۆرو کەلەپووری میللی وەرگرتووە. بیهرەنگی بە نووسینی ئەم چیرۆکانە خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبیاتی منداڵان و نۆلاوان کردووەو گۆڕانێکی ئاشکرای لەو ژانرە ئەدەبیەدا بەدیهێناوەو خستوویەتیە قۆناغێکی تازە. ئەم چیرۆکانە، بە مەبەست و نیازێکی فێرکاری و بە نەفەسی ڕەخنەگرتن لە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، لەسەر بناغەی کێشماکێش و ململانێ لە نێوان دوو هێزی چینایەتی هەڤدژدا، ڕۆنراون. قارەمانانی (کەچەڵی کۆترباز، ئەفسانەی خۆشەویستی، کوێر ئۆغلو، کەچەڵ هەمزە، یەك هەڵوژەو هەزار هەڵوژە، یولدزو قەلان، یولدزو بووکەڵەی قسەوێژ، بیست و چوار سەعات لەنێوان خەوو بێداریدا و تەلخون (١٩٧٠) بە خەباتی سەخت و دژوار ڕێگای خۆیان لە دنیایەکی پڕ ترسدا دەکەنەوە. بە نێوبانگترین کاری بیهرەنگی کە لە ئەنجوومەنە ڕۆشنبیرییەکانی ئەورووپاو ئەمریکاشدا باسکراوە، ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە(١٩٦٨) بوو کە بۆ زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسیش پاچڤەکراون.

بیهرەنگی چیرۆکەکانی زیاتر بۆ نۆلاوان نووسیوە، بەڵام کاریگەری چیرۆکەکانی بەسەر چیرۆکنووسانی دەیەی ١٣٥٠(١٩٧١)ەوە بە ئاشکرا دیارە.

## ١١- ماسییە ڕەشە بچکۆڵەکە

شەوی چلە بوو. ماسییەکی پیر لە بنی دەریادا، (١٠- ١٢) هەزار بێچووڵەی خۆی لە دەوری خۆی گرد کردبۆوە، نەقڵی بۆ دەگێڕانەوە.

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، ماسییەکی ڕەشی چکۆلە هەبوو لەگەڵ دایکیا لە جۆبارێکا دەژیا. ئەم جۆبارە لە نێو تاوێری سەختی کێوانەوە هەڵدەقوڵاو بە دۆڵێدا دەکشا. ماڵی ماسییە بچکۆڵەکەو دایکی لە بن بەردێکی ڕەشی قەوزە گرتوودا بوو. شەوان دوو بە دوو لەبن قەوزەکاندا دەنووستن.

ماسییە ڕەشە بە عەزرەتەوە بوو گەر بۆ جارێکیش بووە هەتاو لە ماڵەکەیانا بدینێ!.

دایكو بێچوو ڕۆژ تا ئێوارێ بە دووی یەکەوە بوون، جارجاریش تێکەڵاوی ماسی دی دەبوونو خێرا خێرا خۆیان بە شوێنێکا دەکردو دەگەڕانەوە. ئەم بێچووە، تاقانە بوو. دایکی ١٠ هەزار هێلکەی کردبوو تەنها ئەمی لێهاتبووە بەر.

چەند ڕۆژێك بوو ماسییە چکۆل لە گژ فکران ڕاچوو بوو، زۆر بە کەمی داخاوت. زۆریش لە دایکی جێدەما. دایکی پێی وابوو منداڵەکەی بڕێك بێتاقەتو نەساغەو زوو چاك دەبێتەوە، بەڵام دەردی ماسییە ڕەش شتێکی دی بوو.

ڕۆژێکیان ماسییە چکۆل، سپێدە زوو دایکی لە خەو هەستاندو گوتی:- دایکە دەمەوێ چەند قسەیەکت لەگەڵ بکەم.

دایکی بە خەواڵوویيەوە گوتی:- جا ڕۆڵە گیان نووکە وەختی قسانە! قسەکەت هەڵگرە بۆ پاشی، بچینە گەڕانی چاتر نییە؟

ماسییە چکۆل گوتی:- نا. دایکە من تاقەتی گەڕانم نەماوە، دەبێ لێرە بڕۆم.

دایکی گوتی:- یانی هەر دەبێ بڕۆی ؟

ماسییە چکۆل گوتی:- بەڵێ دایکە هەر دەبێ بڕۆم.

دایکی گوتی:- ئاخر بەم بەیانییە زووە کێوە دەچی؟

ماسییە ڕەشە چکۆڵ گوتی:- دەمەوێ بڕۆمو کۆتایی جۆبارەکە بدۆزمەوە، دەزانی دایکە! ئەوە چەند مانگێکە لە خولیای ئەوەدام بزانم کۆتایی جۆبارەکە لە کوێندەرەو، ئێستا و ئێستا ئاقڵم بە هیچ کوێ ڕانەگەیی، لە دوێنێ شەوەوە خەو نەچووەتە چاومو هەر بیرم کردۆتەوە، ئەنجام بڕیارم بە خۆم دا بڕۆمو کۆتایی جۆبارەکە بدۆزمەوە، حەزدەکەم خەبەرو باسی شوێنانی دی بزانم.

دایکی پێکەنیو گوتی:- منیش کە منداڵ بووم، زۆرم بیر لەو شتانە دەکردەوە، ئاخر بەرخۆڵەی دایکێ! جۆبار سەرەتاو کۆتایی نییە، هەر ئەوەیە کە دەیبینی، جۆبار بەردەوام دەڕواو ناگاتە هیچ شوێنێ.

ماسییە ڕەشە چکۆل گوتی:- ئەدی دایکە گیان، هەموو شتێك کۆتایی نییە؟ شەو دوایی دێ. ڕۆژ دوایی دێ، هەفتە، مانگو ساڵ...، دواییان دێ.

دایکە قسەکەی پێ بڕی و گوتی:- واز لەم قسە زلانە بێنە. هەستە با بچینە گەڕانێ، هەنووکە وەختی گەڕانییە نەك ئەم قسانە.

ماسییە ڕەشە بچکۆل گوتی:- نا دایکە، لەم جۆرە گەڕانانە وەڕز بووم، دەمەوێ بڕۆمو بزانم لە شوێنانی دی چ خەبەرو باسە. ڕەنگە بڵێی یەکێك ئەم شتانەی خستووەتە مێشکی ماسییە چکۆلەوە، بەڵام دڵنیابە، خۆم دەمێکە لەم بیرەدام، هەڵبەتە زۆر شتیش لەمو لەوەوە فێر بووم، بۆ وێنە ئەمەم زانیوە کە زۆربەی ماسییان وەختێ پیر

دەبن گازاندە دەکەن کە ژیانیان بە فیڕۆ چووە. هەمیشە ناڕەزایی دەردەبڕن و گلەیی لە هەموو شتێك دەکەن. ڕاستییەکەی من دەمەوێ بزانم ژیان هەر ئەمەیە کە بەردەوام لە یەك شوێنان بی تا پیر دەبی و تەواو، یا دەکرێ لە دنیادا بە شێوەی دیکەش بژی ؟

وەختێ ماسییە چکۆل قسەکانی تەواو کرد. دایکە گوتی:– ڕۆڵە گیان! ئەوە تۆ تێکچووی؟ دنیا!... دنیا!... دنیای چی؟ دنیا ئەم شوێنەیە کە ئێمە تێیداین، ژیانیش ئەمەیە کە ئێمە هەمانە.

ڕێك لەم کاتەدا ماسییەکی گەورە لە ماڵی ئەوان نزیك بووەوەو گوتی:– هاوسێ! ئەوە مشتومڕی چیتانە، دەڵێی ئەوڕۆ نیازی گەڕانتان نییە؟

دایکە ماسی بە دەنگی دراوسێکەیەوە، لە ژوور وەدەرکەوت و گوتی:– چ زەمانێ تێی کەوتووین، ئەوجا نۆرەی ئەوەیە منداڵان دەرسی دایکیان دابدەن!

دراوسێکەیان گوتی:– چۆن؟

دایکە ماسی گوتی:– تۆ بزانە ئەو بستە منداڵە دەیەوێ کێوە بچێ! دایمە دەڵێ دەمەوێ بڕۆم بزانم لە دنیا چ خەبەرو باسە ! تۆ بنۆڕە ئەم قسە زلانە .

هاوسێکەیان گوتی:– بچکۆل! ئەوە لە کەنگێوە بوویە زاناو فەیلەسوف و بەئێمەت نەگوتووە؟!

ماسییە چکۆل گوتی:– خانم من نازانم تۆ بە چ دەڵێی (زاناو فەیلەسوف) من هەر ئەوەندەی دەزانم لەم گەڕانەی وەڕزم. نامەوێ بە گەڕانی بێهودەو خۆڕایی دڵی خۆ خۆش بکەم و کاتێ بەخۆ بزانم پیرو کەلەلا بووم و هەر هەمان ماسی چاوو گوێ نەکراوەم.

دراوسێ گوتی:– ئەیەڕۆ!... لەم قسانە!

دایکی گوتی:– قەت باوەڕم نەدەکرد تاقانەکەم بەمجۆرە دەربچێ. نازانم چ ناڕەسەنێك چووتە بن کلێشەی بێچووە نازدارەکەمەوە.

ماسییە چکۆل گوتی:– نەخێر کەس لە خشتەی نەبردووم، بە خۆم ئاقڵ و هۆشم هەن، تێ دەگەم، چاوم هەن و دەبینم.

دراوسێ، بە دایکی ماسییە چکۆلی گوت:– خوشکێ بۆی مەگەڕێ! ئەو هێلکە شەیتانۆکە پێچ پێچەیە، لە بیرتە؟

دایك گوتی:– ڕاست دەکەی، زۆر دەورو خولی بێچووەکەی دەدام. دەك خوا... نازانم چی لێ بکا!.

ماسییە چکۆل گوتی:– بەسە دایکە ! ئەو هاوڕێم بوو.

دایکی گوتی:– نۆبەتی ئەو قەوانەیە. گەییومەتە ئەم تەمەنەو هاوڕێیاتی ماسی و هێلکە شەیتانۆکەم نەبیستووە!

ماسییە چکۆل گوتی:– منیش دوژمنایەتی ماسی و هێلکە شەیتانۆکەم نەبیستووە، بەڵام ئێوە سەری ئەو بەلەنگازەتان بە فەتارەت دا.

دایك گوتی:– بەسە، کای کۆن بە با مەکە.

ماسییە چکۆل گوتی:– بە خۆتان ئەو مەسەلەیەتان هێناوە گۆڕێ.

دایکی گوتی:– مستەحەقی کوشتن بوو، بیرت نەماوە کە لەملاو لەولا چ قسەگەلێکی دەکرد؟

ماسییە چکۆل گوتی:– کەواتە منیش بکوژن، چونکە منیش هەمان ئەو قسانە دەکەم.

سەرتان نەیەشێنم! ماسییەکانی دیکەش بە دەنگی مشتومڕەکەوە هاتنە وێندەر. قسەکانی ماسییە چکۆل هەموویانی توڕە کردبوو.

یەکێك لە ماسییە پیرەکان گوتی:– چما پێت وایە ڕۆحمت پێدا دەکەین؟

یەکێکی دی گوتی:- بەشی یەك زللەیە!
یەکێکی دی گوتی:- خانم. کە منداڵت وەکو پێویست تەربیەت نەدەی دەبێ سزاکەش بدەی.
دراوسێکە گوتی:- من پێم شەرمە دراوسێی ئێوەم.
یەکێکی دی گوتی:- تا کار لە کار نەترازاوە با بینێرینە کن هێلکە شەیتانۆکە پیرەکەی.
هەرکە ماسییەکان کەوتنە خۆ تا ماسییە چکۆل بگرن. دۆستەکانی دەوریان گرتو لە شەڕەکەیان دوورخستەوە.
دایکی ماسییە ڕەش بە سینگ کوتان‌و گریانەوە دەیگوت:- وەیەڕۆ منداڵەکەم لە دەست دەچێ، جا من چ بکەم! چ هەشێ بەسەر خۆدا بکەم؟
ماسییە چکۆل گوتی:- دایکە بۆ من مەگری، بۆ ئەم ماسییە داماوانە بگری.
یەکێك لە ماسییەکان لە دوورەوە هاواری کرد:- قسەی زیاد مەکە فیسقە گولە.
دووەم گوتی:- بڕۆ، بەڵام کە ژێوان بوویەوە وەرت ناگرینەوە ها.
سێیەم گوتی:- ئەمە کەش‌و فشی تاڤ گەنجییە، نەڕۆی!
چوارەم گوتی:- چما ئێرە عەیبی چییە؟
پێنجەم: گوتی:- چ دنیایەکی دی لە گۆڕێ نییە، دنیا هەر ئێرەیە، بگەڕێوە!
شەشەم گوتی:- ئەگەر ئاقڵ بی‌و بگەڕێیتەوە، ئەوسا باوەڕ دەکەین کە بەڕاستی ماسییەکی فامیدەی.
حەوتەم گوتی:- ئاخر ئێمە لەگەڵ تۆدا ڕاهاتووین...
دایکی گوتی:- بەزەییت بە مندا بێتەوە، مەڕۆ، مەڕۆ!
ماسییە چکۆل چ قسەیەکی دی لەگەڵدا نەکردن، چەند دۆستێکی هاوتەمەنی خۆی تاکو تاڤگەکە بەڕێیان کردو گەڕانەوە. ماسییە چکۆل وەختێ لەوان جیا بۆوە گوتی:- دۆستان بە هیوای دیدار. لەبیرم مەکەن.
دۆستەکانی گوتیان:- چۆنت فەرامۆش دەکەین؟ تۆ ئێمەت لە کەرویشکە خەو خەبەر کردەوە، شتی وات فێرکردین کە پێشتر بیریشمان لێنەکردبۆوە، بە هیوای دیدار ئەی دۆستی زاناو چاو نەترس.
ماسییە چکۆل لە تاڤگەکە هاتە خوارێ‌و کەوتە نێو گۆلاوێکەوە، هەڵەوەجار پەشۆکا، بەڵام پاشان کەوتە مەلەکردن‌و گەڕان بە دەوری گۆلاوەکەدا، تا ئەو ساتە قەتی ئەوەندە ئاو لە یەك جێدا نەدیبوو، هەزاران سەرە مێکوتە لە نێو ئاوەکەدا دەخولانەوە، کە ماسییە چکۆلەیان دی، کەوتنە پەلار هاویشتن‌و تانەو توانج، تۆ تەماشای سەرو فەسالی! ئەرێ تۆ چ گیانلەبەرێکی؟
ماسییە چکۆل تەواو دیقەتی دان‌و گوتی:- تکایە قەشمەری مەکەن، من نێوم ماسییە ڕەشە چکۆلە، ئەنگۆش نێوی خۆتانم پێ بڵێن با یەکدی بناسین. یەکێك لە سەرەمێکوتەکان گوتی: -ئێمە بە یەکدی دەڵێین سەرەمێکوتە.
یەکێکی دی گوتی:- ڕەسەن‌و نەجیب‌و خانەدانین.
یەکێکی دی گوتی:- لە دنیادا لە ئێمە جوانتر نییە.
یەکێکی دی گوتی:- وەکو تۆ شەپرێوو بەدفەسال نین.
ماسییە چکۆلە گوتی:- پێم وانەبوو ئەوەندە خۆپەسندو بوغرا بن، بەڵام قەیدی نییە، من دەتان بورم، چونکە ئەم قسانە لە ڕووی نەزانینەوە دەکەن.
سەرەمێکوتەکان تێکڕا گوتیان:- یانی ئێمە نەزانین؟

ماسییە چکۆل گوتی:- ئەگەر نەزان نەبان دەتانزانی لە دنیادا گەلێکی دی هەن‌و سەرو فەسالی خۆیان بەلاوە جوان‌و شیرینە! ئەنگۆ کە ئەوەندە لە خۆ ڕازین تەنانەت ناوەکەشتان هی خۆتان نییە.
سەرەمێکوتەکان زۆر تووڕە بوون، بەلام کە دیتیان قسەی ماسییە چکۆل ڕاستە، قسەکەی خۆیان گۆڕی‌و گوتیان:- تۆ بە خۆڕایی خۆت ماندوو دەکەی، ئێمە هەموو ڕۆژێ لە بەیانییەوە تا ئێواریێ دنیا دەگەڕێین، لە خۆمان‌و باب‌و دایکمان بەولاوە کەسی دی نابینین. خۆ وردە کرم چ نین‌و قەپان نایان خوێنێتەوە. ماسییە چکۆل گوتی:- ئەنگۆ کە بە بست لەم گۆلاوەی دوور ناکەونەوە ،چۆن دەم لە دنیاگەڕی دەکوتن؟
سەرە مێکوتەکان گوتیان:- چما بێ لەم گۆلاوە دنیایەکی دی هەیە ؟
ماسییە چکۆل گوتی:- هەر نەبێ پێویستە لە خۆ بپرسن کە ئاوی ئەم گۆلاوە لە کوێوە دێ، لە دەرێی ئەم گۆلاوە چ هەن؟
سەرە مێکوتەکان گوتیان:- دەرێی گۆلاوەکە؟ ئێمە هەرگیز دەرێی گۆلاوەکەمان نەدیتووە... ها ها... هاها.. تۆ تێکچووی بابە؟
ماسییە چکۆل پێکەنی، ڕاما، دیتی ئەگەر سەرەمێکوتەکان بەجێ بێڵێ‌و بڕوا زۆر چاترە، پاشان بیری کردەوە کە واچاکە دوو قسەش لەگەڵ دایکیان بکا، گوتی:- ئەرێ دایکتان لە کوێیە؟
دەنگی نزمی بۆقێك ڕایچڵەکاند. بۆقەکە لە قەراغ گۆلەکەو لەسەر بەردێك مت بوو بوو، بازێکی دایە نێو ئاوەکەو هاتە بەردەم ماسییە چکۆل‌و گوتی:- ئەوەتام ئەمرکە ؟
ماسییە چکۆل گوتی:- سەلاو ، خانمی گەورە!
بۆقەکە گوتی:- هەنووکە کەی وەختی خۆ نواندنە، هەی ناڕەسەنی نانەجیب، منداڵەکانت بە گیر هێناوەو قسەی زلیان بۆ دەکەی! من ئەوەندەم تەمەن ڕانیوە کە دڵنیابم دنیا هەر ئەم گۆلەیەو بڕایەوە، چاکتر وایە بە دووی کاری خۆتا بڕۆی‌و منداڵەکانی من لە ڕێ دەرنەکەی.
ماسییە چکۆل گوتی:- هەزار ئەوەندەی دیکەش بەمجۆرە بژیت هەر بۆقێکی نەزان‌و داماویت.
بۆقەکە تووڕە بوو، خۆی بەرەو ماسییەکە هەڵدا. ماسییەکە ڕاپەڕی‌و وەکو بروسکە بۆی دەرچوو، قوڕە لیتەو کرمی بن گۆمەکەی شلەقاند.
دۆڵەکە پڕ بوو لە پێچ‌و دەورە. ئاوی جۆبارەکە زۆر زیادی کردبوو، بەلام ئەگەر لەسەر کێوەکەوە سەیرت کردبا لە تۆ وایە داوە دەزوویەکی سپییە. لە شوێنێکا گا بەردێك لە کێوەکە گل بوو بووەوەو کەوتبووە ناوەندەی چۆمەکەوەو ئاوەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە. مار مێلکەیەکی زلە، بە ئەندازەی ناو لەپێ، زگی نووساندبوو بە گا بەردەکەوەو خۆی دابووە هەتاو ،دەیڕوانییە ئەو قرژاڵە پانکۆلەیەی کە لەسەر چەوو زیخی بن ئاوەکە وەستا بوو و سەرگەرمی خواردنی ئەو بۆقە بوو کە ڕاوی کردبوو. ماسییە ڕەشە چکۆل کە چاوی بە قرژاڵەکە کەوت ترساو سڵەمییەوە. لە دوورەوە سلاوی لێکرد. قرژاڵەکە خێسەیەکی لێکردو گوتی:- چ ماسییەکی ئاقڵ‌و بە ئەدەبی! وەرە بەرەوە بچکۆل، وەرە!
ماسییە چکۆل گوتی:- دەچمە گەڕان تا دنیا بدینم‌و ناشمەوێ ببم بە نێچری جەناب عالیت.
قرژاڵەکە گوتی:- بۆ ئەوەندە بە گومان‌و ترسنۆکی ماسییە چکۆل؟
ماسییە چکۆل گوتی:- من نە بە گومانم‌و نە ترسنۆك، ئەوە دەڵێم کە چاوم دەیبینێ‌و مێشکم دەرکی دەکا.
قرژاڵەکە گوتی:- زۆر چاکە، فەرموو بزانم چاوت چی بینی‌و مێشکت چی دەرك کرد کە پێت وابێ من قەستی ڕاوکردنی تۆم هەیە.

ماسییه چکۆل گوتی:- ئیتر، خۆت دەیزانی!
قرژاڵەکە گوتی:- مەبەستت ئەم بۆقەیە؟ تۆ منداڵی بابە! من لەگەڵ بۆقاندا دوژمنم، بۆیە راویان دەکەم. ئەمانە خۆیان بە تاقە زیندەوەری دنیا دەزانن و بەختەوریشن. جا دەمەوێ تێیان بگەیەنم کە دنیا هی کییە؟ ئیدی تۆ چ ترسێکت نەبێ گیانم! وەرە بەرەوە، وەرە!
قرژاڵەکە ئەم قسانەی گوتن و پاشەو پاش بەرەو ماسییە چکۆڵ کەوتە رێ. هێند عەنتیکە رێی دەکرد کە ماسییەکە کەوتە پێکەنین و گوتی:- ژارۆ! تۆ هێشتا نازانی رێ بکەی، ئیدی چۆن دەزانی دنیا هی کێیە ؟
ماسییە رەشە نەختێك لە قرژاڵەکە دوور کەوتەوە، سێبەرێك کەوتە سەر ئاوەکە و کوتوپڕ چەپۆکێکی توند قرژاڵەی لە چەوو زیخەکەدا چەقاند. مارمیلەکەکە ئەوەندە بە دیمەنی قرژاڵەکە پێکەنی کە خزی و خەریك بوو بکەوێتە ئاوەکەوە. قرژاڵەکە لە جێی خۆی چەقی و لە جوڵە کەوت. ماسییە چکۆل سەیری کرد شوانێ لە قەراغ ئاوەکە وەستاوەو سەیری ئەو و قرژاڵەکە دەکا. پەزەکەی لە ئاوەکە نزیك بوونەوەو دەمیان نا بە ئاوەکەوە. دەنگی باعە باع و باڕەباڕ دۆڵەکەی پڕ کردبوو.
ماسییە چکۆل ڕاوەستا تا مەڕو بزنەکان پاراو بوون و رۆییشتن ئەوسا مارمیلەکەکەی گاز کردو گوتی:- مارمێلەکە گیان! من ماسییەکی چکۆلەم و دەمەوێ کۆتایی جۆبارەکە پەیدا بکەم. پێموایە تۆ زیندەوەرێکی ئاقڵ و زانای، بۆیە دەمەوێ شتێکت لێبپرسم.
مارمێلکەکە گوتی:- چیت دەوێ بپرسە.
ماسییەکە گوتی:- لە رێگادا بە مورغی سەقاو، هەڕە ماسی و ماسیگرە دەیان ترساندم، ئەگەر تۆ شتێك دەربارەی ئەمانە دەزانی پێم بڵێ.
مارمێلکەکە گوتی:- هەڕە ماسی و ماسیگرە لەم ناوە نین، بە تایبەتی هەڕە ماسی لە دەریادا دەژی، بەڵام مورغی سەقا، ڕەنگە لەم خوارەوە هەبێ، ئاگات لە خۆ بێ، نەبا هەڵت بخەڵەتێنێ و بچیتە کیسەکەیەوە.
ماسییە چکۆڵ گوتی:- کسەی چی ؟
مارمێلکەکە گوتی:- مورغی سەقا لە ژێر دەنووکیا کیسەیەکی هەیە ئاوی تێدەچێ، مورغی سەقا لە ئاوا مەلە دەکاو هەندێ جار ماسی لێیان تێك دەچێ و خۆ بەو کیسەیەدا دەکەن و یەکڕاست دەچنە ورگییەوە، دیارە گەر برسی نەبێت و تێر بێ ئەوا ماسییەکان لەو کیسەیەدا هەڵدەگرێ و دوایی دەیانخوا.
ماسییە چکۆل گوتی:- باشە ئەگەر ماسی چووە ئەو کیسەیەوە ئیدی دەرفەتی دەرباز بوونی نابێ؟
مارمێلکەکە گوتی:- نەخێر مەگەر کیسەکە بدڕێ، من خەنجەرێکت دەدەمێ کە ئەگەر گیرۆدەی مورغی سەقا بوویت کیسەکەی بدڕە.
مارمێلکەکە خۆی بە قلێشە بەردێکا کردو بە خەنجەرێکی زۆر بچووکەوە گەڕایەوە، ماسییە چکۆل خەنجەرەکەی وەرگرت و گوتی:- مارمێلکە گیان! تۆ زۆر میهرەبانی، نازانم چۆن سوپاست بکەم.
مارمێلکەکە گوتی:- پێویست بە سوپاس ناکا گیانە! لەم خەنجەرانەم زۆرن. وەختێ بێ ئیش دەبم، دادەنیشم لەلاسکی گیا خەنجەران دروست دەکەم و دەیدەم بە ماسییان ژیری وەکو تۆ.
ماسییەکە گوتی:- چما بەر لە من چ ماسییەکی دی بێرەدا رەت بووە.
مارمێلکەکە گوتی:- ئەی مەعنای چی، زۆر بێرەدا رەت بوون. هەنووکە بوون بە کۆمەڵ و کابرای ماسی گریان تەنگاو کردووە.

ماسییه ڕەش گوتی:– بمبوره وەك دەڵێن قسه، قسان ڕادەكێشێت. ئەگەر نەبێ بە بێ ئەدەبی لە رووتا. پێم ناڵێی چۆن چۆنی كابرای ماسی گریان تەنگاو كردووه؟

مارمێلكەكە گوتی:– چونكە هەموویان تەبان، هەركە كابرای ماسیگر تۆڕەكەی هەڵدەدا، تێكڕا دەچنە ناو تۆڕەكەوەو لەگەڵ خۆیانا رای دەكێشن تا بنی دەریا.

مارمێلكەكە گوێی نا بە قڵیشی گا بەردەكەوه، هەندێ گوێی هەڵخست و گوتی:– ئیدی من مەرەخەس دەبم. منداڵەكانم هەستاون.

مارمێلكەكە خۆی بە قڵیشی بەردەكەیا كرد، ماسییه ڕەشە بچكۆل ناچار كەوتە ڕێ، لێكدا لێكدا پرسیاری لە خۆی دەكرد. باشە جۆبار دەڕژێتە دەریاوه؟ مورغی سەقام لێ پەیدا نەبێ؟ باشە هەڕە ماسی دڵی دێ هاوڕەگەزی خۆی بكوژێ و بیخوا؟ باشە ماسیگرە چ دوژمنایەتیەكی لەگەڵ ئێمەماندا هەیه؟

ماسییه چكۆل بە دەم مەلە كردنەوه دەڕۆیی و تێدەفكری. لە هەر بستە ڕێگایەكدا شتێكی تازەی دەبینی و فێردەبوو. پڕ بە دڵ حەزی دەكرد لە تاڤگەو قەڵبەزەكانەوه بكەوێتە خوارێ و مەلە بكا، كە گەرمای هەتاو لە پشتی دەدا ئۆخژنی دەخستە نێو دڵ و دەروونی. ماسییه چكۆل چوو بەسەر ئاسكێكا كە بەپەلە ئاوی دەخواردەوه، سڵاوی لێكردو گوتی:– ئاسكە جوانێ. بۆ پەلەته؟

ئاسك گوتی:– راوچی راوی ناوم و گوللەیەكیشی لێداوم، ئەوەتا.

ماسییه چكۆلە جێ گوللەكەی نەدی، بەڵام كە هەنگەڵەشەلێی ئاسكەكەی بینی، تەواو باوەڕی كرد، كۆمەڵە كیسەڵێك لە شوێنێكی دیا خۆیان دابووە هەتاوو وەنەوزیان دەدا. لە شوێنێكی دیدا قاسپەی كەو و كەوباڕان دۆڵەكەی دەخرۆشان. بۆنی گیاو گوڵی كێوی شەپۆلی دەداو تێكەڵ بە ئاوەكە دەبوو.

بۆ پاش نیوەڕۆ گەییە  شوێنێ كە چۆمەكە بەرین دەبۆوەو ئاوەكە بە ناوەندی بێشەیەكدا ڕەت دەبوو. ئاوەكە هێند زۆر بوو بوو، ماسییه چكۆل خەریك بوو لە خۆشیانا شاگەشكە بێ. پاشان تووشی یەك دنیا ماسی بوو – لەو ساوه كە لە دایكی جیا بوو بۆوه ماسی نەدی بوو– چەند وردە ماسییەك دەوریان داو گوتیان:– دەڵێی غەریبی؟

ماسییه ڕەشە گوتی:– بەڵێ غەریبم و لە ڕێیەكی دوورەوه دێم.

وردە ماسییەكان گوتیان:– ئەدی بە تەمای كوێی؟

ماسییه ڕەشە گوتی:– بە تەمام كۆتایی جۆبار بدۆزمەوه.

وردە ماسییەكان گوتیان:– كام جۆبار؟

ماسییه ڕەشە گوتی:– ئەم جۆبارەی كە مەلەی تێدا دەكەین.

وردە ماسییەكان گوتیان: ئێمە بەمە دەڵێین روبار.

ماسییه ڕەشە هیچی نەگوت. یەكێك لە وردە ماسییەكان گوتی:– باشە دەزانی مورغی سەقا لە ڕێگاته؟

ماسییه ڕەشە گوتی:– ئا. دەزانم.

ماسییه وردەكە گوتی:– دەزانی و ئەوجاش هەر دەڕۆی؟

ماسییه ڕەشە گوتی:– بەڵێ، هەرچۆنێ بووە دەبێ بڕۆم.

ئەم هەواڵە خێرا لە نێو ماسییەكاندا بڵاوبۆوه: ماسییەكی ڕەشی چكۆلە لە ڕێگایەكی دوورەوه هاتووەو دەیەوێ بڕوا كۆتایی روبار بدۆزێتەوەو چ منەتی بە مورغی سەقایەش نییە. چەند وردە ماسییەك كەوتنە كەڵكەڵەی

ئەوەی لەگەڵ ماسییە ڕەشدا بڕۆن. بەڵام لە ترسی گەورەکان نەیان وێرا چ قسەیەك بکەن. چەند دانەیەکیشیان گوتیان:– ئەگەر لە ترسی مورغی سەقا نەبا لەگەڵت دەهاتین، ئێمە لە کیسەکەی مورغی سەقا دەترسین.
گوندێك لەسەر رووبارەکە بوو، ژن و کیژی گوند، ئامان و جلوبەرگیان لەگوێ روبارەکە دەشت. ماسییە چکۆل تاوێك گوێی لە دەنگە دەنگی وان ڕاگرت و قەدەرێکیش تەماشای مەلەوانی منداڵەکانی کردن و رۆیی. هەر رۆیی رۆیی تا شەوی بەسەرا هات ،لای دایە بن بەردێك و لێی خەوت. نیوەشەو خەبەری بۆوە. سەیری کرد تریفەی مانگ داویە لە رووبارەکەو هەموو لایەکی رووناك کردووەتەوە.
ماسییە رەشە چکۆل مانگی زۆر خۆشدەویست. ئەو شەوانەی مانگ هەڵدەهات و دەیدا لە ئاو، بەو بوایە لە ژێر قەوزەکانەوە بێتە دەرێ و چەند قسەیەکی لە تەکا بکا، بەڵام هەموو جارێ دایکی خەبەری دەبۆوە، رای دەکێشایەوە بن قەوزەکان و دەی نواندەوە.
ماسییە چکۆل چووە کن مانگ و گوتی:– سڵاوت لێبێ ئەی مانگی نازدار!
مانگ گوتی:– هەزار سڵاوت لێبێ ماسییە رەشە چکۆل، تۆو ئێرە کوجا مەرحەبا؟!
ماسییە چکۆل گوتی:– جیهانگەڕی دەکەم.
مانگ گوتی:– جیهان زۆر گەورەیە. ناتوانی هەمووی بگەڕێی.
ماسییە چکۆل گوتی:– قەیدی نییە. هەندی پێم کرا.
مانگ گوتی:– حەزم دەکرد تا سبەینێ لە کنت بم، بەڵام هۆو پەڵە هەورە رەشە خەریکە هێرەوە دێ و بەرم دەگرێ.
ماسییە چکۆل گوتی:– ئەی مانگی جوان! من روناکی تۆم خۆشدەوێ. حەزدەکەم هەمیشە لێم بدا.
مانگ گوتی:– ماسییە گیان، من بە خۆم روناکیم نییە، هەتاو روناکیم دەداتێ و منیش دەیدەم بە زەوی، بە ڕاست تۆ بیستووتە ئادەمیزاد بە تەمان تا چەند ساڵێکی دی بفڕن و بێن لەسەرم بنیشنەوە؟!
ماسییەکە گوتی:– ئەمە قەت نەبووەو ناکرێ؟
مانگ گوتی:– راستە کارێکی سەختە، بەڵام ئادەمیزاد هەر کارێکیان بوێ...
مانگ هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە هەورە رەشەکە گەییە سەری و دای پۆشی. دنیا دیسان تاریك بۆوە. ماسییە رەشە بە تاقی تەنێ مایەوە، بۆ چەند دەقیقەیەك مات و سەرسام روانییە تاریکییەکە، پاشان خۆی خزاندە ژێر بەردێکەوەو لێی نووست.
بەیانی زوو لە خەو ڕابوو، دیتی چەند ماسییەك بە دیارییەوە وەستاون و چپەچپیانە، کە دیتیان ماسییە رەشە لە خەو ڕابوو، تێکڕا گوتیان:– رۆژباش!.
ماسییە رەشە گوتی: ئەوە هاتن!
یەکێك لە وردە ماسییەکان گوتی:– بەڵێ، بەڵام هێشتا ترسمان نەشکاوە.
یەکێکی دی گوتی:– ترسی مورغی سەقا دەستبەردارمان نابێ.
ماسییە رەشە گوتی:– ئێوە زیاتر بیردەکەنەوە، نابێ تەنیا بیربکرێتەوە، هەرکە بکەوینە ڕێ ئیدی بە تەواوی ترسمان دەشکێ.
کە ویستیان بکەونە ڕێ، ئاوەکەی دەوربەریان هەستا و روپۆشێکی بەسەرادان و دنیای ڕووناکیان لێ تاریك بوو، چ مەفەڕێکیان نەما.
ماسییە ڕەشە یەکسەر زانی کەوتوونەتە کیسەی مورغی سەقاوە.

ماسییە ڕەشە چکۆڵ گوتی:- دۆستان کەوتووینەتە کیسەی مورغی سەقاوە، بەڵام ڕێگای هەڵاتن بە تەواوی نەگیراوە.

وردە ماسییەکان دایان کورکاند، یەکێکیان گوتی:- تازە ڕێی هەڵاتنمان نییە، هەموو خەتای تۆیە، کەوتیتە خشتو پامانو لە ڕێت دەرکردین!

یەکێکی دی گوتی:- ئێستا هەموومان قووت دەداو دەبڕێینەوە.

لە پڕ قاقایەکی سامناك لە نێو ئاوەکەدا دەنگی دایەوە، قاقای مورغی سەقا بوو، پێدەکەنیو دەیگوت: چ وردە ماسییەکم چنك کەوتوون! هاهاهاها بەڕاستی دڵم پێتان دەسوتێ، دڵم نایە بتان خۆم! ها ها هاها...

وردە ماسییەکان کەوتنە پاڕانەوە:- حەزرەتی جەنابی مورغی سەقا! دەمێکە ناو بانگی تۆمان بیستووە، گەر لوتف بفەرمووی، دەنووکی موبارەکت کەمێ بکەیەوەو دەرچین تا ماوین هەر دوعای خێر بۆ جەنابی موبارەکت دەکەین.

مورغی سەقا گوتی:- ئێستا ناتانخۆم، ماسی یەدەکەم زۆرن، سەیری ئەو خوارەوە بکەن..

چەند ماسییەکی وردو درشتی هەڵڕشتبووە ناو کیسەکە. وردە ماسییەکان گوتیان:- حەزرەتی جەنابی مورغی سەقا! ئێمە هیچمان نەکردووە، ئێمە بێ تاوانین، ئەم ماسییە ڕەشە چکۆڵەیە ئێمەی تەفرە داوە..

ماسییە چکۆڵە گوتی:- ئەی ترسنۆکینە! وا دەزانن ئەم مورغە فێڵبازە سەرچاوەی بەخشینە کە بەم جۆرە دەپاڕێنەوە.

وردە ماسییەکان گوتیان:- تۆ خۆتیش نازانی چی دەڵێی؟ نووکە دەبینی حەزرەتی مورغی سەقا چۆن ئێمە دەبخشێو تۆ نۆشی گیان دەکا.

مورغی سەقا گوتی:- بەڵێ دەتان بەخشم. بەڵام بە مەرجێ.

وردە ماسییەکان گوتیان:- مەرجەکەتان بفەرموون قوربان.

مورغی سەقا گوتی:- ئەم ماسییە منجڕو سەربزێوە بکوژن، تا ئازادی خۆتان بە دەست بێنن!.

ماسییە ڕەشە چکۆڵ خۆی دایە لاوەو بە وردە ماسییەکانی گوت:- قەبووڵ مەکەن، ئەم مورغە فێڵبازە دەیەوێ بەرمان بداتە گیانی یەکدی، من پلانێکم هەیە..

وردە ماسییەکان تەنیا رزگاری خۆیان بەلاوە مەبەست بوو، بۆیە بەربوونە گیانی ماسییە ڕەشە چکۆڵ. ماسییە ڕەشە بەرەو کیسەکە دەکشایەوەو دەیگوت: ترسنۆکینە! هەنووکە گیرۆدە بوونو ڕێگای دەرچوونتان نییە، دەرەقەتی منیش نایەن.

وردە ماسییەکان گوتیان:- چار نیەو دەبێ بتخنکێنین، ئێمە ئازادیمان دەوێ.

ماسییە ڕەشە گوتی:- ئەوە شێت بوون! منیش بخنکێنن هەر ئازاد نابن، بە قسەی ئەو مەخەڵەتێن!

وردە ماسییەکان گوتیان:- تۆ لەبەر خاتری خۆت ئەم قسانە دەکەی، ئەگینا قەت بیر لە ئێمە ناکەیەوە!

ماسییە ڕەشە گوتی:- کەواتە گوێ بگرن تا ڕێیەکتان نیشان بدەم. من لە نێو ماسییە مردووەکاندا ڕادەکێشمو خۆم دەکەم بە مردوو، با بزانم مورغی سەقا بەرەڵلاتان دەکا یان نە . ئەگەر بە قسەم نەکەن بەم خەنجەرە هەمووتان دەکوژم، یا کیسەکە پارچە پارچە دەکەمو بە خۆم دەڕۆمو ئێوەش..

یەکێك لە وردە ماسییەکان هەڵیدایێ:- دەبەسە خۆ ئیتر. من ئەم قسانەم پێ قەبووڵ ناکرێ.. ئوهو.. ئوهو.. ئوهو...

ماسیه رەشەکە، کە چاوی بە گریانی ئەو کەوت گوتی:- مەمکە مژەت ناوێ؟ ئەم منداڵە ساوایەتان بۆ لەگەڵ خۆ هێناوە؟

ئەوجا خەنجەرەکەی هەڵکێشاو لەبەردەم وردە ماسییەکاندا ڕایگرت ، ناچار پێشنازەکەی ماسییە چکۆڵەیان قەبووڵ کرد. بە درۆ هەندێکیان پێکدا کێشا. ماسییە رەشە خۆی کردە مردوو ئەوانیش هاتنە سەری و گوتیان:- حەزرەتی جەنابی مورغی سەقا! ماسییە رەشە لاسارەکەمان خنکاند. مورغی سەقا پێکەنی و گوتی:- چاکتان کرد. ئێستاش لە پاداشتی ئەو کارەتاندا هەمووتان بە زیندووی قووت دەدەم تا گەشتێکی چاک لە نێو هەناوما بکەن.

وردە ماسییەکان دەرفەتیان نەما. چەشنی بروسکە بە گەرووی مورغەکەدا ئاودیو بوون و بڕانەوە. بەڵام ماسییە ڕەشە ڕێك لەو کاتەدا بە خەنجەر کیسەکەی دادڕی و هەڵات. مورغی سەقا یەك بە خۆی قیژاندی و سەری دا بە ئاوەکەدا، بەڵام نەیتوانی دوای ماسیە چکۆڵ بکەوێ.

ماسیە رەش هەر ڕۆیی و ڕۆیی تا بوو بە نیوەڕۆ، کێوو دۆڵ تەواو بوو، روبارەکە بە دەشتێکی هەموارا دادەکشا چەند روبارێکی بچوکیش لە ڕاست و لە چەپەوە دەڕژانە نێو روبارەکەوە. ئاوەکەی یەکجار زۆر بوو بوو. ماسییە ڕەشە لە خۆشی ئەو هەموو ئاوە حەجمانی نەبوو، کاتێ هاتەوە سەرخۆی، سەیری کرد ئاوەکە بنی نییە. ئەم بەری کرد، ئەو بەری کرد، نەگەییە هیچ شوێنێ. ئاوەکە هێندە زۆر بوو ماسییە چکۆل گوم بوو بوو.تا توانی مەلەی کرد، بەڵام نەگەییە چ شوێنێك. لە پڕ بینی گیانلەبەرێکی درێژو زلە وەکو بروسکە هێرشی بۆ دێنێ. هەڕەیەکی دوو دەمی بە دەمەوە بوو. ماسییە چکۆڵ لە فیکران ڕاچوو، هاکا هەڕە ماسی پارچە پارچەی بکا، خێرا فریای خۆی کەوت و هاتە سەر ئاوەکە. پاش ماوەیەك چووە بن ئاوەکە تا بنی دەریا ببینێ.

لە ڕێگادا تووشی گەلە ماسییەك بوو، هەزاران هەزار ماسی بوون!

لە یەکێکیانی پرسی:- هاوڕێ من غەریبم، لە ڕێگای دوورەوە هاتووم. پێم ناڵێی ئێرە کوێیە؟

ماسییەکە، دۆستەکانی خۆی گازکرد و گوتی:- سەیرکەن! یەکێکی دی..

ئەوجا بە ماسییە رەشەی گوت:- هاوڕێ بەخێر هاتی بۆ دەریا.

ماسییەکی دی گوتی:- هەموو جۆبارو رووبارەکان دەڕژێنە ئێرە. هەڵبەتە هەندێکیانیش لێ دەڕژێتە زۆنگاو وگۆلەکانەوە.

یەکێکی دی گوتی:- هەر کاتێ مەیلەت لێبێ دەتوانی بێیە ناو ئێمە.

ماسیە رەشە چکۆڵ زۆر شاد بوو بەوەی گەییووەتە دەریا، گوتی:- وا چاکە جارێ پیاسەیەك بکەم و ئەوجا بێم تێکەڵی ئەنگۆ بم. حەزدەکەم ئەمجارە بەشداری بردنی تۆڕی کابرای ماسیگر بکەم.

یەکێك لە ماسییەکان گوتی:- بەم زووانە بە ئاواتی خۆت دەگەی. جارێ بڕۆ پیاسەکەت بکە، بەڵام هەرکە سەرکەوتیتە سەر ئاوەکە ئاگات لە ماسیگرە بێ. چەند ڕۆژێکە لێمان هاربووەو بە هیچ شتێ دانامرکێتەوە، ڕۆژی ٤-٥ ماسیمان لێ ڕاو دەکا.

ماسییە رەشە لەوان دوور کەوتەوەو و کەوتە مەلە کردن ، پاش تۆزێك هاتە سەر ئاوەکە، هەتاو گەرم بوو، گەرمی هەتاو ئۆخژنی دەخستە نێو دڵ و دەروونی. بە کاوەخۆ خۆی دابووە دەم ئاوەکەو لەبەر خۆوە دەیگوت:- ئێستا مەرگ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بەرەو ڕووم بێ، بەڵام من تا بتوانم بژیم نابێ بچمە پێشوازی مەرگ، هەڵبەتە ئەگەر کاتێ بە ناچاری ڕوو بە ڕووی مەرگ بوومەوە-کە هەردەبمەوە- ئەوا گرینگ نییە، گرینگ ئەمەیە کە ژیان یا مەرگی من چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی خەڵکانی دی هەبێ.

ماسییە ڕەشە چکۆڵەکە لە گەرمەی ئەو بیرو خەیاڵانەدابوو کە کوتوپڕ ماسیگرەیەك پڕی دایێ و بردی. ماسییە چکۆڵ لە بەینی دەنووکە درێژەکەی ماسیگرەوە لە قەفرتێی دەکرد، بەڵام خۆی پێ ڕزگار نەدەکرا. ماسیگرەکە هێند بە توندی بڕبڕەی پشتی گرتبوو کە خەریك بوو گیانی دەردەچوو! ئاخر ماسییەکی چکۆڵە چەندێ بە بێ ئاو هەڵدەکا؟ ماسییەکە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ماسیگرەکە قووتی بداو تا بەلای کەمەوە ئاوو ڕتوبەتی ناو زگی ئەو بۆ چەند دەقیقەیەك مەرگی دوا بخا. بەدەم ئەم خەیاڵ و خۆزگەیەوە بە ماسیگرەکەی گوت:- بۆ بە زیندووی قووتم نادەی؟ ئاخر من لەو جۆرە ماسیانەم کە پاش مردن ژەهراوی دەبم.

ماسیگرەکە چ قسەیەکی نەکرد لە فکران ڕاچوو:- ئەی حیلەباز! بزانە چ فێڵێکت لە ژێر سەردایە، ناکا بتەوێ بمهێنیە قسان تا ڕابکەی؟

سات بە سات لە وشکایی نزیکتر دەبوونەوە. ماسییە ڕەشە لە فکران ڕاچوو:"ئەگەر بگەینە وشکایی ئیدی تیا دەچم". بۆیە گوتی:- دەزانم بە تەمای بۆ بێچووەکانتم بەری، بەڵام هەر کە بگەینە وشکایی ئەوا دەمرم و ژەهراوی دەبم. بۆ بەزەییت بە بێچووەکانتا نایەتەوە؟

ماسیگرەکە تێفکری:- وریایی کارێکی چاکە، بەخۆم دەتخۆم و ماسی دی بۆ بێچووەکانم دەگرم.. ئەم شتە فێڵێکی تێدا نەبێ؟ نەء چ کارێکت پێناکرێ.

ماسیگرەکە لەم بیرو خەیاڵانەدا بوو کاتێکی زانی بەدەنی ماسیە ڕەشە شل و خاوبۆوەو جووڵەی تێدا نەما. لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: یانی مردووە؟ لە کیسم چوو، ئیدی ناتوانم بیخۆم، بە دەستی خۆم ئەم ماسییە نەرم و ناسکەم لە کیسی خۆدا!

ماسیگرەکە بە ماسییە ڕەشەی گوت:- ئەهای بچکۆل! پێم بڵێ بزانم نیوە گیانێکت تێدا ماوە تا بتخۆم؟

بەڵام نەیتوانی قسەکەی تەواو بکا، چونکە هەرکە دەنووکی کردەوە، ماسیە ڕەشە دەرپەڕی و بەر بۆوە. ماسیگرەکە هەستی کرد هەڵخەڵەتێنراوە. بەپەلە کەوتە دووی ماسییەکە. ماسیەکە وەکو بروسکە لە حەوادا دادەکشا، لە خۆشی ئاوی دەریا ئاگای لە خۆبڕا بوو، دەمی بۆ بای شێداری دەریا گرتبۆوە، بەڵام هەرکە گەییە نێو ئاوەکەو نەفەسێکی تازەکردەوە، ماسیگرەکە هێند بە خێرایی پڕی دایێ و قووتی دا ماوەیەك گێژ بوو، نەیزانی چ قەوماوە.

هەستی کرد هەر چوار دەوری شێدارو تاریکە، ڕێگای دەرچوون نییە، دەنگی گریان دێ، کە چاوی بە تاریکییەکە ڕاهات، سەیری کرد ماسییەکی یەکجار ورد لە سوچێکا کزکۆڵەی کردبووو بۆ دایکی دەگریا. ماسییە ڕەشە لێی چووە پێشەوەو گوتی:- بچکۆل هەستە بیر لە چارەیەك بکەوە.. بە گریان و دایەڕۆ چ دەکرێ؟ ماسییە وردەکە گوتی:- تۆ کێی؟.. ئەدی نابینی خەریکە دەمرم؟ ئوهو.. ئوهوو.. دایکە.. من چیدی ناتوانم لەگەڵ تۆدا بێم و تۆڕی کابرای ماسیگر بەرینە بنی دەریاوە.. ئوهو.. ئوهوو!

ماسییە ڕەشە چکۆل گوتی:- بی بڕەوە بابە، ئابڕووی هەموو ماسییەکت برد!

کاتێ ماسییە وردەکە لە گریان کەوت، ماسییە ڕەشە چکۆل گوتی:- من دەمەوێ ماسیگرەکە(مورغی سەقا) بکوژم و هەموو ماسییەکانی لێ ڕزگار بکەم، بەڵام دەبێ لە پێشا تۆ بنێرمە دەرێ تا ئابڕومان نەبەی.

ماسییە وردەکە گوتی:- تۆ خۆت کەوتوویتە حاڵی مردنێ، ئیدی چۆن ماسیگرەکە(مورغی سەقا) دەکوژی؟

ماسییە ڕەشە چکۆلەکە خەنجەرەکەی نیشان داو گوتی:- هەر لێرەوە زگی دەدڕم، تۆ گوێ بگرە بزانە چت پێ دەڵێم:- من دەست بە گینگڵ دان و ئەم دیوو ئەو دیو دەکەم تا ماسیگرەکە ختووکەی بێتێ، هەرکە دەنووکی کردەوەو لە قاقای پێکەنینی دا تۆ دەرپەڕە دەرێ.

ماسییە وردەکە گوتی:- ئەدی خۆت؟

ماسییە رەشە چکۆل گوتی:- خەمی منت نەبێ، تا ئەم ناڕەسەنە نەکوژم نایەمە دەرێ.

ماسییە رەشە ئەمەی گوت و کەوتە جینگڵ دان و ختووکەدانی ماسیگرەکە. ماسییە وردەکە حازرو ئامادە لەبەر دەرکی گەدەی ماسیگرەکەدا وەستا بوو. هەرکە ماسیگرەکە دەنووکی کردەوەو دەستی بە قاقای پێکەنین کرد، ماسییە وردەکە لە دەمی ماسیگرەکەوە دەرپەڕییە دەرێ و دوای تۆزێك شڵپ کەوتە نێو ئاوەکە. هەر چەند چاوەڕێی کرد چ خەبەرێك لە ماسییە رەشەوە نەبوو. لە پڕ دیتی لەنگەری ماسیگرەکە( مورغی سەقا) تێك چووەو هاوار دەکاو بەرەو خوارێ دادەکشێ. تا شڵپ کەوتە ئاوەکەوە. هەندێ لەقەفرتێی کردو سارد بۆوە. بەڵام چ هەواڵێك لە ماسییە رەشە چکۆلەکەوە نەبوو، تا ئێستاش هەر نییە.

ماسییە پیرە نەقڵەکەی تەواو کردو بە ١٠- ١٢ هەزار بێچوو نەوەکەی گوت:- منداڵینە، ئیدی وەختی نووستنە، هەڕون بنوون.

بێچوو و نەوەکان گوتیان:- داپیرە پێت نەگوتین ماسییە چکۆلەکە چی بەسەر هات.

داپیرە گوتی:- با بمێنێ بۆ سبەی شەو، هەنووکە وەختی نووستنە، شەوتان باش.

یازدە هەزارو نۆسەدو نەوەدو نۆ ماسی چکۆلە (شەوباش)یان لە داپیرە کردو چوون نووستن. داپیرەت خەوت، بەڵام ماسییەکی سووری چکۆلە، هەرچی کردو کۆشا خەوی لێنەکەوت، تاکو بەیانی هەر لە بیری دەریادا بوو.

*- مورغی سەقا(ماسیگرە): جۆرە باڵندەیەکی بەلەش و پێ کولە دەنووکی لە چاو لەشیا تا ڕادەیەك درێژو پانە، لە ژێر دەنووکییەوە کیسەیەکی ناو لینج هەیە بۆ هەڵگرتنی ئەو وردە ماسییانەی کە دەیان گرێ، مەلەوانێکی یەکجار لێهاتووە، لە دەریاچەو روبارو گۆلاو وکەناری دەریادا بە کۆمەڵ دەژین و قاتیلی گیانی ماسین.

*- هەڕە ماسی: جۆرە ماسییەکی درێژکۆڵەیە، کاجێری سەرەوەی لە هەڕە( مشار) دەچێ.

## گولی تەرەقی

### -١٩٣٩

گوڵی تەرەقی لەدوای سیمینی دانشوەر پێی نایە دنیای ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی. تەرەقی سی دانە ساڵە کەوتووەتە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی. لە ساڵی ١٩٣٩دا لە تاران هاتۆتە دنیا. بابی رۆژنامەوان بوو. خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی یەکەمی ئامادەیی لە تاران و قۆناغی دووەمی لە ئەمریکا تەواوکردووە و هەروەها لە فەرەنساش خوێندویەتی. خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو لە زەمینەی ئەفسانەو کۆمەڵناسی و فەلسەفەدا کاریگەری بەسەر چیرۆکەکانییەوە هەیە. دوای گەڕانەوەی بۆ تاران لە ئاخرو ئۆخری دەیەی سی دا دەگەڵ هەژیر داریوشدا دەرهێنەری سینەماو شانۆ، زەماوەندی کرد...

لە سەرەتاکانی دەیەی چلەوە ڕووی کردە چیرۆکنووسین. هەوەڵین کاری خۆی لە گۆڤاری ئەندێشەو هونەری ئەو ساڵانەدا کە بە سەرنووسەری بابی دەردەچوو، بڵاوکردەوە. ماوەی نۆ ساڵ لە دەزگای بەرنامە و شەش ساڵ لە کۆلێجی هونەرە جوانەکان کاری کرد.

هەوەڵین کۆچیرۆکی گوڵی تەرەقی لە ژێرسەرناڤی(منیش گیڤارام) لە ساڵی ١٩٧٣ دا بڵاوبووەوە. ناوەڕۆك و تێمەی سەرەکی ئەم بەرهەمە تەنیایی و داخرانی ژینگەی دەوروبەرە، دووری بەشەران لە یەکدی و کۆمەڵگەیەکە کە دەبێ لێی هەڵێی و بۆ ناخ و دەروونی خۆت پەنابەریت. ئەم کۆچیرۆکە دوای چاپی یەکەم تا ساڵانێکی زۆر لە بازاڕدا نەماو تەرەقی ڕازی نەدەبوو کە چاپی تازە بکرێتەوە، بەڵام بەهەر جۆرێ بوو پار چاپی تازە کرایەوە.

تەرەقی لە ساڵی ١٣٦٢(١٩٨٣) ڕۆمانی (خەوی زستانی) بە چاپ گەیاند. لەم بەرهەمەدا خەڵکانێك دەردەکەون کە حەزدەکەن کارێك بکەن تا ژینگەی مەرگباری دەوروبەر بگۆڕن، بەڵام ئەقڵیان بە هیچ کوێ ڕاناگات. تەنانەت هەندێکیان ناتوانن دەست بدەنە بچووکترین کار. هەرچەندە چیرۆکەکە بونیادێکی زەینی هەیە، بەڵام کاراکتەرەکانی کە هەموویان خوێنەوارن و چالاکی سەرەکیان چالاکی فکرییە، کارەکتەرێن واقیعین. ئەوانە، بە تایبەتی پیاوەکانیان یەك شت ئاشکرا دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە لە گۆشەی دنیادا هێشتا دەست لە پێش مێشکەوەیەو ئەوانەی کە دەست مایەی ژیانیان مێشکە، هیچ بە هیچ ناکەن. ئەم ڕۆمانە پاچڤەی ئینگلیزی و فەرەنسی کراوە .

بەشی هەرە سەرەکی هونەری گوڵی تەرەقی وەسفی حاڵ و کاری ژنانە. ژنانێك کە ورەیان لە پیاوان بەرزترەو ژینگەی دەوروبەر نەیتوانیوە ورەیان بڕوخێنێ . لە بەرهەمەکانی ئەودا ژنی شاری و خوێنەوار، بە خەمەکانیەوە، بە سنوورداری و هەوڵەکانیەوە ئاشکرا دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا کۆ چیرۆکی (بیرەوەرییە پەراگەندەکان)ی بڵاوکردەوە. حەوت چیرۆکی کورت و بەشێکی لە ڕۆمانی (عاتەتە غەریبەکانی ئاغای "ئەلف" لە غوربەتدا)ی لە خۆگرتووە. چیرۆکەکانی ئەم کۆ چیرۆکە زیاتر شەقڵ و خەسڵەتی ئوتۆبیۆگرافیان هەیە. زۆر کەس باوەڕیان وایە کە یادەوەری ڕۆژانی ڕابردوو و ژیانی ئاوێتە بە هەستی نوستالژیك و خۆشبەختی تیا تێکەڵە. گوتیاری ئاکنجی پاریس، یادو بیرەوەرییە پەراگەندەکانی نیشتمان دەگێڕێتەوە. ڕەگ و ڕیشەی ئوتۆبیوگرافیکی چیرۆکەکان کردوویانەتە کارێك کە کاراکتەرەکان، ئەوەندە واقیعی بن کە بشێت لە نێوانیادا خەڵکانێك بناسیتەوە، کە بوونی واقیعیان هەیەو زادەو ئافەریدەی زەین و خەیاڵی نووسەر نین. شوێن و ژینگەی چیرۆکەکە تارانەو هەندێ شوێنی تەواو ئاشنایە. بەخوێندنەوەی ئەم بەرهەمە و بەرواوردکردنی دەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی گوڵی تەرەقی تایبەتمەندییەکی سەرەکی کاری ئەو زوو دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، ئەویش ئەمەیە کە گوڵی تەرەقی ژنێکی خوێنەوارو پەروەردەی خانەوادەیەکی

دەوڵەمەندە کە لە منداڵی ڕا تا دەمی گەورەبوون هەژاری نەچەشتووە، ئەو کاراکتەرانەی کە ئەو هەڵیان دەبژێریت، لە چینی هەژارانەوە دوورن. باسی خەڵکانێك دەکات کە باشیان دەناسێت. ئەو بەپێچەوانەی گەلێك لە خەڵکانی دەوڵەمەندەوە کە بە گوێرەی خواستی هەژار نوێنییان دەکرد. شتی واناکات و ئەوشتە دەنووسێت کە تیایدا دەژی و لە ژیانیدا مومارەسەی دەکات. چیرۆکەکانی ئەو بە حوکمی پاچڤەکردنیان بۆ زمانی بێگانە، بە تایبەتی بۆ زمانی فەرەسنی ، بوون بە مایەی سەرنجی ئەنجوومەن و ناوەندە ئەدەبییەکان و چیرۆکی ((گەورە بانۆی ڕۆحی من)) لە ساڵی ١٩٨١ دا خەڵاتی باشترین چیرۆکی ساڵی وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٩٧دا کۆمەڵە چیرۆکی (شوێنێکی دیکە)ی بڵاوکردەوە کە داریوش میهرجویی فیلمێکی لە یەکێك لە چیرۆکەکانەوە هەڵێنجاوەو ئامادەکردووە.

لە ساڵی (٢٠٠٣)دا کۆ چیرۆکی دوو دنیای بڵاوکردەوە. تەرەقی ساڵانێکە لە فەرەنسا دەژی. بەهاری هەموو ساڵێك سەردانێکی ئێران دەکات . کۆ چیرۆکەکانی هەموو ساڵێك چاپی تازە دەکرێنەوە. قەرارە بەو زووانە دوا ڕۆمانی بە ناوی (گەڕانەوە) بڵاوببێتەوە.

## ١٢- پاسی شەمیران

پاسی هێڵی هەفتا، پێش ئەوەی پێیا بگەین، دەکەوێتە ڕێ. کچۆڵەکەم چەند هەنگاوێك بە دوویدا غار دەدات و بەر لەوەی بگاتە سەری پێچەکە بە نائومێدی دەوەستێ. چاوەڕوانی پاسی دواتر دەکەین.

بەفرێکی لە ناکاو دەستی پێکردووە، ئاسمان سەرڕێژە لە غوبارێکی ڕوون و بێدەنگییەکی باش، جێگەی هەراو زەناو هەمهەی ڕۆژانەی شاری گرتووەتەوە. هەموو شوێنێك سست و کڕوکپە. ڕێبواران وەکو سێبەرێن خەیاڵی، وەکو تارمایی لە تەم و مژەکەدا ون دەبن و دارو درەخت و خانووەکانی دەوروبەر، بە ئاستەم دەبینرێن.

هەشت دانە ساڵە کە لە پاریس دەژین و ئەمە یەکەمجارە کە بارینی بەفرێکی وا قورس دەبینین.

دەنگی دایە گەورە لە بناوانی گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە: "فریشتەکان خجڵی ماڵ تەکاندنن. گەردو غوباری هەورەکان دەگرن و فەرشەکانی ئاسمان گسك دەدەن"

بیر لە زستانی تاران دەکەمەوە، بیر لە کەژە سپی و بەرزەکانی ئەلبورز لە ژێر ئاسمانی پیرۆزەیی و لە درەختانی ڕووتی باخەکەمان کە لە غوڕابی خەودایە و غەرقی خەونی گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرییەکانە، دەکەمەوە.

ڕۆژانی منالی، کە بەفر دەستی پێدەکرد، تەواوبوونی نەبوو، شەممە یەك شەممە، دوو شەممە، ڕۆژانم دەژمارد، سێ شەممە، چوار شەممە، پێنج شەممە، بەفر دەباری، دە سانتیم، بیست سانتیم، نیو مەتر، کار دەگەییە ئەوەی دەرگاکان دەیبەست و قوتابخانە بۆ ماوەی یەك هەفتە دوادەخرا.

چ خۆشییەك، چ شادییەکی باوەڕنەکردەنی! یەك هەفتە مانەوە لە ماڵ و لە نێو جێگەدا، یەك هەفتە گەمەو وازی لە کوچەو کۆڵاندا، لە گەڵ هەزارو یەك کوڕە خاڵ و کچە پووردا. یەك هەفتە بەبێ ترس لە دیتنی بەڕێوەبەر خانم پا بەرخورد دەگەڵ مامۆستای گرژو مۆنی حیساب و نەخوێندنەوەی کتێبە تاقەتبەرەکان و نەنووسینی مەشق و ڕاهێنان، یەك هەفتە بێ ئەزبەرکردنی شیعری دوورو درێژ و بێ مانا یان مەشقی خەت بە ئوچ و مەرەکەبی ڕەش، ڕەها لە دەستی دەرس و مەکتەب، هەفتە ڕۆژی ئازادی ،ئازادی و وازی.

چەند خۆش بوو کاتێ میوانمان دەبوو و بەفر ڕێگەی دەگرت و هەموو ئەو کەسانەی کە لە ماڵی ئێمە بوون دوو سێ شەو دەمانەوە. میوانانی هەمیشەیی ماڵی ئێمە ئەمانە بوون: داپیرە لاوازو میهرەبانەکەم، کە ڕۆژ و شەو نوێژی دەکرد و داوای بەختەوەری و پارەو سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ ئێمە لە خواوەند دەکرد.

بی بی گیان، پوورە پیرەکەی دایکە، کە گوێی کەڕ بوو و هەستەکانی کاریان نەدەکرد، منی بە برایەکەم دەزانی، برایەکەمی بە یەکێك لە کوڕە خاڵەکانم دەزانی، خاڵۆزاکەمی بە هاوسێیەك و هاوسێیەکەی بە من دەزانی.

پوورە ئازەری نازەنینم لەگەڵ منداڵە بچکۆلەو هارو هاجەکانیا کە لە ڕارەوەکانی ماڵەوە گەمەی حەمزەڵ و یەکەو گۆتەکەیان دەکرد ، بە دارو دیواراندا هەڵدەزنان وبە قاو قیژەوە، وەکو مەیمونی کێوی بە موحاجەرەی قادرمەکاندا سەردەکەوتن و دەهاتنە خوارەوە.

خاڵۆ گیان ئەحمەد خان کە میهرەبانترین ددان سازی دنیابوو و دڵی نەدەهات ددانی هیچ کەسێك بکێشێت. هەر جارێ یەکێك لە ئێمە گریابا، ڕوندك دەزاییە چاوانی.

خاڵۆ گەورە. ئەفسەری تۆپخانەی سوپا، کە لە ئەسپ دەترساو لە تۆپ و تفەنگ دەسڵەمییەوەو هەر لە هەوەڵەوە جلە ئەفسەرییەکەی داکەند و لە جیاتی ئەوە بەرەڵبێنەی ژنانەی بەست و لە ماڵ مایەوە. مرەبای بەتامی دروست دەکرد و بلوزی خوری ڕەنگینی دەچنی.

جگە لەمانە توباخانمی قەڵەو وتەمەڵ کە چیرۆك و حیکایەتی سەیرو سەمەرە بەڵەد بوو و سەرو ساختی دەگەڵ جنۆکە و ڕوحاندا هەبوو. جادووبازی دەزانی و، جادووبازی بۆ دەکردین.

هەر هەموو ئەم کەسانە، تا توانەوەی بەفر لە ماڵی ئێمە دەمانەوە. من ئاشقی هۆدەێن ئاوەدان و قەرەباڵخ بووم و ئاشقی ڕیزە لێفەی راخراوی سەر مافوران و مێزێن پڕ لە خۆراکێن جۆراوجۆر بووم: سوراحی و شەربەێن شەربەت، کاسەین پڕ لە دەنکە هەنار، قاپێن شلەزەرد(شلە زەرد: جۆرە شلەیەکە بە برنج و شەکرو زەعفەران لێدەنرێ.وەرگێڕ ) و پستەو سوهان(سوهان: جۆرە شیرینییەکە)و گەزۆی ئەسفەهان و پاقلاوەی بە لەزەت کە دایکە دروستی دەکرد.

چەند خۆش بوو کاتێ هەزاران بۆنی مەستکەر لە گۆشەکانی ماڵەکەوە هەڵدەستا و بەناو ڕاڕاوەکاندا بڵاودەبووەوە. بۆنی تەماکۆی نێرگەلەکەی دایە گەورەو هەڵمی خۆشی جۆشانەکانی بی بی گیان و بۆنی زەعفەرانی سەر برنجی گەروم بە دارچین و زیرەو گوڵاو و پیازی سوورەوە کراوەو گۆشتی برژاوی نیوە سووتی سەر زوخاڵێن گەشاوە .

چەندم حەز لێبوو بە دەم چپەدووی خەڵکە گەورەکانەوەو بە دەم خەندە پەنهانەکانیانەوە کە لە ژوورەکانی تەنیشتەوە دەهات، خەوم لێبکەوێت. بەدەم دەنگی خۆشی تارەکەی خاڵە بچووکەکەمەوەو بە دەم زەمزەمەی شیرینی پوورە ئازەرو تەقە تەقی نەعلەکانی دایکمەوە کە بە قاڵدرمەکاندا دەهات و دەچوو، خەو دەیبردمەوە. لە نیوە شەودا لە نوێ خەبەرم دەبووەوە. دەمبینی گەورەکان هێشتا بێدارن و چرا و گڵۆپیان دەسووتێن و مووبەق پڕە لە هاتوچۆ و تەق و هوڕی قاپ و قاپلەمەو دووبارە خەو دەیبردمەوەو خەوەکەم سووکتر بوو لە فڕینی قاقەز قوشییەکی (کۆلارە) لاسار و نەسرەوت. ئەمشەویش وەکو ئەو زەمانەی کە منداڵ بووم بە تەماشای بەفر خۆشحاڵم. کچەکەشم خۆشحاڵە. بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. دەرەقسێ و بە دەستە چکۆلەکانی تۆپەڵە بەفر دروست دەکات و دەیگرێتە دەوروبەر. بەردەوام غار دەداتە ناوەندی شەقامەکەو بەبێ قەراری چاوەڕوانی هاتنی ئۆتوبووسی هێڵی هەفتایە. بێتاقەتی ئەو، لێدانی دڵە چکۆلەکەمم وەبیردێنێتەوە کاتێ هەموو ئێوارەیەك دوای قوتابخانە بە نیگەرانییەوە چاوم دەبڕییە کۆتایی شەقامەکەو بە دەم چاوەڕوانی دیتنی عەزیز ئاغای دۆستمەوە دەقیقە ژمێریم دەکرد.

دەموچاوم بەرز دەگرم، زارم دەکەمەوە تا گەردیلە بەفران لەسەر زمانم بنیشنەوە. چ تام وبۆنێکی خۆشی هەیە. دەڵێی هەزار پەڕەی گوڵی یاس لە باخچەکانی ئاسمانەوە دادەڕژێ. هەست دەکەم لاقەکانم لە عاردی بڕوان و لە ئاسماندا مەلە دەکەم. دەڵێی لە نێو بڵقێکی شوشەدام و هەناسەیەك لە زەماندا بەرەو ڕابردووم دەبات .

تەماشا دەکەم. دەساڵانم. لەسەر چوار ڕیانەکەی قوتابخانە چاوەڕوانی پاسی شەمیرانم . ماڵە تازەکەمان لەوسەری دنیایە. لە پشت گردەکان و لە نێو ئەرزە چۆڵەکاندا دەژین. هیچ خانوویەك لە دەورمان نییە. هەندێ شەو دەنگی چەقەڵ و تۆڕی دێت. دایکم دەترسێت. حەسەن ئاغای ئاشپەزیش دەترسێت و نوێنەکەی لە ڕاڕەوەکەداو لە پشت دەرگای ژوورەکەی بابەوە ڕادەخات . من خانووەکەی ناوەندی بیابانم پێ خۆشە و لە ئاوی عەماراوە گەورەکەو ئەستێڵە پڕ لە بۆقەکەو سێبەری ڕەشی درەختەکانی ناترسم، کە لە بەشەرانی موزیرو ناجسن دەچن، ناترسم و لە قوڵایی باخەکەی پشت چنارەکانەوە، بە کۆنە چەرچەفان بۆ خۆم ژوورێکی چکۆلەم دروست کردووە. کەس ناتوانێ بمدۆزێتەوە . خۆراکەکانم دەخەمە ژێر خشتەکان و لە ترسی دایکم ئەو مەشق دەرسانەی کە سفرم تیا وەرگرتوون دەخەمە ژێر چاڵەوە. دارچنارەکان هاوگەمەی منن. هەریەکەیان ناوی خۆی هەیەو درێژەکانیان کوڕن. کە لە قوتابخانە دەگەمەوە جانتاکەم دادەکەنم و بە ڕاکە ڕاك دەچمە سۆراخیان.

هەرچیەکم کردووە بۆیان دەگێڕمەوە. نیگارەکانی خۆمیان نیشان دەدەم و بەدەنگی بەرز کتێبی فارسییەکەمیان بۆ دەخوێنمەوە. هەندێکیان کەرن و باوێشك دەدەن. هەندێکیان بەغیل و ناجسنن و گوێ ناگرن. ئەوانەی کە هاوڕێی منن ڕادەمووسم و بنێشتە جوراوەکانی خۆم بە گەڵاکانیانەوە دەچەسپێنم، ئەوانەی کە لە پاشملە لە عەلەییم دواون دارکاری دەکەم و بەپەتێك لقەکانیان پێکەوە دەبەستم.

تا قوتابخانەی فیروزکوهی، ئەگەر بە پاس بڕۆین پتر لە یەك سەعات بەڕێوە دەبین. برایەکەم گەورەترەو ڕێگەیان داوە بەتەنیا بێت و بڕوات . بەڵام من دەبێ دەستم بدەمە دەست حەسەن ئاغا و بە بێ ئیزنی ئەو تاقە هەنگاوێك نەنێم. ئەمە فەرمانی دایکەیە. بەڵام من بە دڵی خۆم دەکەم و ئەگەر حەسەن ئاغا یەك وشە بۆ دایکم بگێڕێتەوە، کەوڵی دەکەم، چونکە دەزانم کلیلی عەمارەکەی سەرەوە کە گوم ببوو لە ئەستەڕی چاکەتەکەی ئەودایەو دەزانم کاتێ دایکم لە ماڵ نەبێت چنگ چنگ نیسك و برنج و فاسۆلیا لە گونیەکان دەدزێت و لە ڕۆژی مادوونیدا دەگەڵ خۆیدا دەیبات. لەبەرئەمەیە کە هەقمان بەسەر یەکدییەوە نییەو زۆرمان بەرانبەر و یەکسانە.

سەعات چوار کە قوتابخانە تەواو دەبێت. حەسەن ئاغا بە شوێنمدا دێت و لە چوارڕیانەکەدا بۆ پاسی شەمیران دەوەستین . ئەمڕۆ بەفر دەبارێت. بەفر ئەمما بەفر، هەر دەنکێکی بە قەد ژێرپیاڵەیەکە. هەموو شوێنێك سپی سپی بووەو حەسەن ئاغا وەکو تارماییەك لەبن دیوارەکەدا وەستاوە. دەمووچاوی لە پەڵە هەورێکی تەنك دەچێت، لەو پەڵە هەورانەی کە من شەوانە بە ئاسمانەوە دەیانبینم و وادەزانم کە بە شەرانی هەزار ساڵ لەوەپێشن. هەندێکیان تاج و ڕدێنی درێژیان هەیەو بە سواری ئەسپ، خێرا تێدەپەڕن. لە ناو مانگدا ئەگەر بنیادەم باش تەماشا بکات، منداڵێکی چکۆلە دانیشتووە، کە لاقەکانی هێناونەتەوە یەك و سەری ناوەتە سەر ئەژنۆکانی و دەگری، من چەند بە برا گەوجەکەمی نیشان دەدەم نایبینێ. دایکم لە مانگی شەوی چواردە دەترسێت و بە من دەڵێت کە لە ئەستێران ڕانەمێنم. هەندێجار لە قوڵایی ئاسمانی وەنەوشەییەوە ئەژدیهایەکی گەورە دێتە دەرەوەو بەڕێگای کاکێشاندا دەڕوات. کە بە حەسەن ئاغا دەڵێم، قیرژەیەك دەکات و لێفەکە بەسەری خۆیدا دەدات و بەدەنگی بەرز وێردو دوعا دەخوێنێ.

هیچ هەواڵێك لە پاسی شەمیران نییە . خۆشحاڵم و بۆ خۆم لە ناوەندی جادەکەدا خلیسکانێ دەکەم. بە لەقە دەکێشم بە درەختەکاندا، تا بەفری سەردارەکان بەسەرما بڕژێ. حەسەن ئاغا جانتاو سەفەرتاسەکەی منی خستووەتە ژێر هەنگڵی و دەلەرزێت. هەڵمێکی سست لە زارییەوە دێتە دەرێ. پێڵاوە کۆنەکانی باوکمی لە پێ کردووە. چەند نمرەیەك بە پێی گەورەیە. پشت پاژنەی پێی لە نێو پێڵاوەکەدا بەتاڵەو بەفر ڕێك دەچێتە ئەو بۆشاییەوە. دەستەکانیشی بچووکن و دەستکێشەکانی دایکەی لە دەست کردووە، دەستکێشەکان تاکەو تاکن، یەکێکیان چەرمی ئامال سوورو ئەویتریان تۆڕی ڕەشە. باوکە هەموو شەوێکی جەژن فەرمان دەدات کە بۆ هەمووان چاکەت و کراس و پێڵاو و گۆرەوی و جلی ژێرەوە بکڕن. حەسەن ئاغا جلە نوێیەکانی لەبەر ناکات. لە جانتایان دەنێت تا لە کۆتایی هاویندا کاتێ بۆ گوند ڕۆیی لەگەڵ خۆیدا ببیات. یا دەیانفرۆشێت و پارەکەی لە لوولەی سوپاکەی ژوورەکەی خۆیدا قایم دەکات. من تاقە کەسێکم کە دەزانم پارەکانی لە کوێیە، بەڵام دەستتیان نابەمێ. سوێند دەخۆم.

دەنگی مەکینەی پاسەکە لە دوورەوە دێت. حەسەن ئاغا لە جێی خۆی ڕادەپەڕێت و من خۆشحاڵ و نیگەران تەماشای ئەم کابینە سپییە، کە بە لەقە لەق نزیك دەبێتەوە، دەکەم و لە دڵی خۆمدا دەڵێم: "ئەگەر لایتی پێکرد و کوژانیەوە سواردەبم، دەنا چاوەڕوانی پاسی دوایی دەکەم. تەنانەت ئەگەر حەسەن ئاغاش لە سەرما ڕەق بێتەوەو دایکە لە نیگەرانیدا شێت بێت و خۆم لە برسانا و لە شەکتیدا بمرم" ئەمە نهێنییەکە کەس لێی بە ئاگا

نییە، هیچ کەسێك. ئەمە نهێنی من و عەزیز ئاغایە. تەنانەت حەسەن ئاغاش لەمە بێئاگایەو نازانیٚ بۆچی هەندیٚ ڕۆژ سواری پاسی شەمێران نابم. (پاسێك لایت پیٚ نەکا و نەکوژێنێتەوە هی عەزیز ئاغا نییە) و غار دەدەم و گویٚ بە دادو بێدادو هات و هاواری ناڕەزایی ئەو نادەم. چەندین جار هەڕەشەی لێکردووم کە بە دایکم دەڵێت ومنیش ئامادژم بۆ کلیلەکەی عەماری سەرەوە، کە لە ژێر ئەستەڕی چاکەتەکەی ئەودایە، کردووە، لە بەرئەمە ئیدی هەقی بەسەرمەوە نییەو دەستی لە سەرم هەڵگرتووە . هەر پاسێك لە دوورەوە سیٚ جار لایت هەڵکات و بکوژێنێتەوە هی عەزیز ئاغایە. من هەموو شەوێك لەکاتی خەودا، لە جیاتی ئەو نزاو دۆعایانەی کە دایکم فێری کردووم، سیٚ جار ئەمە دووبارە دەکەمەوە: ((من جگە لە پاسەکەی عەزیز ئاغا سواری هیچ پاسێکی دیکە نابم)) ئەمە پەیمانێکە و لەگەڵ خۆمدا کردوومە، تارۆژی قیامەت. هەڵبەتە پەیمانێکی ژێراو ژێرو بیٚ دەنگ. چونکە من دەگەڵ دۆستە زەبەلاحەکەمدا کە لە باوکیشم کەتەو باڵا بەرزترە و پاسەوانەکانیش لێی دەترسن قسەناکەم ، جورئەت ناکەم.

لایتی ئەو پاسەی کە لە دوورەوە دێت هەڵدەبن و دەکوژێنەوە و دڵم وەکو فڕ فڕۆکە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. دەوەستێت. سواردەبین. حەسەن ئاغا لەپێش منەوە دەڕوات. عەزیز ئاغا تەماشام دەکات و بە چاوانی ئاوساوو سوورەوە وەڵامی سڵاوەکەم دەداتەوە. قژی چەورو لوولە. حەسەن ئاغا دەڵێت کە فێڕی شەش مانگەی لێداوە. برۆکانی ڕەشن و سمێڵێکی ئەستوور هەموو دەمی داپۆشیوە . من لە سەر کورسییەکەی پشت ئەوەوە دادەنیشم. حەسەن ئاغا دەچێتە ئەوسەری پاسەکە، چونکە گەرمترەو دادەنیشێت و دانانیشێت خەو دەیباتەوە. ژمارەی نەفەرەکان لە چەند کەسێك زیاتر نین و هەموو وەنەوز دەدەن. لە قوتابخانەوە تاماڵەوە سەفەرێکە لەو گۆڕە. بەتایبەتی زستانان کە بەفر دەکەوێت و ترومبیلانی بیٚ زنجیر لەناوەندی شەقامەکەدا دەخزێن و ڕێگاکە دەگیرێت. عەزیز ئاغا هەندیٚ ڕۆژان ماندووەو بەدەنگی بەرز باوێشك دەدات و بۆنی دەمی لە بۆنی ئەو تەنترۆیدە تیژترە کە دایکم لە زامەکانی ئەژنۆمی دەدات. سەرم بە گێژەوە دەڕوات و ڕیخۆڵەکانم دەکەونە قوڕە قوڕ. لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکات و دەموچاوی خۆی دەگۆڕێت. گوپەکانی پڕ با دەکات، لووتی بادەدا، چاوەکانی خوارخێچ دەکاتەوە. من دەستەکانم دەخەمە سەر زارم تا نەفەرەکان گوێیان لەدەنگی پێکەنینەکەم نەبیٚ. لە دڵی خۆمدا پێدەکەنم. دۆستەکەم وەکو دێوەو منداڵی چکۆلە لێی دەترسن. سەری دەستەکانی و سەرووی سنگی هەمووی بە خاڵ کوتراوە. لە نزیکی گوێیەوە تا ئەوبەری ملی هێڵێکی ئەستوورو وەنەوشەیی کێشراوە. وادێتە بەرچاو کەسێك ویستبێتی سەری بېڕێت. دایکم هیچ کاتیٚ سواری پاس نابێت. شۆفێرو ئوتومبێلی خۆی هەیە، بەڵام دەزانێت کە دێوانی وەکو عەزیز ئاغاش لە دنیادا هەن و دڵی هەر لای منە. حەزناکات بە پاس بۆ قوتابخانە بڕۆم، بەڵام ئەمە دەستووری باوکمەو ناکرێت سەرپێچی لێبکات.

حەسەن ئاغا لە پاسەکەدا، دەستەو ئەژنۆ لەسەر کوورسییەکە خەو بردویەتیەوە. کزە بایەکی سارد لە شوشەی شکاوی پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوەو نەفەرەکان خەریکە لەسەرما ڕەق دەبنەوە. عەزیز ئاغا کۆتەکەی دادەکەنیٚ و دەیدات بەسەر لاقەکانی مندا. کۆتەکەی بۆنی بۆگەنی لێدیٚ. حەزدەکەم نەفەرەکان تەماشام بکەن و بە شانازییەوە دەست بەیەخەی کۆتەکەی ئەودا دێنم. قامکەکانم بۆنێکی سەیر دەگرن. بۆنێك کە لەماڵی ئێمەدا نییە، لەماڵی خاڵەکان و مامەکانیشمدا نییە. بۆنی سەگ وپشیلەو مانگاو پەزیش نییە. بۆنێکە کە لە کون و کەلەبەرانی دنیایەکی نادیارەوە دێت. بۆنی هەموو ئەو کارە خراپانەی کە نابیٚ بێتە کردن و بۆنی ئەو شتانەی کە نابیٚ هەرگیزاو هەرگیز بزانرێن.

بۆنی دایکە، لە هەموو بۆنەکان جیاوازە. بۆنێکە کە لە عەترو بۆدرەی فەرەنگی دێت ،لە ئارتێستانی سینەما و گۆڤارێن مۆدو شەقامی لالەزارو هۆڵێن سەمای کافیەکانی شار دێت. دایکم بۆنی ڕۆژانی ئایندەی لێدێت. بۆنی سبەینێ و هەموو شتێکی باش کە چاوەڕوانی منە .

بەم کۆتەی سەر لاقەکانمەوە دەبم بە کەسێکی دی، کەسێك کە ناچار نییە پاك و خاوێن و بە ئەدەب و خوێندەوار و قوتابی یەکەم بێت. قردێلەی گەورە لە قژی بدات و سڵاو لە هەموو کەسێك بکات و کڕنۆشیان بۆ بەرێت و لە هەموو ئاهەنگ و میوانداریییەکدا، ئەو شیعرەی کە لە قوتابخانە فێری بووەو تەواویش ئەزبەری نەکردووە،لەبەر بۆهەموو غەریبەکانی بخوێنێتەوەو یەکەمین دەرسی پیانۆی، کە جگە لە دووبارە کردنەوەی"دۆ، ڕێ. می، فا، سول، لا، سی" هیچی دی نییە. بۆ خزم و خوێشانی زۆر وێژی لێبدات و لە پێشبڕکێی جوانترین منداڵدا بەشداری بکات و بدۆڕێت.

بە کۆتەکەی عەزیز ئاغاوە لەسەر پێیەکانم، وەکو ئەوم لێدێت. وا وێنا دەکەم ئازام هەمووی خاڵەو نیوەی ددانەکانم زێڕن. خۆمم دێتە بەرچاو کە بە تاقی تەنیا لە کوچەو کۆڵانەکاندا دەگەڕێم و وەکو کیژەکانی فاتیمەی جلشۆر هەر خەریکی حیلك وهوڕم. لەپشت ماتۆڕی جوانترین کوڕی گەڕەکەوە سوار بووم و لەگەڵ ئەودا بۆ تەماشای فیلمی تەڕەزان دەڕۆم.

کە دەگەینە وێستگەی قەڵبەزە عەزیز ئاغا ڕایدەگرێت. زۆربەی نەفەرەکان دادەبەزن تا لە چاخانەکەی سەرڕێگاکە چایەك بخۆنەوە. من و حەسەن ئاغا لە جێی خۆ ناجولێین. عەزیز ئاغا پێش دابەزین، لە داشبوڵی پاسەکەدا، زەرفێکی چکۆلە دەردێنێ و دەیخاتە باوەشی منەوە. لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکات و چاودادەگرێت. دەموچاوی یەك پارچە میهرەبانیە، پڕە لە خەت و چرچ و لۆچی نەرم، دەڵێی بووکەڵەی پەڕۆیە. دۆستەکەی من باشترین دێوی دنیایەو شتێك وەکو هەڵمێکی تەنك، لە دەست و لاقیەوە، لە بۆنە سەیرەکەی دەمو زاریەوە، لە چاوە سوورەکانیەوە، لە کۆتە چەورو کۆنەکەیەوە دێتە دەرێ، کە دەوری من دەگرێت و من لە نێو ئەم هەڵمە جادووییەوە وەکو پارچە بەفرێك دەتوێمەوەو دەبم بە ئاو، هێندە هەست بە خۆشحاڵی دەکەم، کە حەزدەکەم هەزاران ساڵ وەکو پەیکەرێکی بەردین لە هەمان شوێندا و بە هەمان دەقەوە بمێنم، بێئەوەی گەورە ببم. بێئەوەی بگۆڕێم.

عەزیز ئاغا، ئەمڕۆ ئالو باڵوی وشکەوەکراوی بۆ کڕیوم. حەسەن ئاغا لەوسەری پاسەکەوە گازدەکات و دەپرسێت چی دەکەم . وەڵامی نادەمەوەو خێرا خێرا ئالو باڵوەکانم دەژمێرم. نەفەرەکان بەپێوە چا دەخۆنەوە. عەزیز ئاغا چەند قومێك لە قاپە عارەقەکەی هەڵدەدا. پاشان دەچێت لە پشت درەختەکانەوە بمیزێت. من تەماشا ناکەم، سەر لە بەرخۆ دەنەم و خێرا خێرا ئالو باڵوەکانم دەجووم، بەڵام لە خەیاڵی خۆمدا دەی بینم و گوێچەکاکانم گەرم دادێن.

دەکەوینە ڕێ و تامەیدانی ونك، هێواش، وەکو مێرولە دەڕۆین. هەندێجار بەرەوپاش دەخزێین. ئۆتومبێلانی دی دەخزێن و ڕێك لە ناوەندی شەقامەکەدا، لەبەردەم ئێمە دەوەستن. دنیا تاریك بووەو هەموو دنیا سپییە. حەسەن ئاغا دەترسێت و پەیتا پەیتا لەوسەری پاسەکەوە من گاز دەکات. دەزانم، کە تاچەند دەقیقەیەکی دی ڕوندك بە چاوانیدا دێتە خوارێ. گریانی لە ناو دەستیایە و ڕۆژی دوو سێ جار لە خوت و خوڕایی دەگری. دایکم باوەڕی وایە کە گریانی حەسەن ئاغا، وەکو قدی قدی مریشکانە و هیچ هۆیەکی تایبەتی نییە. باوکم دەڵێت کە حەسەن ئاغا کەرێکە لەو گۆڕەو حەسەن ئاغا پێدەکەنێ و کەرێتی پێخۆشە. بە خۆشحاڵی قاپ و

ئامانەکان کۆدەکاتەوەو چاوی لەدەم و زاری باوکەیە کە بە ڕەزامەندییەوە پلە گۆشتە برژاوەکان دەجوێت و لە دەستاوی ئەو ڕازییە.

شووشەی پەنجەرەکەی لای منەوە شکاوە، کزەیەکی سارد لەلایەکی دەموچاوم دەدات. ملم وشك بووەو پشتم لە سەرما بەستویەتی. عەزیز ئاغا بەنیگەرانی لە ئاوێنەی پاسەکەوە چاوی لەمنە. پاسەکە ڕادەگرێت. پارچە ڕۆژنامەیەك و پارچە پەڕۆیەك دەتەپێنێتە کونی پەنجەرەکەوەو دووبارە لەپشت سوکانەکەوە دادەنیشێت. من زمانی بێدەنگی ئەو دەزانم. دەزانم دڵی ناڕەحەتەو حەزدەکات شوێنەکەم بگۆڕم. دەڵێی بە چاوەکانی پێم دەڵێت:"ڕابە کچۆڵەی سەرسەخت سەرمات دەبێت، بڕۆ ئەوسەری پاسەکە، ئەوێ گەرمترە دەترسم نەخۆش بکەویت."

منیش بە نیگا بەرسڤی دەدەمەوە:"نا، من لەجێی خۆم نابزووم. ئەم کورسییە، کورسی تایبەتی منەو دەستبەرداری نابم."

ئەم نیگەرانی و خەمخۆریەی عەزیز ئاغام پێخۆشە. مێریڤانی دایکانەی ئەو قووڵی خۆشەویستی ئەو نیشان دەدات. چاوانم دەنوقێنم و سەفەرێکی خەیاڵی بۆ رۆژگارانی دوورو سەردەمێن پاشایانی مەزن دەکەم. بۆ سەردەمانێك کە پاڵەوانانی ئەمەکدار بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی و ملکەچی و گوێرایەڵی خۆیان بۆ میر، بە پێ خاوسی بە سەر کەڵەپشکۆی سووردا ڕێیان دەکرد و بەگژ ئەژدیهای حەوت سەردا دەچوون.

پاسەکە لەجێی خۆی ناجوڵێ. ڕێبەندانە، سەرما جێی هەموو شتێکی گرتووەتەوە. لای ڕاستی بەدەنم سڕبووە. سەری پەنجەکانم دەکزێنەوە. هەست بە پێیەکانم ناکەم. سەرم وەکو کێو قورسە، دەڵێی هەوایان تێکردووە، گەورەو بچووك دەبێتەوە. سەرما بە ستوومی لە درزی پێڵوە نیمچە داخراوەکانمەوە هەندێك تارمایی دەبینم کە لە دەرێ ڕا لە نێو بەفرەکەدا دەخولێنەوە. ئاو بە کەپوومدا هاتە خوارەوە و چاوەکانم دەسووتێنەوە. لەناکاوا گەرم دادێم، داغ دەبم و پاشان دەلەرزم، لە سەرماندا دانە چۆقەم پێدەکەوێت. فرمێسکم بە خوڕ دێنە خوار، بەدەستی خۆم نییە. عەزیز ئاغا بە قامکە زبرەکانی گۆناکانم وشك دەکاتەوەو بە دەمی داخراوەوە پێدەکەنێت. ئەو قوتابیانەی کە ئەو دەناسن دەڵێن هەموو ددانەکانی زێڕن. باوەڕناکەم، لە دایکم دەپرسم، ئەویش نازانێ و عەزیز ئاغا ناناسێت، بەڵام ئەو پرسیارانەی منی پێخۆش نییەو بەتووڕەیی هەڕەشەم لێدەکات، کە ئەگەر تەماشای شۆفێرانی پاس بکەم یان قسەیان دەگەڵدا بکەم، پێستم دەگروێت. بە بۆچوونی دایکم تەنیا خەڵکانی خراپ و لات و لەوێر ددانی زێڕیان هەیەو هەموویان درزو پیاوکوژن و هەزارویەك بەڵا بەسەر کیژانی بچووکدا دێنن. من باوەڕ ناکەم و زۆرم پێناخۆشە کاتێ دەبینم دایکم هەندێجار ناجسن و درۆزن دەبێت و دەڵێت پوورە ئازەر قەڵەوو ناشیرینەو خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە دایکم زۆر شت نازانێت، بۆ نموونە ناوی زۆربەی پایتەختی وڵاتان نازانێ و یاسا سادەکانی حیساب نازانێ. وێڕای ئەوەش بەلای منەوە باشترین و جوانترین دایکی دنیایەو شەوان بەر لە خەوتن، خۆم وا دەنوێنم کە دڵ یەشەمە تا بە دیارمەوە دانیشێت و حەزدەکەم ئیعتراف بۆ بکەم کە چ بیرو هزرێکی خراپم سەبارەت بەو لەسەردایە، بەڵام دایکە هەمیشە کاری هەیە، پەلەیەتی و گوێ لە قسەکانی من ناگرێت و ئەگەر بزانێت بە ئەسپایی و بە دزییەوە لە پشت دەرگاکەوە گوێم لە قسەکانی ئەو و بابم گرتوە پیس لێم تووڕە دەبێت.

عەزیز ئاغا لە دەست بەفرو ڕێبەندان بێزارە، چەند هەوڵدەدات کە پاسەکە چەند هەنگاوێك بچێتە پێشترەوە، ناچێت و ناچێت، لە تۆ وایە لە دەشتێکی سپیدا ڕێمان گوم کردووە. دەنگی حەسەن ئاغا لە دوورەوە دێتە گوێم. دەناڵێ و لە ترساندا بە دەنگی بەرز نزگرە دەکات. منیش حاڵێکی سەیرم هەیە. هەستدەکەم خەریکە

نەخۆش دەکەوم. ئالو باڵوەکان سکیان پڕکردووم و حەزدەکەم بڕشێمەوە. بە هەردوو دەستان کۆتەکەی عەزیز ئاغام لە خۆمەوە پێچاوەو سەرم بە گێژەوە دەڕوات. دەمەوێ هەستمە سەرپێیان، بەڵام پێیەکانم هێزیان تیا نییە، زارام دەکەمەوە، بەڵام دەنگم دەرنایەت. هەموو شوێنێك پڕ لە بەفرە، سەرانسەری پاسەکە سەرانسەری شارو من لە ژێر ئەم کابینە سپییەدا بەستوومی. ساڵانێکە کە بەم شێوەیە جەمەدیووم. تەنیا چاوەکانمە کە وەکو دوو کوورەی ئاگر دەسووتێن و ڕوندکەکانم کە خێرا خێرا دێنە خوارو دەمم وشك وتاڵە و بەدووی ئاودا دەگەڕێت. ئاو ، ئاو، ئاو.

دەستێکی فێنك و بۆندار کە بۆنی بۆدرەو کرێمی لێدێت، هەنیەم نەوازش دەکات. کەسێك دوعا بە گوێمدا دەخوێنێ و فوو بە دەموچاومدا دەکات. کۆمەڵێك سەرو چاوی ئاشنا بەدەوری تەختە خەوەکەمەوە وەستاون و چاوە درشت و شیرینەکانی پوورە ئازەر لە ژێر تیشکی گڵۆپەکەدا دەدرەوشێنەوە. بۆنی جۆشانەی بی بی گیان دێت. نەرمی پەتۆ و چەرچەفە خاوێنەکانی خۆم دەناسمەوەو دەزانم کە لە ناو جێگادام و دایکە بە دیارمەوەیە. هەستێکی لێوان لێو لە ئارامی دڵم پڕدەکات. خەو دەمباتەوەو خەودەبینم، بەکوڵی عەزیز ئاغاوەم و ئەویش وەکو مافوری باڵدار بەسەر هەورانەوە دەفڕێ و من بۆ تەماشای شارانی دوورە دەست و نادیارو غەریب دەبات. چەند حەزدەکەم زاری بکاتەوەو من ددانە زێڕەکانی ببینم. لێ مخابن کە لێوەکانی وەکو دەرگای سەندوقۆکەیەکی پڕ لە خشڵ و جەواهیران داخراوە . زۆر ناساغم. دکتۆر کەوسەری هەموو هەفتەیەك ڕۆژانی پێنج شەمە دێتە دیدەنیم. سینگم لرخە لرخ دەکات و شەوان تایەکەم بەرز دەبێتەوە. هەر جارێ کە دێت دەرمانەکانی دەگۆڕێ و حاڵی من خراپتر دەبێت. لاوازو ڕەنگزەردو مردەلۆخ بووم و قژی سەرم دەوەرێ . دکتۆرێکی دیکەم بۆ دێنن کە خۆی لە من زیاتر دەکۆکێت و دەرمانەکانی لە هیچ دەرمانخانەیەك دەست ناکەون.

ڕۆژان و هەفتان وەکو با تێدەپەڕن. دەرس و قوتابخانەم بیرچوونەتەوە. بە ڕۆژەوە دەخەوم و لە خەویشدا هەر دەکۆکم. دایە گەورە لەپای تەختەکەم دادەنیشێت و لە بن لێوانەوە وێرد دەخوێنێ. ئەگەر بە خەبەربم، حیکایەتم بۆ دەگێڕێتەوەو خواردنەکەم مراك مراك وە دەمەوە دەکات . هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەڕوانمە دار خورمالووەکە کە لقەکانی ڕووت و قووتن و تا هاتنی بەهار ڕۆژ ئەژمێری دەکەم. هەموو ڕۆژێ سەری سەعات چواری پاش نیوەڕۆ پاسەکەی شەمێران دەبینم کە بە چوار ڕیانەکەی بەردەم قوتابخانەکەدا تێدەپەڕێ و عەزیز ئاغا غەمگین و تەنیا تەماشای جێگا چۆڵەکەی من دەکات و تێدەپەڕێت. لەوەشە منی فەرامۆش کردبێت و ئەو خۆراکانەی کە بۆ من لە داشبوڵی پاسەکەی دادەنا، بدات بە کیژێکی دیکە. دڵم، لە حەسوودیدا دەسووتێ و کۆکەکەم توندتر دەبێت. دایکم سەراسیمە دکتۆر کەوسەر ئاگادار دەکاتەوەو گوێم لە دەنگی باوکم دەبێت کە دەستوور دەدات کە من بۆ فەرەنگ بەرن.

ئەمساڵ دەرناچم .دەگریم و پوورە ئازەر دەڵێت کە هیچ شتێك لە سەلامەتی گرنگیتر نییە. خۆزیا هاوین زووتر دەهات و دارگێلاسەکە گەڵاو بەری دەگرت. هاوینان ماڵی ئێمە لە هەموو کاتێ قەرەباڵغتر دەبێت. ماڵباتی ئێمە تایەفەیەکی گەورەیەو من دەیان پوورو میمك و لالۆ و خاڵۆزا و یەك دەرزەن کوڕەخاڵ و کچە پوورم هەن. باوکم سەرۆکی ئەم خێڵ و تایفەیە وهەموو شەرمی لێدەکەن و حیسابی بۆ دەکەن. ڕۆژانی هەینی ئەم خێڵە لە ماڵی ئێمە فراڤین دەخۆن و دایکم پتر لە نیوەی میوانەکان بۆ شەو گل دەداتەوە. هەموو بە کۆمەڵ، لە باخەکەداو لە سەربان دەنووین. منداڵەکان بەڕیزی یەکەوە و گەورەکان لە دوورتر و لە ژێر دارچنارەکان لەسەر تەختی دارین و لە نێو کوللەدا. باوکم بەتاقی تەنیا و لەن او کەپرەکەدا دەخەوێت و دوولای کەپرەکە جۆگەی ئاوی ڕەوانە کە تا دەمەوبەیان دەنگی خوڕەخوڕی دێتە گوێ . دایە گەورە دەگەڵ ئێمەی منداڵاندا دەنوێت و چاودێری ئێمە

دەکات. سەرو پەرداخێك ئاوی پڕ لە سەهۆڵمان لە ژوورسەری دادەنێت و چەپکێك گوڵی یاس لە ژێر بالیفی هەریەکێکمان دادەنێ. منداڵەکان دەژمێرێت و هەریەکەمان بەناوی خۆیەوە بانگ دەکات تا دڵنیا ببێت کە هەمووان لە سەر جێگای خۆمانین.

من بێدەنگی زیندووی شەوم پێخۆشە. لێدانی دڵی میوەێن گەییو و هەناسەی سووکی چرۆی نەوڕەس دەژنەوم. بەرلەوەی بخەوم ئەستێرەکان دەژمێرم و دەڕوانمە ئەو پەڵە هەورانەی کە لە شێوەی بنیادەماندان. یەکێکیان لە عەزیز ئاغا دەچێت. لەوسەرەوە بانگم دەکات و دەمەلاسکێم دەکاتەوە. کوڕە خاڵەکانم چپە چپ دەکەن و دایە گەورە لە هەمان ئەو شوێنەوە کە خەوتووە بە تەرکەیەکی درێژ بە پێیاندا دەکێشێت. خاڵە چکۆلە پرخە پرخ دەکات و سەگانی ناو کەلاوەکە دەکەونە حەپە حەپ. بی بی گیان بەدەم خەوەوە قسەدەکات و توباخانم تا بەیانی خڕ خڕ خۆی دەخورێنێ. یەکێك لە منداڵەکان پەیتا پەیتا بای لێدەبێتەوەو دایە گەورە بەتووڕەیی لەجێی خۆی ڕادەبێت و دەیەوێت بزانێ ئەمە کاری کێ بووە. هەموو خۆدەکەنە خەوو فزە لە کەسەوە نایەت.

خەو، هاوڕێ دەگەڵ ویزە ویزی پێشکەو ورشە ورشی ستێراندا چاوان پڕ دەکات. هەندێك شەو باران دادەکات و دایەگەورە ئەو مشەما گەورەو درێژەی کە لای خۆیەوە دایناوە، دەدات بە سەرماندا. من و کوڕە خاڵەکەم لە ژێر ئەو جێگا ئەستوورەوە پێکەوە چەسپیوین و وەکو مێرولەی ژێر زەوی گوێ بۆ تکە تکی بارانەکەی سەرمان دەگرین.

لەوەتای نەخۆش کەوتووم ناچارم لە ژوورەوە وەمێنم. لە هەموو شتێك دەترسم. ترس وەکو بەشەرێکی نادیار لە هەموو شوێنێك هەیە، هەندێجار دەرگاکە دەکاتەوە و دوانیوەڕوان کاتێ گەورەکان چاوێك گەرم دەکەن، دێت بەلامەوە، هەندێجار لەپشت جامی پەنجەرەکەوەیە یا لە ژێر تەنوورەکەی دایکمەوە خۆی قایم دەکات. ئەمڕۆ بەیانی لە ئاوێنەکەدا بوو دەتگوت گاڵتەی پێدەکردم. ترس دەمخاتە کۆکە. دایکم ئیدی متمانەی بە دکتۆر کەوسەری نییەو دەرمانەکانی ئەو فڕێ دەدات. خاڵۆ گیان دکتۆر شەوان لەماڵی ئێمە دەخەوێت. دەگەڵ دایکمدا رێك کەتوون کە شەوێك ئەو دەرزیم لێدەدات و شەوێك دایکم. باوکم دەڵێت دکتۆرانی فەرەنگی بلیمەتن و بەیەکەمین معایەنەو ڕەچەتە دژوارترین نەخۆشیان دەرمان دەکەن.

پوورە ئازەر بە چاوانی غەمگین تەماشام دەکات و بە جۆرێ سەروچاوم ماچ دەکات کە دەڵێی چیدی من نابینێ. حەسەن ئاغا پۆست کارتێکی کۆنی ژنێکی قەڵەوی قژ زەردی جل و بەرگ مەخمەلی تۆڕی لەلایە. دەڵێت:"ئەم ژنە مەلیکەی پاریسەو ژنێکی ناجسنە کە باوەڕی بە قورئان و حەزرەتی محەمەد نییە." حەسەن ئاغا نیگەرانی من و دایکەیە و داوا لە دایەگەورە دەکات بۆ رزگاربوون لە چنگ ئەم مەلیکە کافرە ڕۆژو شەو نوێژ بکات. دایکم بە خۆشحاڵیەوە چانتایانی سەفەر ئامادە دەکات. من دەزانم ترس لە پارسیشدا هەیەو بۆ من هەر کوێیەك بڕۆین بەدوومانەدا دێت. دایە گەورە لێکدا لێکدا نوێژدەکات و فوو بەسەروچاومدا دەکات. توباخانم هەموو ئێوارەیەك پەرداخێك ئاوی جگەری کوڵاوم دەرخوارد دەدات، هەزار جۆر نوشتەو دوعایان بە ملم و پێیەکانمەوە بەستووەو ژێر سەرینەکەم پڕە لە کاغەزی چکۆلەی چوارقەد.

هێشتا هەموو دوانیوەڕۆیەك کە دەبێت بە سەعات چوار بیر لە تەواوبوونی قوتابخانە دەکەمەوە، بیر لەو پاسە دەکەمەوە کە لە دوورەوە دێت و وەکو خەوێکی نیوە فەرامۆش کراو، بەر لەوەی بگاتە من لە غوبارێکی سپیدا ون دەبێ.

هێشتاش بەر لە خەوتن لە دڵی خۆمدا دووبارەی دەکەمەوە"من جگە لەپاسەکەی عەزیز ئاغا سواری هیچ پاسێکی دیکە نابم،" ئەمە پەیمانێکە کە ئێمە بەیەکمان داوەو من تا ڕۆژی قیامەت ئەم پەیمانە ناشکێنم. سوێند دەخۆم کە لە کاتی سوێند خواردنەکەدا چاوانم دەنوقێنم. هەناسە لەخۆ دەبڕم و دڵم وەکو دەهۆڵ لێدەدات. دڵنیام کە عەزیز ئاغا تەپە تەپی دڵم دەژنەوێ و وەڵامی دەداتەوە.

سێ ڕۆژی دی دەڕۆین. دایە گەورە لە کەنار پەنجەرەکە دانیشتووە، گوڵە یاسەکان بە دواوەوە دەکات و ملوانکە و مووچەوانەم بۆ دروست دەکات، هەمووان غەمگینن، تەنانەت توباخانمیش کە هەمیشە دەی قریوان و چەقەنەی لێدەدا وەکو ئەوسا نییە. چاوەکانی تەژی ڕوندکن و ئاوی کەپووی بەسەری قوڵی دەسڕێت.

لە دەرگا دەدەن. لە دڵی خۆدا دەڵێم بێگومان دکتۆرێکی تازەیەو دەگەڵ یەکێك لە میمکەکانمدا هاتووە. هەزارو یەك جۆرە خەڵك دێنە دیدەنیمان و ڕۆژی سەد کەڕەت لە دەرگای ماڵمان دەدەن.

حەسەن ئاغا دێتە ژوورەوەو لای دەرگاکە دەوەستێ ، شپرزەو پەشۆکاوە، بە حەپەساوی تەماشای دایکم دەکات و دەیەوێ شتێك بڵێت بەڵام زات ناکات. وەکو هەمیشە لە ترسا کەوتۆتە نزگرە. ئاماژە بۆ کەسێك یان شتێکی دەرێی ژوورەکە دەکات و دەنگی دەرنایەت.

دایکم خەمین و بێ حەوسەڵەیە، هەڵدەستێت و بە دووی حەسەن ئاغا بەرەو ڕارەوەکە دەڕوات. دەنگێ دێتە گوێم: "کێیە؟"

وەڵامی حەسەن ئاغا ناژنەوم . تەنیا دەنگی دایکەیە کە بەرزو بەرزتر دەبێت و وەکو ئاژیری خەتەر هەمووان نیگەران دەکات. دایکە گەورە هەڵدەستێت و پەنجەرەکە دادەخات. پەتۆکە تا ژێر چەناگەم دێنێت.

دەنگی دایکم دووبارە دێتە گوێم:"شۆفێری پاس؟"

دڵم دادەخورپێ. نیوە ئاخێزێکی بۆ دەکەم و لە ناو جێگاکەم دادەنیشم. وەڵامی حەسەن ئاغا لەبارە باڕی مەڕێك دەچێ کە بیانەوێ سەری ببڕن.

هاواری دایکم لە کەللەمدا دەزرنگێتەوە: "کێ؟ چی؟ کام پاسە؟"

حەسەن ئاغای نازەنین، نیوە گیان بووەو زمانی لە گۆ کەوتوەو تەتەڵە دەکات، دەمە بۆڵەی دایکە دەگاتە گوێ کە دەیەوێ بزانێت چۆن شۆفێرێکی لات و لەوێر زاتی کردووە بێتە ئەحواڵ پرسی کیژەکەی. حەسەن ئاغا دەنێرێت تا پێی بڵێت ئەگەر جارێکی دی بێت بەم ناوەدا، دەستوور دەدات قەڵەمی دەست و پێی بشکێنن.

پەتۆکە لە سەر خۆم لادەدەم و لەناوجێگاکە دەردەپەڕم و بە پێی خاوس بەکراسی تەنکی خەوەوە بەرەو ڕاڕاوەکە غار دەدەم. توباخانم هەوڵدەدات پێشم پێ بگرێت. دەڵەکی دەدەم و گاز لە دەستی دەگرم. دایکم سەرسام لە ڕەفتاری سەیری من. ئەمر دەکات تازووە بگەڕێمەوە ناو جێگاکەم. بێ گوێدان بە گشت هەڕەشەکان بەڕاکە ڕاك خۆم دەگەیەنمە ژووی کارەکەی بابم کە لە کۆتایی ڕاڕاوەکەدایە. دەچمە ژوورەوەو دەرگاکە قفڵ دەدەم. پەنجەرەی ژوورەکە دەڕوانێتە سەر کۆڵانەکە. پەردەکە لادەبەم. دەچمە سەر کورسییەك و دەبینم عەزیز ئاغا وەکو منداڵێکی مەزڵووم و شەرمن لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بە حەپەساوی ڕاوەستاوە .

زەرفێکی بچووکی بەدەستەوەیە. قژە گڤ و لوولەکەی شانە کردووەو دوگمەی کراسەکەی تا ژێر ملی داخستووە، نایەوێ خاڵە کوتراوەکانی سەر سینگی دیاربن. پەنجەرەکە دەکەمەوە. گازی دەکەم. دەڕوانێتە دەوروبەرو دەکەوێتە ڕێ کە بڕوات. بەدەنگی بەرزتر بانگی دەکەم و دەستی بۆ هەڵدەتەکێنم. سەری هەڵدێنێ و چاوی بە من دەکەوێت. دووبارە هەمان میهرەبانی جاران ڕووی دەگەشێنێتەوە. فرمێسکەکانم خێرا خێرا دێنە خوارو قسەکانم تەنانەت بۆ خۆیشم ناڕوونن . عەزیز ئاغا لە هەمان شوێنەوە کە وەستاوە، بە جووڵەی سەر

سڵاوم لێدەکات. مەگەر خوا بزانێ چەند خۆشحاڵە ،پێدەکەنێ و لەگەڵ ئەم پێکەنینەدا بویەرێکی سەیر ڕوودەدات. لێوەکانی دەکرێنەوە. زاری عەینی ئەشکەوتێکی تاریکەو لەوسەری ئەو ئەشکەوتەدا تاقە ددانێکی زێڕ وەکو چراکەی عەلادین دەدرەوشێتەوە. دەزانم هەرشتێك لەم چرا جادووییە داوابکەم دێتە دی. چاوەکانم دەنوقێنم و ئارەزوو دەکەم کە دووبارە چاك ببمەوە. ئەم کۆکەیەم لە کۆڵ ببێتەوەو ترس وازم لێبێنێ.

 کە دەگەینە پاریس لە ئوتێلی واگرام ژوور دەگرین و دوای سێ ڕۆژ دکتۆری فەرەنسی دەمبینێ و ڕەچەتەیەکی دوورو درێژم بۆ دەنووسێت. حاڵم ماوەیەکە باشتر بووەو کەمتر دەکۆکم و هیچ کەسێك لە ڕازی من و جادووی چرای زێڕین بە ئاگا نییەو دایکم چاکبوونەوەی خێرای من لە چاوی دکتۆری فەرەنسی دەزانێ، بەڵام خۆم دەزانم کێ و چی شیفای منی داوە. هەموو شەوێك لە تاریکی ژوورەکەداو لە ژێر لێفەکەوە دەستم بە چرا خەیاڵیەکەی عەلادیندا دێنم و دوعا هەمیشەییەکەم دووبارە دەکەمەوە.

مانەوەمان لە پاریسدا لە شەش مانگیش تێدەپەڕێ، کە بۆ تاران گەڕاینەوە قوتابخانەکەم دەگۆڕن و دەچمە قوتابخانەیەکی تازە کە چەند هەنگاوێك لەماڵەکەمانەوە دوورە. بەپێیان دەڕۆم و دەگەڕێمەوە. بەڵام کاتێ لە جادەکە دەپەڕێمەوە دڵم دەگیرێت و چاو بۆ پاسی شەمیران دەگێڕم.

 ساڵان خێرا خێرا تێدەپەڕن و منیش بەرە بەرە دەبم بە کیژە خانمێکی بەڕێزو ئاغر. پاسە کۆنەکان کۆدەکەنەوەو ئوتومبێلی کرێ و شۆفێری گەنج ، جێی ئەوان دەگرێتەوە، بەڵام من وێڕای تێپەڕبوونی ڕۆژگار، هەر دۆستە گەورەکەم و پەیمانەکەی خۆم فەرامۆش ناکەم. هەر جارێ کە دڵم دەگیرێت یا خەمێك لە ناکاوا بەرۆکم دەگرێت و گریێەك دەکەوێتە کارم، لە ناکاوا لە پشت بیرەوەریانی منداڵیەوە زاری پەڕجوو ئاسای دۆستەکەم دەردەکەوێت و ورشە ورشی ئەو ددانە زێڕە وەکو ئەستێرەی زوهرە لە تاریکی شەوانمەوە دەدرەوشێتەوە.

 پاسەکەی هێلی هەفتا لە سەری پێچەکەوە پەیدا دەبێت و هێدی هێدی دێتە پێشێ.

دەنگێکی منداڵانە، لە گوێمدا دەنگدەداتەوەو دەڵێت: "من جگە لە پاسەکەی عەیزیز ئاغا سواری هیچ پاسێکی دی نابم".

 کچەکەم لە پێش منەوە دەڕوات. دەستی بۆ شۆفێری پاسەکە هەڵدەبڕێ و چاوەکانی تەژی هزرێن منداڵانەو یاری و گەمەو لاساری نادیارە. لەوەیە ئەویش ڕازێکی هەبێ و بە منی نەڵێت. وەکو چۆن من بە هیچ کەسێکم نەگوت، نە بە دایکم نە بەحەسەن ئاغا، نە بە دارچنارەکانی ئەوسەری باخەکەش.

***سەرچاوە: داستان نویسان معاصر ایران/ گزیدەو نقد هفتاد سال داستان نویسی معاصر ایران/ از محمد قاسم زادە/ تهران. انتشارات هیرمند/١٣٨٣ (٢٠٠٤)***

## منیرو ڕوانی پور
## -١٩٥٤

منیرو ڕەوانی پوور لە نێو نووسەرانی ئافرەتدا جێگەو حاڵەتێکی تایبەتی هەیە. یەکەم، پێش هەموو شتێك تاقە ژنی باشووی- کەنارەکانی کەنداوی فارس و دەریای عومانە کە وێڕای هەبوونی خێڵی پیاوانی قەڵەم بەدەستی ئەو دەڤەرە، زوو شۆرەتی پەیدا کرد. دووەم، بە پێچەوانەی زۆربەی باشووریەکانەوە کە ریالیزمی سیاسی و واقعیان کردووەتە دەست مایەی کارەکانیان، ڕیالیزمی ئەو بەڕادەیەك لە ژێر کاریگەریی خەیاڵدایە، کە هەندێجار بە ئاشکرا لە ریالیزم دوور دەکەوێتەوە .

ڕەوانی پوور بە کۆچیرۆکی (کنیزو) نێوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ١٩٥٤دا لە جفرەی دەورووبەری بوشهر هاتووەتە دنیاو پاشان لە زانستگەی شیراز بەشی دەروونناسی خوێندووەو و تەواو کردووە. لە ڕای گوزەرانی ژیاندا کارێن جۆراوجۆری کردووە. کاری جدی نووسینی ئەو ،کاتێ دەستی پێکرد کە لە تاران ئاکنجی بوو. هەرچەندە بەخۆی لە تاران دەژی، بەڵام ژینگەی چیرۆکەکانی هەمان ژینگەی زێدو زاگەی خۆیەتی. کەنیزۆ، بریتییە لە نۆ چیرۆك، ئەم چیرۆکەی کە لە هەمان کاتدا کراوە بە سەرناوی کۆچیرۆکەکە سەربووردەی خەمناکی ژنێکی بەدکارەیە کە خەڵکی شار تەنانەت ئەو پیاوانەش کە لەگەڵیدا ڕایان بواردووە، بە چاوی سووك چ لە ژیاناو چ لە مەرگا تەماشای دەکەن. لەم بەینەدا کچۆڵەیەك بە نێوی مریەم، ئەو شتە دەبینێ کە گەورەکان بە پێشداوەرییەکانی خۆیان پەیان پێ نەبردبوو. مریەم کە لە دزێوی ژیانی کەنیزۆ بێ ئاگایە، تەماشای لایەنە پەنهانەکانی کەسێتی ئەو دەکات، واتە پاکی و بێ گوناهی ئەو دەبینێ.

چیرۆکەکانی دیکەی ئەم کۆ چیرۆکە زیاتر ئەو سکێچانەن کە پاشان ڕەوانی پوور، ڕۆمانەکانی خۆی لێوەیان هەڵدەهێنجێ، دەیانکات بە هەوێنی ڕۆمانەکانی. چیرۆکی (ابی ها) هەوێنی رۆمانی(ئەهلی غەرق) و (جمعه خاکستری) زەمینەی رۆمانی (دل فولاد) پێك دێنن.

ڕەوانی پوور، بە ڕۆمانی (ئەهلی غەرق) شۆرەت و نێوبانگ پەیدا دەکات. ئەم بەرهەمە کە دەیانگوت بەرگی یەکەمی ڕۆمانێکی چەند بەرگییە و وەشنکارەکەشی بانگەشەی بۆ چاپی دووەمی کردبوو، هەر ئەو بەرگەی لێ چاپ کرا. لەلایەکی دیکەوە ئەم بەرگەش چیرۆکێکی سەربەخۆیە، ئەهلی غەرق وەکو ئەو بەرهەمانەی کە شێوازی ریالیزمی جادویی نووسراون. واقیع و خەیاڵی تیا ئاوێتەیە. خەڵکانی واقیعی و بوونەوەرانی خەیاڵی دەریایی لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەون و بەسەرهاتی هەموو ئەمانە بەدەوری کەسایەتی مەهجەمالی پیاوی دەریایی، نیمچە واقیعی و نیمچە ئەفسانەییدا دەسووڕێتەوە. ئەهلی غەرق بە ئاشکرا لە ژێر باندۆرو کاریگەری چیرۆکی جوانترین غەریقی دنیای مارکیزدایە.

هەرچەندە ئەهلی غەرق زۆر زوو ناسراو بووە مایەی شۆرەت و ناوبانگی نووسەرەکەی، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە پەشێوی بە دەر نییە. زمانی بەرهەمەکە زۆر سست و ناپوختەیە. لە پێنج فەسڵی یەکەمدا زمانێکی یەکدەست و یەکنەوای باشتری هەیە، بەڵام لەوە دەچێت لە نێوەی ڕێگادا جڵەوی پوختەیی زمانی لەدەست بەر بووبێت.

ڕەوانی پوور، دوای ئەوە ڕۆمانی دڵی پۆڵای بڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمە باکراوندێکی ئوتوبیۆگرافیانەی هەیەو سەربووردەی نووسەرێکی ژنی تەنیا لە تاراندا دەگێڕێتەوە. ئەم بەرهەمەش وەکو ئەهلی غەرق، زۆر زوو ناوی دەرکردو سەلماندی کە ڕەوانی پوور، بە جدی پەیگیری کاری نووسین دەکات. بە چاپکردنی سنگ های شیتان و سیریا، سەلماندی کە لە بواری چیرۆکی کورتدا بە تواناترە تا لە ڕۆماندا.

بایەخی کارێن ڕەوانی پوور، لەوەدایە کە جۆرە ئەدەبیاتێکی باشووری دەخاتەڕوو کە تەواو لە نووسەرەکانی دیکەی ئەو دیارو دەڤەرە جیاوازە. هەرچەندە سەرمەشقەکانی ئەو لە وڵاتانی دیدا باوو ناسراوە، لێ ڕەوانی پوور توانیویەتی شەقڵ و مۆرکی ناوچەیی چیرۆکەکانی بپارێزێت و کارەکانی لەلاسایی کردنەوەی ڕووت دووربخاتەوە.

ڕەوانی پوور، سەرباری چیرۆك و ڕۆمان، لە فیلمنامەو چیرۆکی مناڵانیشدا دەستی هەیە.

## ١٣- کەنیزۆ

کەنیزۆ مردبوو.مریەم لە قوتابخانەوە کە گەییە سەر شەقامەکە کۆمەڵێك پیاوی لەبەر ئارەقفرۆشییەکەی (تەوەکولی)دا بینی کە چارشێوی ژنێکیان کە پێی لە جۆگای کەنار شەقامەکەوە هاتبووە دەرێ،ڕادەکێشاو حیلکە حیلك پێدەکەنین.ئارەقفرۆشییەکە لەسەر شەقامێك بوو کە چەند سەد مەترێك بەولای قوتابخانەکەی مریەمدا تێدەپەڕی. کە زەنگی قوتابخانە لێدەدرا، منداڵەکان دەڕژانە سەر شەقامەکە.ژنانی ئاواییە نزیکەکان هەر یەکەیان بە زەمیلەی پڕەوە لە بازاڕ دەهاتەوەو کە دەگەییە ئاستی ڕۆ کە، تفێکی ڕۆدەکرد وڕیگای خۆی دەگۆڕی. مەیدانێکی گلی گەورە لە بەرانبەر ئارەقفرۆشییەکەدا هەبوو، کە هەموو ئێوارەیەك پیاوان لە گۆشەو کەناری مەیدانی ناوبراو لە دەوری یەکدی خڕدەبوونەوەو بە ناولەپ سەری بوتڵەکانیان دەپەڕاند و بە پاکەتێك پستەوە ماندوویەتی ڕۆژانەی خۆیان لە لەش دەر دەکرد.

مریەم هەستی کرد کە لاقەکانی توانای ڕۆیشتنیان نییە. دەتگوت شتێك لە دڵیا ڕمابوو. دەستێك بەپانی دەستی هەموو خەڵکانی مەیدانەکە گەرووی دەگوشی. چاوەکانی دەسوتانەوە، دڵەڕاوکێیەکی نامۆ ئازاری دەدا. ئاپۆڕاو حەشیمەتەکە سات بە سات زیاتر دەبوو. پیاوێك بەدەنگی بەرز هەڵهەڵەی لێدەدا.. یەکێکی دی بە دەم چەقەنەلێدانەوە قوونی بادەدا. چەند ژنێك لەولاترەوە وەستابوون و لەبن لێوانەوە پێدەکەنین. حەماڵ و کۆڵبەرانی بازاڕ وەکو ئەوەی جنۆکە ئاگاداری کردبنەوە، بە جلە خاکیەکانی خۆیانەوە سەرو کەللەیان دەرکەوتبوو. هەموو پێدەکەنین و چاویان دەبریسکایەوە. گەرمای هەتاو پیاوی دەسووتان، دەنگی شەپۆلانی دەریا کە سەریان بە کەناردا دەکێشا لە دوورەوە دەهات.

– کە لە قوتابخانە بەربووی، یەکڕاست وەرەوە بۆ ماڵێ، دەنا کاتێ بەخۆ دەزانین کڵاومان چووەتە سەر. ئێرە شوێنێکی باش نییە.

دەنگی دایکی بوو کە تازە کەلو پەلەکانیانی کۆکردبووەوەو بۆ شاری گواستبووەوە. گوندەکەیان لە کەناربوو، مریەم هەموو ڕۆژێ لەگەڵ گەردی بەیانیدا بە دەنگی ئەو ماسیگرانەی کە لە شەوەوە دەهاتن بۆ ڕاوە ماسی، هەڵدەستاو دەگەڵ منداڵەکانی دیکەی ئاواییدا بۆ شار دەهات. دایکی زۆر لە دەریاو بزنەکانی دایە گەورە بێزار بوو.

- ئەگەر هەوا خاوی بکاتەوە، دەریا لە خەو ڕانەبێ، ئەگەر لە کەشتیدا بژین، کەمتر بەر شەپۆل دەکەوین.

دایکە دەمو قەپۆزی بزنە لەڕەکانی دایە گەورەی دەگرت و بایدەدان. بە تەشوێ بەردەبووە شاخی سابرێنەکان و ئەنجام هیلاك و ماندو قژی خۆی ڕادەکێشاو دەیگوت: "ئاهـ ئاهـ ... سەری ساحێبت بخۆی"

بزنەکان بە پەراسوی دەرپەڕیو و لاقی باریك و مردەلۆخەوە جلی سەر تەنافەکەیان دەخوارد. تا دایکە بەخۆ دەهاتەوە و فریا دەکەوت، جلەکانیان دەژاکاندەوە و دەیاندڕی. ئاسکەکەی دایە گەورە بێدەنگ و فەقیر لە گۆشەیەکەوە دەوەستا و تەماشای دایکەی دەکرد.

- ییخە... چەند درێژە، لاکەوە...بڕۆ ئەولاوە .

کەنیزۆیان، بە جلە قوڕاوییەکانییەوە بە عاردیدا ڕادەکێشا. بۆنی قوڕو چڵکاو مەیدانەکەی پڕ کردبوو. چڵە درووپەك بە قژییەوە چەسپی بوو. کەنیزۆ باڵا بەرز بە دوو چاوی ڕەش و پێستی برونزییەوە کە بە کۆڵاندا دەڕۆیی بۆنی خۆشی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. پیاوانی شار وەکو ئەوەی ڕەدووی بۆن و بەرامەکەی کەوتبن بە کۆڵانەکەدا ڕەت دەبوون و دایکە بە درێژایی ڕۆژ هاواری نەدەبڕایەوە. گسك بەدەست لەبەر دەرگا دەوەستا: "چییە ئەم هەموو خەڵکە بەم کۆڵانەدا ڕەت دەبن؟ چییان لێرە دۆزیوەتەوە، چییان دەوێ؟"

دایکه به بۆڵە بۆڵ یەخەی باوکەی دەگرت : "کام قوڕمساغە تۆی لێرە لە قاڵب داوە؟ پێم بڵێ تا ئاباو ئەژدادی بنەمە دەس ژنەکەی."

دایە گەورە و ئاسکەکەی و بزنە لاتەکانی کە لە برسا پەراسوویان بەدەرەوە بوو، بەتەنیا لە ئاواییدا مابوونەوەو ئەوان هاتبوونە شار تا چیتر بزنەکان سەری مەنجەڵە مسەکە هەڵنەدەنەوەو، ئاردەکە نەخۆن و لە ناکاوا بانەکەن و سکیان نەئاوسێ و دایکە بە تەشوێ نەکەوێتە وێزەی ئەوان وخۆی و لە دەنگی پێل و شەپۆلانی دەریا و شەوانی تاریك و بێ کارەبای ئاوایی نەترسێت. هاتبوونە شار بێئەوەی کە بزانن هاوسێکانیان کێن و تەنیا کەربەلایی باقر، دراوسێی بەرانبەریان کە لە قیژەی بێ ئامانی دایکە بێزار ببوو، پێ بەپێی ئەو بۆ پۆلیسخانە بکێش دەکرا. شار وەکو ئاوایی نەبوو کە ئینسان لە بەینی کەتیبەی پەنجەرانەوە، دەست بخاتە ژێر دڵۆپەی شەپۆلی دەریا و یا لای ئاسکەکەی دایە گەورەوە دابنێشێت و ناولەپی کە هێشتا شوێنەواری ڕاستەی قوتابخانەی پێوە دیاربوو، بەو نیشان بدات. دەریای شار دوور بوو و دەنگی شەپۆلی دەریا بەشەری خەمبار دەکرد. نە دەنگی بزنەکاندەهات و نەدەنگی سەردولکەو لاوانەوەی دایە گەورە. بەشەر لە شاردا دیقی دەکرد. " بۆ لەم بەر پەنجەرەیە دانیشتوویت؟ مەگەر نازانی ئێرە شارە، بەسەریاندا وێران بێت، مەگەر نابینی ئەو سەڵیتەیە ڕەت دەبێت ؟"

بێ ئەوەی گوێ بە دایکی بدات خۆی بەکەتیبەکانەوە چەسپاندبوو، دوو چاوی پاك و بێ گوناح و ئاشنا لە دوورەوە دەهات. دەتگوت ئاسکەکەی دایە گەورەی بوو کە بە خەمینی و گلەییەوە بە دڵۆپە فرمێسکێکەوە کە هەمیشە لە چاوانیا قەتیس مابوو ونە دەکەوت، دەهات تا تەماشای ئەوان بکات، کە دایکە بە چ کەیف و پێکنینێکەوە کەلوپەلەکان لە پشت پیکاپ باردەکات. کە دایە گەورە چۆن بە قەدو باڵای چەماوەوە وەستاوەو پڕ بە پڕی دەموچاوی دەگرێت. ئاسکەکە وەستابوو و تەماشای دەکرد. چاوانی کل ڕێژی باڵی بەسەر هەموو ئاواییدا کێشابوو و بزنەکان لە دووری دایکە وەستابوون و بە کەسەرەوە دەیانڕوانیە جانتای جلەکان. شەپۆلی کەف پرژێنی دەریا دەچوون بە ئاسماندا. ئاسکەکە مەزڵووم و ئاشنا تەماشای دەکرد، نەیدەبینی کە باوکە لە پشت سوکانەکەوە دانیشتووە، کە باروبنەیان بارکردووە، کە دایکە خواحافیزی لە دایە گەورە کردووەو هەنووکە خەریکە هاوار دەکات: "هۆی بۆچی حەپەساوی ، کوێرا گێژو وێژ بووی؟ "

دایکە ڕایکێشابووە خوارەوە پەنجەرەکەی توند داخست بوو.

- دیسان چوویتە کۆڵان؟ دێهاتی ئێرە شارە شار، خۆ ئێرە جوفرە نییە (جوفرە ناوی گوندێکە لە نزیکی بوشهر). کەی دەبیتە بەشەر؟

کە دەچووە کۆڵان. کۆڵان تەنگ بوو، گڵی کۆڵان بەپێوە دەچەسپی وەکو خاکی ئاوایی نەرم نەبوو، تا ئەو بتوانێ تەماشای جێ پێکانی خۆی بکات، تابتوانێ بە قامکان وێنەی شاخی شکاوی سابرێنەکەو وێنەی ئاسکەکەی دایە گەورە بکێشێت.

دەچووە کۆڵان تا ئەو بدینێ، کە باڵای بەرزێکی سەوزەڵەی چاو بەکلی ئاشنا بوو.

- سڵاو

- سڵاو چاوەکەم.

تەماشای پەنجەرەکانی دەکرد و دەستێکی بەسەر مریەمدا دێنا. هەندێجار دادەنەوییەوەو ماچی دەکردو بە سینگی خۆیەوەی دەگوشی.

- ئەم نوقڵانەت لە کوێ بوو؟

- ئەو... ئەو ژنە... دایمێ
- کام ژنە؟
- ئەوەی کە وەکو ئا... کە بەم کۆڵانەدا ڕەت دەبێت.
- ناکەس، شت لە سەڵیتان وەردەگریت؟
دایکە کەوتبووە گیانی و ئازای بە گسک شین کرد بووەوە.
- ئێمە لە گوندەکەمان ئاسکمان هەیە.
- کە باشە... ناوی چییە؟
- ئاسکەو تەواو. ناوی نییە، بەڵام زۆر جوانە، وەك تۆیە..یانی چاوەکانی.
مریەم ئاسکەکەی دایەگەورەی خۆش دەویست. ئاسکەکە لە سێبەری دیوارێك پاڵ دەکەوت وبە چاوانی خەمناکەوە تەماشای دنیای دەکرد.
- دەڵێم... تۆ ناوت چییە؟
- ناوم کەنیزە... کەنیز
- یانی ناوت ئاسکە نییە؟
کە بە کۆڵانەکەدا ڕەت دەبوو بۆنی عەتری بەسەرماڵەکەدا دەهات و ئەوی بەرەو پەنجەرەکە دەکێشا.
- ئەوە چ دەڵێی لەبەرخۆتەوە؟
- سڵاوات دەنێرم.
- بۆچی؟
- بۆ تۆ..
- ئەستەغفیروڵا، چما هەر بۆنێکی خۆش سڵاواتی دەوێ، کچێ خۆ بۆنی گوڵاو نییە، بۆنی سەڵیتەیەکە، هەستە، هەستە بڕۆ سەعییەکەت بکە.
هەندێجار کە بە کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی، دایکە دەرگای حەوشەی بە تەق و هۆڕ دادەخست و لە پشت دەرگاکەوە بە دەنگی بەرز هەل هەلەی دەکێشا، ڕۆژانی هەوەڵ دایکە دوو سێ جار پێشی لێ گرتبوو: "نا نە جیب دەبێ لێرە بڕۆی"
- تۆ مەسرەفم بکێشە تا من نا نەجیبی نەکەم.
دەستەکانی کەنیزو دەلەرزێن و ئەو فرمێسکەی کە هەمیشە لە چاویدا دەلەرزی، ڕێگای خۆی دەکردەوەو دادەخزی، تا دەگەییە گۆشەی لێوە باریك و تەنگەکانی.
- دایکە مەسرەفی دەکێشیت؟
- مەسرەفی کێ؟
- ئەمە...
- گیانی دایکە ئەوە ژنێکی باش نییە.
- بۆچی دایکە؟
- خانمە، خانم، تێدەگەی؟
- باشە، خۆ مامۆستاشم خانمە...
- نە دایکە، ئەو نانەجیبە.

- نا نەجیب یانی چی؟
- پەکو ... چەند دەپرسیت... یانی سەد مێردی هەیە، لە سەدیش زیاتری هەیە، هەموو پیاوانی دنیا مێردی ئەون.
- باوکیشم مێردێتی؟
- باوکیشت ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ ببێ بە مێردی.
- ئەدی بۆ ناچێ بۆماڵی ئەوان وخەرجی بداتێ؟
- کچێ واز بێنە با چێشتەکەم لێ بنەم، بڕۆ، بڕۆ دەرەوە، دووکەڵ چاوت کوێر دەکات.

بۆنی عەرەق تێکەڵ بە بۆنی خۆشی دەریا بوو بوو. گڕی گەرما لە زەوییەوە بەرز دەبووەوە. کسۆکان بەدەم قەپۆزی درێژ و لاقی باریکەوە، لەسەر زڕو زبڵی گۆشە و کەناری مەیدانەکە مڵ و موشیان دەکرد. ژنان دیارنەبوون. مریەم لە ئاپۆڕاکە نزیك بووەوە. پیاوێك بە قاپێ ئارەقەوە بە دیار کەنیزۆوە وەستابوو. ئاپۆڕاکە، ڕێگەیان بۆ پیاوەکە کردەوە. بزەی تەوسامێزی بە لێوی هەموانەوە دیاربوو. پیاوەی تاین بە لەپی دەست بە توندی کێشای بەبنی قاپلەکەدا. تەپەدۆری سەری قاپەکە پەڕی و کەوتە سەر پێیەکانی کەنیزۆو داخزییە خوارەوە. حەشیمەتەکە بە لەزەتەوە پێدەکەنین.

کابرا بوتڵە ئارەقەکەی ڕاگرت و فەرمووی لە ئاپۆڕاکە کرد: "بفەرموون، دنیا پووچە."

بوتڵەکەی گرت و قلپاندیە گەروویەوە. ئارەقەکە بە چەناگەو دەم و لێویدا دەهاتە خوارەوە. دەنگی ناساز و خەندەی خەڵکانی مەیدانەکە گەرماکەی دەڕەواندەوە. کابرا چاوەکانی نوقاند سەری لەقاند. هەنوکە بوتڵە نیوە بە تاڵەکەی بە دیار کەنیزۆوە ڕاگرتبوو.

- ئێستا غوسڵی دەردەکەم، غوسڵ.

بوتڵەکەی خاڵی کرد. ئاپۆڕاکە جوڵە جوڵیان تێکەوت . دەموچاوەکان دوور ودوورتر کەوتنەوە. تەنیا یەك ریز ددانی زەردو درشت و چاوانی دەرپۆقیو ،گەورەو گەورەتر دەبوو و بۆلای دەهات.

- ئێستا دەکەومە سەر ئەرزەکە، چ حەیاچوونێکە، لێرەدا دەکەوم و تا ئێوارە لە ژێر دەست و پێیاندا پارچە پارچە دەبم، بریا دایکە لێرە بوایە، خۆزیا دایکە لێرە بوایە.

شتێك لە گەروویدا دەسوتا، بیری دەستە زبرو ئەستوورو قورسەکانی دایکی دەکرد. دەستە ئەستوورەکانی دایکە کە دەم و قەپۆزی بزنەکانی دەکوتایەوە، کە جەندرمەکانی ئاوایی دەکردە پاسگاوە. زارەکان دەجوڵان و مریەم بە خورتی خۆی ڕادەگرت.

- مەکە بابە، گوناحە.
- حەیفێ، زوو...، بەڵام ئەم ئارەقە لامەسەبە
- ئەم لە هەمووان زووتر وێران بوو.
- مەکە بابە مەکە، هەرمن و تۆ بووین کە وێرانمان کرد.
- فاتیحا فاتیحا، ئەم گەنگەشەو مشت و مڕەتان لە چییە، لەسەر کێش و لەسەر سەڵیتەیەك.

دەستەکانی کەنیزۆ، بەبێ جوڵە بەملاو بەولایدا کەوتبوون. ئەو ناوانەی سەر گەردنی دەتگوت گەورەتر بوو بوون .

- ئەم ناوانەی کە لە سەر ملت نووسیوتن، ناوی مێردەکانتە؟
- نە چاوەکەم، ناوی دۆستەکانمە.

- دایکە دەڵێت سەد مێردت هەیە.
- دایکت ڕاست ناکات.
- دۆستەکانت زۆر خۆش دەوێن؟
- بەڵێ، خەڵکانێکی باش بوون، خەڵکی باش زۆر کەمە.
- ناوی منیش لەوێ دەنووسیت؟
- ناوی تۆ لێرە، لە سەر دڵم دەنووسم.

بۆنی عارەق دنیای پڕ کردبوو. دەریا بە هەمهەمەی خۆی مریەمی دڵتەنگ دەکرد. زەوی شۆرەکات لە ژێر پێی ئاپۆڕای خەڵکەکەدا بەسستی هەناسەی دەدا. کۆڵبەرێك کراسەکەی داکەندبوو و دەیگوشی. ژمارەیەك خۆیان ڕووت کردبووەوەو کراسەکانیان دابوو بە سەر سەریاندا. کابرای کە سەری کەنیزۆی شت بوو و دەیویست شوشە عارەقێك بخاتە ناو دەستی کەنیزووە.
- چیتە بە دەوری یەخچاڵەکەدا دێی؟
- دەمەوێ بەفراو دروست بکەم، بیبەمە سەربان
- باریکەڵا.
- دەڵێم، ئەدی جێگا؟ جێگا ڕابخەم
- نە هەوا شەڕجیە، تەڕدەبیت.

مانگی ئادار بوو. خەڵکی شار شەویان لە سەربان دەگوزەراند. تۆپەڵە ڕوناکی تا درەنگانێ لێرەو لەوێ تاریکیەکەیان دەڕەواندەوە. جار نا جارێك دەنگی پێکەنینی منداڵێك تاریکیەکەی دەبڕی و دەگەییە گوێی مریەم. شەوانی شار، بەناخۆشی و بێ گەمە دەبووری. شەوانی ئاوایی خۆش بوو، کە درەنگ دەبوو دەنگی دایکان تا قوڵایی دەریا دەڕۆیی((هێ.. هێ منیرۆ، مریەمۆ ، سەدۆ نیوەشەوە، کۆسە(جۆرە ماسییەکە) بتخوا ... هێ، هێ.))

منداڵەکانیان بە تۆبزی بە ڕووت و تەڕی لە دەریا دەردێنا. ئاوایی درەنگانی شەو، بە دەنگی ئەو زەلامانەوە کە لەسەر گردە خۆڵە نەرمەکان باسی دلێرانی تەنگستانیان دەکرد، دەچووە خەو. شەوانی شار بە شەریان پەست دەکرد.

مریەم جێگەکەی بردە سەربان نەرمەبایەك کە بۆنی شۆراخی دەریای لێدەهات، دای لە دەموچاوی و فێنکی کردەوە.ئاسمان دەتگوت بە بار ئەستێرەی پێوەرکرا بوو. ئەستێرەیەکی گەش بەسەر ئاواییەوە وەستابوو ودەدرەوشایەوە.پێکەنینێکی ئاشنا ئەوی بەرەو ستارەکە بکێش کرد، ئەو ستارەیەی کە سەربانی خانووەکەی ئەوانی لەسەربانی خانووەکانی دی جیادەکردەوە. هەستایە سەر نووکی پێیان و سەرێکی کێشا. چرایەکی گەش حەوشەی ڕوناك دەکردەوە. چوار زەلام لەسەر فەرشێك لە کەنار باخچەکە دانیشتبوون. کەنیزۆ جلێکی زێڕینی درێژی لەبەر بوو. قژە رەشەکەی ئەڵقە ئەڵقە بەدەوری شان و ملیدا رژابوو. ئانیشکی لەسەر ئەژنۆی پیاوێکی قەڵەو دانابوو و کەوچکێك ماستی بۆ دەمی دەبرد. پیاڵەیەکی بەتاڵی لەبەردەما بوو. پیاوەکە پیاڵەکەی لەبەر زاری کەنیزۆدا ڕاگرت. کەنیزۆ یەکسەر هەڵیدا. کابرا بەدەم نەوازشتی قژی ئەوەوە، گوتی: نۆش..نۆش...

مریەم سەری بە گێژەوە چوو، لاجانگەکانی دەیان تریواند، چاوەکانی تاریك بوون و کەنیزۆی وەکو تارماییەك بینی کە هەستاو هات لە ناوەڕاستدا، سوڕێکی دا. پیاڵەکەی نایە سەر نێو چەوانی...پێدەچوو

کەسێك لە دوورەوە ستران بڵێ و چەقەنە لێبدات. کەنیزۆ لە نێو تەمەکەدا دەسوڕایەوە. ئەستێرەکان لەبەر چاویا بەلادا دەهاتن. مریەم لە سەرما دەلەرزی چاوەکانی توند دەنوقاندن و دوبارە دەیکردنەوە. کەنیزۆ کە دەگەییە ئاستی هەر یەکێکیان دادەنەوییەوە و ئەوان دەستیان لە گیرفانی پانتۆڵەکانیان دەردێناو سینگ و بەرۆکی کەنیزۆیان دەبرد. مریەم خۆی بە دیوارەکەوە گرتبوو کە نەکەوێت. دەمی تاڵ بوو. دەتگوت یەکێك بە چەکوش دەیکێشێت بەسەریدا. دنیا وەکو دڕکی ماسی لەگەروی گیربوو بوو. هەمووشتێك لەگەڵ ڕۆژا فەرقی هەبوو. بە ڕۆژەوە دیتبووی، چارشێوە تەنکە شینباوەکەی بە سەرەوەبوو. نەرم نەرم دەهات. مریەم کارتی وەرگرتبوو.
- ها! شێری یان ڕێوی؟
- شێر
- دەچیتە پۆلی چەند؟
- چوار
- ئەی... باریکەڵا بخوێنە، هیچ شتێك لە خوێندن باشتر نییە.
- تۆ لە مەکتەب خوێندوتە؟
- نا، کەسوکارێکم نەبوو کە..
- دەتەوێت فێرت بکەم؟ ئاسانە زۆر ئاسانە
- درەنگە، تازە درەنگە چاوەکەم، چاو ڕەش.

ئێستا کەنیزۆ بە جلی شۆڕی زێڕینەوە سەمای دەکرد. شانەکانی دەلەراندەوە. دەستەکانی هەڵبڕی بوون و بە قامکان چەقەنەی لێدەداو ئەوانیش دەوریان دابوو، وەکو ماسیەکی زێڕینی چکۆلە کە کۆسە ماسی دەوریان گرتبێ و نەزانێ کە بەکام لادا هەڵێت. دەریا ئارام بوو، لە کەناری بەربەستەکەدائۆقرەی دەگرت. سەری دەریاکە یەکپارچە پولەکەی زیوین بووو لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە. نەرمە شەپۆلان لە دوورەوە بە سینگەخشکێ دەهاتن و لە ژێر پێی مریەمدا بڵاو دەبوونەوە. ماسیەکی زێڕینی چکۆلە لە نزیکی بەربەستەکەوە یاری دەکرد. سەری لە ئاوەکەوە دەردێنا. خۆی هەڵدەداو دووبارە خۆی وەبن ئاوەکەدا دەکردەوە،دوای کەمێك دەهاتەوە سەر ئاوەکەو خۆی بە دەم ئاوەکەوە دەدا. بێ ئاگابوو لە کۆسەماسییان(جۆرە ماسییەکی دڕە..وەرگێڕ) کە لە ناکاوا پەیدا دەبوون و پاشان دەریا سوور دەبوو. دەمی کۆسەماسییان بەردەوام دەجوڵا، هەمیشە بەخوێن بوو، کابرای قەڵەو کەنیزۆی ڕادەموسی. چەناگەی دەجوڵا و هەموو شتێك لەبەر ڕووناکیەکە دیاربوو.
- کاشکی تاریکی بوایە. کارەبا لەبنی نەبوایە. یا حەزرەتی ئەشك (ئیمامزادەیەکە لە جوفرە) بومەلەرزە بێت، بومەلەرزە بێت و هەمووشتێك برمێ و ژێرو ژوور بێت.

لە ناکاوا گڕ لەچاوانی بووەوە ،سەری بەتوندنی بە دیوای ستارەکەدا کەوت: "سەیری سینەما دەکەی، ها؟" زاری دایکە کەف چەڕی بوو . چاوە هەنگوینی و تووڕەکانی لە دوڕ چاوانی مریەم بڕی بوو. هەنووکە دایکە پاژنەی پێی نابووە سەر پەنجەکانی پێی ئەو و هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەرپاژنەی خۆی ، پێی مریەم دەسووتایەوە.
- دەتەوێ دبەختم بکەیت ها؟ تەماشای ئارەق خوردنەوەو سەڵیتەبازی خۆشە. هیچ و پوچ ؟

ئەوسا چنگی نایە قژەکەی و لە دەستی خۆیەوە پێچا. مریەمی بکێش کرد.
- پێتی نیشاندەدەم . کارێکی وات بەسەر دێنم، بە داستاران بیگێڕێتەوە، لە کتێباندا بینووسن.

مریەم، گرمۆڵە بوو بوو و دەترسا. دایکە قژەکەی ڕادەکێشاو لە پلیکانەکانەوە دادەگەڕا. دەتگوت دنیا ئاخر بوو بوو.

- لێرەبە تا ماران چاوانت دەربێنن.

عەمارەکە، تەنگ و تاریك بوو. هەوای خەفەو نمناك، تێکەڵ بە بۆنی ئاردی کەڕووکردە و برنج بوو بوو. تاریکی و دەنگی خزینی مارەکان...فیشکە فیشك .. دەتگوت شتێك دەفڕی، باڵە فڕەی دەکرد. قەوسێکی قیڕ ئاسای هەبوو، نەرم بوو و بە ژێر دەستا دەڕۆیی. خۆی بە دیوارەکەوە چەسپاند... ئیستا نەرم بوو بوو وبە سەر دەستەکانیدا دەڕۆیی. مریەم هەناسەی لە خۆ بڕی بوو ،دەموچاوی تەڕبوو ولێوەکانی دەگەست تا دەنگی دەرنەیات... بە دەستەکانیا سەرکەوت، باریك و ڕەش.. گەورە بوو .. گەورە، هەموو عەمارەکەی گرتەوە. بە قەدیا هەڵگەڕاو گەییە لێوی.. شێوەی پیاوێکی قەڵەوی وەرگرت کە مەست بوو، کە دزێوو ناشیرین بوو ودەیویست ئەو خەفە بکات.. قیژەیەکی کرد.. کە چاوەکانی کردەوە درێژاو درێژ لە سەربان کەوتبوو باوکی بە دیاریەوە دەگریا. دایکی قلیانی دەکێشا. ستێران بە ئاسمانەوە سەرگەردان بوون.. ئەشکەکانی باوکە ئەستێرەیان لێدەتکا: (( مەگری ...زیاتر دەتۆقیٚ))

دایکە میهرەبان بوو. دەستی بە نێوچەوانیدا هێنا، بەرزی کردەوە پەرداخێکی دایە دەستی.

- بیخۆوە، ئاوی سەر زێڕە (ئاوی سەر زێڕ: لەباشووردا عادەتە ئەگەر کەسێك بترسێت، ئاو دەکەن بەسەر زێڕداو دەیدەن بەترساوەکە، تا ترسی دەربچێت و ئارام ببێتەوە)

بەیانی لە کۆڵانە پڕ قوڕەکە دانیشت بوو. دڵتەنگ و خەمین بە بەردێکی چکۆلە لەسەر گڵەکە خەتی دەکێشا. دەتگوت شتێکی گوم کردووە.

- ئەوە یاری دەکەی چاوم؟

کەنیزۆ بوو بە چارشێوە سپیەکەی و چاوە سوورو ئاوساوەکانییەوە . مریەم تەماشای نەکرد. دەتگوت شەرم دەکات.

- چی بووە چاوەکەم، دایکت لە کوێیە؟

- بازاڕ

- چییە دەڵێی نەساغی؟

- ئیدی..

مریەم دەستی بە گریان کردبوو و کەنیزۆ بەشپرزەیی پرسی بوو: ((چی بووە؟ چی بووە؟... چییە؟))

- ئیدی ... ئیدی ئەو جلە لەبەرمەکە.

- کامە؟

- ئەو جلە زێڕینەی کە دوێشەو ... من ...من لەسەربانەوە...

گریان و هەنسك هەڵدانی مریەم تا ئەوسەری کۆڵانەکە دەڕۆیی. کەنیزۆ وەکو بنیادەمێك کە بوومەلەرزە لێی دابێت، بەو ئاوایە بە سەر خۆیدا ڕمابوو.

- باشە، باش... وانیە، یانی هەموو کاتیٚ وانییە، هەندیٚ جاران ...

- وامەکە ... قەت شتی وامەکە... دایکە.. دەڵێت...تۆ.. تۆ باش نیت، بە هەموو کەسێك دەڵێت.. من خەرجیت دەکێشم . هەفتەی تمەنێك زیاتر لە باوکم وەردەگرم... دەغیلەکەم پڕ.... پڕە لە پارە.

کەنیزۆ بە گریانەوە ڕۆیی بوو.

دەنگی کەناسی گەڕەك و تەقوهوڕی عەرەبانەکەی دەهات. دەنگی جڕتێك دەهات و دەنگی کابرایەکی مەست کە بای لێ بەر دەبووەوەو دەگەڵ هەر بایەکدا بەدەم چەقەنە لێدانەوە پاشەڵی خۆی بە ڕاست وبەچەپدا با دەدا.

ـ لاکەون ، ڕێگە بدەن، ئەم مەیتە باربکەین.

ـ ئەمە مەیت نییە.

ـ ئەی چییە؟ ئەگەر بە زندوویەتی بەشەر نەبووبێ، خۆ بە جەنازەیی دەبێ بنێژرێ .

ـ فڕێی بدەنە دەریاوە.

ـ حەیف بۆ دەریا

ـ حەیف بۆ دەریا؟ هەر تۆ نەبووی کە کاتێ ڕۆژ ڕۆژی ئەو بوو، بەمۆزە مۆز دوای دەکەوتی؟

ـ تۆش دەتکرد.

ـ بابە هەموومان دەمانکرد، دە دەقیقەی دی بۆگەن دەکات

ـ وەکو دار ڕەق بووە، چۆن هەڵیدەگریت؟

ـ خۆم ...خۆم هەڵی دەگرم.

دەنگی کابرای مەست بوو، کە بەلارە لار لاقی کەنیزۆی ڕادەکێشا، چەپکێك لە قژە ڕەش و تەڕەکەی کەنیزۆ بە هەنیەیەوە چەسپا بوو.، لێوە تەنك و سپییەکانی دەتگوت دێنەوە یەك. چڵە دڕوویەك بە قژەکەیەوە چەسپی بوو. ناوەکانی سەر گەردنی لە ژێر تەنکە شۆڕاوکێکەوە دیاربوو. سەری کەنیزۆ خوار بوو بووەوە چاوە درشت و پڕ گلەییەکانی دەیانڕوانیە مریەم. دەستی وەکو کاسەیەکی بچوك ڕاگرتبوو. دەتگوت دەیویست شتێك لە مریەم وەربگرێت.

ـ جەژنت موبارەك، لە کوێ بووی، دیار نەبوویت؟

ـ چووبووین بۆ جوفرە، بۆ جەژنە پیرۆزە.

ـ ئاسکەکەی نەنکت چۆن بوو؟

–باشە.. وەرە دڕوم بۆ هێناوی؟ دڕووی حەزرەتی ئەشك.

ـ دڕوو؟ بۆچی؟

ـ تا بیخۆیت، دوایی هەرچیت بوێ دەستت دەکەوێت

چوو بوو بۆ ئاوایی، تا دڕووی حەزرەتی ئەشك بێنێ ، تا لە حەزرەتی ئەشك بپاڕێتەوە کە کەنیزۆ ((لەم ژیانە ڕزگار بکات.))

تەنگی خۆراوا بوو وئیمامزادە چۆڵ. دایکی مۆمی هەڵدایسان و وێردی دەخوێند:((دایکە چی دەخوێنی؟))

ـ دوعای خێر بۆ هەموو بەشەر دەکەم.

ـ بۆ هەمووان؟

. بەڵێ، بۆ هەموو بەندەکانی خوا.

ـ باشە گوناح نییە؟

ـ کچەکەم دوعاکردن گوناح نییە.

ـ کەواتە مۆمێك بدە بە منیش

ـ وەرە ، کاتێ مۆمەکەت هەڵایساند، سڵاوات لێبدە

دایکی بە کەیف و بە دەماغ بوو.

- تۆ چی دەخوێنی ؟

- دوعا

- بۆچی؟

- کە لەم ژیانە رزگاری بکات

- کێ؟

- ئەو...

- دایکە دنیا پڕە لە هەژاران و برسی و دوعا بۆ ئەوانە بکە

- مامۆستا خانم دەڵێت، ئەویش موحتاجە، وەکو گەدا

کەنیزۆ کەوتبوو، چاوەکانی مەزڵووم و بە گلەیی، مریەمیان عەزاب دەدا.

- چ کارێك بکەم؟ هیچ... هیچ کارێك،کاشکێ چاویان دەبەست...نە، دایکە پێدەزانێت،ئەگەر هەر کارێك بکەم پێدەزانێ و دێت بۆ قوتابخانە و بە هەمووان دەڵێت، تۆش ئەوەندە تەماشا مەکە.. ئێستا کەناسەکە دەتبات، کۆت دەکاتەوەو دەڕۆی.. ئەویش مەستە... خۆت گوتت.. گوتت خەڵکی مەست ئاگای لە خۆی نییە، هەرکارێك دەکات...هەر کارێك...

کەنیزۆ بە ڕووت و قووتی هاتبووە کوڵان و هاواری دەکرد: ( تفبارانم دەکەن، نەعلەتم دەکەن، مەگەر گلاراومە کە دۆزەخ بۆ خۆم بکڕم؟ خەتای من نییە، چاوەکەم دەزانێ.... مامۆستاکەی دەزانێ... ها ...تەماشاکەن... بەخۆڕایی تەماشا بکەن... ئیدی هیچم نەماوە... تەماشا بکەن.. سەرۆکی پۆلیس دەهات... فەرمانڕەوای شار دەهات... پیرولاو دێن...پاشان تف دەکەن.. تف لە تەرح ودیدارتان..ڕەزاتان خواتەوە.. تف لە سەرتاپاتان.. تف لە باب و باپیرتان.))

پاسەوانێك، کەنیزۆی بێدەنگ کردبوو.

- سوپاس بۆ خوا حەپسیان کرد، گۆڕی گومە.

- دایکە، لەوێ چی لێدەکەن؟

- لەوێ دەبێ بە بەشەر، هەر کێیەك بچێ بۆ ئەوێ دەبێ بە بنیادەم.

- بەڵام مامۆستا خانم دەڵێت فایدەی نییە.

- چی فایدەی نییە؟

- کە حەپسی بکەن.

- ئەدی بیخەنە سەر سەریان و بیگێڕن؟

- نە، دەڵێت، بەو جۆرە عیبرەت وەرناگرێت.

- ئەدی چۆن عیبرەت وەردەگرێت؟

- دەڵێت کە گەورەبووم تێدەگەم، دەڵێت کتێبی زۆر بخوێنمەوە تێدەگەم.

- دەی... ئەمەش بۆ مامۆستای ئەمساڵت... دایکە ئەمانە دەبێ بستوێنن.

زەوی لە گەرما هالاوی لێهەڵدەستا. ئاپۆڕاکە بە دەم چاوەڕوانیەوە هەناسەیان دەدا. کەناسی گەڕەك عەرەبانەکەی هێنابووە نزیکی جەنازەکەی کەنیزۆ. دەنگی بانگ لە منارەی مزگەوتەکەوە بەرز دەبووەوە.

- چن باخۆم بیخەمە عەرەبانەکەوە.

– تۆ خوا خوات بێ بتوانی خۆت بە پێوە بگریت.

کابرای مەست، ڕووبە ڕووی کابرای کەناس(کۆچەماڵ) ڕاوەستا. دەستەکانی نانە کەمەری و گوتی: ((چۆن؟ نا... ناتوانم.،...هەڵیگرم؟ ... بە زیندوویەتی ..سەد جارم باوەش کردووە، بە زیندوویێتی زۆر قورس بوو، گوایە ئیستا نایتوانم ؟))

- لاکەوە بابە، بڕۆ بەکاری خۆتەوە.

- ناڕۆم

- شەیتان بە نەعلەت بی ها.. بڕۆ بەکاری خۆتەوە.

- ناڕۆم ...ئەمە ڕەفیقی خۆم بووە.

- باش بوو رەفیقت بووە دەنا...

- دەنا چی؟

کابرا یەخەی کەناسەکەی گرت. بەخورتی خوی بەپێوە دەگرت.

- بابە ڕەفیقی هەمووان بووە، واز بێنە.

- ئاخری لە سەر جەنازەکەی دەبێ بەشەڕ.

- شوومی مردووەکەیە، هەڵیگرن.

- نەتگوت، ئەگینا چی؟ها؟ چ... دەڵێی... تۆ قەت بوتڵێك ئارەقت بۆ کڕیوە؟ ها؟ یەك بنە پێکت داوەتیٚ؟

- ها... نامەردینە...هەموو، هەمووتان نامەردن.

کابرا، بەدەنگی بەرزی بەرز دەگریا. هەورێکی سپی بەری ئاسمانی گرتبوو. کسۆکان لەسەر پارچە ئێسکێك بەیەکدا هەڵدەگژان. دەنگی بانگ لەمنارەی مزگەوتەوە دەهات.

- بە قوربانی بانگ بم، بەساقەی بانگ بم.

مریەم تازە لە ئاواییەوە هاتبووەوە.

دایکی شادو شەنگوڵ بوو و پێدەکەنی: ((سوپاس بۆ خوا ئاخیری گۆڕی گوم کردو ڕۆیی.))

- کێ ڕۆیی دایکە؟

- ئەو ژنۆکەیە ئیدی...

- لێر ڕۆییوە؟

- ئەرێ، بابت دەڵێت لەگەڵ یەکێك لە دۆستەکانیا ڕۆیوە، سوپاس بۆ خوا، کۆڵانەکە بۆنی ئەوی گرتبوو.

مریەم چووە سەربان و ڕوانییە ناو حەوشەکە، چاوی بۆ کەنیزۆ گێڕا، حەوشە چۆڵەکە، دڵی دەگوشی. ئاوایی بە بێ ئاسکەکەی دایە گەورە!گریان ئەوکی گرت.. ئیدی بۆنی خۆش لە کۆڵانەکە نەدەهات و ئیدی کەس نەبوو بە ترسەوە سەیری دەوروبەری خۆی بکات، دەستێك بەسەریا بێنێ و بڵێ: ((حاڵی ئاسکەکەی دایە گەورەت چۆنە؟))

یا کاتێ ڕووی مریەم لە بۆنی دەمی گرژ دەبوو، سەر بلەقێنێ و بڵێت: ((دوعابکە خوا من لەم ژیانە رزگار بکات.))

- دایکە بڕۆین بۆ جفرە؟

- چ کارمان لە جفرەیە؟

- دەمەوێت ئاسکەکەی دایە گەورە بدینم.

- ئەدی تۆ هەیینی لەوێ نەبووی.

- دەڵێم، نابێ ئاسکەکە بە یەکجاری بۆ ئێرە بێنین.
- نە دایەگەورە دڵی دەگیرێت، نایەڵێ.
بەرانبەر بە ئاسکەکەی دایە گەورە دادەنیشت و دەیڕوانیە چاوەکانی کە وەکو چاوانی کەنیزۆ مەزڵوم و خەمناک بوون.
- دایکە چارەنووس مانای چییە؟
- یانی ئاخرو ئاقیبەت، لە نێو چەوان نووسراو.
- ئاخرو ئاقیبەت؟
- بەڵێ، ئەدی نەتبیستووە دەڵێن، هەرکەسەو چارەنووسێکی هەیە، یەکێ باش، یەکێ خراپ، هەرکەسەو قیسمەت و نەسیبی خۆی .
دایکی ئاخێکی بەدەنگەوەی هەڵکێشابوو گوتبووی: " هێی دنیا.. ئەگەر هەرکەسەو چارەنووسی بەدەست خۆی دەبوو؟.. هێی "
- ئەدی بە دەست خۆی نییە؟
- نە هەرکەسێك دێتە دنیایە، لە هەوەڵەوە هەمووشتێکی لە چارەنووسراوە، بۆی دیاریکراوە، مەعلومی مەعلومە، تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت.
–مامۆستا خانم، دەڵێت ئامانە چارەنووسێکی خەمناکیان هەیە.
- کیهان؟
- ئەو کەسانەی کە وەکو ئەون ..ئەو...
- دایە ئەو تەواو ڕۆیی، تۆش خەریکە گەورە دەبیت، ئەوەندە باسی ئەو مەکە. ئەگەر خەڵکی بزانن عەیب وئیراد دەگرن. ئەو ژنێکی خراپ بوو، خوا بیبەخشێت.
- بەدەستی خۆی نەبووە.
- چی؟
- چارەنووچارەنووسی...
بەردێك چزەی لە گوزینگی پێی مریەم هەستاند. تەماشای کرد. کوڕێك بە تیروکەوان نیشانەی لەو گرتبووەوە. کابرای مەست دەڕشایەوە، کەنیزۆیان نابووە ناو عەرەبانەکە. کابرای کەناس دەسکی عەرەبانەکەی توند گرتبوو، ژمارەیەك بە دوودڵی وەستابوون: "چارشێوەکەی، چارشێوەکەی بدەن بە سەریدا."
- تەڕە.
- دەترسیت سەرمای بێت
- ئەمەش ناکەی، بڕۆ لەولاوە بڕشێوە.
- نوێژی نیوەڕۆش تێپەڕیوە. بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان
مریەم دڵی نەدەهات بڕوات. وەکو ئەوەی شوێنێك ئاگری گرتبێ و ئینسان تەنیای تەماشا بکات و هیچ کارێکی لەدەست نەیەت . درەنگ بوو و دایکی نیگەران دەبوو.
- تا ئیستا لە کوێ بوویت؟
- چووبووم بۆ کتێبفرۆشی

درۆی کردبوو، دەگەڵ لێدانی زەنگی قوتابخانەدا لە قوتابخانە وەدەرکەوتبوو و ئەوی بینی بوو کە لارە لار بەرەو ئەم غل دەبووەوە. کەنیزۆ بوو بوو بە چیلکەو لە تۆ وایە شنە بایەك هەڵیدەگرێت و لێك دەترازێت و دەفەوتێ. داتەپی بوو و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، چاوە مەڕییە خەمبارەکانی دەتگوت گەورەتر بوو بوون.

- چاوم ، چاوم، چاو ڕەش

- ئەمە ..تۆ.. تۆیت؟

ئەرێ ،کەنیزت.

- بۆ کو...کوێ ڕۆیی بوویت؟ ... ئەم ماوەیە؟ چوو بوویت شوو بکەیت؟

- بەڵێ، بەڵام ڕێنەکەوت کە شوو بکەم

- بۆچی؟ تۆ ... تۆ حاڵت باش نییە.

کەنیزۆ مەست بوو و وشەکانی درێژ دەکردەوە... دەستی لە ملی مریەم وەرینابوو، ماچی دەکرد. مریەم بە ترسەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد.

- یەك هەفتەیە دێمە سەر... ڕێگەت ...دیار نەبوویت چاوم.. تەنیا تۆ باشیت..تۆو مامۆستاکەت.. دەبینی هەموو پشتیان تێکردوم و ڕۆیشتن. گوتی خراپی... خراپ. کۆمەڵگە خراپە چاوەکەم مەگەر نا؟ مامۆستا خانمەکەت ڕاست دەکات، خراپە ...خراپ."

کەنیزۆ ئیدی بۆنە خۆشکەی جارانی لێنەدەهات. دەم و زاری هەمیشە هەمان بۆنی لێدەهات کە مریەم هەندێ شەو لە زاری بابیەوە بۆنی دەکرد. کەنیزۆ گەڕابووەوە، بەڵام بە جۆرێ کە وەك ئەوەی ئاسکەکەی دایە گەورە بێت و هێندە برسی کرابێ و هێندە دارکاری کرابێت کە هەموو پەراسووەکانی دەرکەوتبن

- بۆنی کردووە، هەرچییەك بێ جەنازەیەکە، لاکەون.

دەنگی کەناسەکەی گەڕەك بوو، کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو و بە تۆی کراسێکی ئارەقاوی دەسکی عەرەبانەکەی با دەدا، کە ڕێگا بکاتەوە. چارشێوەکەی کەنیزۆ بە دەست خەڵکەکەوە تۆپەڵ ببوو ولەم سەری ئاپۆڕاکەوە بۆ ئەو سەری ئاپۆڕاکە هەڵدەدرا . هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو. مریەم بینی کە کابرای مەست دەیەوێ کەنیزۆ لە گالیسکەکە دەربێنێت.

گوێی لە دەنگی خۆی بوو کە دڕی بە دەنگی دەریاکە داو لە تەختی سینەی خەڵکەکەدا گیرسایەوە: "نەکەی بێ شەرەف"

دەنگی گریانەکەی، کابرای دایە دواوە.

- با بە بەسە ئیدی دەڵێی تەنیا چاوەڕوانی مردنی ئەم بوون.

کەناسەکە سەری عەرەبانەکەی کردبووە جادە قیرەکەو خەریك بوو چەرخەکانی توند دەکردەوە. گریان و هەنسکی مریەم لە جۆش نەدەکەوت. حەشیمەتەکە لەبەرچاویدا وەکو گەردەلوول دەخولایەوە. دەنگەکان دوور دووتر دەبوونەوە: " جەوان تەنیا دوو تمەن، تەنیا دوو تمەن."

کەنیزۆ دوای پیاوان دەکەوت و دەپاڕایەوە، کە ماندوو دەبوو بە نێو زبڵدانەکاندا دەگەڕا، بۆتڵە خاڵیەکانی کۆدەکردەوەو بە ئومێدی قەترەیەك، دڵۆپێك، یەك یەك بەسەریەوە دەنان. ئیدی هیچ کەسێك دووی کەنیزۆ نەدەکەوت، جگە لەو کوڵبەرانەی کە ئێواران جەستەی شەکەت و ماندووی خۆیان بەرەو کاروانسەرا وێران بووەکەی پشت شار بکێش دەکرد.

- کەنیزو لەنێو زبڵدانان مەگەڕێ.

- چاوەکەم پارەکانم دەخۆن.

–کیهان؟

- حەماڵەکان

هەندێ شەو دەنگی ناڵە و تووکی کەنیزۆ لە مەیدانەکە دەبیسترا.

- خێر لە جەوانی خۆتان نەبینن.. ئیلاهی زەلیل و داماو بن..وەناق بگرن.. پارەکانم بدەنەوە.. ئای ئای مردم.

ودەنگی پێکەنینی حەماڵەکان تاریکی شەوەکەی دەبڕی.

- کەنیز وەرە ئەم پارانەم بۆتۆ هێناوە

پارەکان دەژمێرێت.

- باشە.. ئەمە پێنج .. ئەمە شەش... ئەمە هەمووی خوردەیە، لەکوێت هێناوە؟

- دەغیلەکەم شکاندووە. تۆ ئیدی پارە لەکەس وەرمەگرە، هەموو مانگێك پارەکانم کۆ دەکەمەوەو دەیدەم بە تۆ .

- باشە، باشە چاوم

مریەم دەچووە سەربان و کەنیزۆی دەبینی کە مەسینە بەدەست دانیشتووەو جگەرەیەکی بە لالێوەوەیەو چاوی لە دەرگای ژوورێك بوو کە ژن و پیاوێکی تێ چوو بوون. پیاوەکە کە دەهاتە دەرەوە کەنیزۆ مەسینەکەی پڕ دەکرد و دەیدایە دەستی.

بەردێك وە پێی مریەم کەوت. تەماشای کرد. کەناسەکە عەرەبانەکەی ڕادەکێشا و دەڕۆیی. حەشیمەتەکە وەکو مێگەلە پەز بە دووی عەرەبانەکەدا دەڕۆیشتن. پێلاوە پاژنە بەرزەکانی کەنیزۆ بەر قەراخی عەرەبانەکە دەکەوتن وتەقە تەقیان لێ بەرز دەبووەوە. منداڵان بەردەفڕکێیان دەکرد. عەرەبانەکە دوور دەکەوتەوە. دەنگی دەریا دەهات و مەلێن دەریایی دەیان قیژاند. دەنگی تەقە تەقی قۆندەرەکانی کەنیزۆ لەوسەری شەقامەکەوە دەهات لەگەڵ دەنگی خۆیدا کە دەپاڕایەوە: "جەوان تەنیا دوو تمەن ، تەنیا دوو تمەن"

١٩٨٥

سەرچاوە:

*داستان نویسان معاصر ایران/گزیدەو نقد هفتاد سال داستان نویسی معاصر ایران/انتشارات هیرمند/ تهران– چاپ اول ١٣٨٣(٢٠٠٤)*

## سیمین دانشور

## ١٩٢٢-؟

سیمینی دانشوەر دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەمەیە کە یەکەمین نووسەری جدی ژنە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمەدا و دووەمیان یەکەمین ئافرەتە کە دکتۆرای لە ئەدەبیاتی فارسیدا وەرگرتووەو لە جیاتی لێکۆڵینەوەو باس و ساغکردنەوەی دەستنووسان، ڕوودەکاتە چیرۆکنووسی و لە جیاتی ئەوەی لە بەرهەمێن خەڵکان بکۆڵێتەوە، بە خۆی بەرهەم دەخوڵقێنێ تا خەڵکان بێن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، لێرەدا نووسەرێك سەر هەڵدەدات کە ژنەو دەربارەی ژنان دەنووسێت و ئەمە لە قۆناغێکدا بوو کە ئەدەبیاتی ئێمە، ئەدەبیاتی پیاوانە بوو.

سیمینی دانشوەر لە ساڵی ١٣٠١ لە ماڵباتێکی خوێنەوار لە شیراز هاتە دنیاوە، پاشان تاوەرگرتنی دکتۆرا لەسەر خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی بەردەوام بوو و ساڵانێك کەوتە گوتنەوەی مێژووی هونەر لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگەی تاران. یەکەمین کۆ چیرۆکی خۆی لە ژێر سەرناڤی ئاگری خامۆش لە ساڵی ١٩٤٨ دا بڵاوکردەوە. نووسەر لەم چیرۆکانەدا بەشێوەیەکی گشتی هەستێن ژنانە و کچانە وێنە دەگرێت . ئەم بەرهەمە، کە لە ڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازە، تەنیا لە بەر ئەوەی نووسەرەکەی ژن بووە، بۆیە بە ڕووداوێکی ئەدەبی حیساب کراوە. بە هەرحاڵ ئیستا کە ساڵانێکی زۆر بەسەر بڵاوبوونەوەیدا دەبوورێت ، دەکرێت هەوێنی نووسەری ئایندەی تیادا بەدی بکرێت . لە ساڵی ١٩٦١ دا دووەمین کۆ چیرۆکی بە ناونیشانی (شارێك وەکو بەهەشت)ی بڵاوکردەوە، هەرچەندە ئەم کتێبە لە چاو یەکەمین بەرهەمی دانشوەردا پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە دیتوە و ئەوە دەردەخات کە دانشوەر لە سنعەت و هونەری چیرۆکدا هەندێك شت فێربووەو چەند هەنگاوێکی ناوە، بەڵام پێتیڤیە ئەوەش بگوترێ کە (شارێکی وەکو بەهەشت)هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەدەبیەت.

بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (سوشون) خاڵی وەرچەرخانە لە ژیانی دانشوەردا. ئەم ڕۆمانە کە زۆر زوو شۆرەتێکی شایستەی پەیدا کردو بۆ سەر زمانانی جۆراوجۆر پاچڤەکرا، نیشانەی گۆڕانێکی قووڵیشە لە ژیانی هونەری دانشوەردا. دیدی عاتیفی چیرۆکەکانی دوو کۆمەڵە چیرۆکەکەی پێشوو، جێگا بۆ دیدو بۆچوونی پوختەو ئامانجدار چۆڵ دەکات. لەلایەکی دیکەوە زمانەکەشی پوختەیی و سفتی ویەکدەستییەکی ئاشکرا دەنوێنێ کە لە ڕۆمانی فارسیدا تا زەمانی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە کەم وێنەیە. زەری، چەق و کۆڵەکەی ئەم ڕۆمانە ، ژنێکە کە یەك سەرو گەردن لە ژنانی دیکەی چیرۆکەکانی دانشوەر باڵاترە و کاتێ کە ڕووبەڕووی مەرگی یوسفی مێردی دەبێتەوە، دەگۆڕێت بۆ ئەو کۆڵەکەیەی کە دەبێ ژیان ڕابگرێت. ئەم ڕۆمانە شەقڵ و مۆرکێکی ڕەمزی هەیەو زیاتر حاڵ و ڕۆژی سەردەمانێك دەگێڕێتەوە کە نووسەر تێیدا ژیاوەو دەتوانرێ بگوترێ لە پشت سیمای یوسفەوە، کەسایەتی جالال ئال ئەحمەد دەبینرێت . شوێنی چیرۆکەکە پارێزگای فارس و کاتی چیرۆکەکە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانە. بە هەرحاڵ دەشێت ئەم زەمان و کاتە زاهیرییە لابرێت و بابەتی ڕۆمانەکە بۆ زەمانانی دیکەش درێژ بکرێتەوە. خەبات و تێکۆشان بە ڕەهەندو لایەنە جۆراوجۆرە دەستەبەندییە جیاوازەکانیەوە بەجۆرێ وەسف دەکرێت کە تەنیا لە قاڵبی شوێن و کاتێکی دیاریکراودا قەتیس نامێنێ و تەنانەت دەکرێت لە ساڵانی ئاخرو ئۆخری دەیەی چلیش دا مامەڵی لەتەکدا بکرێت.

ئەوەی لەم ڕۆمانەوە دەبینرێ، ئەمەیە کە لەگەڵ جەنگی گەورەی جیهانیدا، ئیدی ژیانی ئاسایی کۆن و باو بەسەر چووەو هەلومەرجێك هاتووەتە پێشێ کە ژیانی کۆمەڵایەتی و چڤاکی ئێمە تەنانەت لە شێوەو چوارچێوە بچووکە خانەوادەییەکەشدا بونیادی خۆی لە دەست داوە.

دانشوەر لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆ چیرۆکێکی دیکەی بە ناونیشانی سڵاو لە کێ بکەم بڵاوکردەوە . هەندێ لەم چیرۆکانە پێشتر لە بڵاوکراوەێن جۆراوجۆردا بڵاوببوونەوە. ئەم چیرۆکانە شێوەی یەکجۆرو هاماج و فەزای یەکسانیان نییە، هەندێکیان لە ئاستێکی نزمتری رۆمانی سوشون دا بوون، بەڵام هەندێکی دیکەیان، بەتایبەتی چیرۆکی سڵاو لە کێ بکەم، یان چیرۆکی (سوترا) لە نموونە هەرە باشەکانی چیرۆکی ئێمەن.

دانشوەر دوای چەندین ساڵ لە بێدەنگی، لە زستانی ١٩٩٣دا بەرگی یەکەمی ڕۆمانی دوڕگەی سەرگەردانی بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانە بە جۆرێکە کە ناشێت بە شایستەی ناوی دانشوەر وەکو نووسەری سوشون دابنرێت . بەڵام وێڕای ئەمەش دەبێ دوا هەڵسەنگاندنی ئەم بەرهەمە بەو کاتە بسپێردرێت کە بەرگەکانی دیکەی بڵاودەبێتەوە.

زمانی دانشوەر، لە باشترین نموونەی چالاکی ئەدەبی ئەودا، واتە لە سوشون دا زمانێکی پوختە، ڕەوان، عاتیفی و ڕەوانە. تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە حاڵەتی ڕەمزی وەردەگرێت، ئەمەی کە زەینی خوێنەر بە خۆیەوە مژوول دەکات ئاڵۆزی وگونگی زمانەکەی نییە، بەڵکو ڕەمزیەتی ناوەڕۆك و تێمەی ڕۆمانەکەیە.

## ١٤- سڵاو لە کێ بکەم؟

" بەڕاستی کێ ماوە سڵاوی لێبکەم؟ بەڕێوەبەرخانم مردووە، حاجی ئیسماعیل دیاری نەماوە، تاقە کچەکەم بەنسیبی گورگی بیابان بووە. پشیلەکە مرد، مەقاش کەوت بەسەر جوڵاتەنەکەدا و ئەویش مردوو، مەگەر خوا بزانێ چ بەفرێکی لەسەر کەڵەکە بووە، هەر جارێ کە بەفر دەبارێ، بە جۆرێ سەرو دڵم دەگیرێت کە دەمەوێ سەر بە دیواردا بکێشم. دکتۆری بیمە گوتی: هەر کاتێ دڵت گیرا، هەستەو بڕۆ بۆ دەرەوە، گوتی، هەرکاتێ دڵت تەنگ بوو و کەسێك نەبوو کە دەردەڵی بۆ بکەی، بە دەنگی بەرز دەگەڵ خۆتا قسە بکە، یانی خودی بەشەرەکە ببێت بە بووکەڵەی بەردی سەبری خۆی- گوتی بچۆ ئەو دەشت و دەرەو هاواربکە، هەر کە سێکت بە دڵ نەبوو جنێو بارانی بکە... چ بەفرێك دەبارێت، لە هەوەڵەوە لوولی خواردو بڵاودەبووەوە، ئێستا ورد ورد دەبارێت، بە جۆرێ گڕوی بەستووەتەوە، لەوە ناچێ بەم زوانە خۆش بکاتەوە، لە هەوەڵی چلەی گەورەوە خۆشی نەکردووەتەوە..."

بەفری پێشوو، لە ئەرزەکەدا بەستبووی و خەڵکی بەفری سەربانەکانیان جگە لە کوچەو کۆڵانەکان بڕێژنە کوێ؟ هاتوچۆ، مەگەر لە دەست پاڵەوانان و گەنجانی وەرزشوان و منداڵانی لاسار بهاتبایە کە قوتابخانەکانیان داخستبوون. ئەگەر نەباریبا، ئەوا دەبوو بە گرانی و قاتوقڕی و باسی جیرە بەندی و کۆبوونی ئاوو کارەبایان دەکرد، ئەگەر باریبا ئەوا ژیان و قوتابخانەکان دەوەستا. دوێشەو کارەبای شەقامی عەلایی کوژایەوەو کەوکەب سوڵتان، لە ژێر کورسیدا دانیشتبوو و چاوی بڕی بووە تاریکییەکەو بێتاقەت بوو دڵی هەڵشێوا بە جۆرێ دڵی هەڵشێوا، لە تۆ وایە جلوبەرگیان لە دڵیا دەشت. هەستی کرد ئەگەر لە ژوورەکەو لەو تاریکیە نەیەتە دەرێ شێت دەبێت. هەستا بە کوێرە کوێرو پێ خشکێ هاتە خوارەوەو بەو سەرماو تاریکییە چوو لەبەر دەرگایماڵەوە وەستا. کزیەکی ساردی دەهات و منداڵی دراوسێکەیان دەگریا. پێرێ شەو بەلوعەی ئاوەکەیان تەقی بوو، سێ دانە ڕۆژ دەبوو کە کەناس خۆڵ و خاشاکیان نەبردبوون.

کەوکەب سوڵتان کارمەندی خانەنشینی وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە بوو، ئەوەندەی خۆڵ و زبڵ نەبوو کە کەسێك بۆی فڕێ بدات. تەقینی بۆری ئاوەکەش، هیچ زەرەرێکی لە ماڵ و حاڵ و شت و مەکەکانی ئەو نەدابوو. ژووەکەی ئەو لە قاتی سەرەوە بوو و دراوسێی ئاغای پەنیر پور بوو کە دوو ژووری گەورەو مەتبەخ و تەوالێتێکی دە ئیختیاردا بوو و سێ کیژی عازەب و ژنێکی لەندەهۆریشی هەبوو. دەرو دراوسێ ناویان نابوو پەنیر پور، چونکە لەسەری کۆڵانەکەدا شیرەمەنی دەفرۆشت و قەرزی بە هیچ کەسێك نەدەدا، تەنانەت بە تۆش، دەنا ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاغای شەریعەت پوری یەزدانی بوو. کەوکەب سوڵتان بۆ دەستنوێژ و تارات گرتن دەچووە خوارەوە، ئاویشی لە شێرەی موبەقەکەی خوارەوە دەبرد. کاری موبەق و چێشتلێنانی زۆر نەبوو. ژوورەکەشی زۆر بچووك بوو، ناوماڵێکی ئەوتۆشی نەبوو، دارو نەداری خۆی کردبوو بە جیازی و بۆ ماڵی زاواکەی ناردبوو .

کەوکەب سوڵتان، لە ژێر کورسیەکە وەدەرکەوت ،لەبەر پەنجەرەکەدا وەستاو کەوتە تەماشای بەفرەکە. چ زوو سەربانەکان سپی سپی بوو بوون و بەفر نیشتبووە سەردارکاژەکانی ماڵە دراوسێکان. شووشە سەهۆڵ بە شێروانیەکەی ئەوبەرەوە شۆڕ بوو بووەوە، دوێنێ و پێرێش ئەم شووشە سەهۆڵ و چلورانە هەر هەبوون، لە هەوەڵەوە کەوانەیی بوو، چەند دڵی تەنگ بوو، لەدوێشەوەوە تا ئێستا هەموو هۆش وگۆشی لای حاجی ئیسماعیل بوو.

" چ ئاشقێنیەکمان پێکەوە کرد، حەیفێ کە زوو تێپەڕی. هاوینان خانم بەڕێوەبەر دەچوو بۆ ئەوین، حاجی ئیسماعیل حەمامی ماڵەوەی دادەخست، دەیبردمە حەمامەکەوە، پاك دەیشتم، لفکەی لێدەدەم، ختوکەی دەدام،

پێدەکەنین بە قوربان و سەدەقەی یەکدی دەبووین، قسەی ئاشقانەمان بۆ یەکدی دەکرد و ئێستا بۆ دەرزیەك داماوم کە درکێکی پیێ لەپیێ دەربێنم ."

" لەسەر تەختەکەی خانم بەڕێوەبەر، لە ناوەڕاستی حەوشەدا قالیچەمان ڕادەخست و دادەنیشتین و گویێ بە گوێی یەکدی تلیاکمان دەکێشا، ئارەقمان دەخواردەوە تا کەیل دەبووین، لوول دەبووین، ئیدی لە ناو پەردە کوللەکەی بەڕێوەبەر خانم، بەڕووت و قوتی پێکەوە دەنوستین. فێری خوێندەواری کرد بووم. ئەمیر ئەرسەلانم بۆ دەخوێندەوە. پێنج کەڕەتان ئەمیر ئەرسەلانمان خوێندەوە. سیێ کەڕەت شەمسی قەهقەهە، دوو چەل ماچی عەزرا، بەڕێوەبەر خانم یەك دنیا کتێبی هەبوو، دەرمان دێنان و پاشان لە جێی خۆیان دامان دەنانەوە. حاجی ئیسماعیل فەڕاشی قوتابخانە بوو ومن لە ماڵی مدیر خانم خزمەتی ئەوم دەکرد. فەقیرە هیچ کارێکی نەبوو، هەنارم دەوەراند و سەعات دە بۆم دەبرد بۆ قوتابخانە، ئەگەر هەنار نەبوایە شەربەتم دەبرد، نیوەڕۆژم لێدەنا، شەوان شێوی نەدەخوارد، پەرداخێك شیری دەخواردەوەو دەخەوت. خودایا هەر فەند و فێڵێك لەم شارەدا هەبوو تاقیمان کردەوە، هەر شانۆو فیلم و سینەمایەك هەبوو چووین، دزی بەغدا ، هنسای عەرەب، نهێنییەکانی نیویورك، ئارشین پڕاوپڕ، هەر یەکێك لەو فیلمانەمان چوار پێنج جار بینی، پارەکانمان بەرەکەتی هەبوو، بەڕێوەبەر خانم مووچەی منی دەداو حاجی ئیسماعیل موچەخۆری وەزارەتخانە بوو."

"دکتۆری بیمە خۆی گوتی لەگەڵ خۆتا قسە بکە، هەرچی خۆشییەك یا ناخۆشییەك لە دڵتا بوو، هەڵیڕێژە، لە دڵی خۆتا مەیهێڵەوە.."

"چوینە کەربەلا، تۆبەمان کرد، لە ئیمام حوسێن پاڕاینەوە کە منداڵمان بداتیێ، خودا ڕوبابەی داینیێ. ساڵی دوای ئەوەبوو کە حاجی ئیسماعیل بەیانی بۆ سەر کار چوو و ئیدی بۆ ئێوارەکەی نەگەڕایەوە. ئەو پیاوە زل و زەلامە گوم بوو و گوم بوو. بەڕێوەبەر خانم، ئەمن و ئاسایش و پۆلیس نەما بە دووی حاجی ئیسماعیلدا نەگەڕێت ، منیش ڕوبابەم دەکردە باوەش و لەم دایەرەوە بۆ ئەو دایەرە دەڕۆیشتم، ئیدی حاجی ئیسماعیل وەکو ئەوەی قەتاو قەت بەسەر دنیاوە نەبوویێ، دیار نەماو نەما. ڕوبابەم دەخەواندو بەتاقی تەنیا دادەنیشتمە سەر تلیاك کێشان. پشیلەکەی بەڕێوەربەر خانمم فێرە تلیاك کردبوو، ئالوودە بوو بوو، هەر کە بۆنی تلیاك بەرز دەبووەوە، دەهات لەلامەوە هەڵدەتووتاو چاوانی دەنوقاند و دەکەوتە پرخاندن. فوویەکم بەسەریا دەکرد، کێشمانی خۆی دەدا. پشیلەکە بە مەرگی ئاسایی مرد. پاشان جۆڵاتەنەکەم ئالوودە کرد. لە سووچێکی ژوورەکەدا داوی تەنی بوو، کە بۆنی تلیاك بڵاودەبووەوە، دەهاتە خوارەوە و بەلای مەقەڵیەکەوە جۆلانەی دەکرد. مقاشەکە کەوت بە سەریا .جۆڵا تەنەکەش مرد."

" بەڕێوەبەر خانم، عەرزوحاڵی نووسی و منی لە جیاتی حاجی ئیسماعیل لە قوتابخانەکەی خۆی کرد بە فەڕاش و تا ئەوکاتەی کە مرد منی لە ماڵەکەی خۆیدا ڕاگرت. خوا لێی خۆش بێت هەموو جارێك دەیگوت: کارەکەت زۆر بووە، بووە بە دوو بەرانبەر، بەڵام باشتر ئەم تەمەنە دووورودرێژە بەبیێ دۆست، تەنیا بە کاری زۆر دەتوانی وتەحەمووڵی بکەیت. لە تلیاك کێشانەکەم بێزاربوو، ئەوەندی بەگوێما داو پێی گوتم و گوت تا تلیاکم لەبەرچاو کەوت، ئەمە جگە لەوەی کە هێندەم کار هەبوو نەمدەپرژایە سەر تلیاك کێشان. لەماڵەوە کارەکانی بەڕێوەبەر خانم دەکرد و لە قوتابخانەش گسکم دەدا، کاری پاك و خاوێنیم دەکرد، ئاودەست و تەوالێتەکانم دەشت، کارنامە و کارتی کیژەکانم بۆ ماڵیان دەبردەوەو بەخشش و مژدانەیان دەدامیێ. لە نەورۆز و جەژن و بۆنەکاندا گوڵی لادەنم لە گوڵدانی سواڵەتدا دەڕواندا، لە گۆزەدا گەنم سەوز دەکرد، نیسکم دەڕواند و لە ژوورەکەی بەڕێوەبەر خانمم دادەنا یا بۆ ماڵی مامۆستا خانمەکانم دەبرد...ئیدی لە دە تمەنەوە تا دوو تمەن بەخشیشم

وەردەگرت، هەموو ئەم کارانەم بۆیە دەکرد تا ڕووبابە عەزرەتی و حەسرەت لە دڵ نەبێت. تاخوێندنی ئامادەییشی تەواوکرد جلو بەرگی کیژە ئەشرافانم بۆ دەکرد. خۆ ئەگەر بەڕێوەبەرخانم نەمردبا بەشووم نە دەدا. بەڕێوەبەر خانم لەمن چوو، ئەو مردو من ئاوارە بووم. دوای هەژدە ساڵ خزمەت خانەنشینیان کردم، گوتیان تەمەنت زۆرە، ئیدی لە ماڵەکەی بەڕێوەبەر خانم وەدەریان نام. ناچاربووم کچەکە بدەمە دەم ئاگرەوە، بیدەم بەم بێ مروەتی بێکارەیە، لەمەحزەری ئاغای لاچینی کاردەکات و هێندە لووتی بەرزە ناز بە سەر ئەرزو ئاسماندا دەکات، خواش ناناسێت. چ بکەم کیژێ زۆر بەرچاوی بوو، وەکو کیژە دەوڵەمەندو ئەشرافان جلی لە بەردەکرد، هەموو هەفتەیەکیش دەچووە ئارایشتگە، هەڵبەتە بە مووچەی خانەنشینی ولە خانوی بەکرێدا، نە دەشیا ئەم هەموو ناماقوڵیانە بکرێت. لە زانکۆش وەرنەگیرا."

" دکتۆری بیمە گوتی بە ئارەزووی دڵی خۆت، کێت بەردەم کەوت بە دەنگی بەرز جنێوی بدەیە، تا دڵت فێنك ببێتەوە. منیش دەرمانی زمانم جنێوە. خوا خۆی دەزانێ من کەسێکی عەشقی و دڵتەڕبووم، حەزم لە جۆێبار و دارو درەخت و مانگی ئاسمان بوو، هیچ کەسێك نوێژو ڕۆژوو ودوعاو نزای فێر نەکردووم، کە لە کەربەلا بووم لە دوای حاجی ئیسماعیلەوە نوێژم دەخوێند،ئەو بە دەنگی بەرز دەیخوێند و منیش لە دڵی خۆمدا دەمگوتەوە، کە هاتنەوە بۆ تاران لە بیرم چووەوە لە بری ئەوە فێر بووم جنێو بدەم. جنێو بە گشت نامەردان و ناکەسانی ڕۆژگار دەدەم، تووك و نەفرین لە هەموو ئەو پیاوانەی کە پاشان بوون بە نامەرد بە هەموو ئەوکەسانەی کە پاشان بوون بە ناکەس، دەدەم. زۆر کەس بە کەسی مانەوەو لەسەر قسەی خۆ مانەوەو مردن زۆر کەس فەوت و فەنابوون ،خوا هەر هەموویان ببەخشێت.

بەڕێوەبەر خانم دەیگوت: "نەگبەتی ئێمە ئەمەیە، کە مەردان نامەرد دەکەین، دەیگوت خوێنی ئێمە لە دەمارە لولەییەکانمان دەمژن و بێ خۆین نامەردمان دەکەن."

" میرزا ڕەزا کرمانیان بۆ پرسەکە هێنا، لەم سەر تا ئەو سەر پیاو ماقوڵ و ئەشرافان دانیشتبوون، هەموو دەیانگوت "میرزا رەزا سڵاو بکە." دەیپرسی: "سڵاو لە کێ بکەم ؟"

بەڕێوەبەر خانم دەیگوت: "داپیرەی چووە بۆ لای عين الدوله لەچکەکەی لە سەری داکەندووەو کردوویەتێ سەر عين الدوله و لەژێر چەناگەی عين الدولەدا بەستویەتی ... حەزدەکەم بڕۆم هەرچی قوماش لە بەزازیەکاندا هەیە، هەر هەمووی بکڕم و بیکەم بە لەچك و لە سەر نامەردانی بکەم. هەرچی نووری دنیا هەیە بەسەر گۆڕەکەتدا ببارێت، ئەی بەڕێوەبەرخانم کە دەتگوت ژنان سەد شەرەفن... "

" با هەستم بڕۆم شیر بکڕم و شیر برنج دروست بکەم، نا محەلەبی دروست دەکەم . بەڵام بەم سەهۆڵبەندانە چۆن بڕۆم. ئەو پۆتینە ئەمریکاییەی کە تازە کڕیومە، بە پێم گەورەیە .ددانم دەزریکێنێ، گوێی ڕاستم هاوار دەکات، سەری ئەژنۆی ڕاستم دێشێت .لە دوێشەوەوە تا ئیستا یادی حاجی ئیسماعیل بەری نەداوم، سەرم و وڕەوڕ دەکات، بەڵام دەبێت بڕۆم ،ئەگەر بە تاقی تەنیا لەم ژوورەدا دابنیشم و لەگەڵ خۆمدا قسە بکەم، شێت دەبم، دیسان دەڵێی چنگیان ناوەتە دڵم. کاغەزی ڕۆژنامە لەپێمەوە دەپێچم، ئەو گۆرەوییە خورییەی کە خۆم چنیومە بەسەر کاغەزەکانەوە لەپێ دەکەم، ئیدی پۆتینەکە پڕ بە پێم دەبێت. ئەم چنینکاریە لەم دەوروزەمانەدا چەند بە کەڵکم هات، چەند باش بنیادەم لە فیکرو خەیاڵان دوور دەخاتەوە. تا ئیستا دە کراسی خوری منداڵانەم بۆ مەنسوورو مەسعوود چنیوە، چەند نەخشی جوانم تێکەڵکردن، بەڵام قەدەغەی کردوون کە چیتر دیاری لە من قەبووڵ نەکەن. هەنووکە هەرچی بیر دەکەمەوە نە کەسێکم هەیە بۆی بچنم، نە پارەکەم زیادی کردووە، هەموو شتێکیش گران بووە، سەری ناوە بە دۆزەخەوە، تەنیا گیانی ئادەمیزد هەرزانە."

" له یەکەم ڕۆژەوە گوتم کە لە هەموو دارای دنیادا، تەنیا ئەم منداڵەم هەیە، چ خودا بەرداره کە لە منداڵەکەمم دوور بخەنەوە، بەڵام ئەو سەگبابی ڕەزا قورسی درێژ داهۆڵە، هەر لە هەوەڵەوە نیازی شەڕی هەبوو، ئەگینا بۆچی چوو بۆ باخی سەباو لەوێندەر خانووی گرت، تا لە منەوە دووربن، پاشانیش هەر کە قسەیەکی هەقمان کرد، دەستی گرتم و لە ماڵی منداڵەم وەدەری نام. خۆم دەزانم چ دەکەم. دەچم لە خانم پەنیر پوورەوە نوێژی ڕیسوایی فێردەبم، دەرپێکەم دەکەمە سەرم و دەچمە سەربانی ئاودەستەکەو بە نیەتی زاوا ئاگرتیێ بەربووەکەم نوێژی ڕیسوایی دەخوێنم. تووک و نەفرەتی لێدەکەم. خانمی پەنیر پوور هەموو جۆره نوێژێك بەڵەده، ئەدی ئەو ڕۆژە خۆی لەسەربانەکە نەیگوت نوێژی ڕیسوایی بخوێنه؟

شەوی پێنج شەمموان ڕەوزەخوانی بۆ ئاغای ڕاشد دەگێڕن و دەنگی ڕادیۆکەشیان بەرزدەکەن تا دەرودراوسێش گوێیان تێوە بێ. حەزدەکەم گوێم لە ئاوازی قەمەرول ملوك وەزیری بێت. وەکو بولبول دەچریکێنیێ، بەڕێوەبەر خانم چەند بە کرەیەکی قەمەرول ملوکی هەبوو، نەمزانی بەنسیبی کێ بوو. هاوینان خوا عافوی کات دەچوو بۆ ئەوین قوتابخانەش داخرابوو .

حەوشەکەمان ئاوڕشێن دەکرد، ئەو گوڵە ئەتڵەسانەمان کە خۆمان ڕواندبوومان، ئاودەدا، لە ژێر داربەستی میوەکە دادەنیشتین، گرامافۆنەکەمان کۆك دەکرد و بەکرەی قەمرول مولکمان دەخستە سەری، بەکرەی زلی ئیقبال سوڵتان. شەربەتی لیمۆم دروست دەکرد و دەمدایە دەست حاجی ئیسماعیل، دەمگوت نۆشی گیانی بکە، ببیێ بە غەزو بەزی ناو شانت. دەیگوت، جاریێ خۆت بیخۆوه ...کە ڕوبابە بەسەر پێیەکەوە هاتبا مەنسوورو مەسعوودیشی دەگەڵێ خۆدا دێنان، چەند دڵم دەکرایەوە. بە مەسعوودم دەگوت: "مەسعوود مشك بتخوات.". گوتی: "مشك خۆت بخوات". لێی پاڕامەوە ماچێك بە داپیرەت بده، گوتی: " پاکەتێك بنێشتی کەڵەشێر نیشانم بۆ بکره تا ماچت بدەمیێ.)) گوتم: " هەی تولەبابی بنێشتی بیێ بنێشت– بەڕێوەبەر خانم ڕەقی لە جاجکە جوونی منداڵانە." دەیگوت ئەتواری ئەمریکاییەکانە. نوێژی ڕیسوایی دەبیێ لەسەربانی ئاودەست بخوێنن و دەبیێ هەتاو گزنگی دابیێ، دواییش دەبیێ نەحلەت لە یەزیدو معاویە بکەن. خانمی پەنیر پوور ئەمانەی گوت، پێش زستان هاتبوو، لە سەربان دانیشتبوو سەوزەی پاك دەکرد، هەتاوەکەی خۆش بوو، منیش چوو بووم جل هەڵخەم، ئەوەندە دڵم تەنگ بوو چووم سڵاوم لێکرد، ئەو ڕۆژە تەعاروفمان کرد، قسەی خۆشمان کرد، بۆم گێڕایەوە کە دنیام بە خۆشی گوزەراندووەو هەموو شتێکم تاقی کردووەتەوە، ئەوجا هاتمە سەر باسی زاواکەم کە چ داخێکی کردووەتە دڵمەوە. گوتی نوێژی ڕیسوایی بخوێنە تا خودا ڕیسوای بکات، دوای ئەو ڕۆژە نەمزانی بۆچی لووتی لیێ هەڵکردم. کە یەکدیمان دەبینی بە جۆریێ ڕووی وەردەگێڕا وەکو ئەوەی بە عەمراتی منی نەدیبیێ ، منیش ئیدی سڵاوم لێنەکرد. وێڕای ئەمەش دەڕۆم نوێژی ڕیسوایی لێوە فێردەبم. خۆزیا هەتاو بایەو سەربانی ئاودەستەکە بەفر نەبوایە. خوا لێفە شڕەکەی هەڵتەکاندووە و پەمووی لێفە گەورەکەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاوکردووەتەوەو هێشتا هەر خەریکە هەڵی دەڕژێت. ئەستەغفیروڵڵا، نەخێر کەللەم خراپە. نابم بە بەشەر، ژنیێ هێندەت کوفر کرد، تا ئەم هەموو بەڵایەت بەسەرهات."

" خۆ کفرمان نەکرد قسەیەکمان لەدەم دەرچوو و گوتمان بەم عەمرەوە بە تۆ دەڵێن پیاو، بە خۆت و برا نێره دیوەکانتەوە منداڵەکەتان کوشتم، ژنەی دوو گیان، لە سەر مانگی خۆیەتی، بەدەستێك قاپلەمەو منداڵەکەی هەڵگرتووە، بە دەستەکەی دیکەی مەسعوودی توتکە سەگی گرتووە، ئاخر جلی هەمووتان دەشوات، ئوتوی دەکات، نیوەڕۆژەو شێوتان بۆ لێدەنێت، دایکت هەر خەریکی تەزبیحات و ئەمرکردنە، براکانت دەڵێی

کارەکەریان بەگیر هێناوە، خۆت کە هیلاك و ماندوو لە مەحزەر دێیتەوە منداڵەکەم ئاوی گەرم دێنیٚ و پێت دەشوات، بەردە پیٚ لە مێخەکەکانی پێت دەخات. من ئەمەم ، کوێرایم دایە بە چاوی خۆم دیتووە.."

" کە بۆ ماڵیان دەچووم، بەوپەڕی پەشیمانی دەگەڕامەوە، هێندە ڕووی گرژ دەکرد و دایکی خوتەو بۆڵەی دنیای بەسەر خۆم و منداڵەکەمدا دەکرد، براکانی هێندەیان حیلەکە حیلك دەکرد، لە گیانی خۆم بێزار دەبووم، زۆر کەم بۆ ماڵیان دەچووم، عەسرانێك چووم بۆ بەر زاڕۆخانەکە تا مەسعوود بدینم، سەیرم کرد ڕووبابە بە دەستێکی قاپلەمەیەك و زەمیلەی شت کڕینەکەی هەڵگرتووەو بە دەستەکەی دیکەی دەستی مەسعوودی گرتووە. ژنەی تاین سکی بە قەد دەهۆڵێك دەبوو، لە سەر مانگی خۆی بوو. بەپیٚ خزکیٚ بە سەر بەفرەکەدا دێت و مەسعوود هەر نوکە نوکی دەکرد کە لە باوەشم بکە، دایکە باوەشم بکە. منداڵەکەم باوەش کردو دەگەڵ کیژەکەمدا بۆ ماڵە کاولەکەیان چووم. لە ژێر کوورسیەکەدا دانیشتوو و ناوکەی دەخوارد، دایکیشی خەریك بوو لە سوچێکی ژوورەکەدا نوێژی دەکرد. براکانی هێشتا نەهاتبوونەوە. گوتم بەڕاستی پیاوی بە ناخێرت ناتوانی بڕۆی منداڵەکەت لە زارۆخانە بێنیتەوە .

دەمم لیٚ بەرەڵلا کردو هەرچیم بە دەمدا هات پێمگوت. لە سەرسامیا وشك بوو، حەپاسابوو، لە ژێر کورسیەکە هاتە دەریٚ، دەستی گرتم و ڕاکێش ڕاکێش لە ژوورەکە ی دەرەوەو پێی گوتم، دێوی بیابانی ژنۆکەی پەتیارە، دەعەجانی، جاچی پیٚ نەوتم..."

خۆ دەستی لێدانیشی هەیە، لە کیژەکەم دەدات. لە دەرو دراوسێیانم ژنەوتووە، بیستوومە گوتویەتی مەگەر داکت بە نانی کارەکەری و فەڕاشی قوتابخانە گەورەی نەکردبێت؟ تەنانەت ئەوەشم ژنەوتووە کە گوایە کیژەکەم مەنسووری بەبیٚ مامان بووە، ئیستا دەبیٚ تەمەنی بیست مانگان بیٚ، هەڵبەتە زمانی گرتووە، بیستوومە کە گوایە خەسووی گوتویەتی سکی دووەم مامانی بۆ چییە؟ ئیدی خۆی منداڵەکەی ڕاکێشاوەو دراوسێکانیش یارمەتیان داوە، کە ئەم قسانەم ژنەوت خۆم پێنەگیرا، چووم هۆقەیەك لالەنگیم کڕی وچووم بۆ دیدەنی کیژەکەم . ڕەنگی زەرد عەینی زەردەچەوە. چ ڕەنگ ڕوویەك، چ حالٚ و باڵێك، نەیدەتوانی لە جێگاکەیدا دانیشێت، لێم پاڕایەوە کە دایکە گیان هەستە بڕۆو لالەنگیەکانیش بەرەوە بڕۆ.، ئەگەر بزانێت تۆ هاتووی تێروپڕم دارکاری دەکات و هێندەی دی لە جێدا دەکەوم .دنیایەك جلکی چڵکن کەڵەکە بوو بوو، خوام نەما، گوتم ڕووبابە دایکت بمرێت ئەمە نەبوو بە ژیان، دەبیٚ بسوٚزی و بسازیت؟ مەگەر بەشەر چەند جار دەژی، بابت توٚی قوٚناخە پێچ دەکرد، لای لایەی بۆ دەکردیت، دەی شتیت، دەیبردیتە گەڕان. گوتی دایکە من خاوەنی دوو منداڵم ناتوانم تەڵاق وەرگرم. جگەلەوەی کە لەگەڵ مندا خراپ نییە. گوتم خۆ پێویستی نەدەکرد بۆ کارەکەری ئەم هەموو ساڵە بخوێنی.."

" ڕووبابە چما منداڵ دەخەڵەتێنی؟ ئیدی چ بەڵایەك ماوە بەسەرتیا بێنیٚ؟ ئەوەشی لیٚ قەدەغەکردووم کە بچمە بەر قوتابخانەکەی مەسعوود، دەچمنە قەسابخانە، بەقاڵی و شیرەمەنی فرۆشەکانی نزیکی ماڵەکەیان، بەڵکو یەکێك لە دراوسێکانی کیژەکەم بدینم، بێگومان ئەوان کچەکەم دەبینن یا دەنگی ئەو سەگە خوێڕییە دەژنەون. بیستوومە کە ڕووبابە چاوی کزبووەو عەینەك لە چاو دەکات، ئەوەندەی دەرس خوێند تا.. ناشێت هێندەی شەپەلاخ بەسەر کیژەکەمدا کێشابیٚ کە چاوی کزبووبیٚ. چا چم بەرگویٚ ناکەوێت، بیستوومە کە لە کچەکەی داوم و سەری شکاندووە، بیستوومە لە مەسعوودی داوەو خوێنی لە گویٚ هێناوە، بیستوومە...تووك و دوعای وەها لە زاواکەم دەکەم کە ئەگەر یەکێکیان گیرابیٚ بۆ هەفتا پشتان بەسیبیٚ، بەڵام چ بکەم کە زاڵم هیچی لێنایەت."

" ڕوبابە من و بابت بە کامی دڵ لەم دنیایەدا ڕامان بوارد، بیّ دڵی خۆمان نەکرد، هیچ درێغیەکمانیش دەرهەق بە تۆ نەکرد. گوتم تا لە ماڵی منداێت با زەحمەت نەکێشیت، چونکە کە چویتە ماڵە مێرد زەحمەت دەکێشیت، بەڵام وێنام نەکرد بەم ڕادەیە زەحمەت بکێشیت. خوشکە بێ چاوو ڕووەکانی کە نەخۆش دەکەون دێن لە ماڵی دایەکە گیانیان لێی دەکەون، وای دایکە گیان و دەردی گران، ئای دایە گیان و زەقنەبووت. کێ پەرستاریان دەکات؟ ڕوبابە غاردە شەربەتی میوە بێنە، برۆ فروجاو لێبنە، غاردە برۆ شیر بکڕە، بیکوڵێنەو بیهێنە با ژەهرەی ماری بکەن. بەڕێوەبەر خانم گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێ، دەیگوت، نایەڵی، دڵی ئەم منداڵە بە ئاستەمیش خەتەرە بکات، وازی لێدێنێ بە دەرس و دەورەکەی ڕابگات، دەتەوێ ڕوبابە لە چینی خۆی دەربێنێ، غافڵی لەوەی کە ژن لە خێڵی چەوساوانە، گۆڕەکەت پڕ لە نوور بێ ژن، چەند ژنێکی ئاقڵ بووی."

" با هەستم برۆم شیر بکڕم، شیر برنج لێ بنەم، نا فرنی (محەلەبی) دروست دەکەم، ئەم ددانە بەد مەسەبە دەبڵاچێنێ. دکتۆری بیمە گوتی هەرکاتێ تەنیایی تەنگەتاوی کردیت بۆ خۆت برۆ دەرێ..."

هەستا ڕوانیە ئاوێنە، بیخی قژەکەی سپی بوو بوو، کەمێ لە سەروترەوە سووری دەنواند، سەر تاڵەکانی ڕەش ڕەش، دەتگوت پەڕی قەلەڕەشە. لە خۆڕایی نەبوو کە زاواکەی ناوی نابوو دەعەجانی جادووباز، ئیدی نەیدەزانی کە بنیادەم ئاخان هەڵدەکێشێت قژی سپی لە دڵیەوە دەردێت. کە ڕوبابەی لە سکدا بوو، لە مانگی نۆیەمدا، سەری دڵی دەخورا ، بەڕێوەبەر خانم دەیگوت: " ئەوە منداڵەکەت خەریکە قژی دەڕوێ. دەیگوت قژی منداڵ لە دڵی دایکیەوە چەکەرە دەکات. دەیگوت هەر چۆنێك لێکی دەینەوە، بەم ڕەوشەی ئیستا ژن لە خێڵی چەوساوانن.."

سوچێکی کورسیەکەی هەڵدایەوە، تاقە تمەنێکی لە ژێر بەڕەکە دەرهێنا، حەیف و مخابن بۆ ئەو دوو قالیچەیە کە بە جیازی بۆ ماڵی ئەو جۆرە زاوایەی ناردبوو، چارشێوەکەی بە سەریدا داو و بە چەترە عەنابیەکەیەوە (ئامال سوور) لە دەرکەی حەوشە هاتە دەر. بە پارێزەوە ڕێی دەکردو بە دەم ڕێگاوە دەستی بە دیوار ، بە پلوسکی ئاسنین وکەتیبەی پەنجەرەی ماڵانەوە دەگرت. خۆزیا ددانی کێشاباوە، بەڵام نەیدەویست بەبێ دان وبەو هەموو چرچ و لۆچەی دەموچاویەوە لەبەردەم خەڵکیدا دەربکەوێت. دەبوایە هەموو شەقامی عەلایی ببڕێت و ئەوجا بە پشتی (ڕێکخراوی بەرنامە)دا بڕوات، هەموو جۆرە دوکانێك لە شەقامی شائابادا هەبوو، دەیتوانی بە تەنیشت پۆلیسخانەکەدا بڕوات بۆ شەقامی ژاڵەو لە شیر فرۆشیەکەی ئاغای پەنیر پور، شیر بکڕێت.

شیر نەما بوو، نە شیری شووشە، نەشیری پاکەت، نەشیری دی نەمابوو.

"دەك کاولم کردی، تاران، بڕوخێ بەسەر ناکەسان و نامەردان و نێرەموکاندا، بەو زستانە ساردو تەزیبیانەتەوە، بە هاوینانی وشك و گەرمتەوە، ئاخر نە ڕوبارێ، نەچەمێ نە دارو درەختێك نە جۆگەلە ئاوێك، بەڕێوەبەر خانم گوتەنی دەڵێی پەڵە مەرەکەبێکەو بەسەر پارچە کلینێکسێکدا رژاوەو پان بووەتەوە. قرژاڵ ئاسا پەلی بۆ هەموولایەك کێشاوە، دەی وێرانم کردی شاری قرژاڵی قوڕباقە ئاسا."

چوو بۆ لای گوشتفرۆشەکە، ژنەکەی ئاغای پەنیر پوور خەریك بوو گۆشتی دەکڕی. داوای ڕانێکی کردبوو، جەعفەر ئاغا خەریك بوو ڕانەکەی دەجنی و بە چەپەجاخ ئێسقانەکانی لەت دەکرد. گۆشتێکی جوانی نەبەستوو بوو، هی مەڕی ئێرانی بوو، گوتی دوو کیلۆو حەوت سەد گرامە.

" تومەز خەڵکی لە خۆڕایی ئاوا قەڵەو وزل نابن و غەبغەبەیان وا داناکەوێت." خانمی پەنیر پوور لەچکی خوری لە سەر کردبوو و دەستکێشی لە دەستدا بوو، بەسەر چاکەت و تەنوورەکەیدا پۆستینی چەرمی لەبەر کردبوو،

ئەسکەناسێکی پەنجا تمەنی لە بەرکی چاکەتەکەی دەرهێناو دایە جەعفەر ئاغا، جەعفەر ئاغا دەستی خۆی بڕی بوو، بە پارچە پەڕۆیەك بەستبووی و پەڕۆکە خوێناوی بوو بوو.

چاوەڕوانی کرد تا خانمی پەنیر پوور ڕۆیی. دەستی درێژ کردو یەك تمەنەکەی دایە جەعفەر ئاغا، جەعفەر ئاغا کەمێك پیو و چەوری وچەق و تۆزقاڵێك گۆشت و یەك ئێسقانی بەستووی لە سەر پێشخوانەکە هەڵگرت و خستیە تای تەرازووەکەوە. کەوکەب سوڵتان گوتی : "جەعفەر ئاغا، گۆشتی بەستووی نازانم کام گۆڕستانم مەدەیە، هەر بۆ ئەوە باشە لە جیاتی پەیین بخرێتە ژێر درەختان."

جەعفەر ئاغا بە تەشەرەوە گوتی: "هەر ئەوەیە کە هەس یانی بە بایی تمەنێك، نەرمە گۆشتت بدەمێ؟ چەق و چەرمەکانی بۆ لە کاغەزی کۆنە ڕۆژنامەیەکەوە پێچاو دایە دەست کەوکەب سوڵتانەوە... ئەگەر حاجی ئیسماعیل لە دنیادا بوایە، دەیوێرا کاری وا بکات ؟

چ ترسێك سەرودڵی کەوکەب سوڵتانی گرتبوو، ئەم ترسە بۆ خۆی جۆرە نەخۆشیەك بوو، دەترسا تا عومری ماوە هەر بەو تەنیاییە وەمێنێ و زاواکەی هەرگیز لەگەڵی ئاشت نەبێتەوەو ئیدی کچەکەی نەبینێتەوە. جارێك لەبەر بەنزینخانەیەك خزی و لەزگ بوو بکەوێت. شۆستەکە بەستبووی و بە جۆرێ لووس بوو بوو دەتگوت شووشەیە، ئیستاش بەفر دەباری و خەریك بوو سەهۆڵەکانی دادەپۆشی. ترسەکەی دیکەی لە بەفر بوو. دەترسا هێندە بەفر بباریت کە ڕێگای لێبگیرێت و نەتوانێ لە ماڵ وەدەرکەوێت، نەتوانێ بۆ باخی سەبا بڕوات و لە دوکان و موغازەکانی شیرفرۆشان و بەقاڵان و گۆشتفرۆشانی گەڕەکی کچەکەیدا گوێیەك هەڵخات و سۆراخێکی بزانێت. دەترسا هێندە بەفر بباریت کە بەفر بەردەرکەی ماڵەکان بگرێت و دەرگاکان نەکرێنەوەو خەڵکی ناچاربن لەسەر بانەکانەوە هاتوچۆ بکەن و سەربانی هاوسێکانی ئەو هەموو جەمەلۆن و شێراونی بوون و ڕێگای ئەو بە جۆرێ بگیرێ، کە لە ژوورەکەیدا حەپس ببێت و پاشان هەمان ئەو نەخۆشییە بگرێت کە دەڵێن لە ژاپۆنەوە هاتووە، ئەوەندە بڕشێتەوە تا ئاو لە بەدەنیا نامێنێ و پێستی بەسەر ئێسکەیەوە وشك دەبێتەوەو بە تاقی تەنیاو بەبێ پەرستار لە ژوورەکەی خۆیدا دابڕزێت، بمرێت و دابڕزێت. خۆ لە مردن نەدەترسا، چما خەڵکی لاسارو سەتحی لە مردن دەترسێت؟ لە بەفرو نەخۆشی و تەنیایی و دەرگاێن داخراو و تۆرانی زاواکەی دەترسا، بەڵام لە مردن نەدەترسا. هەڵبەتە بەو مەرجەی کە ئازاری نەبێت، بەو مەرجەی کە بە خۆی نەزانێت خەریکە دەمرێت. بەو مەرجەی لە خەوابێت، ئیدی وەکو خانمی پوور، لە نەکیرو منکیرو مەڕنەموکەو شەوی هەوەڵی گۆڕو ڕۆژی پەنجا هەزار ساڵەی پەسڵان نەدەترسا، باوەڕی بە هیچ شتێك لەوانە نەبوو .

پێویستە خۆی بە کارێکەوە مژووڵ بکات تا ئەوەندە لە تەنیایی نەترسێت. ئیدی تاکەی بچنێ و هەڵی وەشێنێتەوەو دووبارە بیچنێتەوە. بیری کردەوە کە لێفەیەکی چل پارچە دروست بکات، بوخچەکانی بگەڕێ و هەرچی سەرە مقەستان هەیە کۆی بکاتەوەو لێفەیەکی چل پارچەی لێ دروستبکات، بەڵام بۆ کێ؟ کچەکەی ناوێرێ هیچی لێوەرگرێت. ئەدی بۆ کێی بدورێ، بۆ کێ و لەبەرچی زندووە؟ سڵاو لە کێ بکات؟ کێ ماوە ئینسان سڵاوی لێبکات؟

ئەم هەموو منداڵە لە چ دۆزەخێکەوە ڕژابوونە سەرجاودەو نێو کۆڵانان و شەڕە تۆپەڵیان دەکرد، بەسەر شەختەو سەهۆڵاندا خلیسکانێیان دەکردو ڕێگەیان لە ڕێبواران خزو خلیسك دەکرد، تۆپەڵە بەفرێك هات و تەپ وەچەترەکەی کەوت، چەترەکەی داخست و گەڕایەوە تا جنێو بدات.. دەموچاوی منداڵەکان سوور بوو بووەوەو شادو دڵخۆش خلیسکانێیان دەکرد. دڵی نەهات جنێویان بداتێ. چما بە خۆشی ڕۆژێك لە ڕۆژان منداڵ و پارچەڵە نەبووە؟ چما گەمەو یاری دنیای نەکردووە؟ چما کەمی لاساری کردبوو، کەمی ئاگر کردبووەوە؟

منداڵەکان لە سەری شەقامی عەلاییدا، بە بەفر پەیکەرێکی گەورەی زەلامێکیان دروست کردبوو، زەلامە بەفرینەکە یەك چاوی هەبوو، پارچە پەرۆیەکی ڕەشیان تۆپەڵ کردبوو و بەقەیتانێکی ڕەش لە جیی چاوەکەی تری دایان نابوو، کڵاوێکی ڕەشیشیان لەسەری نابوو. لە تۆ وایە داخی دڵی خۆیان بەو پەیکەرە بەفرینە دەڕێژن، چونکە هەمان ئەو پەیکەرەیان تۆپەڵ باران دەکرد کە خۆیان دروستیان کردبوو، هێندەیان شەڕە تۆپەڵ کردبوو خوێن لە گوپیان دەچۆڕا. چاویان دەبریقایەوە، یەکێکیان بەسەر بەفرەکەدا دەخزی و بەرەو لای کەوکەب سوڵتان دەهات، گەیبووە ئاستی پلووسکی ماڵێکی نزیکی ماڵی خۆیان، کوڕە هەر هات و هات، لە ناکاو خلیسکاو کەوت بە کەوکەب سوڵتانداو هەردوکیان تەختی زەوی بوون، بەڵام کوڕە هەستایەوەو پێی وەغارێوە نا، کەوکەب سوڵتان لەلایەك کەوتبوو و چەترەکەی لەلایەکی دی، ئەو گۆشتەی کڕی بووی، گۆشت نا، بڵێ چەرمە چەقاڵتە، بەسەر بەفرو بەستەڵەکەکەدا بڵاوببووەوە . کەوکەب سوڵتان باوەڕی نەدەکرد ئاوا بپەشۆکێ، لە تۆ وایە لە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵدا بە تاقی تەنیا لە نێو بەفرو بەستەڵەکدا کەوتبوو. لە سەر قسەو بەگوێرەی ڕێنوێنیەکانی دکتۆری بیمە دەستی بە هاوارکردن کرد. زاری بەڕەڵا کرد: " خوێڕینە، قەرەجینە، بیژو زۆڵینە، قوتابخانەکانیان داخستووە تا ئاوا بکەونە گیانی خەڵکی؟ کەس نازانێ ئەم حەرامزادانە لە چ گۆڕستانێکا لە دایکبوون!. خەڵك و خوا فریامکەون، ئەم حەرامزادەیە کوشتمی، بە عارديدا دام و بەخۆی هەڵات ، ڕەنگە دەستم یا لاقم شکابێ. یەکێك بێ لە دەستم نەوێ و هەڵم بسەنێتەوە. دەی خوا بتان باتەوە، هەر بۆ ئەوە ئازان خۆ بنوێنن، پەنجا تمەنی لە بەرکی چاکەتەکانتان دەر بێنن، دوو کیلۆ دوو کیلۆ گۆشت بکڕن، قەت جارێك ڕێکەوت کە ساقە سەری خۆتان، کاسەماستێك بە دراوسێکەتان بدەن. ئیلاهی کۆستی دایکت بکەوێ. جەرگی بە تۆ بسوتێ. خودایە خەبەری مەرگتم بدەنێ، ڕەبی خێرو خۆشی لە خۆت نەبینی ئەی ئەوکەسەی کە منت لە کچەکەم کرد، ڕوبابە لە کوێی کە دایکت بدینی چۆن داماو بووە، حاجی ئیسمائیل لە کوێت بێنم؟ ئەو سا لە چ کەیف و خۆشییەکدا بووم و ئێستاش تەماشام بکەن. یاخوا هیچ ئازیزێك لێی نەقەومێ، ئەی منداڵانی لاساری زیرەگرتوو، گەر کەسێك بڵێ سەرچاوتان برۆیە، هەزارو یەك کەسوکارتان بۆ پەیدا دەبێت. بەڵام هەنووکە کەس خاوەنداریتان ناکات..."

چەند ڕێبوارێك هاتن بەلایەوە ، گەنجێکی ڕدێن ڕەشی عەینەك لە چاو دانەوییەوەو دەستی کەوکەب سوڵتانی گرت و لە عاردی هەڵگرتەوە، چارشێوەکەی لە عاردی هەڵگرتەوە، بەفرەکەی لێ تەکاندو دای بەسەریدا. ژنێکی خشیکی بێ سەرپۆش، چەرمە چاقاڵتەکەی کۆکردەوەو لە کاغەزی ڕۆژنامەکەیەوە پێچاو دایە دەستی. کوڕە گەنجەکە چەترەکەی هەڵگرتەوە، هەڵیداو دەستی دایە باڵی و گوتی:"من دەتگەیەنمەوە."

ژنەی خشیك گوتی: "ئەگەر هەست دەکەی شوێنێکت شکاوە با بۆ خەستەخانەت بەرین."

دڵی کەوکەب سوڵتان، کەوتبووە پەلە پەل و زۆر بەتوندی لێی دەدا و دەمی تاڵ بوو، وێڕای ئەمەش بەڕووی ژنەوە پێکەنی. لە ناکاوا وای بە خەیاڵدا هات کە ئەم گەنجە ئەو زاوایەیە کە بە ئاواتیەوە بوو، و ئەم ژنە کچەکەی خۆیەتی، پاشان وای هەست کرد کە هەموو خەڵکی شار قەوم و قیلەو کەسوکاری ئەون، ئەم بیرو خەیاڵە بۆ ساتێك دڵی خۆشکرد. سڵاوی لە هەمووان کرد و لە ناکاوا بە جۆرێ لە سەڵای گریانی داو کەوتە فرمێسك هەڵڕشتن، دەتگوت حاجی ئیسماعیل تازەکی، دوێنێ مردووە.

*سەرچاوە :*

*داستان نویسان معاصر ایران/ گزیدەو نقد هفتاد سال داستان نویسی معاصر ایران/ انتشارات هیرمند/ تهران– چاپ اول ١٣٨٣(٢٠٠٤)*

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: ڕەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاَ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئێرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داكردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك،ئێزنگ وقەڵاشکەری

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: ڕۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

**بن پیاڵە: ژێر پیاڵە**

**بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو**

**بوێر : ئازا، دلێر**

**بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت**

**باڕ : بێچووە مەلی بەهارە**

**بێزوو: بێزگ، مەگیرانی**

**بێزگەوان: بێزووکەر**

**بەلانس: هاوسەنگی**

**بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر**

**باجەوان: باجگر**

**بەسویٚ: بە ژان، بە ئازار**

**بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر**

**بێدادی: نەهەقی**

**بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان**

**بویەر: رووداو**

**باژێرۆك: شارۆچکە**

**باشار: دەربردن، خۆراگرتن**

**بەرایی: پێشایی، بەراهی**

**بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن**

**بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد**

**بەلەك: پووز**

**بە خورتی :بە تۆپزی**

**بالیف: سەرین، پشتی**

**بەگەنکردن: پەسندکردن**

**باندۆر: کاریگەریی**

**بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە**

**بەرخودان: مقاوەمەت**

**بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو**

**بەرجەوەن: دیمەن**

**بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە**

**بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ**

**بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو**

**باسریشك: بەفرو باران پێکەوە**

# پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:تووڕەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

## ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاً، بزوا

جڤاکی: کۆمەلأیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆلّ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆریّ سوالّەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێلّ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقلّ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سلّ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەلّیب

چاوگ: دەستە چیە

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاٚم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بیٚ کەم و زیاد

خاکی: بیٚ هەوا، بیٚ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

## د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فرو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلآت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەلە

دەست قلْپ: مالْ بەفیڕۆدەر

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەلْپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخالْ ، خەلْوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

رمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەلە: بچکۆلەی لاواز، بیْ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەلەچەیی، بن ریشەیی

رامووسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆلْگەڕ

رەبەن: سەلْت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەلەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاٚو تەژە

زار: دەم، دەو

زورپییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: ڕەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، ڕەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سویێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

## ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شووره: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە

# ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

# غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

## ف:

فەرمایشت: فەرمووده، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیده، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

## ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن كە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: كووڕ، پشت كۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشكر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلكە،وردە شینایی پێكەوە نووساوی سەر بەردان

## ك:

كوت ومت: ەقاودەق

كوانگە: كوانوو، ئاگردان

كارمامز: بەچكە ئاسك

كودەڵە: بێچووە بەراز

كوختە: كۆخ، خانووی چكۆلەو خراپ

كوڵكە: موو، توك

كولۆ: كوللە

كەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

كەوەیی: شینكی، شینباو، خۆڵەمێشی

كێوە: بۆ كوێ

كەپەك: سۆس

كۆمەك: یارمەتی، هاریكاری

كلۆر: ناوبەتاڵ

كوریژگە: كوڕی بچووك

كەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلّف

کلاّوخود: کلاّوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆلّۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: مالّی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلاّن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سلّ، سلّکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گلّ، کلّۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەلّگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە ڕۆژ: ڕۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، ڕووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەلۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆلکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئالۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبلدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گلکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

## ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلان

لاپرەسەن: فزولێ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاكەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

ناڤسالْ : میانە سالْ

نووكە : هەنووكە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە

## و:

وەمێنیْ:بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : كراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیْ

وەقف كردن : تەرخان كردن

وەردەوەدان : لە جاریْ پتر كێڵاْن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانكار: بڵاوكەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەكی، پیرزی

وشكەبار:میوەی وشكەوەكراو

وەكوژاندن : تەمراندن، كوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

## ھ:

هانکه هانك: هەناسه برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت له شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکه: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگه شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامه

هەڕەمه : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشه :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەله ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی له یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش له کەین و بەینان

**هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە**

**هێورین: حەوانەوە**

**هاماج: ئۆتمۆسفیر**

**هەڵاوێردن: جیاکرنەوە**

**هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە**

**هزرڤان: بیرمەند، زانا**

**هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان**

**هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن**

**هەڵژیان: ڕاکشان**

**هاژۆتن: لێخوڕین**

## ی:

**یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلاْن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن**

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییه؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك..............کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- كۆكۆڕۆ..............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە................حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- ماینی چل جوانوو " کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠- پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی رووسی

١٣١- گۆگۆل، ژیان و بەرهەمەکانی